دیاری بێ بۆ بەڕێز :

ئاکۆ شاروّشی

ڕێکەوتی / /

# هونەری ڕوخسار ناسی

## ( تەوێڵ ، چاو ، برۆ ، گوێ )


نوسینی

ئاکۆ شاروّشی



چاپی یەکەم ( بەرگی یەکەم )

٢٠١٨

- ناوی کتێب: هونەری ڕوخسار ناسی
- نوسینی: ئاکۆ شارۆشی
- تایپ: کۆمپیوتەری بانوو
- هەڵە چن : لەلایەن خودی نووسەرەوە .
- چاپ: چاپخانەی زانا
- ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – سلێمانی
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم – بەرگی یەکەم

﴿ مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ خودی نوسەر ﴾

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٦٢٦ ) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

ژ.ت ( نووسەر ) : ٠٧٧٠٣٥٢١٩٩٧ - ٠٧٥٠١٦٤٨٠٠٩

# پێشکەشە

- بەو کەسانەی کە هاوڕێی کتێبن و خوازیاری زانینی زانستی ڕوخسار ناسین.
- بە هاوسەری ژیانم ( هێشو فایق رسول )
- بە منالەکانم ( بالاڵ و بەیسا ) .
- بە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لە ژیانمدا وانەیان پێ وتووم .
- مقدم رکن ( سامان جمیل عیسی ) کە هاوکاری کردوم لە مانای ئەو وشە عەرەبیانەی کە لەو فەرهەنگ ( قاموس )ەی بەردەستمدا ماناکانیانم دەست نەدەکەوت.




**نهێنیەکانی ڕوخسار ناسی لە چاو پێخشانێکدا**

# پێشەکی نووسەر

هونەری ڕوخسار ناسی خێراترین ڕێگایەو ئاسانترین شێوازە بۆ ناسینی نسبەتی هەر سیفەتێك لە سیفاتە مرۆیی یەکان، راستە هەموو مرۆڤەکان هاوبەشن لە خاوەندارێتی سەرجەم سیفات و سیماو خەسڵەت و سروشتە مرۆیی یەکانیان لە سەرانسەری جیهاندا، بەڵام هەر یەك لە مرۆڤەکان جیاوازن لەیەکتر لە رادەو نسبەتی هەریەك لەو سیفاتە مرۆیی یانەی کە لە شریتی DNA کرۆمۆسۆمەکانی لەشیان هەن.

فەلسەفەی ڕوخسارناسی یاخود بڵێین هونەری ڕوخسارناسی بەپێ ی شێوەو قەبارەو چۆنیەتی و هەڵکەوتەی نەخشی هەر بەشێك و هەر ئەندامێك لەدەم و چاو ( ڕووخسار) وەك ( ناوچاوان، چاو ، برۆ ، لووت ، ڕوومەت ، دەم ، چەناگە، شەویلاگە، گوێ ، سێوی ئادەم ، پشتەسەر ، شێوەو قەبارەی کەللەی سەر ، قژ ، ریش و سمێڵ ...هتد). رادەو چەندێتی سیفەت و خەسڵەت و (طەبیعەت) سروشتی هەر مرۆڤێك دیاری دەکات لە ماوەیەکی ئێجگار کورت کە چەند خولەکێك دەخایەنێت و پەروەردەو گۆشمان دەکات کە چۆن بتوانین جیاوازیەکانی یەکتر قبوڵ بکەین و گونجاندن بخولقێنین لەنێوان سیفاتە جیاوازەکانداو ڕەچاوی سروشتی خواکردی مرۆڤانەی یەکتر بکەین، نەك سەرمان بسوڕمێ و سەری دنیامان لێ بێتەوە یەك یاخود دوای کاتێکی زۆرو سااڵنێکی زۆر درەنگ لە ناخ و سروشتی یەکتری ئاشنا بین یاخود بە هەڵە چەند کاردانەوەیەکی ڕوکەشی و چەند ئەتەکێت و شێوازی کەسی ڕاهاتوو دەق لەسەر بەستوی مرۆڤەکان، چەندین سیفات بەرادەو چەندێتی یەکی هەڵە بۆ یەکتری ئەژمار بکەین واتا ئەم پێوەرە هەڵدەن و بیخەنە دۆخێکی نەخوازراو بە هەڵە لە یەکتر تێ گەیشتن بە تایبەت لە پرۆسەی

هاوڕێ یەتی و هاوڕێ گرتن و هاوسەرگیری و مامەڵە و هەڵس و کەوت کردن لە بازاڕو لە شوێنی کارو سەرجەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تردوە.

ئەم کتێبەشم ناو ناوە (هونەری ڕوخسارناسی) چونکە خوێندنەوەی ڕووخسار یاخود بڵێین روخسارناسی هونەرێکە بۆ خۆی هونەرێکی هەرە جوانە ، چونکە جوانترین پەیام و (مەعریفە) دەدات بە کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی هەم لە ڕووی ناسینی خێرای وردی یەکتریەوە، هەم لە ڕووی درک کردن بە جوانترین شێوازی هەڵس و کەوت و مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەرداو زووتر ناسینی خود(خودی خۆمان) ، بەرای من خودیش سروشتی مرۆڤەو سروشت و مرۆڤیش هەر خودن. تاکو زیاترو زووتر سروشتی خود و ناخی خۆمان بناسین هێندە زیاتر مرۆڤ بوون، ژیان کردن بایەخدارترو گرنگترو مەزنتر دەبێت.

ئەندازەی خاك و کەرەستەو شتەکان چەندە گرنگە بەلای ئەندازیارەوە، لە کاری بنیات نان و دروست کردنی بیناو باڵەخانەو کارگەو پیشەسازی دا هێندەش گرنگە بۆ کەسێکی ڕووخسارناس کە ئەندازەو شێوەو ڕواڵەتی نەخشی روخساری کەسەکان بنوێنێت بۆ ئەوەی ڕادەو ئەندازەی سروشتی (طەبیعەت) و خاسیەتی مرۆڤ ئاشنا بێت. هەموو کارو پیشەیەك بە کاری روناسیشەوە وە خۆی لە خۆیدا هونەرە، چونکە کەسێك خاوەن سەلیقەو وردو پشو درێژی نەبێت ناتوانێت ببێتە هونەرمەندی پیشەکەی خۆی بە هەمان شێوەش ناتوانێت ببێتە ڕووناسێکی سەرکەوتوو هەرچەند بیەوێ موماڕەسەی کاری ڕووناسی بکات وەك چۆن ئەو باوك و دایکەی بە چاولێکەری یان لەبەر هەر هۆکارێکی تربێت بیانەوێت منداڵەکەیان بکەنە مۆسیقاژەن بەڵام ئەگەر ئەو منداڵە ئەو حەزو بەهرەیەی نەبێت دواجار واز دێنێ و دەبێت بگەڕێن بەدوای بەهرەو توانای تر ئەو منداڵەدا، مەبەست لەم

نمونەیە ئەوەنیە بێین رووناسی بۆ منداڵ بکەین نا بەڵکو روناسی بۆ ئەو کەسانە دەکرێت کە گەشتونەتە تەمەنی باڵغ (عازب) بونیان کە لەو تەمەنە بەدواوە ئیدی DNA کرۆمۆسۆمەکان کە سەرجەم سیفەت و خەسڵەتە سروشتی یەکانی مرۆڤیان هەڵگرتووە نەخشی خۆیان بە تەواوی ڕەنگ دەدەنەوە لە روخساری مرۆڤدا.

ئاخۆ ڕووخوێندنەوەت پێ سەیرە ؟ خوێندنەوەی روو، هەزاران ساڵە بەکارهاتووە. ناوە ڕەسمیەکەی فیزیۆگنۆمی (physignomy)یە واتا لێکدانەوەی واتای ڕووخسار بۆ ناسینەوەی دەروونی مرۆڤ.

یەزدانی مەزن لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ ﴾ (سورة الحجر : ٧٥) . هەروەها دەفەرموێ : ﴿ فَلَعَرَفْنَاهُم بِسِيمَاهُمْ ۚ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ ۚ ﴾ (سورة محمد: ٣٠ ) و پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ : (( أتقوا فراسة المؤمن فإنه ينظر بنور الله )) الحديث رقم ٦٥٠٢ البخاري و فتح الباري .

وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ ﴾ البقرة: ٢٧٣ .

ئەم کتێبەی لەبەر دەستاندایە بەرگی یەکەمیەتی و پێکهاتووە لە ڕووخسارناسی ( ناوچاوان (تەوێڵ)، برۆ ، چاو ، گوێچکە) بەشەکانی تری ڕووخسار وەکو ( ڕوومەت ، دەم و لێو ، لووت – کەپوو– ، چەناگەو شەویلاگە ، کەمایەتیەکانی ، ڕوو ، شێوەکانی کەللەی سەر ، ...هتد) لە بەرگی دووەمی کتێبی داهاتووم بە ناوی (هونەری ڕوخسار ناسی) دەخەمە بەر دیدەی ئێوەی خوێنەری ئازیز و بەڕێز.

**نووسەر**

**ئاکۆ حمد محمود (ئاکۆ شارۆشی)**

## پوختەیەك لە میژووی روخسارناسی :

لێکۆڵینەوەی سیستەماتیکی روو لەسەر دەستی شامانەکاندا سەری هەڵدا. بەشێوەیەکی گشتی ئەمەش وەك زانیاریەکی نهێنی لەلای پسپۆڕی دەگمەنەوە بەجێماوە، بۆ نمونە سیستەمی چینی پرۆسەیەکی راهێنانی بەر وەستایی هەیە کە هەندێك جار ٤٠ ساڵ دەخایەنێت ، هەر بۆیە شێوازە سیستەماتیکیەکانی خوێندنەوەی روو بە ئاسانی دەست ناکەوێت.

لە رۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاست رووناسی دەستی کرد بە گۆڕانکاری . پیاوێك بەناوی لاڤاتیر بە گەرم و گوڕیەوە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەو کێشانی شێوەکانی رووخسار بەمەش رێچکەیەکی نائاسایی هەوڵدان بۆ بە گشتی کردنی رووخسار دەستی پێکرد.

لە باسی روخسارناسیدا خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ ﴾ (سورة الحجر : ٧٥) . هەروەها دەفەرموێ : ﴿ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَاهُمْ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ ﴾ (سورة محمد: ٣٠ ) و پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ : (( أتقوا فراسة المؤمن فإنه ينظر بنور الله )) الحديث رقم ٦٥٠٢ البخاري و فتح الباري .

زانایانی مسوڵمان هەندێکیان رووناسی (الفراسە)یان وەك زانستێکی پزیشکی ئەژمار کردوە، لە کتێبەکانیاندا نوسیویانە زانای پزیشکی ( ابن سینا) و (الرازی) و (ابن رشد) . . دانەرانی سیاسی لە زانستی روخسارناسی لە گرنگترینیان کە کتێبی لەسەر رووناسی نوسیوە پزیشك (عبدالله شمس الدین الانصاری)بووە.

لـه گـرنگترین بنـهماو مەبدەئـەکانی زانـستی رووناسـی وەکـو زانـستێکی سـەربەخۆ ئـەم شـانازیە دەگەڕێننـەوە لـە پـۆلێن کـردن و نوسـینەوەو ڕێکخستنەوەیدا بۆ فەیلەسوفی ئیغریقی (أرسطو) ئەمە لە سەدەی چوارەمی پـێش زایـین بـوو، بـەڵام لـە سـەردەمی تـازەدا ، لەگـەڵ پێـشکەوتنی زانـست و پێشەو وەزیفەی ئەندامانی Physiology و زانستی دەروونی Psychology شـێوازێکی گونجاویـان بـۆ زانـستی رووناسـی (علم الفراسـه) وەرگـرت لەسـەر بنـەڕەت و ئەساسـێکی فـسیۆلۆجی و ئەمـەش لەسـەر دەسـتی (تـشارلز بـل) کاتێـک مەقالەیـەکی نوسـی لەسـەر (تـوێکـاری دەربرینـەکان – تـشریح التعبیرات) کە لە ساڵی ١٨٠٦ زاینی سەری هەڵداو ئەم کتێبەی یەکەم کتێبی زانستی بوو لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو دەربرینانەی کە ئاماژەن لەسەر سۆزو هەڵچونە دیاریکراوەکان.

لـه سـاڵی ١٨٥٥ فەیلەسـوفی نـاودار (هربـرت سبنـسر) کتـێبی نوسـی لەسـەر زانـستی دەروون کـە تیایـدا پەیوەنـدی نێـوان حاڵـەتی دەروونـی و دەرکەوتـە جەستەیی یەکانیانی ئاشکرا کرد.

(تشارلز دارون) لەسـەر بنـەڕەتی کتێبـەکانی پـێش خـۆی کتێبێکـی نوسـی بـە نـاوی ( دەربـڕینی هەڵـچونەکان) (التعـبیر عـن الانفعـالات)و ئەمـەش لـە سـاڵی ١٨٧٢ کە بنەمای گرنگی زانستی رووناسی تازەی لەخۆگرتبوو.

# نیّو چاوان

## (تەوێڵ)



## ١. نێو چاوان (تەوێڵ)

لە روخسار ناسی دا، شێوەی ناوچەوان (تەوێڵ)نیشاندەری شێوازی بیرکردنەوەی تاك و جۆری هەڵس و کەوت کردنی لەگەڵ کێشەکانی ژیان و بابەتەکاندا. سەیریش نیە لەبەر ئەوەی نێوچاوان لێواری پێشەوەی مێشك، شێوازی بیرکردنەوەی تاك دەگەیەنێت بۆ نمونە، لەوانەیە تۆ کەسێك بیت کە لە چارەسەری کێشەکانی خۆتدا بگەڕێیت یان بە پێچەوانەوە کەسێك بیت کە خوازیاری بەکاربردنی کاریگەرترین ڕێگە چارە بیت لەنێو ڕێگە چارەکاندا کە پێشتر تاقی کراوەبێت.

أ. نێوچاوانی دەرپەڕیو (قۆقز): وێناکردن و خەیاڵ لە بیرکردنەوەکانداو نوێکاری داهێنان ژیان و بێزاربوون لە شێوازی هەڵ نەکردن لەگەڵ دەوروبەری دا. نێوچاوانی خڕوپڕ نیشاندەری هۆگربوونە بە کەلك و سوودوەرگرتن لە خەیاڵ و نوێکاری لە چارەسەری کێشەکاندا، هۆگربوون بە شێوازی وشك و هەڵ نەکردن لەگەڵ دەوروبەردا نیە بەڵکو هێزی خەیاڵی خۆی بۆ نەهێشتنی کێشەکان بەکار دەبات، وای پێ باشترە کە کەس حەقی بەسەریەوە نەبێت بۆ ئەوەی خۆی بەڕێگەچارەی تایبەت بە خۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات.[١]

نێوچاوانی دەرپەڕیو بۆ پێشەوە لەسەر ڕووی چاوەکانەوە ئامازەیە بە بەهرەی مۆسیقی خاوەنەکەی.[٢]

---

[١] – ملك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤، ل٢٨.

[٢] – د.أيمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، هونەری ڕووخوێندنەوەو دەرخستنی نهێنیەکانی دەروون، چاپی یەکەم ،ساڵی ٢٠١٣، ل٣١.

دەرپەڕینی نێوچاوان بۆ دەرەوە لە شوێنی هێڵی گەشەی مووی قژی سەر. ئەم نێوچاوانە بۆی پان یان تەسك بێت، بەڵام هەمیشە دەرپەڕیوە بە شێوەیەکی جیاکراوە کاتێ سەیری دەکەین لە تەنیشتەوە. ئەو کەسانە هێزو وزەیەکی زۆریان هەیە، لە بیرکردنەوەو شی کردنەوەو بەتاڵ کردنەوەو ئەبدەیت کردن بە بیری تازە، ئەوانە دەناسرێنەوە بە سووربوون و بەردەوامی و کۆڵ نەدان و عەزم لە بڕیاردان و توندو پێداگر لە فێربوون. (ئەلبێرت ئەنشتاین) نمونەیەکی زیندووی ئەو کەسە ناوچاوان قۆقزو دەرپەڕیوەیە[٣].

نێوچاوانێکی ئاوساو لە ئاستی چاوەکانیدا : ئاماژەی ئەوەیە کە حەزی بە هونەرەو هەندێك جار بلیمەت دەبێت تیایدا. [٤]

ب. نێوچاوانی لار (نێوچاوان بەرەو دواوە لار دەبێتەوە): ناوچاوانێك کە تا ڕادەیەك ڕۆشتوە بەدوادا، کەلەسەر لا تەماشای بکەیت. ئەو کەسانە مێشکێکی خێراییان هەیە، بەڵام زیاتر لەڕووی پراکتیکیەوە، هەروەها بەهرەی پەیوەندی کردن و گواستنەوەیان هەیە لە گفت و گۆکردن و بەرپەرچدانەوەدا خێراو بەپەلەن.

ناوچەوانێك کە تاکو تەوقەسەری ڕۆیشتبێت، زیاتر کاتیان دەوێت بۆ بیرکردنەوە لە بابەتەکان، حەزیان لەوەیە کە فێری بەرو دوای شتەکان بن و لە هەموو لایەنێکی بگەن، پەلاماری بیرێکی فراوانی وەك مۆسیقا دەدەن و دەشتوانن پەلەی تیا بکەن، هەروەها بەرەو فەیلەسوفی دەچن وەك (سوقرات) زیاتر حەزیان بە بیرکردنەوەیە وەك لە شێوەی بەکارهێنان، چونکە زیاتر ئەنجامی و دەروونی نین لە بیرەکانیدا. واتا بیرکردنەوەیەکی بابەتیانە و

---

[٣] – ریتشارد ویستر ، قراءة الوجوه بسرعة ویسر ، الطبعة الأولى ، سنة ٢٠١٤ ، ل٩٨.

[٤] – ریتشارد بستر ، قراءة الوجوه بسرعة ویسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٥.

فێربوونی خێراو یادگەی بەهێزو کاردانەوەی خێراو هۆگربوون بە ڕێگەچارەی سەلمێنراو.[٥]

نێوچاوانی لارەوەبوو بۆ دواوە لەچەند سەرچاوەیەکی تردا دەوترێت کە ئامازەیە بۆ دەبەنگی و کەم ئەقڵی بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم شێوەیە لەناو مەیمون و هەندێك لە ئازەڵاندا دەبینرێت، وەك چۆن خاوەنەکەی بە شێوازێکی گشتی جیادەکرێتەوە بە زۆر بڵێیی و زیادەڕۆیی لە قسەکردن داو حەزکردن بە تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکانی تردا و دواندنیان.[٦]

هاوڕانیم لەگەڵ لێکدانەوەو خوێندنەوەی ئەم چوار دێڕەی سەرەوە نەك لەبەر ئەوەی تەواو پێچەوانەی لێکدانەوەکانە بەڵکو سەرنجدانم لە شێوەی ناوچاوانی کەسە گێل و دەبەنگەکانە، لە ساڵی ٢٠١٠ تاکو ئێستا نێوچاوان لێژێکم نەبینیوە گێژو دەبەنگ بێت لە ماوەی توێژینەوەکانمدا.[*]

*** ناوچاوانی لار :** نێوچاوانی گەراوە بۆ دواوە مانای بیرکردنەوەو تێڕامانێکی بابەتیانەی خاوەنەکەیەتی . ئەو کەسە ئارام ناگرێ و بێ ئۆقرەیە لە بارەی خاوو خلیچکی کەسانی خاوەن ناوچاوانی تەخت و ستونی(عمودی) کە وەڵامدانەوەی ناوچاوان تەختەکان عەیبدار دەکەن بەوەی کە تێڕامان و

---

[٥] – ڕوبەرت ئێل . وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : مینە، زمانی ڕوخسار ، بەرگی دووەم ، ساڵی ٢٠٠٧، ل١٥٠-١٥١.

[٦] – د.أیمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣١.

(*) هاوڕانیم لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەو قەناعەتم پێ ی نیە تەنها وەك لێکدانەوەیەك خستوومەتەڕوو .

بیرکردنەوەیان شوێنکەوتەی (تتابعي)یە. شایانی باسە وا باشترە نائومێد نەبن لە دواساتەکاندا. ئەو شتەی کەسانی نێوچاوان تەخت(عمودی) دەیخەنەڕوو بەهۆی فشارێکی زۆرەوەیە. ئەگەر هاتوو هاوبەشی ژیانت لەو کەسانەبوو بەوە دەناسرێن کە خاو و خلیچکن لە وەلامدانەوە ئارامی شوێنی دەگرێتەوە لەکاتی هەڵسوکەوت لەگەڵ کردندا. وەلامدانەوەیان خێرایە. [٧]

*** نێوچاوانی لار بۆ دواوەی کەللەی سەرو نێوچاوانی ستونی و ڕێك:** ئەم نەخشە شێوازی بیرکردنەوە (أسلوب التفكير)دیاری دەکات. سەیری لاروو (تەنیشتە سەر)بکە، ئایا گۆشەی نێوچاوان بۆ دواوە لارەو لایداوە یان زیاتر ستونی یە ؟ ئەگەر بێتو لار بووبێتەوە بۆ دواوەی سەر، ئەوە مانای ئەوەیە کەسەکە ناسراوە بە خێرایی لەبیرکردنەوەو تێڕامان و وەلامدانەوەی خێرا. ئەو کەسانە بیردەکەنەوە بە ڕێگای بابەتیانە(موضوعية)، بەڵام ئەو کەسانەی ناسراون بەنێوچاوانی ستونی، ئەوانە بیردەکەنەوە بە ڕێگای هەنگاو بە هەنگاو بیرکردنەوەیەکی دوا بەدوای یەك و شوێن کەوتەیی (التتابعی).

لە ڕاستیدا با لە بیرمان بێت سیفاتی جۆراوجۆر هەیە بۆ بیرکردنەوە (تفكير) مانای وایە بە ڕێگای بیرکردنەوەی کەسەکانە، نەك بیرکردنەوەیەك و ئەندازەی باشێتی ئەو ڕێگایەی دەیگرنەبەر.

لێرەدا دەتوانرێت دوو جۆری جیاواز لەبیرکردنەوە جیابکرێتەوە لەیەکتری، بیرکردنەوەی بابەتیانە دەگەڕێتەوە بۆ کەسەکە کە وەلامدانەوەو کاردانەوەی لەخۆوە (تلقائیە) و یەکسەریە کە بڕیتی یە لە دیاری کردنی بیرکردنەوە هەنوکەیی یەکان (ئێستەکی) کە پشت دەبەستێ بە شارەزایی ڕابردووەوە،

---

[٧] – ناعومي آر . تيكل ، بإمكانك قراءة لغة الوجوه، سەرچاوەی پێشوو ، سنة ٢٠١١ ، ص٢٧٧.

ئاشنا دەبین بە جۆری دووەمی بیرکردنەوەی شوێنکەوتەیی (دوابەدوایی یەک) تیایدا کەسەکە هەڵدەستێ بە چارەسەرکردنی بیرکردنەوەکان یان نارەزاییە تازەکان بە ڕێگای ژیرانەو مەنتقیانە، دەتوانرێت جیاوازی نێوان هەردوو ئاراستەکە بە ڕێگای تر دەڵێین کە بیرکردنەوەی بابەتیانە مامەڵە دەکات لەگەڵ حاڵەت و هەڵوێست بە گوێرەی وەڵامدانەوەو کاردانەوەی کەسەکە بەرامبەری، لە هەمان کاتدا بیرکردنەوەی خود مامەڵە لەگەڵ شتەکەیان هەڵوێست و حاڵەتەکە دەکات بەبێ پێچ و پەنا لە هەر کاروبارێکی تردا.

لەراستیدا ئەو کەسانەی بیرکردنەوەی بابەتیانەیان هەیە (کە ناوچاوانیان بۆ دواوەی سەر ڕۆیشتووە) ئەوانە ناسراون بە خێرایی بڕیاردان و (خێرا بریار دەرکردن) ئاسایی ئەوانە پەلە دەکەن لە استنتاجات کردنیان یان پشت دەبەستن بە هەڵسەنگاندن (تخمین) بۆ کەسانی تر لە قسەو کردەوەیان. پاشان هەمیشە وەڵامدانەوەیان هەیە بۆ ئەوانەی پەیوەندیدارن بەو وەڵامدانەوەیەو تۆڕە دەبن لەو کەسانەی بێ وەڵامن لە بارەی هەڵوێست و حاڵەتە جۆراوجۆرە خێراکان، بەڵام ئەوانە پشت دەبەستن بە بینین و چوار چێوەی گشتی هەڵوێست لەپەلەکردندا بەبێ پێویستی بۆ زانینی هەموو وردەکارییەکان، دەتوانرێت سەرنجی ئەو سیفەتە بدرێت زۆرجار لەو کەسانە کارامە دەبن لە موومارەسە کردنی چالاکیە وەرزشیەکان وەک خلیسکان لەسەر سەهۆڵ بە بەکارهێنانی لەوحەی خلیسکان یان سەرووی گردی دارماو لە تۆپی پێ یان تێنس . ئەم سیفەتە ئەژمار دەکرێت سەرەڕای هەر چالاکیەک خێرایی دەوێت لە کاردانەوەو وەڵامدانەوەداو دەتوانرێت کێشەی ئەو کەسانەی زیاتر بیرکردنەوەی بابەتیانەیان هەیە لە سوربوونیان لەسەر پێشڕکێ ی ئەنجامەکان بەر لە شارەزایی تەواو بە هەموو زانیاریەکان.

سیفەتی بیرکردنەوەی بابەتیانە ئەژمار دەکرێت بە چاکی لە کاتێکدا بڕیارەکان خێرا دەدرێت کە ئەمە بەشێکە لە وەزیفەکەی. هەر وەك لەو کەسانەی کاردەکەن لە بواری پزیشکی و نەهێشتنی ئاگرکەوتنەوەو ئەوانەی مومارەسەی پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل دەکەن بەو پێ یەی وەلامدانەوەو کاردانەوەکان دەستبەجێ و فەوری بن بۆ حاڵەتە جۆربەجۆرەکان کە تێدەپەڕن لە کاتی پێشبڕکێدا بۆ زیادکردنی خێرایی تا رادەیەکی زۆر . سەبارەت بە پەیوەندی هاوسەرگیری ، ئەگەر بێتو یەکێك لە هاوسەران بیرکردنەوەی بابەتیانە بوو وە لایەنەکەی تر بیرکردنەوەی شوێنکەوتەیی (دوا بەدوای یەك)بوو لەم دوو سیفەتە دژ بەیەکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك کێشە لە پەیوەندیەکانی نێوانیان. دەبینرێت کە ئەو لایەنەی بیرکردنەوەی بابەتیانەیە وا هەست دەکات بە ئەنقەست لایەنەکەی تر خاوخلیچکی دەکات کە بیرکردنەوەی شوێنکەوتەیی و دوابەدوای یەکە. لە ئەنجامی ئەوەدا هەوڵ دەدات و هانی دەدات کە خێراتر بێت. ئەمەش کاردەکاتە سەر دروست کردنی فشارو کرژبوونی زیاترو رووبەڕووبوونەوەی گەرم و گوڕ دروست دەبێت لەنێوانیاندا. ئەگەر بێتو هەردوو سیفەتەکە بەیەك شت ناو ببرێت ئەوا پێشبینی ناکرێت هەڵسوکەوت بکەن بە هەمان خێرایی تۆ، لەلایەکی ترەوە سەرکەوتوو نابێت ئەو کەسەی بیرکردنەوەی شوێنکەوتەیی (دوابەدوای یەك)ە لە بواری کڕین و فرۆشتن یان دانانی پلان و ستراتیژی ئەگەر توشی فشارێکی زۆر ببێت و پەلە بکات لە کاروبارەکانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستیەکانی زیاتر لەهەر هەنگاوێکدا پێ ی هەڵدەستێ و ئەگەر نەگەیشتە هەندێك زانیاری لە ئەنجامی پەلەکردنی، ئەوا ناتوانێت هەڵبستێ بە شێوەیەکی تەواوەتی و بیرکردنەوە لەسەر زانیاری کەم و کوڕ بەس نیە و نەگونجاوە. تەنها بە گەیشتن

بەو زانیاریانە هەموو شتێکی بۆ ڕون دەبێتەوەو سەرکەوتوو دەبێت لە ئەدا کردنی ئەو کارەی پێ ی سپێراوە، ئەگەر ئەو کەسانە توشی فشار بکرێن ئەوا تەرکیز و بیرکۆییان نامێنێ و بیریان بلاو و پەرتەوازە دەبێت، بە تایبەتی لە کاتەکانی تاقی کردنەوەدا یان ئەگەر ملکەچ بکرێت بۆ هەڵسەنگاندن (ئیختبار)ی لەناکاو لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە وەلامەکانیان باش بێت ، بەڵام عەقڵیان جام دەبێت، بەو پێیەی ئەوانە پێویستیان هەمیشە بە بیرکردنەوەیە بۆ هەندێك لە کات بەر لە گرتنبەری بریار، تەنانەت لە کۆتا خولەکی تاقیکردنەوەشدا یان هاتوو وەلام بدەنەوە بۆ حاڵەتی لەناکاو (الگارئ). بەو پێیەی ئەوانە دەگەنە خێراییەکی قورس لە پەلەپەل لێ کردنیان.

کاتێك پەیوەندی دەکەیت بەو کەسانەوە دڵنیا ببەوە لە گەشتنی ئەو زانیاریانەی باست کردووە بەرلەوەی بچیتە هەنگاوی دواتر‌ەوەو کاتی تەواویان پێ بدە بۆ ئەوەی بتوانێت زانیاریە تازەکان وەربگرێت، لەکاتێکدا کات گونجاوبێت . پوختەیەکی نوسراوی پێبدە بۆ ئەوەی بتوانێت شوێن ئەو زانیاریانە بکەوێت و بەدوایان دا بگەڕێت کە لە رابردوودا باسی کردوەو دەتوانێت لەمەدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو زانیاریانەی بیرۆکەیەکی گشتیت لێ وەرگرتووە، کاتێك کۆتایی شتەکان نزیك دەبێتەوە.

ئەگەر یەکێك داوای یارمەتی لێ کردی لە ئەدا کردنی کارێك سوربە لەسەر رونکردنەوەی هەنگاوە بنەرەتیەکان مەگەر نەتوانیت تێ بگەیت بە تەواوەتی لەهەر رێنماییەکی ترو ئارەزوو دەکات هەر شتێك بیبستێ کە دەوترێت. ئەگەر لەسەر خاڵێکی پێشوو تێنەگەیشت، لەسەر ئەوە پێویستە لەسەر تۆ هەموو هەنگاوەکانی پێ بدرێت کە پێویستە پێش گواستنەوە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو بەبێ وەستان. بزانە کە پەیوەندی لەنێوان سیفەت و توانای عەقڵی

بەڵکو ئەمە کورت دەکرێتەوە لە رێی چارەسەری زانیاریەکان. ئەگەر بێتو هەندێك ڕێنمایی بدرێت بەو کەسانەی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە، دڵنیا ببەوە لە تێگەیشتیان لە قۆناغە سەرەتاییەکان. ئەوانە لەهەر شتێکی تۆ تێناگەن و کۆششی تۆ لەگەڵیاندا بەفیڕۆ دەروات. شایانی باسە ئەو کەسانەی بیرکردنەوەی شوێنکەوتەیی یان هەیە دەیانەوێت لە هەموو هەنگاوێك تێ بگەن و هەر زانیاریەك وەربگرن کە پێیان دەوترێت و حەز ناکەن کە هانبدرێن بۆ بڕیاردان بەبێ وەستان، ئەگەر پێشکەوتن بۆ بڕیاردان ئەمە بە پێچەوانەی تێگەشتنیانە بۆ بەرهەم هێنراویان چەمکەکان ئەوا دەتوانرێت زۆرترین ناڕەزایی ئاراستەی ئەو کەسانە بکرێت لە وەڵامدانەوەی خێرایان بۆ هەندێك لەو حاڵەتانەی ئەوەی دەوێت. تەنانەت ئەو وەڵامدانەوەیە بە بیرکردنەوەیان بە ئەنجامدانی هەر کارێك بێت. سەرنج دەدرێت ئەو کەسانە بیرکردنەوەیان شوێنکەوتەیی یە (دوا بەدوای یەك) باشتر دەگەنە کاتێکی بەرفراوان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان و پابەندبوونیان بە مەوعیدەکانیان. ئەگەر وازیان لەمە هێنا لە کاتەکانی کۆتایی دا ئەوا نە پەلە دەکەن لە کاروبارەکانیان و هەست بە ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ ی زۆر دەکەن و ترسیان دەبێت لە دواکەوتن و نەگەشتنیان بە کاتی دیاری کراو، لەبەر ئەوە دەبینین سور دەبن لەسەر هەواڵی ئەوەی کێ گەشتیان لەگەڵ دا دەکات ئەوانە لەکاتی دیاری کراو دەردەچن، تۆ دەتوانیت تەنها ڕوونی بکەیتەوە کە گەشتەکە زیاتر حەوانەوەیە بەم ڕێگایە، ئەمە لەم بارەیەوە زۆر دوورت دەخاتەوە لە فشار.

ئاسایی دەبینرێت کە کەسێك بیردەکاتەوە بە ڕێگای بابەتیانە کە ئەو کەسانەی بیردەکەنەوە بە ڕێگای شوێنکەوتەیی ناسراون بە خاوخلیچکی تارادەیەکی زۆر، لە هەندێك کاتدا کاتێك پرسیار لە یەکێکیان دەکرێت،

بیردەکەنەوە لێوان لێو کاتێکی درێژ وەردەگرن بەر لەوەی وەلأم بدەنەوە، ئەمەش ئەو کەسە تورەو بێزار دەکات کە وەلأمی خێرایی دەوێت. ((ئەمە کاتی بەفیرۆچوونی تۆ دەگەڕێنێتەوە بەر لە وەلأمدانەوە ؟ )).

لێرەدا سیفەتێکی تر خاوەن بیرکردنەوەی شوێنکەوتەیی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوانە حەز دەکەن بچنە ناو گفت و گۆیەکی مام ناوەند لە خێرایی دا لەهەر ساتێکی بیرکردنەوەدا ، لایەنەکەی تر ئامادەیی وەلأمی نابێت بۆ ئەم چوونە ناو گفت و گۆیەی بەرامبەرەکەی. ئەمە هاوشێوەی ناڕەزایی یەکێك لە راهێنەرانی خوێندنگا ئەمەش بەم ئەزمونە کاتێك لاسایی و تقلیدی پایەیەکی تازە دەکرێتەوە لەمجارەدا. راشکاوانە کە خەڵك ڕاهاتوون لەسەر تێڕوانینێك بە تێڕوانینی بەتاڵ و تێ ناگەن لە هەرشتێك کە رووەدات و پەلەی تێگەیشتنیانە لە چوونە ناو هەر بابەتێك لەسەرەتاوە.

**ئەو پیشانەی گونجاون لەگەڵ ئەم سیفەتە :**

دەتوانرێت سەرنج بدرێت لەم سیفەتە لەو کەسانەی کاردەکەن لە بوارەکانی نەهێشتنی ئاگر کەوتنەوە و پۆلیسی و ئەکتەرە کۆمیدیەکان و ئەوانەی کار دەکەن لە بواری کڕین و فرۆشتن و پزیشکی و بێژەری بلاوکراوە هەواڵیەکان و شۆفێرانی تەکسی یان هەر پیشەیەکی تر کە کاردانەوەی خێرایی دەوێت.

ئەو کەسانە مەیلیان بەلای چارەی کێشەکانە بە چارەسەرێکی گەوهەری بەنرخ بە توانایەکی لێهاتوانەو دەتوانن هەڵبستن بە چەند کارو مهام لەیەك کاتدا تەنانەت بەهۆی ئەمەوە زۆربەیان دوای زۆرترین مەبەست و غایە دەکەون لە مەهامی کارو ئیشدا، قورس دەبن لە کۆتایی هەر شتێکدا. واباشترە ئەم کەسانە چارەسەری کێشەکانیان بدۆزنەوە بە دەستی خۆیان و زۆر لەو هەڵانەی ئەنجامی دەدەن لەکاتی ژیان کردندا . لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك

لـەم خەڵکـە ناوچـاوان لارانـە پـشکێنەری کاروبارەکـانن لـە کۆتـایی دا زۆر سەرکەوتون لەو کارانەیان. [٨]

## نیشانەکانی لەسەر ناوچاوان :

فیزیاناسی فەرەنسی (جیروم کاردان) (١٥٠١ – ١٥٧٦) سیستەمێکی دانا بۆ لێکدانەوەی هێڵە کێشراوەکانی سەر ناوچاوان بۆ دیاری کردنی کەسایەتی و چارەنووسی. ئەگەر دەربچین لەم سیستەمی دەربڕینە یان روخسارناسی ناوچـاوان بـە ڕەچـاوکردنی وشـەی ناوچـاوان (الجبهـە) کـە بـە یۆنـانی Metapon ی پێ دەوترێت. ئەو توانی دیاری بکا کە ئەگەر هاتوو ئافرەتێك تـاوانی رەوشـتی (أخلاقـی)ئـەنجام دەدا یـان ئـەنجامی نـادات ئەگـەر هـاتوو کەسەکە چاك بێت یان خراپ. نوسینی نووسی لەسەر ئەم بابەتە لە شاری پـاریس لـە فەرەنـسا لـە سـاڵی ١٦٥٨ی زایـنی کـە زیـاتر لـە ٨٠٠ وێنـەی رووڕکردنـەوەی لەسـەر روخـسار تێـدابوو بـۆ سـیفاتە جـۆر بـە جۆرەکـانی کەسایەتی بە ناوی (Metoposcopia ) دەرچوو.

( چـیروم کـاردان ) بـە پلـەی یەکـەم ناسـاندنی ناوچـاوان و نیـشانەکانی سەرناوچاوان حەوت ئەستێرە بەکارهێنا بۆ زانینی سیفەتی هێڵەکان. حەوت هێڵەکانی ناوچاوانی ناونا کە دەیتوانی دیاری بکات لەسەر ناوچاوان. لەسەر ئەمە نزیکترین هێڵی برۆکانی ناونا مانگ، بەڵام ناوی شەش هێڵەکەی تری ناونا بەشێوەیەکی (تصاعدی) لە خوارەوە بۆ سەرەوەی ناوچاوان کە بریتین لە (عطارد ، الزهرة ، الشمس ، المریخ ، المشتري ، الزحل ) لە ئاستی تطبیق

---

[٨] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٥.

دا حەوت خەت نین مەگەر لای کەمێك لە خەڵکان، زۆربەی خەڵکان دوو هێڵ و سێ هێڵ و چوار هێڵیان هەیە.

خەتە دڕێژە بەردەوامە نەپچڕاوەکان کە بە ئاسۆیی لەسەر ناوچاواندا هەن ئاماژەن بۆ ئەمانەت و سپاردە پارێزی و کرانەوە (الانفتاح) و سادەیی و بسیطی گیان و ڕۆح، ئەم سیفاتانە هەن بە ڕەچاوکردنی ئەو ئەستێرەیەی ناوی هێڵەکەیە و ئەگەر هاتوو سێ هێڵی ئاسۆیی هەبوو کەسەربەخۆ بوون هێڵەکان دیاربوون هەندێکیان، ئەمە ئاماژەیە بۆ خاوەنەکەی کە لایەنی مەعنەوی و ڕۆحی بەهێزە لە کەسایەتیدا. بەڵام هێڵە ئەستونیەکانی سەری ئاماژەن بۆ گۆڕانکاری چاوەڕوان نەکراوی لەناکاو.

هەموو ئەو ئەگەرانە لە نوسین و کتێبەکەی دا واردەو هاتووە، لێرەدا ئەو وێنە کێشراوانەی دیارن ئەگەری دەرکەوتنی کۆمەڵێك سیفاتی نامۆی هەیە. لێرەدا وێنەی شایانی سەرنج نیە بەرامبەر مەترسی مردنی تووندوتیژانە بەهۆی دزی یان ئاگرکەوتنەوە، یان بە ژەهریان بە (مکائد) چاکەتەی ئەو ئافرەتە. لێرەدا ئافرەتەکە شەش هێڵی ئاسۆیی و هێڵێکی ستونی مرچ و مۆنی هەیە بەرووبی دەیبینین کە سەرنج دەدەین لە دەرچون و لادانی ڕەوشتی ئەخلاقی بەپێ ی (جیروم کاردان) ژیانی ئافرەتەکە کۆتایی دێت بە سواڵکردن، ئەوەی تریشیان دەردەکەوێت وێنەیەکی تر کە پیاوێکە سێ هێڵی ستونی پچڕ پچڕی دیار دەردەکەوێ لەسەر ناوچاوانی ئەمەش مانای ئەوە نیە ئەم خەتە هەڵکەنراوە یان کەسەکە گورگەو بێ ئابرووە بەڵام ئەمین نیەو بەندەی ئارەزووەکانیەتی، سەرەڕای ئەمەش لە داهاتوویدا سەروەتێکی گەورەی خۆی لەدەست دەدات.

کارەکانی (جیروم کاردان) نیشانەیەکی دەرکەوتووەو دیارە بەلاّم بە هەبوونی ٨٠٠ هەشت سەد سیفاتی جۆراو جۆری لایەنی کەمەوە. فێربوون و پارێز لێ کردنی دیاری دەکات.

ئەگەر هاتوو تەنها کەمێك بوو موماڕەسەی روخسارناسی ئەمرۆ دەکەیت ئەگەر ئەصلی موماڕەسە کردن بوو.

**هێڵەکانی سەر ناوچاوان :**

سەرەڕای ژمارەیەکی کەم لەوانەی ئامادەن فێری ئەو سیفاتانەبن کە نوسراون لەسەر روخسارناسی لە لایەن ( جیرون کاردان) دەستەبەریەکی زۆر دەبێ بۆ خوێندنەوەی روخسار بە گرنگیەکی زۆرەوە بە هێڵە ئاسۆییەکان و ستونیەکان کە لەسەر ناوچاوان هەن.

**سێ یان چوار هێڵی کێشراوی ستونی :** ئەو کەسانەی خاوەنی ئەم سێ بۆ چوار هێڵەن بەوە دەناسرێن کە گرنگی بە کەسانی تر دەدەن و تێدەکۆشن لە کارکردن دا و سورن و پێداگرن لەسەری ، هەر وەك حەز دەکەن هەموو شتێ هەڵبژێرن و تاقی بکەنەوە بە وردی بەر لەوەی بریار بدەن کەچی بکەن و ناجوڵێن تەنها دوای ئەوەی متمانە دەدەن بە بڕیارەکانیان. ئەوانە دڵسۆزن و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرن، و مەیلیان هەیە بۆ ئیش کردنی هەر تاکێك لە خێزاندا. [٩] نێوچاوانی لاربۆوە بۆ لای راست یان چەپ : ئاماژەیە بۆ بێ میشکی و بێ عەقڵی و ئازەڵی، چەنەبازی ، لێبوردەیی و دڵنیایی و هێمنی، حەزی بە خزمەت کردنی خەڵکە. [١٠]

---

[٩] - ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٥ – ١٠٨ .

[١٠] - أحمد جمال الدین الکاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، چاپی چوارەم ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ ، ل٣٥.

ج. نێوچاوانی تەخت (نێوچاوانی ڕێك و ڕاست بەرەو سەرەوە و خڕ و گۆشەدار نیە): بیرکردنەوەی ڕێك (هێڵ)ی هەنگاو بە هەنگاو لە کارکردن ئەم کەسە بە شێوەیەکی مەنتیقی و هەنگاو بە هەنگاو بیر دەکاتەوە ئەگەر زانیاری بە خێرایی و لە ڕیزبەندی بەدەربکەوێتە بەردەستی لە تێگەیشتنی دەستە

پاچەو بێ دەستەڵات دەبێت، دەبێت کات بە ئەو بدرێت بۆ ئەوەی بە ئاسۆیی و ڕێك و پێکی زانیارییەکان ڕێك بخات، لە بارودۆخی قەیراناوی و لەژێر پاڵەپەستۆدا بیری ئەو باش کار ناکات، ئەگەر داوای لێ بکەیت کە لە ماوەیەکی کورتدا بڕیار بدات یان کارێك بکات خۆی دەدات بەدەستەوەو دەستە پاچە دەبێت، ئەو لەو بابەتانەدا کە ئیشێك باش فێربووبێت و پێشتر ئەزموونی کردبێت بە توانایەکی زۆرترەوە هەڵسوکەوت دەکات. ئەم جۆرە تەوێڵ(ناوچەوان)ەنەشی ئاماژەیە بۆ بەهرەداری لە ماتماتیك و زانستی دەرهێناندا، لەبەر ئەوە ڕەنگە خاوەنەکەی ئەندازیارێکی لێهاتوو بێت. [11]

ڕێکی ناوچاوان بەبێ چاڵ و خواری و ناڕێکی : ئاماژەیە بۆ شارەزایی لە کۆکردنەوەی بلیمەتی لە ئەندازیاری دا. [12]

* نێوچاوانی تەخت (الجبهة العمودية أو المنبسطة) : ئەو کەسانە بەوە دەناسرێنەوە کە خاوخلیچکن لە وەڵامدانەوەدا کە ئاراستەیان دەکرێت و دەخرێنەروو، ئەگەر دواکەوتن لە مەوعید یان دواکەوتن لە مەوعیدی فرۆکەخانە ئەو لەو کاتەدا هەست بە کرژبوونی گەورە دەکەن. لەبەر ئەوە

---

[11] – د.أيمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣١.

[12] – ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٥.

واباشتره ئامادەبن لە کاتێکی زووتردا هەتاکو مەجال و بواریان هەبێت لە ڕووی کاتەوە، ئەگەر ئەم سیفەتەت هەڵگرتبوو سەرنج بدە کاتێك هاندەدرێیت لەسەر وەڵامە هێواشەکانت بۆ گەراندنەوەت بۆ هەڵسان بەهەر شتێك لەکاتی ئێستادا. لەبارەی کڕین و فرۆشتنەوە لایەنە باشەکانی بەرهەم هێنەر هەنگاو بە هەنگاوەو هاندەدرێن بە کڕینی هەر شتێك مەگەر بۆ زیان پێگەیاندن نەبێت. دڵنیابە لە تێگەیشتنی تەواوەتیان لە هەموو ڕوویەکەوە دەربارەی بەرهەمهێنراو یان خزمەتگوزاری لە خستنەڕوودا تاکو دڵنیابوونی تەواوەتی لە ڕون و ئاشکرابوونی هەموو شتێك بە پێدانی هەندێك کات بۆ بیرکردنەوەو تێڕامان و ئامادەبوون بۆ پێداچونەوەو گەرانەوە بەسەر زانیاریەکاندا بۆ چاوپێداخشانەوە یان ئەگەر زەرووریەت بیەوێت. (١٣)

د. نێوچاوانی ساف (ئێسکی سەرەوەی برۆ بەرز نیە): بڕیاردانی ئاشکراو خێرا، وەرگری بیروڕای جیاواز و نوێ و جیاواز، بە کێشمان و گونجاو، خۆڕاهێنەر لەگەڵ دەوروبەردا. نەبوونی ناوچەی ئێسکاوی لەسەرەوەی برۆکان، دەرخەری

ئەوەیە خاوەنەکەی کەسێکی سازگارو خۆسازێنەو بە کێشانەو بڕیارەکانی خۆی بەپێی بارودۆخی کێشەکان دەدات. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هیچ جۆرە دەمارگیری و توندرەویەکی نیە، دەربارەی بیروباوەرەکانی بە خەرج نادات و هەمیشە وەرگری بۆچوونی تازەیە. تواناو هەڵبژاردەکانی بەردەستی لە ساتی ئێستادا شەن و کەو دەکات و بە پێ ی بارودۆخەکە گونجاوترین

---

١٣ - ناعومي آر . تيكل ،باءمكانك قراءة لغة الوجوه، سەرچاوەی پێشوو ، سنة ٢٠١١ ،ص٢٧٧ ،٢، ٢٨٣-٢٨٤.

بڕیار دەدات، بۆ نمونە ئەگەر ئامرازی راست و ڕێکی لەبەردەستتدا نەبێت لە ئامرازەکانی تر کە دەستی پێیان دەگات کەڵك وەردەگرێت. زیاد لە ڕادە هۆگری نیە بۆ دەرکەوتن و لە سیستەمی وشك و جێگری خۆی دوور دەخاتەوە تووڕەی ئیرادە (لەخۆ بڕان).

هـ. نێوچاوانی تەسك: نێوچاوانی تەسك ئاماژەیە لەسەر بیرتەسکی خاوەنەکەی و کەمی زیرەکی، بەڵام ئەگەر نێوچاوانی تەسك بوو بەڵام بەرزو بالابوو ئەوا خاوەنەکەی بەوە جیادەکرێتەوە کە بەهرەیەکی باشی هەیە بەڵام لەیەك ئاراستەوە دەروات و گەشە دەکات.

ئەوانە پێچەوانەی نێوچاوان پانەکانن لە زۆربەی خاڵەکاندا: ئەوانە مەیلیان هەیە بۆ گرنگی پێدان لە چوارچێوەیەکی تەسك و بچوك دا، ئەمانە دابڕاون لە حەقیقەتەکان و وردەکاری پەیوەست بەمە. ئەم کەسانە دەناسرێنەوە بە لێکۆڵوری (باحث)ی نایاب و ناوازە بەرەوچاوکردنی ئەوەی کە ئەمانە دەیانەوێ ئاشنا بن بەو بابەتانەی هەڵیان بژاردوون کە دەتوانن گرنگی یان پێ بدەن. ئەوانە بەوە دەناسرێنەوە کە عملی و کرداری نین، زۆرجار دیدگایان ون دەبێ یان دەشڵەژێ بۆ کارە رون و ئاشکراکانیش بەڕەچاوکردنی گرنگی پێدا نەکانیان بە دەرچون لە وردەکاری لەرادە. ئەوانە

بەوە دەناسرێتەوە کە متواضع (دلّ فراوان) ئارەزوویان لە نەرم و نیانی و گوڵی رایەڵ بوونە. حەز ناکەن اثارەو بەدواداچوون بکەن بۆ کێشەکان. لەبەر ئەوە حەز دەکەن کار بکەن بۆ حاڵەتی خۆگونجاندن و أنسجام. گفت و گۆ و مناقەشەی دوورو درێژ دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە وەکو خۆیان وان.

کەمترین ئارەزوو نیە لای ئەو کەسانە بۆ بوون بە قیادەو سەرکردایەتی کردن، ئاسودە بن کاتێ یارمەتی و کارئاسانی پێشکەش بکەن لە پشتی پەردەوە. [١٤]

نێو چاوانی تەسك : ئاماژە بۆ عەقڵێکی تەسك و بیری سنوردار دەکات حەز لە هەڵەگرتن دەکەن[١٥].

و. نێوچاوانی خڕ (مستدیرە): ئەم شێوە نێوچاوانە کە شێوەکەی بازنەیی دەردەکەوێت لە بری ئەوەی کە لە لاتەنیشتەکانەوە دیاربێت ئەم جۆرە ناوچەوانە ئاماژەیە بۆ لاوازی و کەم رەوی و بیرکردنەوەی ڕوتەختی (سطحی) وە نێوچاوانی پان و بازنەیی کەلە سەرووی دووچاوی بە قوڵداچوو دریژ دەبێتەوە ئاماژەیە بە سروشتێکی پشکنەر و ڕەخنەگر. [١٦]

خڕی ناوچاوان ئاماژەیە بۆ لاوازی و دروستی و ویست و بیرکردنەوەیە. [١٧]

نێو چاوانێکی پان و دوو چاوی قوڵ : سروشتێکی پشکنەرو هەڵەگیرە ، بەڵام بە بەزەیی یەو حەزی لە کاری چاکەیە. [١٨]

نێو چاوانی دریژو کورتی زیاد لە پێویست ئاماژەی دەمارگیری و سەرگەرمی و سووربوون تا دوورترین سنور. [١٩]

---

[١٤] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة ویسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٩ – ١٠٠ .

[١٥] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة ویسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٥.

[١٦] – د.أیمن أبو الروس، فن قراءة الوجوه و کشف خبایا النفوس ، القاهرة ، سنة ٢٠٠٢ ، ص١٩ .

[١٧] – أحمد جمال الدین الکاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، چاپی چوارەم ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ ، ل٣٥.

[١٨] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة ویسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٥.

ز. نیۆچاوانێك كه بەرزیەكی ئێسكاوی لە سەرەوەی برۆكان هەیە: ڕێزگرتن لە

یاساو ڕێساكان و پێ باشتربوونی راشكاوێتی و شێوازە ناسراوەكان و سەلمێنراوەكە خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە ڕێگە چارەی راست و سەلمێنراو هەڵدەبژێرێت و ئەگەری یاساكان موو بە موو جێ بەجێ نەكرێت ئەوا سست و گلۆڵە دەبێت. بەردەوام خوازیاری ڕێگە چارەیەكە كە پێشتر لە تاقی كردنەوەدا سەركەوتوو بووەو بە شێوەیەك لەگەڵ بابەتەكاندا وەكو چەكدارێك هەڵس و كەوت دەكات ئەگەر یاساكان یەك جار راست وەڵامیان دابێتەوە پەنایان بۆ دەبات و موو بە موو جێ بەجێ یان دەكات وە لە كەسانی تر هەمان شت چاوەڕوان دەكات بۆ نمونە ئەگەر ئیشێك پێویستی بە شێوازێك یان ئاوازێكی تایبەتی هەبێت ڕێك هەمان ئامراز بەبێ هیچ سەرپێچییەك بەكار دەبات.

ح. نیۆچاوانێك كە ئاوساوی هەبێت لەنێوان برۆكاندا (دەڕپەڕیوی گۆشتاوی نێوان هەردوو برۆكان): ئاماژەیە بۆ كۆڵنەدەری و ئیرادەی بەهێزی خاوەنەكەی و لەخۆڕا بینین، ئەگەر ئەم تایبەتمەندیە گەورە بێت، ئیرادەی پتەوی خاوەنەكەی دەگەیەنێ ئەوا كەسێك دەتوانێت بە

---

[١٩] - أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، چاپی چواردم ، سلێمانی ، سالی ٢٠١١ ، ل٣٦.

ئیرادەی بەهێزو هیمەت بە ئامانجی خۆی بگات تەنانەت هەر لە منداڵیدا ئەگەر بڕیارێکی بدایە، بە هیچ شێوەیەك دەستی لێ هەڵنەدەگرت. [٢٠]

گ. نێوچاوانێك کە بەرزیەکی ئێسکاوی هەیە لە سەرەوەی برۆکان: کە ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتنی خاوەنەکەی لە یاساو ڕێساکان و پێ باشتر بوونی ڕاشکاوێتی و شێوازە ناسراوەکان، خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە ڕێگە چارەی ڕاست و سەلمێنراو هەڵدەبژێرێت و ئەگەر یاساکان کت و مت وەك خۆیان جێ بەجێ نەکرێن ئەوا گۆڕ دەبێت هەردەم خوازیارە ڕێگە چارەی بەکارهاتوو تاقی کرابێتەوەو بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵس و کەوتێکی سەرباز ئاسایی هەیە لەتەك گرفتەکاندا. ئەگەر یاسایەك جارێك سودی هەبووبێت پەنای بۆ دەباتەوەو چاوەڕوانی ئەوەش لە کەسانی دیکە دەکات. بۆ نمونە ئەگەر کارێك پێویستی بە شێوازیان ئامرازێکی تایبەتی هەبێ، کت و مت بەبێ مله جرێ ئەو ئامرازە بەکار دەباتەوە. [٢١]

ی. ناوچاوانێك کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەکرێت بە سێ بەشەوە a , b , c هەر بەشەو لێکدانەوەیەك و ئاماژەیە بۆ سیفەتێك: دیاری کردنی بەشی a لە سەرەوەی ناوچاوان کە ناودەبرێت بە پاشای ئەقڵ و ژیری یان توانا لەسەر مەنتیق و بەڵگەکردن (الأستدلال). دانانی هێڵی قژ ( پرچ ) کە هەڵدەدرێتەوە بۆ دواوە ئاماژەیەکی باشە بۆ زیرەکی ئەگەر هاتوو ناوچاوان پان بوو زیرەکیە زۆر زیاتر دەبێت. لە




---

[٢٠] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، چاپی یەکەم، سالی ٢٠١٤، ل٣١ – ٣٢

[٢١] – ئومێد محمد حسێن، نهێنی ڕوومەتەکان، چاپی یەکەم ، سالی ٢٠١٦ ، ل٤٩.

راستی دا نێوچاوانی تەسك توانای دەماغی نایابە بە مەرجێك قژی لەسەر یەك هێڵ بێت گەڕابێتەوە بۆ دواوە بە شێوەیەکی باش.

هێڵی قژی زۆر کورت کە گەشە دەکات بە شێوەیەك کە باش و دەنیشێتەوە لەسەر ناوچەوان دژ دەوەستێ لەگەڵ توانای کەسی لەسەر تێڕوانینی واقیعیانە (التفكير المنطقي) لە بارودۆخی فشاردا، کاریگەری پێچەوانەی دەبێت لەگەڵ زیرەکیدا. ئەم شێوەیە ئاماژە دەدات بەو ئاستەنگی و قورسیانەی کە دروست دەبن خاوەنی ئەم قژە کورتەو لەنێوان خاوەنەکەی یان ئەو دوژمن و ناحەزانەی نایانەوێت هاوکاری مادی یان ئەخلاقی پێشکەش بکەن هەتا ئەگەر بشتوانن ئەمە بکەن.

ئەوانەی ناوچەوانیان تەسکە و هێڵەکانی قژیان کورتەو گۆشەکانی قژیان کورتە پێویستە تێبکۆشن و هەوڵ بدەن زیاتر لەوانی تر سەرەرای ئەوەی پاداشت و موکافەئە ماددییەکان یان کەمە کە پێیان دەدرێت کە بارودۆخەکە وای لێ دێ کە پێویستە خۆپارێزی بکرێت لە ئەگەری گۆڕینی تەندروستی خراپ بۆ کێشەی خێزانی.

بەشی ناوەڕاست b بەشی یادگەو یادەوەری(ذاكرة)لەنێوچاواندا، سیانغ میان ( بیرمەندی مەزن) تێبینی کردووە کە ئەوانەی بەشی ناوەراستیان خولخواردووی بازنەیی یە بەشێوەیەکی باش بە توانای بەرزی ذاكرة وەسف دەکرێت، ئەو بەشەی یادگە (ذاكرة) بە زانیاری باوەڕپێکراو (موثوقة)ی تر. ئەوانەی خاوەنی وەها ذاکیرەیەکن لە وێنەی لاتەنیشتی زیاتر دەردەکەون وەك لە وێنەی روویەڕووی تەواوەتی، کێشەیان هەیە لەگەڵ میزاجی تورەبوونی خێراو داکۆکی کارو بەتەماحن.

بەشی نزم C لەنێوچاوان (حدس) لە گومان و ماموّستا سیانغ میان جەخت دەکاتەوە کە لە خەڵکاندا زیاتر لە گوماندان ئەوانەی کە بروّکانیان گەشە دەکات لەسەر بناغەیەکی گەورەی دیار. بوونی کەچەڵی و قژی سپی گرنگی کەمترە لە بەشەکانی ناوچاوان لەگەڵ ئەوەشدا ئەژمار دەکرێن لە چاوی خوێندکارانی ماموّستا سیانغ میان دوو پراوکاری دیارن ( مظهرين فاتنين ).

ماموّستایانی پرێگای سیانغ میان دەڵێن (( پێویستە لەسەر گەنجەکان خەجالەت یان ئیحراج نەبن لە سپی بوونی قژیان ئەوانە ماموّستان کە قژی سپی سیفاتێکی جیاکراوەیە لە سیفاتە دەگمەنەکان کە بەرزە وەک سیفات بەو مەرجەی گەنجە قژ سپی یەکان خلق و سروشتی یان بەرزبێت ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مەلامحی تری روخسار و زەرەر ناکەین ئەگەر ئاموّژگاری لەو گەنجە قژ سپی یانە وەربگرین دانانی کەچەڵی مەسەلەیەکی تەرەو دەبەسترێتەوە بە پرێگای سیانغ میان کەچەڵی هەستیار سپی راوەیی لە ئارەزووە سێکسیەکان. [٢٢]

## پانتایی نێوچاوان ( سعة الجبهة ) :

زانراوەکە بارەگای ئەقڵ و ژیری لە دەماغ دایە، و دەماغیش لە سەرەوەی سەرەو پانتایی نێوچاوانیش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی کەللەی سەر، پانایی نێوچاوان دەبێتە بەڵگەی ئەقڵ، بەڵام فراوانی و پانتایی ناو چاوان هەمیشە بەڵگەنیە لەسەر ئەمە، لەبەر ئەوەی مانای ئەندازەی دەماغ نیە لە کەللەی سەرداو لەسەر نسبەتی دەماغیش نیە بۆ تەواوی بەشەکانی تری کەللەی سەر. دەست پێشخەری هزرو بیرمەندی جیاوازە لەنێوان عەقڵەکاندا زیاتر وەک

[٢٢] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، الطبعة الأولى ، سنة ٢٠٠٧ ، ص٢٦ – ٢٨ .

لە نێوان ناوچاوانەکاندا بەڵام جیاوازیەکی گەورە دەبینرێت لە ئەندازەی نێوان ناوچاوان و ئەقڵەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا تا بزانین کە ئاژەڵەکان و زیرەکیان ناگاتە ناوچاوانی ئادەمیەکان(مرۆڤەکان) لە گەورەیدا. قەبارەی ناوچاوان پلە پلە ووردە ووردە لە ئادەمیەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات لە قۆناغ و پلەکانی شارستان و مێژوودا، لە قەوقازیەکان لە ئوستراليا گەورەترین قەبارەی ناوچاوانیان هەیەو هەروەها لەزنجی ئەوە زانراوە. دەرکەوتووە ناوچاوانی پیاوە گەورەکان بینراوە کە فراوانیەکی گەورەی هەبووە لە قەبارەدا، ئەمەش ئاماژەیەکی تەواوە بۆ ناوبانگیان وەك ناپلیۆن و شکسپیر و ملتن و فرنکلین و سبنسر و هکسلی. هەمانە خۆی خاوەنی ئەم ناوچاوانە گەورەیەیە بۆ نمونە ئەدیبانی وەك أسحاق و نامق کمال. [٢٣] نێوچاوانی پان و فراوان خاوەنەکەی حەز دەکات پەیوەست بێت بە کارکردن لەگەڵ خەڵکیدا بە زۆری بەڵام نێوچاوانی لار بۆ دواوە خاوەنەکەی خێرایە لە وەڵامدانەوەی کاردانەوە.

ناوچاوانی دەرپەڕیو (الجبهة بارزة) خاوەنەکەی بە تەرکیزو لە سەرنجداندا بە توانان و ناوچەوانی هێلکەیی (بیضاوية) خۆپارێزن و ناوچاوانی چوارگۆشەیی دروستکەرو بنیاتنەرن، ناوچاوانی لاربەرەو بەدواوە تێڕوانین و تفکیریان موضوعی و بابەتیانەیە بەڵام ناوچاوانی ستونی (عمودی) ئاماژەیە بۆ سەرنجدان و تێفکرین و تفکیر بەشێوەیەکی شوێنکەوتەیی (التفكير التتابعي). [٢٤]

---

[٢٣] - جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، الطبعة الأولى ، سنة ٢٠٠٧ ، ص٧٤ – ٧٥ .

[٢٤] - جورجی زیدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٧٤ – ٧٥ .

## هێڵەکان بە گشتی و هێڵەکانی نێوچاوان بە تایبەتی :

هەرگیز نیگەرانی هێڵ و لۆچەکانی ڕووەتتان نەبن ئەوانە وەك ملوانکەیەکی شانازی ئێوەیە بۆ ژیانێکی دروست و باش. ئەوەتان لەبیر نەچێت لە ڕووەتناسیدا خوێندنەوەی هێڵەکان پێویستی بە هیچ چەشنە هەوڵ و شارەزاییەکی تایبەت نیەو دۆزینەوەیان یەکسانە بە خوێندنەوەیان. هێڵەکان تاوەکو قوڵتر و تۆختر بن ئەوا ئەو تایبەتمەندیەشی کە نیشانی دەدەن زیاتر و تۆختر. هێڵەکانی لای چەپی ڕووەت لە بارەی بابەتە تاکەکەس و دەروونی یە کانیەوە زانیاریمان دەدەنێ و هێڵەکانی لای ڕاست دەنگدانەوەی بابەتە دەرەکی – پیشەییەکانن.

أ. هێڵەکانی پەروەردەکردنی هزر (هێڵە ئاسۆیی و هاوشانەکانی تەوێڵ {ناوچاوان}): ئاماژەیە بۆ پەروەردەکردنی توانا هزریەکان و ئەگەری بلیمەتی بوونی سێ هێڵ یان زیاتر لە پانایی ناوچاواندا دەرخەری ئەوەیە کەسەکە بۆ پەروەردەکردنی توانا هزرییەکان هەوڵێکی زۆری داوە هەرچەندە هەتاوەکو ئەم هێڵانە درێژترو قوڵتر بن نیشاندەری ڕادەیەکی زیاترە لە پەروەردەکردنی هزری ئەم هێلانە ناوێکی ترشیان هەیە ئەویش هێڵی بلیمەتیەو کاتێ ئەم هێڵانە سەرتاسەری ناوچاوانی کەسەکەیان داگیر کردبێت، بەهرەمەندیەکی ئێجگار زۆری کەسەکە دەردەخات لە بوارەکەی خۆیدا ئەگەر ئەم هێڵانە پچڕپچڕبن ئاماژەن بۆ ئەوەی کەسەکە لەبوارگەلێکی زۆردا چالاکی هزری هەبووە.

ب. هێڵەکانی پەستانی هزری (چەند هێڵێکی لاونیو لەسەر ناوچاوان) : ئەم هێڵانە پێمان دەڵێت کەسەکە لە ڕێگەی هەوڵێکی زۆرەوە توانیویەتی مێشکی لەچەند بواریکی تایبەتدا چڕ بکاتەوەو پەروەردەی بکات. ئەم وەچەرخانە هەروا بە ئاسانی بەدەست نەهاتووە کەسەکە ناچاربووە بەرگەی پەستانێکی هزری زۆر بگرێت.

ج. هێڵی ستونی (هێڵێکی ستونی لەسەر ناوچاوان هەتاوەکو نێوان برۆکان): ئاماژەیە بۆ کاری ڕێکخراو (ڕێکخستنی کار)و ڕێزگرتن لە یاساو خاوەن ئیرادەو کۆڵنەدەر، ئەم هێڵانە نیشانەی ئەوەیە کەسەکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی کارەکان بەڕێکی و ڕێکخراوەیی بکات و ڕێز لە یاسا بگرێت هەردەم وریای ئەوەیە کارێکی هەڵە نەکات. ئەوەندە پێداگرە ئەگەر ئامانجێکی دیاری کرد لەهیچ هەلێك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە درێخی ناکات کار بەجێ یەو بایەخێکی زۆر دەدات بە وردەکاریەکان، گرنگیەکی زۆر دەدات بە چۆنایەتی کارکردن سەبارەت بەخۆی کەسێکی شێل گیرە. [٢٥]

لۆچی ئەستوونی نێوچاوان: گرفتی ڕێتێچووی ئەم سیفەتە ئەوەیە خەیاڵەکانی کەڵەکە بووە، چۆنیەتی خۆپاراستنی لە ناکۆکی لەگەڵ ئەم سیفەتە ئەو کاتەی گرکانە دەتەقێتەوە لە گرەکە دوور بکەوە[٢٦].

---

[٢٥] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٨-٢٩ .

[٢٦] – ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٠٢ .

لۆچ بوونی نێوچاوان : حەزی لە کاری چاکەیەوبەشداری کردن لە خەم و پەژارەی خەڵکی لە کێشەکانیاندا ، زوو فریاد ڕەسە. [٢٧]

د. هێڵی ناوچاوان (تەنها یەك هێڵی ئاسۆیی لەسەر تەوێڵی بەدی دەکرێت):

ئاماژەیە بۆ بوونی زیرەکیەکی مامناوەندو هەل قۆزەرەوەو خۆ بە چارە ڕەش زان، زیاتر لەو کەسانەدا دەبینرێ کە خاوەن ناوچەوەکانێکی باریکن و واتاکەی ئەوەیە ئەم جۆرە کەسانە سەردەمی گەنجیان بە ناسۆریی بەرێ کردووە. هەرچەندە ئەم کەسانە خاوەنی چەند خاڵێکی لاوازن بەڵام کرێکارانێکی زەحمەت کێشن و لە گۆڕەپانی بازرگانیدا کەسانێکی سەرکەوتوون.

هەبوونی یەك هێڵی ئاسۆیی لەسەر ناوچاوانی ئەو کەسانەی ناوچاوانی یان تەسکەو بچوکە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ کەسێك کە ژیانی منداڵی زۆر قورس بووە. ئەوانە کە یەك هێڵی ئاسۆیی لەسەر ناوچاوانیان هەیە بەوە دەناسرێن کە تێدەکۆشن و جیهاد دەکەن لە کارکردندا بەو پێ یەی سەرکەوتن بەدەست دێنن بەهۆی پێداگری و سووربوونیان و نەخشەو تصمیم دانان ، ئەمانە مەیلیان هەوڵدان و سەعی کردنیان لەپشت گرنگی پێدانیانەو ئەوانە نابنە ڕاسپێراو یەکەمی نەبێت بۆ گرنگی دان بە پێداویستی کەسانی ترو ئارەزووەکانیان. [٢٨]

---

[٢٧] – أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، چاپی چوارەم ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ ، ل٣٦.

[٢٨] – ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٩.

هـ. هێڵی ناوچاوان (دوو هێڵ لەسەر ناوچاوان کە یەکێکیان کورتترە لەوی تریان): ئامارژەیە بۆ سەربەخۆبوونی کەسەکەو گونجاو بۆ کاری سیاسی و خۆشەویست لای خەڵکی، دەڵێن ئەگەر هاتوو کەسێك لەنێوچاوانیدا دوو هێڵی هەبوو نیشانەی دوو بواری گرنگە لە ژیانیدا، یەکێکیان پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیەتی و ئەوی دیکەش تەندروستی و ناوبانگیەتی. ئەگەر هێڵی سەرەوە کورت و ناسکتر بێت ( زۆر قوڵ نەبێت) لە هێڵەکەی خوارەوە ئامارژەیە بۆ ئەوەی ئەگەری زۆرە کەسەکە پشت بە دۆست و هاوکارەکانی نەبەستێ چونکە ئەوان نرخی ئەم دۆستایەتیە نازانن و پێزی لێ ناگرن. ئەگەر هێڵی سەرەوە پووڵ و ئاشکرابێت و هێڵەکەی خوارەوە درێژ و قوڵ بێت نیشانەی ئەوەیە کەسەکە لەلای دۆستان و خەڵکی خۆشەویست و خوازراوەوە دەتوانێ لە کاری سیاسی دا سەرکەوتوو بێت.

دوو هێڵی ئاسۆیی لەسەر ناوچاوان ، ئەم هێمایە پەیوەندی هەیە بە پەیوەندی مرۆڤانەی ئەو کەسە لەگەڵ کەسانی تر، بە بارودۆخ و کەسێتی خۆیەوە.

ئەگەر هێڵێکی بەرزی کورت و زۆر ڕوون نەبوو لە خەتی خوارەوە ئەمە مانای ئەوەیە ئەو کەسە تێگەیشتوو نیە لە پشت بەستن بە هاوکاری هاوڕێکانی و خێزانەکەی و لە هەڵوێست و مواقفە قورسەکان.

ئەگەر هاتوو هەردوو هێڵەکە درێژ و قوڵ بوون مانای وایە ئەو کەسە وەستاوە لەسەر پەیوەندی یە باشەکانی لەگەڵ کەسانی تر، دەبێتە هۆی

ئەوەی بە باشی بواری لێهاتوویی و شارەزایی کۆمەڵگا بەکاربهێنێ بۆ خۆی ئەمەش نیشانەیەکی میللی بوونیەتی. [٢٩]

سێ هێڵی ئاسۆیی لەسەر ناوچاوان : بوونی سێ هێڵی ئاسۆیی لەسەر ناوچاوانی جەنگاوەران، تاکو ئەندازەیی قوڵی ئەو هێڵانە زیاتر بێت ئەندازەی جوانرەوی ئەو کەسە زیاتر دەبێت کە هەیەتی. تەنانەت ئەو کەسانە زاکیرەیەکی بەهێزیان هەیە. ئەوانە چارەی کێشەکانیان لایە سەرەڕای دڵەڕاوکێ یان لەسەرەتادا. بە شێوەیەکی گشتی ئەوانە ئیدارەی ژیانی خۆیان دەکەن بەشێوەیەکی باش، وتەیەکی صینی هەیە کە دەڵێ ( پیاوی سێ هێڵی ئاسۆیی بەناوچاواندا هاتوو مەلیکە {پاشا}یە ).

لۆچی دوانی لەنێو دوو برۆدا : حەزی بە یەکسانی و ویژدانە تەنانەت ئەگەر بۆ خۆی بێت. [٣٠]

* نەبوونی هێڵی ئاسۆیی : بە دەگمەن هەبێت هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی هێڵی ئاسۆیی لەسەر ناوچەوانیان لە گەنجێتی بەرەچاوکردنی نەبوونی ئەو هێڵانە لەسەر ناوچاوانی منداڵێکی بچوکی پێگەیشتوو ئاسایی ئەوانەی دەست دەکەن بە بەدیهێنانی کارەکانیان لە نیوەی تەمەنیان ، و بەردەوام دەبن لە هەوڵدان دەست دەکەن بە بچکوترین لە ساڵە زۆرەکانی تەمەنیان . کاتێ دەگەنە ساڵە پێشکەوتووەکانی تەمەنیان.

* یەك هێڵی ستونی نێوان برۆکان : ئەو کەسانەی یەك هێڵی ستونی لەنێوان برۆکانیان دا هەیە ناودەبرێت بە پێداگر (العناد) و تصمیمکار، و هەر

---

[٢٩] - ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٩.

[٣٠] - أحمد جمال الدین الکاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، چاپی چوارەم ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ ، ل٣٦.

سەرکەوتنێ کە بە دەستی دێنن. دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی باشتربوون و سوورىبوون لە کارکردندا و لە راستی دا ئەمانە هەرگیز چۆك دانادەن و نابەزن بەرەچاوکردنی سەروەت و دەستکەوتیان. ئەوانە ناناسرێنەوە بە دەستەی زۆر رۆمانسی. بە خێرایی ئیش دەکەن بە ئیعتیادی ئەوەی کە ژیان قورسە.

* دوو هێڵی ستوونی نێوان برۆکان : ئەو کەسانەی دوو هێڵی ستونی لەنێوان برۆکانیاندا هەیە گرنگی بە کەسانی تر دەدەن و تێگەیشتوو بە سۆزو هەستن لەگەڵ کەسانی تر. ئەوانە چێژو پابەندن بە ژیانی دایکایەتی و خێزانی. زۆرترین رەنج و کۆشش دەدەن بۆ ئەوەی گرەنتی بێت بۆ هەموو ئەوانەی گرنگیان پێ دەدەن تاکو بگەنە ڕێزو هەڵسەنگاندن و مامەڵەی پێویست.

* دوو هێڵی ستونی شێوە گۆشە : ئەوانەی دوو هێڵی ستونی شێوەی گۆشە لەنێوان برۆکانیان هەیە دەناسرێنەوە بە کاردانەوەو خێرایی لەدەستدانی مێشك و دەماغ. ئەمەش نیشانەی پێنەگەشتن پیشان دەدات. بەڵام زۆرێك لەمانە کاردانەوەیان ڕێك دەخەن بە تەدریجی وهەنگاو بە هەنگاو. ئەوانە توند دەبن و ناگونجێن و خەمناکن و حەزینن. ئەو هەستەی لە ئەنجامی لە رادەبەری لەکاردانەوەدا. [٣١]

[٣١] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٩ – ١١١ .

و. نێوچاوانی خاوەن چەند هێڵێکی ناسك ( چەند هێڵێکی ناڕێك و پێك):

ئاماژەیە بۆ بوونی ئەگەری گرفتی دەروونی و چێژ وەرنەگرتن لە ژیان و هیوایەتی جۆراوجۆر. چەند هێڵێکی ناڕێك و پێك کە زۆربەی رووبەری نێوچاوانی داپۆسیوە، نیشانەی بوونی نەخۆشی دەروونی یان جەستەیە دەڵێت ئەو ژنانەی ناوچاوانیان بەم شێوەیەیە بەدەست کەم و کورتی جەستەیی یەوە دەنالێنن و ئەمە وای کردووە بە تەواوەتی چێژ لە ژیان وەرنەگرن. ئەو پیاوانەی خاوەن نێوچاوانێکی لەم چەشنەن هیوایەتی جۆراو جۆریان هەیە، وزەکەیان لەم کارە هەمە چەشنەدا بەکاردێنن و دورە بگەنە سەرکەوتن لەهیچ کامیاندا.

ز. نێوچاوانی خاوەن هێڵی شەپۆلدار: ئاماژەیە کە کەسەکە خاوەن بنەماڵەیەکی چاك و رەسەنەو سەردەمی منداڵی ناخۆش و لە گەنجیدا بەهرەیەکی ئەوتۆیان نیەو سەرکەوتن لە پاش تەمەنی ٣٥ ساڵی. دەوترێت ئەو کەسانەی خاوەنی هێڵی

لەم چەشنەن بە زۆری سەر بە بنەماڵەیەکی چاك و ڕەسەنن بەڵام سەردەمی منداڵیان بە ناخۆشی بەیەر بردووە ئەم جۆرە کەسانە زۆر بە دەگمەن خاوەن بەهرەن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە سەرەتایی ژیانیانەوە تاوەکو پێ نەخەنە تەمەنی ٣٥ ساڵی و بەرەو سەرتر ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراویان نیە لە ژیاندا. بەڵام لەوانەیە لە دوای ئەم تەمەنەوە ئامانجی خۆیان دیاری بکەن و سەربکەون.

ح. هێڵەکانی وردبینی سەپێنراو (دوو هێڵی ستوونی بچوک لەنێوان برۆکان): شلگێری زۆر سەبارەت بە خۆی و ویژدان لەکاردا. جۆرێك تیژبینی و بیرکۆیی (تەرکیز)ی سەپاندووە، هەم بەسەر ژیانی خۆیداو هەم بەسەر پیشەکەیدا، سەبارەت بە

خۆی کەسێکی ئێجگار شێلگیرەو چاوەڕوانیەکی زۆری لە خۆی هەیە. بە واتایەکی دیکە دوو هێندەی ئەو چاوەڕوانیەکەی کە لە خەڵك هەیەتی، لە خۆی هەیەتی تەنانەت کاتێکیش ماندوو بێت یان ئارەزووی کاری نەبێت خۆی ناچار دەکات تاکو کارەکەی بەرێك و پێکی و جوانی ئەنجام بدات.

گ. نێوچاوانێك خاوەنی هێڵی تەواوکەر(کاملێ)خوازی (چەند هێڵێك لەنێوان برۆکان): مانای تەواوکار خوازەو بەرگە نەگرتن لە بەرامبەر کەم و کوریەکاندا. ئەگەر لەنێوان برۆکاندا زیاتر لە دوو هێڵی ستوونی هەبێ ئەمە نیشانەی تەواوکارخوازی خاوەنەکەیەتی. وەها

کەسێك بڕوای وایە هەر شتێك جێگای تایبەتی خۆی هەیەو دەبێت لەوێدا دابنرێت ئەگەر وانەبێت زۆر زوو هەڵدەچێت و تورە دەبێت. ئەگەر وەها کەسێکن ئەوا باشتر وایە هێمن ببنەوەو هەندێك زیاتر چێژ لە ژیان وەربگرن، تۆند مەیگرە لەوانەیە پێویست بکات لە خۆتان بپرسن بۆچی دەبێت ئەوەندە تەواوکار (کاملێ)خوازبم؟

ی. نێوچاوانی خاوەن هێڵی بەرچاوڕوونی (سێ گۆشەیەك لەنێوان برۆکاندا): ئاماژەیە بۆ بوونی هزری خۆرسك و تێڕوانینی بەربلاوی دوولایەنە.

ئەم تایبەتمەندیە پێمان دەڵێت پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە لەنێوان لای چەپ و لای ڕاستی مێشکداو ئەم توانایە دەبەخشێتە خاوەنەکەی بۆ ئەوەی بتوانێت لەیەك کاتدا سوود وەربگرێ لە هێزی خەیاڵاندن و هزری خۆرسکی بۆ ئەوەی بتوانێت لە دوولایەنەوە بابەتەکە تاوتوێ بکات. ڕاستی یەکان بە ژیری دەدۆزێتەوەو لە ڕێگەی ناخیەوە هەستیان پێ دەکات، بارودۆخەکە بە قووڵی و پانتاییەکی زیاترەوە دەبینێ[٣٢].

ك. نێوچاوانێك هێڵەکانی بەرپرسیاریەتی (چەند هێڵێکی ناسکی ئاسۆیی لەنێوان چاوەکان لەسەر لووت هەیە): مانای لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی. هەستی بەرپرسیارێتی زۆر زۆری هەیە، ئەرکە دژوارەکان لە ئەستۆ دەگرێت. لەوانەیە لە منداڵیدا چەندەها جار پێ ی وترابێت. مرۆڤی چاك نابێت خۆی لە کارەکان بدزێتەوە. لە ئاکامدا ئەم خووە لە ئەودا بە یادگاری ماوەتەوە.

ل. لەنێو چاوانی خاوەن هێڵی ماندووبوون لە بەرپرسیارێتی (هێڵێکی ئاسۆیی لەسەر لوت و لەنێوچاوەکان): هەستی بەرپرسیارێتی یەکی زۆر خەست و خۆڵ. ئەوەندە هەستی بەرپرسیارێتی تێدایە هێزە لەو کاتانەشدا کە کارێك لە ڕووی هەستی و خەستیشیەوە رازی نەکات هەر خۆی

---

[٣٢] - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٠ .

بەناچار دەزانێ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، لەوانەیە ئەم دۆخە ئەوەندە ماندووی کردبێت لە ئارەزووی پەیداکردنی کارێکی شادتردا بێت با ئەم کارەش تەنها بۆ کات بەسەربردن بێت[٣٣].

م. نێوچاوانێك کە پانتاییەکی زۆری کەوتبێتە نێوان برۆکانەوە: نیشانەی ئەم تایبەتمەندیە ڕێژەی ئەو پانتاییەی نێو چاوانەکە کەوتبێتە نێوان برۆکانەوە ئاماژەیە بۆ باوەڕ بەخۆبوونی زگماکی واتا باوەڕ بەخۆبوونێکی سروشتی و حەزی بەرپرسیارێتی لە ژن خوازی و شەراکەتی ئیش و کاردا. ئەم جۆرە کەسانەی ئەم تایبەتمەندیەیان هەیە بەشێوەیەکی ئاسایی بڕیاری بنەڕەتی و کۆتایی دەردەکەن، ئەمەش لەوە نیە کە گوایە ئەو کەسە بە تواناو شارەزایە. نا بەڵکو ئەوانە وا هەست دەکەن کە بەو شێوەیەن.

لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکاندا کە باس لە جەنگی دووەم دەکات، سەربازە جەنگاوەرەکان کە بریندار دەبوون لەبەردەم پێشەوەی دەماغ واتا نێوچاوانیان کاتێ ئەو سەربازانە لێ دەدران و لەوێ بریندار دەبوون گیانی خۆپەسەندنیشیان لەناودەچوو. بەهەرحاڵ لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا وشەی (شانازی) زیاتر هەوری رەش بینی و خۆپەرستی دایپۆشیوە، لە زانستی کەسێتیدا بە باوەڕ بە خۆبوونی سکماکی بەکاردێت. دەتوانرێت باوەڕ بەخۆبوونی سکماکی

بڕوابەخۆبوون
مێو هەڵناواسێ

---

[٣٣] - هەمان سەرچاوە ، ل٣٢.

بەهێزو گەورە بکرێت یان بە تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو بگۆڕدرێت. کەسێکی ناوچاوان تەسك کە سروشتی خۆی بە کەم دەزانێ دەتوانرێت فێر بکرێت کە بڕوابەخۆبوونی بینا بکاتەوەو تەنانەت چێژ لە قسەکردن و کۆنترۆڵ کردنیش، زۆر کەس وافێرکراوە کە کەمتر بڕوایان بەخۆیان بێت و زیاتر دەستیان بەسەردا بگرێت، هەروەها لەلایەن کەسانی ترەوە رابەرایەتی بکرێن وەکو ئاهەنگێڕان.

ئەو ژنانەی ئەم تایبەتمەندیانەیان هەیە دەتوانن فێربن کە دەرپێ لەپێ نەکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن توانایان بەکاربێنن و مێردەکانیان وا دروست بکەن کە کەمتر بروایان بەخۆیان هەبێت، هەروەها دەتوانن فێری ئەوە بن کە بە سەربەستی سەرۆکاری پرۆژەکانی خۆیان بکەن.

(بونستن چرچڵ) نمونەیەکی مەزنە بۆ پیاوی روخسارو نێوچاوان پان کە بڕوابەخۆبوونی خۆی بەکارهێنا بۆ نەبەزین و ئازایەتیشی بۆ گیانکردنەوە بەبەری میللەتدا لەکاتی تێکشکانی جەنگدا[٣٤]. ناوچاوانی پان و فراوان بە زۆری ناوچاوانێکی بەرزە، ئەو کەسانە دەناسرێتەوە بە کرانەوەی هزرو بیریان، ئەمانە ماوەی گرنگی دان و لێهاتوویان فراوانە، ئەوانە مەیلیان بەلای هەست کردن بە شڵەژان لە ئەنجامی وردەکاری زۆر بە شێوەیەکی گشتی، کۆتایی بەم حاڵەی دێت بەرەو زانینی کەمێك لە هەموو شتێ، گرنگی پێدانەکانی یان نابێتە هۆی ئاشنابوونێکی

---

[٣٤] – روبرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە مینە، زمانی روخسار، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧، ل١٠٤ – ١٠٦.

زۆری یان لەسەر بابەتێك یان دوو بابەتی گرنگی پێدانیان. ئەم دابڕانە دەبێتە هۆی گرنگی پێدانی تازەکان بۆ ماوەی تاکەکان لەو دەستەیە (فئە)گەنجە لەدڵیاندا بۆ هەمیشە. ئەم کەسانە لە موقعی قیادەو سەرکردایەتی کردن دەبن بۆ ڕێکخستنی ئەوانی ترو قیادە کردنیان. سەیر نیە کە ئەوانە زۆربەیان لە جومگەکانی دەستەلاتدا بن. بەو پێ یەی دەتوانن بەهرەو تواناکانیان بەرجەستەو جێ بەجێ بکەن و لەبەر ئەوەی ئەوانە تواناکانیان ڕێك دەخەن. ئەوانە بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتون لە مەهام و کاری خۆیان کە ئەدای دەکەن، ئەوانە کارەکانیان کرداری و واقیعی ین لە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ ژیان. [٣٥]

ئەو دوو ئێسکە بچوکەی لە بەشی ژێرەوەی ناوچاوان و لەسەر بەشی ناوەوەی بڕۆکانت ئەم دەرکەوتنی ئێسکە لەژێر پێست و لە هەر لایەکی هێڵی دڵەراوکێ لەوانەیە بە قەد قەوارەی دەنکە فاصۆلیایەك یان گەورەتربێت، کەس بەو نیشانانە لەدایك نەبووە، قەبارەکەشی بە گوێرەی ڕێژەی وردەکاری خوازی کەسەکەوە دەردەکەوێت و تاکو زۆرتربێت ئەویش گەورەتر دەرئەکەوێت.

---

[٣٥] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٩.

جیاکەرەوەی ئەم نیشانەو نەخشە بۆ سیفەتی وردەکاری خوازو پابەندی وردەکاریە هەروەها ئەو لێوارەی دەکەوێتە بەشی خوارەوەی ناوچاوان، ئەو گۆپکە ئێسکە لەسەر برۆکان و لە بارودۆخێکی تایبەت دا لەسەر ئەو لێوارە بە ئاشکرا درێژدەبێتەوە بۆ بەشی خوارەوەی ناوچاوان. ئەم نەخشە ئاماژەیە بۆ کەسێکی پەیڕەوخواز . شتێکی تایبەت، ژنانی پەیڕەوخوازی بەرز دەزانن پیاوەکانیان کاتی جووت بوونیانە. لە بەروارو زۆرتر پیاوان پەیڕەوخوازن بەڵام ژنانیش دەتوانن پەیڕەوخواز بن.

ئەو هێلانەی کەوتۆتە نێوان هەردوو برۆکان لە ئەنجامی دڵەراوکێ وە پەیدادەبن. کەواتە لەوە زیاتر بەدوای شتەکاندا مەچۆرەوە (دەبڵ چەمك)مەکە. کاتێ ئۆتۆمبێلەکەت دادەخەیت بە دڵنیاییەوە کلیلەکە بگرە بەدەستەوە، هەروەها کاتێ دەرگاکە دادەخەیت بە ئاگایی یەوە کلیلەکە بخە ناو جزدانەکەتەوەو یاخود بە هۆشیاریەوە بیخە ناو گیرفانتەوەو ئیدی بەدوایدا مەچۆرەوە.

ئەگەر تێبینی بکەین کە هێڵەکانی دڵەراوکێ بەشێوەیەکی ستونی لەنێوان برۆکانی هەندێك کەسدا دەردەکەون هەروەها ئێمە دەزانین کە ئەو کەسانە دەروونێکی پاکیان هەیە، کەچی زۆرجار هەراو هۆریاو دروست دەکەن و بچوکترین شتیان وەك خۆیان دەوێت کە بکرێت . . و حەز دەکەن خۆیان بە شتەکاندا بچنەوەو دڵنیابن لە راستی جۆری کارەکە. کارەکەیان بە شێوەیەك دەوێت کت و مت بەم شێوەیە دەربچێت کە دەیانەوێت. [٣٦]

---

[٣٦] – رۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە ( محمد أمین حسین ) ، زمانی روخسار، چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠٠٧ ، ل٧٩ تاکو ٨٠ ، ل٨٢ و ٨٣ . ل٧٦ – ٧٧ .

باشترین نێوچاوان ئاماژەیە بۆ بەڕێزی ڕەوشت. مام ناوەندو گونجاوبێ لەگەڵ ڕومەت دا کە چوارگۆشە نەبێت نە گەورەو فراوان بێت نە بچوك و تەسك بێت بەڵکو نەرم و بەرزو ڕێك ، جوان بێت چاك بێت لە خاڵ و وردەمووی گەن. [٣٧]

پانی و گەورەیی ناوچەوان : ئاماژەیە بۆ عەقڵ و مێشك پڕی و ژیری و پێشکەوتووی. [٣٨]

ن. هێڵی ستونی (هێڵی ستونی سەرنێوچاوان هەتاکو ناوەڕاستی برۆ) : ئاماژەیە بۆ ڕێك و پێکی و ڕێزگرتن لە یاساو ئیرادەو پشتکاری بەهێز، ئەم هێڵە نیشانی دەدات کە کەسەکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات کە گوێ ڕایەڵی یاساو ڕێك و پێك بێت، هەمیشە ئاگاداڕە کە هەڵسوکەوتێکی خراپ و سەرپێچییانەی لێ نەکەوێتەوە بەرادەیەك پێداگری و ئیرادەی زۆرە کە

ئەگەر ئامانجێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت بۆ دەست گرشتن بەو ئامانجە لە هیچ هەوڵێك خۆی لانادات ڕێك و پێك ووردە سەرنجێکی زۆر لە وردەکارییەکان دەدات. گرنگیەکی زۆر بە چۆنیەتی کار دەدات. بە گشتی بەرامبەر بە خۆی زۆر سەخت تڕە.

---

[٣٧] - أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، چاپی چواردەم ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ ، ل٣٦.

[٣٨] - أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، چاپی چواردەم ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ ، ل٣٦.

س. هێڵی گۆران خوازی (چەندین هێڵ) لەنێوان هەردوو بڕۆدا : ئامازەیە بۆ گۆڕانی خوازی و تەحەمول نەکردنی کەم و کورتی یەکان ئەگەر لەنێوان هەردوو بڕۆدا، زیاتر لە دوو هێڵی ستونی هەبێت. ئەمە نیشانەی گۆڕان خوازی خاوەنەکەیەتی، ئاوا کەسێك بڕوامەندە هەر شتێك شوێنێکی هەیەو دەبێت لە شوێنی راستی خۆیدا بێت، ئەگەر شتەکان بە پێچەوانەی خواستی ئەو کەم و کورت بێت و لە شوێنی خۆیاندا نەبن، هەڵدەچێت ئەگەر بەم شێوەیە بێت، تۆش ئەم سیفاتەت هەبێت هێمن بەو کەمێك زیاتر چێژ لەو سیفەتە وەربگرە. سەخت مەگرە. لەوانەیە لە خۆت بپرسیت؟ بۆچی ئەبێت ئەوەندە تەواوبێ کەم و کورتی بم ؟

ع. نێوچاوان (تەوێڵ)یێکی بچووك: ئامازەیە بۆ ئیرادەیەکی بەهێزو کۆڵنەدەر، زۆر پێداگرو تێکۆشەرە. ئەگەر بڕیارێك بدات، بە هیچ شێوەیەك لێ ی پاشگەز نابێتەوەو هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگری بێت و پەشیمانی بکاتەوە[٣٩].

ف. گەورەتربوونی ناوچەی تەوێڵ (ئاگاداری ئەوەبن نابێت ناوچەی ڕوانی موو لەبەرچاو بگیرێت): ئامازەیە بۆ بیرمەندی و هۆگری جیاوازی و دووربینی لە زانیاری بیروڕدا، هۆگری بیرکردنەوەیەو لە جیهانێك لە ڕاستی و بیردۆزەدا دەژی. بە خۆڕسك خواز یاری زانستە لە بواره دڵ ویستەکانیدا هەوڵ دەدات و زانیاریەکانی بەرەو پێ دەدات و

---

[٣٩] -مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢-١٣٣ ، ل١٥٩

خوازیاری روونکردنەوەی تەواوە بە هەموو وردەکاریەکەوە ئارەزووی لەوەیە جیاوازی نێوان تەنەکان دەربکات و بەردەستی خۆی بکەوێتە کۆکردنەوەی زانیاری لەم بارەیەوە.

ص. هێڵی قوڵی ناوەڕاستی تەوێڵ ( ناوچاوان): ئەگەر دوو جاری هەڵچوونە درەوون ببن و بکەونە قسەکردن بە ئاسانی بێ دەنگ نابن. هیچ نیگەران مەبن و دان بەخۆتاندا بگرن و مۆڵەتیان بدەن تاکو قسەکانیان تەواو ببێت. بەر لەوەی هەڵوێستی خۆتان دیاری بکەن بۆچوونەکانی ئەوان بەرز بنرخێنن[٤٠].

بێگومان لۆچێکی ئەستونی نێوچاوان لەسەر بڕۆی لای ڕاست دیارخەری تووڕەیی کەڵەکەبووی پەیوەست بە کاروبارە. لۆجیك كە لەسەر بڕۆی لای چەپ دا دەردەکەوێ. دیارخەری تووڕەیی پەیوەندیەکانە. بە زۆریش پەیوەندی بە هاوسەریان منداڵەوە هەیە. ئەم هێمایە ئاماژەیە بۆ چارەنوسێکی ڕۆحانی، خاوەنی گرێ بەستێکی ژیانی کە بەهۆیەوە لەسەر پەیژەیەکی کارەبایی دا بە ژیان دارەت دەبێ خەڵکی تر بەسەر پلیکانەو بە خێراییەکی کەمتر پەرەدەسێنن. [٤١]

---

[٤٠] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٨ – ١١٩ ، ل١٤٠ .

[٤١] – ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لایلا حمید محمد )، هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٠٤-٣٠٥ .

ك. ناوچاوانی بەرز (الجبهة المرتفعة) : کەسە ناوچەوان بەرزەکان بەوە دەناسرێنەوە کە زیرەکن و بەرەو پێش دەچن و گرنگی دەدەن بە زانست و فێربوون: یادەوەری و زاکیرەیەکی بەهێزیان هەیە. ئەم جۆرە لە فێربوونە جۆراوجۆرەو دیاری دەکەیت بە پێ ی پانتایی ناوچاوان. ئەو کەسانە سەرنج دەدەن و تفکیر دەکەن و دەرەنجام و استنتاجاتی تایبەتی خۆیانیان هەیە هەر وەك ( تشارلز دیکنز) (١٨١٢ – ١٨٧٠) دانەرو داهێنەری ئینگلیزی خاوەنی ناوچاوانێکی پان و فراوان بووە.

ل. ناوچاوانی چوارگۆشە (الجبهة المربعة) : ناوچاوانی چوارگۆشە بەوە دەناسرێتەوە کە فراوانەو بەرزە، ئەو کەسانەی ناوچاوانیان چوارگۆشەیە زیرەکن و بە تنطیمن، دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت، زۆر ڕێك و ڕەوانن (یفصحون) لە هەموو لایەنەکانی هەڵوێست بەر لەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئەوانە بەوە دەناسرێن کە خۆپارێز (محافظ) کارن بە واقیعی توندن و لە کاتی زەرووریشدا ئەوانە دەتوانن زۆر ئازابن، ئامادەن بۆ کارکردن بە ئارامی ساڵانێکی دوورودرێژ بۆ بەدی هێنانی سەرکەوتن.

کەسانی نێوچاوان شێوە چوارگۆشەیی کەسانی بنیاتنەرن. ئەو لایەنە واهەست بە نەزانین دەکات لەکاتێکدا لایەنەکەی تر شەو و رۆژ تێدەکۆشێ بەبێ پچڕان. ئەگەر ئەم خاسیەتە لە ئافرەت دا هەبوو ئەوا سوردەبێت لەسەر

دەرچوون لە کارکردن لەجیاتی مانەوەی لە ماڵەوە. دڵنیابە لەوەی کە تۆ پارێزگاری دەکەیت لە هاوسەنگی نێوان کارکردن و یاری و هەندێك کات تەرخان دەکەیت بۆ هاوبەشی ژیانت و خانەوادەکەت. [٤٢]

م. ناوچاوانی نزم (الجبهة المنخفضة) : ئەم جۆرە ناوچاوانە داکێشاوەو نزمە خاوەنەکەی بە باشی بیر دەکاتەوەو بەر لەوەی بڕیار بدات، ئەوان دژی پەلە پەل کردنن، لەم بارەیەوە تەنها بە دەرکردنی بڕیاری قورس و گران دەبن بۆ ئەم مەبەستە

بڕیارە کە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ گۆڕینی تێڕوانینیان، ئەوانە بەوە دەناسرێنەوە کە بە ئارام و وێژدان زیندون و سورن و پێداگرن.

ن. ناوچاوانی تەخت (الجبهة المنبسطة) : ئەو کەسانەی ناوچاوانیان تەخت و ڕێکە کە بەرزدەبێتەوە لەسەر یەك هێڵی ڕێك بۆ سەرەوە تاکو هەردوو برۆ، ئەوانە شیکارین و دیزاینەرن و بەئارامن و لێبوردەن و دڵ فراوانن. سەیری کێشەکان دەکەن بەو شێوەیەی خۆشیان شی بکەنەوەو چارەی بکەن.

س. ناوچاوانی کەوانەیی قۆقز (الجبهة المحدبة) : ئەوانەش ناوچاوانیان دەرپەڕیوە ئەوانە سەربەخۆن و داهێنەرن، زۆربەی جار دەبنە کاریزما. لەم ڕێگایە هەڵس و کەوت دەکەن لەگەڵ کەسانی تردا، زۆربەی جار سەرکەوتن بەدەست دێنن لە کاری بازرگانی دا.

---

[٤٢] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه، سەرچاوەی پێشوو ، سنة ٢٠١١ ، ص٢٧٦ – ٢٧٧.

ع. ناوچەوانی رووچاڵ (کەوانەیی بەناوداچوو) – الجبهة المقعرة : ئەو کەسانەی ناوچاوانیان رووچاڵە ژمارەیەکی دیاریکراویان تارادەیەک مهتمن و گرنگی پێدەرن، بەڵام بە هەموو سەرەڕای ئەمەش بە جدی کار دەکەن هەندێك جار دەستکەوت و دەخلێکی باشیان دەبێت، مەیلێکی هۆگربوون دەگەنە کەسانی تر بە تێڕوانینەکانیان. بەهۆی ئەمەوە زۆربەیان وەزیفەو پیشەکانیان هەڵدەبژێرن و زۆر تیایدا نامێننەوە بە کەمی نەبێت لە بەرکەوتن لەگەڵ کەسانی تر.

ف. ناوچاوانی هەڵتۆقیو (الجبهة المقبَّبة): ئەو کەسانەن کە ناوچەوانیان پان و بازنەیی یە هەروەك گومەزێك (القبە) جۆرێك لە بەهرەو مەوهبەی داهێنەرانەیان هەیە ( بە زۆری ئاسانترە ببینرێت ئەم ناوچاوانە لە لا تەنیشتەوە). بەڵام مانای ئەوە نیە کە زۆر زەروربێت کار بکەن لە پێشەو وەزیفەی هونەری (فنی)دا بەڵام بە دڵنیاییەوە داهێنەربوون رەنگ دەداتەوە لە کارو خولیاکانیان. پیاوێك هات بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونم بۆ ئەوەی دار موتوربە بکات ئەو ناوچاوانێکی هەڵتۆقیوی هەبوو زۆر شانازی دەکرد بە کارەکەیەوە، کاتێ کۆتایی هات بە ئیشەکەی هەموو دارەکانی ئامادەکردو بە وریاییەوە. ئەو داهێنەرێتی خۆی بەکارهێنا لەو رۆژەو هەموو رۆژەکانی دا. ئەوە ئەندازیارێکی شارستانی کە وێنەو رەسمی تایبەت بە فراوان کردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی خوشکەکەم ئەویش ناوچاوانی هەڵتۆقیو بوو.

لە کاتێکدا ڕوی بۆ فێربوونی ژەنینی ئامێری پیانۆ ماموستاکە ناوچاوانی هەڵتۆقیبوو .

ص. ناوچاوانی بازنەیی (خڕ) (الجبهة المستديرة) : ناوچاوان خڕەکان بەوە دەناسرێت کە دیارو ڕاشکاونین وەکو ناوچاوانی گومەز (المقبە)یی. بەوە دەناسرێت کە داهێنەرن و خەیاڵێکی فراوانیان هەیە. گرنگ ئەوەیە پارێزێکی تەواو پێشکەشی کارەکەیان دەکەن، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی توشی بێ هیوا دەبن بە ئاسانی، و هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ دنیادا بۆ دروست کردنی خەیاڵەکانیان. ئەوانە لە خەونی هوشیاربووندا نقوم بوون. [٤٣]

ق. نێوچاوانی هێلکەیی (الجبهة البيضاوية) : کەسانی خاوەن نێوچاوانی هێلکەیی پارێزگار (المحافظ)ن لە کارکردندا واتا کارەکە باشتر دەکەن لە چاککردن و (صیانە)ی پرۆژەکان، و ئەو بوارانەی کە پەیوەستن بە تەندروستی نمونەیەك دکتۆری ددان، دکتۆری ددان کاردەکات (ئەگەر بەکەمی ماوەی نێوان چاوەکانی بناسرێتەوە) یان چارەسەرکاری بە بەهێزکردنی بڕبڕەی پشتی بەدەستی (ئەگەر خاوەن قاچی کورت بۆ مام ناوەند) یان تایبەتمەندبوو لە پێشکەش کردنی ڕاوێژو ڕێنمایی یان ماموستا بوو ( ئەگەر هاتوو ناسرابوو بە کەمی ماوەی نێوان چاوەکانی) یان بەڵێندەری خانوبەرە یان بەڕێوەبەری ئوتێلێك ( ئەگەر هاتوو سەرو

[٤٣] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٠ – ١٠٤ .

کۆڵەکەی لوتی ڕێک بوو یان لوتی قۆقز بوو). [٤٤] مانای کەسایەتی پارێزکار. دەتوانرێت سیفەتی پارێزگاری دیاری بکرێت ئەگەر هاتوو مەیلی کەسەکە بۆ پارێزگاری (المحافظة) و مانەوەی کار لەژێردەستی خۆیدا. لەسەر ئەوەی کە بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوە باشترە لە تێکەڵ بوون لە کارەکانداو لە کاری تازەدا، وازهێنان لە ئەنجامدانی کارەکەی بەر لە تێکەڵبوون، لە ماوەی سەرنجدان لە شێوەی ناوچاوان لە ڕووی دەرەوە

لەچاو بڕۆدا تاکو هێڵی ڕوانی مووەکانی قژی سەر. هەر تێبینیەك ئەگەر بێتو شێوە هێلکەیی یان چوارگۆشەی وەرگرتبوو، بۆ ئەوەی بتوانرێت شێوەی ناوچاوان دیاری بکرێت بە تەواوەتی، هەردوو دەستم دادەنێم(ئەو بەشەی دەست کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خوار پەنجەی شایەتمان) لەسەر هەردوو لای چاو و برۆکان لەلای ڕاست و چەپی ڕوخساردا، دوای ئەوە پەنجەی هەردوو دەستم لەسەر سەرم دادەنێم، ئەو بەشەی دەمێنێتەوە لە ڕووی دەرەوەی ناوچاوان دا، ئایا ئەو ڕوبەرەی دەکەوێتە سەرووی پەنجەی شایەتمان بازنەیی یە یان چوارگۆشەیی یە ؟ ئەگەر بێتو بازنەیی بێت مانای وایە ئەو کەسە پارێزکارە دژی گۆڕانکاریە لە کاردا، بەڵام ئەگەر بێتو ناوچاوانەکە شێوە چوارگۆشەیی بوو ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەگەری

---

[٤٤] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه، سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٨٠ – ٢٨١.

گۆڕینی وەزیفەو پیشە لەلایەن خاوەنەکەیەوە بە درێژایی ژیانی. سیفاتی (نوێ بوونەوە)ی هەیە. بۆ ئەوەی بزانیت لە کوێ دەیبینی ناوچاوان تاکو شۆێنی ڕووانی مووی سەر. بە ڕەچاوکردنی ئەو هێڵەی دەکەوێتە خوارەوەی هێڵی مووی سەر ڕاستەوخۆ.

دەزانرێت کە کەسانی پارێزکار باشتر پارێزگاری دەکەن لەو شتەی لەبەردەستیاندایەو واز لە شتەکان ناهێنن بۆ ئەوەی سودو کەڵك لەو شتە وەربگرن هەر ڕۆژێك بێت، ئەگەر ئەم سیفەتە یەکی گرت لەگەڵ سیفەتی خۆویستی و بەرژەوەندی خوازی بەرز (نفعية العالية)گرێ ی گوێ یەکان. ئەو کەسانەی ناوچاوانیان شێوە چوارگۆشەیە (سیفەتی نوێگەری) ئەو کەسانە شتێك لای خۆیان ناهێڵنەوە مەگەر ئەو شتە سودی هەبێت بۆیان لەبەر ئەوە هەندێك کەرەستەو کەل و پەل (ممتلكات) یان دەپارێزن بۆ چەند ساڵێك لەوانە بزمار و پارچە تەختەو ئەو کاغەزو ئەوراقانەی زانیاری وایان تێدایە کە دوبارە بەکارناهێنرێتەوەو ڕۆژنامەو گۆڤارە کۆنەکان و نکوڵی دەکەن لە گرنگی دان بە کۆکردنەوەی شتەکان کە کەسانی تر خۆیان ڕزگار دەکەن لەو شتانە.

شۆێنی نیشتەجێ بوون و خێزان زۆر گرنکن لەلای ئەو کەسانەی تارادەیەکی زۆر پارێزکارن. بەو پێیەی ڕوبەری شوێنی حەوانەوە لە گرنگی پێدانی سەرەکی لە ژیانیاندا هاوشێوەی شۆێنی نیشتەجێبوون هەموو شتێکە لەلای ئەوانە واباشترە ئەو کەسانە کەل و پەلە کۆنەکانیان چاك بکەنەوەو شۆێنی نیشتەجێ بوون (المنزل) ڕێکبخەنەوە لەوانەش دوبارە پارچە ئەساسی شۆێنی نیشتەجێ بوونیان ڕێك بخەنەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو کەسانەی باشتر وایە هەڵسن بەو کارانەی پەیوەستە بە پەروەردەو

چاودێری (الرعایه) له کاتێکدا ئەم سیفەته یەك دەگرێت لەگەڵ سیفەتی پەرەپێدان (گەورەیی نەرمەی گوێ) رەنگە کەسەکە وابەستە بێت بە کشتوکاڵی باخەکان و گرنگی پێدانیان، زۆر جار سەرنج دەدرێت ئەم سیفەتە لەناو کرێکارەکان لە ئوتێلەکان و نەخۆشخانەکان و چاودێری تەندروستی و خۆراك پێدان و کیمیاگەری و پزیشکی دەروونی و ئیدارەکانی پرۆژەکان یان هەر پیشەیەکی تر کە (تەرکیز) بیرکۆیی دەکاتە سەر سیفەتی پارێزکاری، ئەو کەسانە توانایەکی باشیان هەیە لە پارێزگاری کردن و هێشتنەوەی هاوڕێیەتی و هاوڕێکانیان. و مانەوەیان لەسەر پەیوەندی بەهێزو لەگەڵ هاوبەشەکانیاندا. پاشان ئەم سیفەتە زۆر بەسودە بۆ کەسێك کاردەکات لە بواری کڕین و فرۆشتن یان خزمەت گوزاری هاوبەشەکاندا. ئەو کەسانە باشتر وایە مومارەسەی هەندێك چالاکی دەرەکی وەکو ڕاهێنان (التدریب) لە هۆڵەکانی توانای جەستەیی یان بەشداربوون لەهەر چالاکیەك بەشێوەیەکی ڕێکخراو (منتظم).بەڵام ئەو کەسانەی تارادەیەکی زۆر سیفەتی نوێگەریان هەیە. ژیانێکی خۆش (مریح)یان هەیە. ئەوانە دەچنە هۆڵەکان تەنها دووجار پاشان دادەبڕێن ئەوانە حەز ناکەن هەڵبسن بەهەر شتێك بە ڕێکوپێکی و بە (انتظام) مەگەر بێتو زۆر سوربن لەسەر ئەو چالاکیە، یان ئەگەر بێتو زۆر پێویستیان بە پەرەپێدانی تواناکانیان بێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕەت کردنەوەو ڕێك و پێکی ئارەزویان لەسەر ئەزمون کردنی هەر شتێکی تازە. ئەو کەسانە بەوە جیا دەکرێنەوە کە ڕێرەوی کەسانی تر ڕەت دەکەنەوە. بەڵکو باشترە لەجیاتی ئەوە هەڵسن بە شتێك لەسەرەتاوە تا کۆتایی، خۆیان وابەستە ناکەن بە کەل و پەلەکان و نایان پارێزن بۆ ئەوەی سودی لێ وەربگرن لەکاتێکی تردا. پاشان ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە کەل و پەلە

بەکارنەهاتووەکان دەبینن کەڵەکەبوو لەبارەیانەوە بەبێ سود لێ وەرگرتنیان – فەلسەفەی ئەوانە ئەگەر پێویستیان بە هەر شتێك بوو هەمیشە بەپێ ی توانا ئەو شتانە لەدەست دەدەن و دەیان فرۆشن لەجیاتی هێشتنەوەیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. لەبەر ئەوە ئەو کەسانە بەوە دەناسرێن کە ئەندازەی زۆر لە تازەگەریان هەیە بۆ رزگاربوونیان لەو شتانەی پێویستیان پێیان نیە لەکاتی ئێستاداو دەست دەکەن بە نوێگەری. کەسە پارێزکارەکان ئەژمار دەکرێن بە لێدان لە زیادەڕەوی و بەفیڕۆدان.

ئەو کەسانەی نوێگەرن کە کۆتایی یان بە شتێك هێنا بیر لە شتێکی تازە دەکەنەوە. دروشمیان ئەوەیە ((دەستت هەڵبڕە لە کۆتایی یەکاندا)) هەست بەبێ هیوایەکی زۆر دەکەن ئەگەر کارێك کاتێکی دوورودرێژی بوێت. هەمان شت جێ بەجێ دەبێت بەسەر پەیوەندیەکانیان بە هاوبەشەکانیان، بەو پێیەی هاوبەشەکانیان چەند جارێکی کەم دەبینن. پاشان دەیانەوێت بە ڕێگای خۆیان لێیان جیابنەوە. ئەگەر ئەمە چەند جارێك دووبارە بوویەوە بێ هیوا دەبن لێیان و گرنگییان پێ نادەن. ئەگەر بێتو لەسەر هەمان ڕێگا بڕۆن یان هەموو رۆژێك ئیشێك بکەن بە شێوەی رۆتین ئەوا بە خێرایی توشی بێ هیوایی دەبن بەرامبەر ئەم چالاکیە دوبارەیە. لەبەر ئەم هۆیە هەڵدەستن بە گۆڕینی پیشەکانیان بە درێژایی ژیانیان.

ئەو کەسانە باوەڕیان بە هەموو شتێکی تازە هەیە بۆ جێ بەجێ کردنی بیرو ئەفکاری تازە و هەڵسان بە پڕۆژە تازەکان و ئەزمون کردنی خزمەتگوزاری تازە لە کارکردندا یان گواستنەوەی کار بۆ شوێنیکی تازە لە کاتێکدا ئەو کەسانە بیرکۆیی(ترکین)یان لەسەر پڕۆژە تازەکانە. ئەوانە تەرخانی هەموو کات و وزەیان بۆ گەشەپێدانی یان وازی لێدێنێ و دەکشێتەوە لە تەواوکردن.

ئەگەر سوربوون لەسەر هەر پرۆژەیەك لەدەستی نادەن بۆ چالاکیەکی کەم(تشویق) و کەم گرنگ کە بیرکۆیی (ترکیز)یان کەم دەکاتەوە لەو پرۆژەیەدا. لایەنە سەلبیەکانی ئەم سیفەتە بە پلەی یەکەم زیادەرەوی و بەفیرۆدان هاوشێوەی ئەو کەسانەی خۆیان رزگار دەکەن لەهەر شتێك کە سودی هەیە. یان سود وەرنەگرتن لێ ی بە کردای کرداری (ثمة) سەلبیاتێکی تر ئەوەیە کە ئەوانە سەرقاڵ دەبن زۆر لە کارەکانیان دا. زۆرجار لەسەر حسابی خۆیان و خێزان و خانەوادەکانیان . ئەوەش بێ ئاگایان دەکات تا رادەیەکی زۆر لەکاتێکدا ئەوە کێشەی هاوسەرە گەنجەکانە، بەو پێیەی مێرد(پیاو) سەرقاڵی ئیش و کارە هەمیشە، لەگەڵ ژنەکەیدا زۆر پێکەوە دانانیشن مەگەر کاتێکی کەم نەبێت. لەم بارەیەوە هەندێك کات بۆ دڵ خۆشکردنی مانای بەفیڕۆدانی کات وەستاندنە لە کارکردن بەڵام دوای ملکەچ بوون بۆ دانیشتنە راوێژکاریەکان، پیاو(مێرد) رازی دەبێت بۆ تەرخان کردنی هەندێك کات لەگەڵ ژنەکەیدا لەهەر هەفتەیەکدا.

شایانی باسە ئەو خانمانەی ئەم سیفەتەیان هەیە مانەوەی زۆریان لە ماڵەوەدا دڵیان پڕو بێ تاقەتیان دەکات لەبەر ئەوە ئەم کاتە بەتاڵەکانیان بە ئیشێکی دیاری کراو پڕ دەکەنەوە لە وەزیفەو پیشەیەکی دیاریکراودا بەکرێیەکی کەم و ناتەواو یان تێکەڵ دەبێ لە کارێکی خۆبەخشیدا، ئەگەر کەسێك هەردوو سیفەتی (پارێزگاری ناوچاوانی هێلکەیی و تازەگەری – الجبهة المربعة)بە شتێکی ئەم کەسە حەز دەکات کە بمێنێتەوە بێت لە ماڵەوە، لە هەمان کاتدا بەشەکەی تری ئەو کەسە حەز دەکات دەربچێت بۆ کارکردن، باشترین چارە بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە کار بکەن لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون.

بیرۆکەی خانەنشین بوونیان پێش ناکەوێت ، ئەو کەسانەی بە تازەگەری ناسراون تەنها بیرکردنەوەیان لە کاریگەربوون بە داچڵەکین یان ئەو کەسانە لەسەریان پێویستە کە هەندێك لە ئامانجەکانیان دیاری بکەن کە هەوڵ بدەن بۆ بەدی هێنانیان لە ژیانیاندا و مەگەر هەست بەبێ هیوایەکی زۆر بکەن. ئەگەر هاتوو خاوەنی ناوچاوانی شێوە چوارگۆشەیی بوو، شایانتە سودی لێ وەربگریت لەجیاتی ئەوەی هەڵەشەی بکەی لەسەر شتێکی تازەی تر. کاتێك ئەمە لەخۆتدا تازە دەکەیتەوە لە دەستپێکی تازەداو گەرانەوە بۆ خاڵی دەرچوونی یەکەم و سەرەتادا. پێویستە لەسەر تۆ کە بنیاتی بنێیت لە هەستەکان پێش رودانی و ئەو ئیشە بەدەست بهێنێت کە پێویستە لە ئێستا ئەنجام بدرێت. ئەو کەسانەی زۆر تازەگەرن دەیانەوێت کارەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و سود لە هەموو کاتەکان و وزەکانیان وەربگرن، پێویستە لەسەریان کە ئاگاداری خۆشی(المتع)ی جەستەییان بن و سووربن لەسەر دابین کردنی پێداویستی یە بنەڕەتی یەکانیان و پێداویستی خێزانیان و ئاگاداری تەندروستیان بن، لەسەریانە هەندێك کاتی تەرخان کراو دیاری بکەن لەگەڵ خێزان و هاوڕێ نزیکەکانیان، بێ گومان هەست دەکەن کە پێویست نیە ژیان کورت بکەنەوە لەسەر کارکردن بە تەنها، بەڵکو هەندێك کات تەرخان بکەن بۆ حەوانەوەو کات بەسەربردن و یاری.

**ئەو پیشانەی گونجاون لەگەڵ ئەم سیفەتە تازەگەریەدا:**

کارکردن لە بواری ئاموژگاری و ڕێنمایی کردن و بوارەکانی پەیوەست بە تەندروستی یان وانەبێژی یان ئەندازیاری ئەلکترۆنی یان تایبەتمەندێتی و پسپۆڕی لە زانستی رووەکیدا. [٤٥]

---

[٤٥] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣٤ – ٢٣٨ .

**گەورەیی لای راست و چەپی ناوچاوان لە خواروی هێڵی روانی موو راستەوخۆ:**

**مانای پاشای خەیاڵ (ملكة الخيال) ئاماژە بە گەورەیی ڕوبەری ئەملاو ئەولای ناوچاوان راستەوخۆ خواروی هێڵی ڕوانی موو نزیکەیی یەك (بوصه)[*]، هەتاکو ئەو ڕووبەرە گەورەترو دەرپەڕیوتربێت ئەوا توانای کەسەکە زیاتر دەبێت لە خەیاڵ و خەیاڵ کردنەوە. ئاماژە بە وشەی (التخيل) خەیاڵ کردن توانای کەسەکەیە بۆ وێناکردن (التصور)بە ئازادی بەبێ ئەوەی پێویستی بە گرتنە ئەستۆبێ لە بەهەڵەدا بردن و خەیاڵاتی سەرکەشانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەیاڵ کردن وا لەو کەسە بکات وێناکردنەکانی دیاری بکات، بەمەش کەسەکە کە خەیاڵکردنی بەرزە دەتوانێت وێنا دروست بکات یان چەمکە هزرییەکان زۆر بە ئاسانی پێك بهێنێ.**

**لەسەر ئەمە سەرنج دەدەین نمونەی ئەم کەسانە توانایەکی زۆریان هەیە لە داهێنان و دۆزینەوە، ئەمەی وا دەکا بوونی سەرچاوەیەکی خۆشی و چێژە بۆ ئەو کەسانەو هاوشێوەی بەشداری کردنی ئەو کەسانە لەهەر سەرکەشیەکدا نمونە وەك پلاندانان بۆ گەشتێك یان تەصمیمی یاریەکی تازە، ئەگەر هاتوو ئەوانە سیفەتی گرنگی پێدان بە دیزاین و تصمیم یان هەبوو (ئاماژە بەوەی کە هەردوو برۆ لە شێوەی پیتی V هەڵگەراوە بێت) و ڕێکخستنی بەرزو زۆر (برۆکان لە شێوەی مانگ هیلالی بن) بەمەش توانای داهێنانیان زیاترە.**

---

[*] ) **١ بوصه = ٢,٥ سم .**

دەرەنجامی ئەمە لە خەیاڵکردنەوەی زۆر وێنەی سەلبی و خراپ و ڕەشبینی وێنا بکەیت، سور بە لەسەر ئاراستەکردنی بیرکردنەوەکانت لەسەر وێنای زیاتر بۆ حاڵەتە ئیجابیەکان.

**ئەو پیشانەی کە گونجاوە لەگەڵ ئەم سیفەتە:**

ئەگەر بێتو ناوچاوانی بازنەیی (خڕ)بوو تارادەیەکی زۆرو کەوانەیی بوو بۆ دەرەوە وەك جەستەیی تۆپ، ئەمە مانای ئەوەیە کە کەسەکە بەهرە (موهبە)یەکی سروشتی هەیە کە هاوڕێکە لەگەڵ بیرکردنەوە تازەو داهێنەرانەدا، زۆرجار سەرنجی ئەم سیفەتە دەدرێ لە وێنەکانی کاریکاتێری ئەو کەسانەی بەوە ناسراون کە مەیلی ڕەخنەگرتنی یان هەیە هەروەها وێنەگرانی تەلەفزیۆن، دەتوانرێت سەرنجی ئەم سیفەتە بدرێ لەهەر یەك لە پیاوان و خانمان کە ئەندازەیەکی زۆر مەیلی هونەری یان هەیە و ئەگەر ئەم سیفەتە نەبوو ئەوا ئاماژەیە بۆ بوونی هەر بەهرەیەکی هونەری لە ڕادەی خۆی، دەتوانرێت ئەمە کە ئەو کەسانەی کاردەکەن لە بوارەکانی دیزاینی جل و بەرگ و پێگە ئەلیکترۆنیەکان و هونەر یان هەر پیشەیەکی تر کە توانای داهێنان بیەوێت.

* ناوچاوانێك چووبێتە ناو دوو برۆو چاوەکانەوەو ناوچاوانێك دەرچووبێت لە برۆو چاوەکانەوە:-

دەتوانرێت ئەم دوو سیفەتە دیاری بکرێت لە هەمان ڕوبەری سەر لەنێوچاوان دا، ئەگەر هاتوو ناوچاوان چەمابێتەوەو چووبێتە ناو برۆو چاوەکانەوە ڕاستەوخۆ وەك لایەکی چادرەکە لەسەر شێوەی پیتی A ئەمە ئاماژەیە لەسەر بێ ئارامی و بێ ئۆقرەیی (نفاذ الصبر)، بەڵام ئەگەر هاتوو ناوچاوان دەرپەڕیوو بوو بۆ دەرەوە، ئەوا ئەو کەسە توانایەکی زۆری بیرکۆیی

(ترکیز)ی هەیە، ئەوە دەزانرێت توانای پارێزگاری کردن لە بیرکۆیی(ترکیز)ی عەقڵ لە فکرەیەکی دیاری کراودا وەدەرنەچوون لێ ی و بلاوەپێکردنی هەر فکرەیەکی تر جگە لەو فکرەیە، بە پێچەوانەوە لەسەر ئەمە سیفەتی بێ ئۆقرەیی و بێ ئارامی (نفاذ الصبر) ئاماژەیە بۆ ئارەزووی کەسەکە لە کۆتایی هێنان بەو شتەی ئەنجامی دەدات و بازدان و گواستنەوە بۆ پرۆژەیەکی تر یان کارێکی تر. ئەم سیفەتە جیاوازە لێبوردەیی (التسامح) یان توانای خۆراگری ، بەو پێ یەی ئاماژەشە بۆ توانای کەسەکە لەسەر پێکهێنانی هەر شتێك و خۆی دەگرێت تاکو کارێکی درێژ . لەکاتێکدا بێ ئۆقرەیی و بێ ئارامی ئاماژەیەکە بۆ کرژبوون کە توشی ئەو کەسانە دەبێت لە کاتە دیاری کراوەکان، لە زۆربەی کاتەکاندا لەو حاڵەتانەی کەسانی بێ ئۆقرەو بێ ئارام ناچار دەبن بە چاوەڕوانی کردن لە (طابور)* ی درێژدا. یان کاتێك کەسانی تر هەر کارێك ئەنجام دەدەن و توشی کرژبوون دەبن. ئەم هەست کردنە بە کرژبوون بەردەوام لەگەڵیاندا تاکو کاتێکی درێژ هەموو لایەنەکانی ژیانیان ، لای ئەو کەسانەی بیرکۆیی یان زۆرە لە ماوەیەکی زۆردا هۆشیارن تەنانەت ئەمە لە بیرکردنەوەو تێڕامانیان سەرنجدان یان ئەداکردنی شتێکی دیاری کراو.

دەتوانرێت ئەو کەسەی بیرکۆیی بەرزەو زۆرە کە بیرکۆیی یان توشی وەستاندن بێت لە بیرۆکەیەکی دیاری کراو کە یاریدەدەر دەبێت لە جێ بەجێ کردنی هەر پێداویستیەکی پرۆژەکە بە تەواوەتی. ئەگەر ئەم سیفەتە یەکی گرت لەگەڵ مەیلی شیکاری زۆر (شاراوەیی پێڵوی سەرەوەی چاو) سەرەڕای

---

* ) طابور : پەل ، بەشی زۆر لە سەرباز، طابوری پێنجەم : - ئاگا ئاسایش، جاسوس ، بەڵام لێرەدا بە مانای ( بەش ) دێت.

(کەم لێ بوردەیی) کە(ماوەی نێوان چاوەکان کەم بێت)، ئەگەر لەو کەسانەدا ئەم سیفاتانە کۆبوبێتەوە ئەوا دەبنە لێکۆڵەری بەسەلیقە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانایان لە بیرکۆیی هزری (ترکیز ذهني) لە ئەدائی ئەو کارانەی کە کۆشش و ڕەنجێکی ی زۆریان دەوێت، یان بەرێ کردنی چەندین کاتژمێر لە هەوڵی چارەسەری یەکێك لە کێشەکان. لە هەندێك کاتدا ئەو کەسانە دەست دەکەن بە تێڕوانین لەهەر شتێکدا کە دەبینرێت یان دەخوێنرێت یان بیردەکەنەوە لە شتێك کە هەزاران میل لێیانەوە دورە. کاتێك دادەنیشن بۆ خوێندنەوەی کتێب یان گۆڤار، دەبینرێت زۆر سەرقاڵ دەبن لە خوێندنەوەدا تا ئەو رادەیەی لەگەڵیدا هەستەکان لەدەست دەدەن بەهەر کەس و بەهەر شتێك لەم بارەیەوە.

لەبیرت بێت کە یەکێك لە هاوسەران کە بە بیرکۆیی زۆر ناسراوە زۆر سەرقاڵە لە ناسنامەکەی بە پلەیەك کە ڕێگر دەبێت لە سەرنجی بەرزی بەچێژ ، ئاسایی کاتێك ژنەکەی لە ئۆتۆمبیلەکەیدایە، تێبینی دەکەیت کە دوکەڵ دەردەچێت لە دەرەچە دەچێتە ناو شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ بینینی چێشت، هەموو ئەمە بەبێ سەرنجدانی هەر شتێکی مێردەکەی.

لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەو کەسانە سوردەبن لەسەر هەڵگرتنی ئەم سیفەتە بۆ دڵنیابوونەوەیان لەوەی کە ئەوانە بە باشی ئاگادارن لەهەر ڕۆڵێکیان، ئەگەر ئەم سیفەتە یەکیگرت لەگەڵ (کەمی ماوەی نێوان چاوەکان)ئەوا ئەو کەسانە نقوم دەبن لە بیرکردنەوەکانیانداو سەرقاڵ دەبن لە کارکرن دا کە پێ ی هەڵدەستن و ئەگەر تۆ بتەوێت دایان بڕیت و ناوبڕیان بکەیت لە گفت و گۆ لەو حاڵەتەدا ئەوانە بە دەنگێکی ئارام و لەسەرخۆ دەڵێن ( چەند ساتێکم بدەرێ ).

شایانی باسە ئەو کەسەی ئەندازەیەکی کەم لەبێ ئۆقرەییان هەیە پشت دەبەستن بە گواستنەوەی خێرا لە چالاکیەکی تر. ئاسایی ئەو کەسانە حەز لە (مقاطعة) و ناوبڕکردنی گفت و گۆی کەسانی تر دەکەن ( ئەگەر هاتوو خۆڕاگری زۆر – لە فراوانی ماوەی نێوان چاوەکان) تەنها بە وچان و حەوانەوەیەک لە هەندێك لەو کارەی ئەنجامی دەدەن ئەگەر بێتوو تۆ زۆر پەیوەست بوویت بە پارێزگاری کردن لە بیرکۆیی (التركيز) لەمەدا کاتی تەواو بدە بۆ ئەنجامدانی. خاوکردنەوە بکە کەمێك بەبێ ئەوەی بیرکردنەوەکانت تێك بچێت و ئالۆز ببن.

زەروورە کە پێداچوونە بکەیت بۆ هەر ئەنجامدانێك، تۆ دەتوانیت (الانجازات)ی زیاتر بکەیت، بەو پێ یەی دواتر دەگەڕێتەوە بۆ کارەکەت بە هزری ساف و زۆر گەورە.

ئامازە بەو کەسانەی ئەندازەیەکی زۆر لە بێ ئارامی و بێ ئۆقرەییان هەیە ئارامی لەدەست دەدەن لەگەڵ کەسانی تر بە رادەیەکی زۆر لەهەر کارێك کە خۆیان ئەنجامی دەدەن. بەو پێیەی بە باشی هەست دەدەن لەو هۆکارانەی ڕێگر دەبێت لە کۆتایی هێنان بە هەر شتێك لە کاتێکی دیاری کراو بەلاّم نایکەن. ئارامی لە دانیشتن لەناو ئۆتۆمبێلدا بۆ چاوەڕوانی ڕێبوارێکدا تاکو ئەو ڕێگای بەرامبەری تێدەپەڕێنێت. دەشێت بیربکەنەوە لە شتێك بەبێ ئەوەی ئەنجامی بدەن. وە هەر دواکەوتنێك لەم حاڵەتەدا دەبێتە هۆکار بۆیان بۆ زۆر لەبێزاری و کرژبوون.

دەرکەوتنی بەهای ئەو کەسانەی لەو حاڵەتانەی کە کات زۆر گرنگ دەبێت، نمونەی ئەمە ، فەرمانبەری فرۆکەخانە کە کەلو پەل دەگوازێتەوە بە خێرایی بۆ بارکردنی لەسەر (متن)ی فرۆکەدا. یان سکرتێری ئەو کەسەی نامەکان بە

خێرایی دەگوازێتەوە، لە رووی سەلبییەوە ئەو کەسانە دەبنە هۆی بەرتەسک کردنەوەی ئازادی کات و کاری کەسانی تر بە سووربونیان لەسەر خێراکردن و پەلەپەل کردن. ناچار دەبن لەپێناوی ئەوەدا هەندێك کارو مهام وەربگرنەوە لە کەسانی تر بە ئارەزووی خۆان بۆ کۆتایی هێنان بەم کارو مەهامانە بە خێراییەکی زیاتر.

ئەگەر هاتوو ئەو کەسانەی لێبوردەیی (تسامح)یان کەمە ئەوانە زۆر دەست بەستراو دەبن و (دەست کراوە) نابن و ئازادیان نیە لە رووی مامەڵەو کات و کارەوە . لەکاتێکدا کاریان تەواو نابێت بە خێرایی تەواو کە گونجاوبێت بۆیان. هەروەك ئەو حاڵەتەی شۆفێری ئۆتۆمبێلی کرێ ناچار دەکرێت کاتێك کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی دەکات لە کاتژمێر (ذروة)* کە پەیوەندیدارە بەو ڕێگایەی خنکاندنی هاتوچۆی تێدایە. بە تەواوی هەروەك لەگەڵ شۆفێری ئۆتۆمبێلەکانی کرێ لە شاری نیویۆرك یان جگە لەو شۆفێرانەی لەهەر شارێکی گەورەی تردان.

ئەگەر بێتو تۆ کەسێك بیت بەبێ ئارامی و بێ ئۆقرەیی ناسرابی توشی کرژ بوونت دەکات و مێشکت لەدەست دەدات. سوور بە لەسەر وەرگرتنی بەشێك لە کات بۆ حەوانەوە و خاوکردنەوەی هەندێك کات. پێویستە لەسەر تۆ کە هەست بکەیت کە لێسەندنی کەل و پەلەکان لە کەسانی ترەوە یان هەوڵی ڕومالّ و شیتالّ کردنی پۆلەکانی کە زۆر تورە دەبن. لەسەر ئەمە سوور بە لەسەر خۆ دورگرتن لە پێك دادان لەگەڵ کەسانی تر یان دورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی هەر شتێکی تر. لەبەر ئەمە لەم بارەیەوە بڕیت لەگەڵیداو هاوسەنگی دەگەڕێتەوە بۆت. [٤٦]

---

* ) ذروة : لوتكه ، ترۆپك ، بەڵام لێرەدا بە مانای زێڕین کاتژمێری ( ذروة ) واتا کاتژمێری زێڕین .

[٤٦] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣٩-٢٥١.

# برۆ ( ئەبرۆ)

## ٢. برۆ

شێوەی دەست پێ کردنی برۆکان، خاڵی کۆتایی نێوچاوانە، برۆ بە ئامێرێکی بەهێز بۆ دەربڕینی هەستەکان و گوێزانەوەی پەیامەکان دەژمێرێت، دەتوانرێت برۆ بە سێ شێوەی سەرەتایی دابەش بکرێت : کەوانەیی ، ڕێك ، هەشتی. هەر شێوەیەك نوێنەری شێوە بیرکردنەوەیەکی تایبەتە تەنانەت ئەگەر برۆت بهێنیتەوە یەك یان بەرزی بکەیتەوە ( برۆ هەڵتەکاندن)، حاڵەتی بیرکردنەوەی پەیوەست بە شێوازی ناوبراو نمایش دەکات. لە راستی دا هەر تا تاڵە موویەکی برۆ نیشاندەری یەك حاڵەتی فیکریە. لەوانەیە بۆ تۆ سەیر بێت کە بزانیت برۆکانت هاوشێوەن ، شێوەو شێوازی برۆی چەپ شێوازی بیرکردنەوەی ئێمە لە ژیانی کەس و تایبەتی دا نیشان دەدات، لە کاتێکدا برۆی راست نیشاندەری جۆری کارکردنی ئێمەیە لە ژیانی کارو پیشەیی دا[٤٧].



دابەشبوونی موو لەتاو برۆدا

برۆی تاجدار باوترین هێمایە. سەرەتاکەی چڕوپڕەو دوایی تەنگ دەبێتەوە تا لە کۆتایی دا وردە موو یان هیچ موویەکی نادۆزرێتەوە.

---

[٤٧] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤، ل٣٢.

بڕۆی بەرەواژ بە پێچەوانەی بڕۆی تاجدارە، چەندی موو ((بە ڕێژەیەکی زۆریش ، لە نزیك لووتەوە ڕوابێت ئەم ڕێژەیە بەرەو لای گوێ زیاد دەکات)).

بڕۆی ڕێك : لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی یەکەی هەمان ڕێژەی مووی هەیە.

پرسیار : ئەی ئەگەر برۆ پڕ یان تەنك بوو ؟

وەلام : ئەوە جۆرێکی جیاوازە پێ ی دەوترێت ڕێژەی موو.

پرسیار : ئەی ئەگەر برۆیەك وەك چەماوە هاتە بەرچاو ؟

وەلام : ئەوەشیان جۆرێکی تڕە پێ ی دەوترێت شێوەی برۆ.

پرسیار : باشە ئەی ڕەنگی برۆ ؟ ئاخۆ ئەگەر ڕەنگی برۆ تێربێت ئەوا پڕتر ناهێتە بەرچاو؟

وەلام : ئاخر ئەگەر تۆ ڕووخوێندنەوەیەکی وورد بیت لەیەك کاتدا تەنها بۆ یەك هێما چاو دەگێڕیت کە ئەویش ڕێژەی مووە. ڕەنگەکەی گرنگ نیە.

پرسیار : ئەی ئەگەر میکیاجی پێوەبوو ؟

وەلام : نیگەران مەبەو بەتایبەتیش وڕە بەرمەدە. ئەو کاتەی تێرامانێکی ڕووخوێنە ڕەوانەی باشت هەبێت دەتوانیت ژێر میکیاجیشی ببنیت، بڕوام پێ بکە وایە.

أ. بڕۆی تاجدار : خاوەن بڕۆی تاجدار لەدەست پێکردنی پڕۆژەی نوێ بەهرەمەند. دەست پێکردنی شتێکی نوێ جۆرە گڕو تینێکی تایبەتی دەوێ. ئاریشە و کێشەی ڕێی تێچوو بڕیتی یە لەوەی کەسەکە پاش ئەوەی پڕۆژەکە دەکەوێتە گەڕ ، لێ ی سارد دەبێتەوە.

ئەگەری ڕوودانی ئەم بارە لەکایەدایە ئەگەر کەسەکە ئەو وانەیەی ژیانی وەرنەگرتبێت کە چۆنیەتی هاوسەنگی کردنی پاڵنەری داهێنانی لەگەڵ

ئەویەك دڵیەی کە بۆ بەرە وا جوڵانەوە لەگەڵ بیرۆکەکانی پێویستە رووبی دەکاتەوە.

ئەگەر برۆی تۆ لە ناوەراستدا تەنگ بووبێتەوە بەشێوەیەکی نمونەیی تۆ لە ناوەراستی پرۆژەیەکدا لێی سارد دەبیتەوە.

ئەگەر برۆت پاش سێ یەم چارەك تەنك بووبێتەوە ئەوا سێ چارەك لە پرۆژەکە جێ بەجێ دەکرێت تاکو تۆ هەست بەوە دەکەی لەناو زۆنگاوی بێزاریدا رەت دەبیت.

بۆچی ئەم گڕوتین لێ بڕانە سەر هەڵدەدا؟ لایەنە ئەرێنی یە کە بریتیە لەوەی کەسی خاوەن برۆی تاجدار بە بەراورد لەگەڵ کەسانی خاوەن برۆی جۆری تری برۆ ، بیرۆکەی زیاتری بۆ پرۆژەی نوێ لەلایە، هەر کە بتوانێت ئەوەندە ئەنجام بدات تاکو پرۆژەیەك بخاتە سەرپێ داهێنەرایەتیەکەی هانی دەدات تاکو پرۆژەی دواتر بخاتە ناو لیستەکەی.

ڕەنگە خەڵکی خاوەن ئەم جۆرە برۆیە خەیاڵخاوانە بۆ جێ بەجێ کردنی و وردەکاریەکان پشت پێ بەستراو نەبن بەڵام کاتێك تۆ پێویستیت بە سروشتێکی نایاب هەبێت سود لەم خەڵکە وەربگرە[٤٨].

خاوەنی برۆی تاجداری پڕ بە دڵنیاییەوە دەتوانن براوەبن بەڵام تەنیا پێویستە بۆ بەردەوام بوونیان زیاتر تێ بکۆشن ئەوان رەنگە بیر لە کارکردن لەگەڵ خەڵکی خاوەن برۆی بەرەواژ بکەنەوە.

---

[٤٨] - رۆز رۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠-٦٤.

ب. بـرۆی بـەرەواژ : لـە بەدواداچـوونی وردەکاریەکانـدا بەهرەمەنـدە، چـەندی بـچێتە نـاو پرۆژەیـەك وردەکـاری زیـاتر دەدۆزێتـەوە کـە پێویـستی بـە بەدواداچوون هەیە.

کەواتە ئاخو ڕێی تێ دەچێ ئەو کەسە لەپێناو گەیشتن بە تەواوەتیەکی بێ کۆتا سەر لە خۆی بشێوێنێ ؟ . . بەڵێ بەڵام کەمتەرخەمیش ڕەنگە گرفتێك بێت. ئێستا من مەبەستم هەموو جۆرەکانی کەمتەرخەمی نیە لەبەر ئەوەی زۆر جۆر کەمتەرخەمی هەیە. کەسی خاوەن بڕۆی بەرەواژ لە جۆرێکی دیاریکراوی تەمەڵی ڕاهاتووە. ئەو دژی دەست پێکردنی پرۆژەیەکی نوێ بەرهەڵستی دەکات. وادیارە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەسانی خاوەن بـڕۆی بەرەواژ دەزانن چ چارەنوسێك چاوەڕوانیان دەکات. ئەو کەسانە دەزانن لە کارێکی شڕو پڕدا شتێك بەناوی خێرابوونی نیە. پیاوێکی بـرۆ بەرەواژی ناسیاوم سێ سااڵی پێ چوو تاکو بڕیاری دا شوێنی جل هەڵواسینی ناو ژووری نوستنی ڕێك بخاتەوە، پاشان ڕێکخستنەوەکەشی شەش سەعاتی خایاند. کارەکەشی هەڵبەتە بێ کەم و کوڕی بوو.

بـرۆ بەرەواژەکان کە دەگەنە پلەی ئاسایی کارایی و چاالکی خۆیان ، وەك تەقەمەنیان لێ دێ. بە نزیکەی دەقاودەق ئاوان. سیانگ میێن دەڵێ : ئەوان سەربازی لێهاتوویان لێ دەردەچێت ئەوان ئەو تەقەمەنیەن کە بۆ شەرێکی درێژخایەن پێویستن. ئەم وەسفە بەرادەیەك زۆر بۆ ئەو بڕۆیانە دەست دەدا کە لە ڕوویەکی لەو زینەیی خاوەنی کوڵمی دەرپەڕیودا جێگیربن.

خۆشبەختانە بڕۆ بەرەواژەکان بە کەڵکی پۆستی ئاشتیخوازانەش دێن.

ج. بـرۆی یەکسان ڕواو(ڕێك لـە سـەرەتای بـرۆوە بـۆ کۆتـایی بـرۆ بـە هـەمان ئەندازەی چڕی بـرۆ): ئەگـەر تـۆ ئـەم جـۆرە برۆیـەت دەزانـی چـەند بـە باشـی

دەتوانیت وردەکاریەکان جێ بەجێ بکەیت. ئەگەر بڕۆکانت ڕێك بن لە ڕووی چڕی موومەوە ئەوا تۆ پڕۆسەی بیرکردنەوەت بە هێواشی بەرەو پێش دەچێت، بیرۆکەیەکت دەست دەکەوێت پەرەی پێ دەدەی و هەموو وردەکاریەکانی پەیوەست پێوەی جێ بەجێ دەکەی بە خۆت دەڵێیت : هیچ کێشەیەك نیە کارەکە زۆر گران نیە. بەڵام هەڵبەتە لەسەر هەسارەی فێربوون کەم و کوڕی هەر هەیە. کەم و کوریەکەش بەرپەرچدانەوەیەکی ڕێتێچووی بچووکە کە هەندێك جار لە ڕوویەکی بەهرە لێ باریودا سەرهەڵدەدا. ئاریشەکەش بریتی یە لە بین کورتی لەگەڵ هەموو خەڵکی تردا. ئێمە تێ ناگەین، بۆچی خەڵکی تر لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە بۆ ئێمە وەك ئاو خواردنەوە وایە ئەوەندە دەست و پێ سپین. لە خۆمان دەپرسین دەبێ چ کێشەیەکیان هەبێت ؟ بۆ نمونە ئەگەر تۆ بڕۆت ڕێك بێت لە ڕووی چڕی موومەوە



( چڕی بڕۆ )

دەتوانیت بە ئاسانی لەگەڵ وردەکاریەکاندا مامەڵە بکەیت. لەبەر ئەوە ڕەنگە وابزانیت شتەکە بۆ هەر هەموو خەڵکی تریش دەبێ بەم شێوەیە بێ، بۆیەش ئەگەری زۆرە خۆت لە کاتی بۆڵە بۆڵدا بدۆزییەوە ئەو گێلە تەمەڵە چیە ؟ . . نەۆمی سەرەوەی بە کرێ داوە، دەنا بۆچی ئاوایە؟ یان بۆچی ئەو کچە بەردەوام لە ناو وردەکاریەکاندا دەچەقێ ؟ بۆچی هەر وەك خۆم زوو جێ بەجێ یان ناکات و بەرەو پێش ناچێ ؟ . . هەر بۆڵە بۆڵ و بۆڵە بۆڵ ئەمە

بەرگە نەگرتنی هەموو خەڵکی تر‌ە. بڕوام پێ بکە ئەگەر خەڵکی تریش هەمان بەهرەی تۆیان هەبوایە ئەوا بێ سێ و دوو بەکاریان دەهێنا[٤٩].

## بڕۆ لە ڕووی تەنکی و پڕیەوە :

بڕۆی پڕ ، فرە مووداڕە .

بڕۆی تەنک ، شتێکی پێچەوانەی فرەیی هەیە، جابا هەر ناوێکی لەسەر بێت با ناوی تاك و لۆکیش هەبێت. پرسیار لەبەر ئەوەی بڕۆ دەشێ تاجدار بێ یان بەڕەواژ بێت، چ بەشێك بۆ زانینی ڕێژەی موو هەژمار دەکرێ؟

وەلاّم/ سەرنجی تۆکنی مووی بڕۆ بدە : بزانە دەتوانیت ئەو کەسەی ڕووی دەخوێنێتەوە بە بڕۆی توکنتر بهێنێتە بەرچاوت ؟ ئەگەر وابوو ئەوا ئەو کەسە بڕۆی تەنکە، ئەگەر ئاسانتر بوو کە کەسەکە بە بڕۆی تەنکتر وێنە بکەی لەبەرچاوت کەواتە ئەو کەسە بڕۆی پڕە.

ڕێژەی موو لە جووتە بڕۆیەکدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە واتا چ ڕادەیەك کەسێك لە ئەنجامدانی وردەکاریەکان لەیەك کاتی دیاریکراودا هەست بە ئاسودەیی دەکات.

بڕۆی پڕ ، یەکێکە لە هێماکانی بیرتیژی ئەی خوا نەیبڕێ دەزانم ئەم وەسفە لەگەڵ تۆدا بگونجێت ڕەنگە ئێستا چاوت بڕیتە خوارەوەو لەناو بێ ئۆقرەیی یە ڕێزلێگیراوەکەی خاکەراییدا پەل بکوتی. ئەگەر بۆ دڵدانەوەش بێت، بزانە کە خەڵکی بڕۆ تەنکیش دەتوانن بە هەمان ڕادە زیرەك بن جیاوازیەکە تەنیا لەوەدایە تەنیا کە شێوازە کەسی یەکانی خەڵك جۆراو جۆرن.

---

[٤٩] - ڕۆژ ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، چاپی دووەم، سالّی٢٠١٠، ل٦٤ – ٧١

بـرۆی تـەنك ئاماژەیـە بـە جۆشـبوونی مێـشك دەكـا ، چـەندی زۆر لـە خـۆت بكـەی بـۆ ئـەوەی ئـازو گـوێزی بـە كۆمەڵـە پرۆژەیـەك بكـەی، بـەڵام كاریگـەریت زیـاتر دەبێـت ئەگـەر لەیـەك كاتـدا خـۆت بـە یـەكێكیان سـەرقاڵ بكـەیت. بـرۆی تـەنك ئاماژەیـە بـۆ حـەزكردن لـە سـادەیی. خـەڵكی خـاوەن بـرۆی تـەنك وەسـفی ئاسایی یان بەلاوە پەسـەندترە، ئـەوان رێـزت لـێ دەگـرن ئەگـەر تۆ پوختـەی خاڵـە هەرە گرنگەكانیان پـێ بڵـێیت.

بـرۆی پـڕ، خـاوەنەكـەی ڕقی لـە كـورت بـڕیـە، ئـەوان ڕێـزت لـێ دەگـرن گـەر تـۆ هەموو باسی شتێك دەكـەیت بـە هـەموو ووردەكـایەكانییـەوە. بـرۆی پـڕ بـە واتـای حـەزكردن لـە ئاڵۆزی ووردەكـاری. [٥٠]

## شێوەكانی برۆ :

أ. برۆی كەوانـەیی(چـەمانـەوە لـە بـرۆدا )

: مانای خـەڵك خـوازی وڵێك تێگـەیشتن لـە ڕێگـەی كـەسـی سـازیـەوە، فێربـووون بـە نمونـە خـاوەنـی ئـەم شێـوە بـرۆیـە، هۆگـری زۆر بـۆ پـەیـوەنـدی لـەگـەڵ خـەڵكـدا هـەیـە ، جیـاوازبـووون لـە ڕێگـەی پـەیـوەنـدی لـەگـەڵ خـەڵكـدا دەنـاسـێـت و لـێـی تـێ دەگـات، بـابـەتـەكـان لـە قـاڵبـی نمونـەی دیـاریـكـراودا بخـرێـتـەڕوو بـۆ ئـەو بـەرچـاوتـرو هـەسـت پـێـكـراوتـرەو یـارمـەتـی بـۆ بـاش لـێـك تێگـەیـشتن دەدات. نابێـت ئـەو بـە كۆمـەڵـێك ڕوونكـردنـەوەو زاراوەی زانـایـانـە دابگـرین. بـە

---

[٥٠] – رۆژ رۆژتـری، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە ( لـەیلا حمیـد محمـد ) هێـزی خوێندنـەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٩-٧٢.

پێچەوانەوە دەبێت نمونەی کاربەری لە ژیانی رۆژانەدا بۆ بهێنرێتەوە. هەروەها کراوەیی و کۆمەڵایەتی بوون[٥١].

کاتێك هەردوو بڕۆ لەشێوەی کەوانەیی مانگدابن مانای وایە خاوەنەکەی تواناو بەهرەی هەیە بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلەکان و شتومەك و هەماهەنگی دروست کردن لە پڕۆژەکانداو ڕێکخستنی بۆ ئەو مناسەبەتەکان و کۆبوونەوەو کۆنگرەکان یان ڕێکخستنی کۆکردنەوەو گردبوونەوەی خەڵکی بۆ هەر رووداوێك، ئەو کەسانە ڕێکخەرن بە باشی لە بیرو بۆچوونەکانیانداو گرنگی زۆر دەدەن بە دیزاین و تصمیم کردن، ئەو کەسانە دەبنە وێستگەیەکی باش بۆ دەستەو ڕێکخراوەکان (المنظمات) و لە تصمیم و دیزاینی ناوخۆیی یان ئیدارەدانی پڕۆژەکان بە تایبەتی ئەگەر خاوەنی شێوەیەکی هێلکەیی بن لە روخساریانداو تواناو سەلیقەیی پێگەیشتوویان لە ڕێکخستن و هەماهەنگی پڕۆژەکان و بۆنەکاندا بە گرنگی پێدانەوە لە دروست کردنی پەیوەندی لایەنەکانی کاروبارە جۆرەبەجۆرەکان و لەکاتێکدا ئەو جۆرە کەسانەیە سیفەتی گرنگی دان بە پۆلێن و دیزاین و ڕێکخستنە میکانیکی لەیەك کاتدا جیادەکرێنەوە[٥٢].

بڕۆ کەوانەییەکان ئاماژەن بۆ کەسایەتیەکی پەروەردەکراوی هەست ناسکی و بە بەزەیی، لە هەمان کاتدا ئاماژەشن بۆ لووت بەرزی و گرنگیدان بە مادەو شتە پووچەکان و شتە ڕووکەشیەکان (السطحية) [٥٣].

---

[٥١] -مك فالك،وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی،چاپی یەکەم،ساڵی ٢٠١٤،ل٣٢ – ٣٣

[٥٢] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٨.

[٥٣] - د.أيمن ابو الروس ، فن قراءة الوجوه و كشف جنايا النفوس، الطبعة الأولى ، سنة ٢٠٠٢ ، ل١٠.

دوو ئەبڕۆی کەوانەیی سەربەخۆ ئامارژەیە لەسەر باشی و چاکی پەروەردەی خاوەنەکەی [٥٤].

شێوەی بڕۆ ئامارژەیە بۆ چوارچێوەی بیرکردنەوە ئاخۆ تۆ بە شێوەیەکی نمونەیی تێبینی چ جۆرە ووردەکاریەك دەکەی ئەو کاتەی لەگەڵ خەڵکدای.

بڕۆی کەوانەیی ئامارژە بۆ ئەوە دەکات کە تۆ لە تێبینی کردنی وردەکاری تایبەت بە هەستەکانی خەڵکدا شارەزای. ئەم شێوەیە یەکێکە لەو چەند نیشانانەی روو کە هێمای هەستیاری عاتیفی یە ئەوانی تر بریتین لە چەناگەی چەماوەو ژێر پێڵوی چەماوەو گوێ ی خاوەن بازنەیی ناوەکی گەورە.

ئەوانەی خاوەن بڕۆی زۆر کەوانەیین بۆ هەست و سۆز وەك موگناتیس وان. لەلای ئەوان نابێت تەنیا بڵێ ی من باشم، تۆ چۆنی ؟ ڕەنگە تۆ یەکسەر هەستەکانت بدرکێنی لەبەر ئەوەی کەسانی بڕۆ کەوانەیی هەر چۆنێك بێت بۆ خۆیان ئەم هەستانە دەخوێننەوە.

کەسانی خاوەن بڕۆی زۆر کەوانەیی وەك بڕۆی تۆ بە ئاسانی هەستیان بریندار دەکرێت ، ئەوەش بەهۆی هێندە تیژبوونی هەستی خۆتە، بەڵام (سیانگ مێین) تێبینی ئەوەی کردووە کە ئەم جۆرە بڕۆیە کاتێك تەنکیش بێت دەربڕی سۆزە، راستە ، لەبەر ئەوەی بڕۆی یەکجار تەنك جا هەر شێوەیەکی هەبێت ئامارژەیەکە بۆ مێشکێك کە تەنیا خولیای یەك شتە کەواتە بڕۆی زۆر تەنك و کەوانەیی ئامارژەیەکە بۆ کەسێك کەلەیەك کاتدا لە ئەنجامدانی تاکە پرۆژەیەکدا زۆر سەرکەوتووە. وە هەروەها بابەتی سەرنجیشی رەنگە سۆزداری بێت، کەواتە بەڵێ هەڵبەتە تۆ خاوەن توانای سۆزداری [٥٥].

---

٥٤ - منصور عبدالحكيم محمد ، الفراسة في معرفة الآخرين ، الطبعة الأولى ، سنة ٢٠٠٧ ، ل١١٦.

٥٥ - ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٣.

**برۆکان وەك یەك کەوانە وابن** : ئەگەر برۆکان بەلای چاواندا شۆڕبوونەوەو لەنێواندا بەرزبوونەوە هەتاکو تەنها یەك کەوانەی لێ دروست بێت لە هەردوو برۆ، ئامارژەیە بۆ خوێنی شیرینی، رەوشتێکی نەرم و نیانی هەیە، رەوشتێکی ناسکی هەیە، بەڵام مڕو مۆچ دەبێت ، وەك خووە خاکیەکان.

**برۆکان لە دوو کەوانەدا** : ئەمەش لە ژنە ناسکەکاندایە کە نیشانەی جوانی و رەوشت جوانی یە بەڵام لە پیاواندا ئەگەر پیاوان برۆکانیان نزیك بن یاخود دوور ئامارژەیە بۆ وریایی، زوو بە ئاگاهاتنەوە، وریاییەکی زۆر.

**بـرۆی کەوانـەیی باریـك** : ئامارژەیـە بـۆ ناسـکی و ئـەدەب، هەنـدێك جـار بیرکردنەوەی لاوازە ، لەخۆبایی بوو، خوانەشتی پڕوپوچ .

**برۆی کەوانەیی رووت بە بێ پڕی و باریکی** : ئامارژەیە بۆ لێبوردەیی و ڕێز، جێڕی بنیات، سووربوون، چاکی بیرکردنەوە.

**برۆی بۆ سەرەوە چەماوە لە دیوەکانی دەرەوە** : ئامارژەیـە بـۆ بیرکردنـەوەی سەربەخۆ، شارەزایی لە گاڵتەپێکردن و توانجی ناشرین. [٥٦]

ب. برۆی ڕێك ( بەبێ چەماوەیی و گۆشە ) : ئامارژەیە بۆ هەڵسوکەوتی ژیرانە (مەنتیقی)، بەسەر هەستەکانیدا زاڵە. نیازو پۆستی بە زانیاری وردەکاری شارەزایانەی هەیە، زۆر مەنتیقی یە ، پێش بڕواکردنی بەهەر شتێك دەبێت هـەموو زانیاریـەکان بـە وردەکـاری گونجـاوەوە بخرێتـە بـەردەمی ، راسـتیە تاڵـەکان بـەبێ ئـەوەی کـە هەسـتی بـەکاربات ، تـاوتوێ دەکـات و قبوڵیـان دەکات. [٥٧]

---

[٥٦] – أحمد جمال الـدين الكاشـف ، وەرگێڕانـی : هـەورامان علـی ، خوێندنـەوەی روخـساری مـرۆڤ ، چاپی چوارەم ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ ، ل٤١ – ٤٢.

[٥٧] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٣ .

**بـرۆی ڕێـك و یەکـسان و ڕوون** : ئامازەیـە بـۆ لەسـەرخۆیی خاوەنەکـەی ، تێـڕوانین و سـەرنجدان، دوورن لـە لایـەنگری ئـارەزووی باشـی ڕێزگـرتن لـە بەڵگـەو توانجـەکان بـەمیانرەوی، شـارەزایی و گەیـشتن بـە بڕیـاری دروسـت و ژیرانە[٥٨].

بڕۆی ڕاست ، جوانی ناسە ، ئامازەشە بۆ تێبینی کردنی بیرۆکەکان ئەمەش کاردانەوەی زانینخوازی زەینی یە یان هەبوونی مەیلی لۆجیك، چونکە یەکجار لـۆجیکن گـرفتی بـرۆ ڕاسـتەکان ئەوەیـە کـە کەسـێك ڕەنگـە ئەوەنـدە سـەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری و بیرۆکەو دۆزینەوە بێت کە ئەوانی تـر بـە کەسـێکی دڵ مردووی لە قەڵەم بدەن[٥٩].

**دوو بـرۆی ڕێـك لەسـەر یـەك هێڵـی ڕێـك** : دوو بـرۆی نزیـك لەیەکـەوە لەسـەر بنـەڕەتی لـوت و سـەرووی لـوت، لەسـەر یـەك هـێڵن و دەروات بەســـەر پانتـــایی

خوارەوەی ناوچاوان: بە زۆری ئەم شێوەیە لە برۆ لە پیاواندا هەیـە بـە دەگمـەن لـە خانمـان دا هەیـە ئـەم ئامازەیـە بـۆ طمـاح و چاوچنۆکی ئەگـەر ئـەم هێمایـە غروری چاوی لەگەڵدا بوو ئەوە ئامازەیە بۆ مرۆچ و مۆنی و خراپـی خلوقیـەتی چاوچنۆکی خاوەنەکەی[٦٠].

---

[٥٨] – أحمد جمـال الـدين الكاشـف ، وەرگێڕانـی : هـەورامان علـی ، خوێندنـەوەی روخـساری مـرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[٥٩] – ڕۆز ڕۆزتـری، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە ( لـەیلا حمیـد محمـد ) هێـزی خوێندنـەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٥ .

[٦٠] – خليل حنا تـادرس، أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، چاپی یەکەم ، سانی ٢٠١٧ ، ل١٢٣.

ج. بڕۆی هەشتی : ئاماژە بە مێشکێکی بەڕێوەبەرانە دەکات، بڕۆی هەشتی گۆشەگیر بۆ خۆهەڵقورتاندنە ناو گفت و گۆیەك و گۆڕینی ڕەوشەکەی دڵ لە دڵ نادات، بەڕەنگاربوونەوەش لەگەڵیدا ڕەنگە تەنانەت دڵ کەرەوەش بێت. کێشەو ئاریشەی ڕێتێچووی بڕۆی هەشتی بریتی یە لە هەرەشە کردن، کاتێك تۆی بڕۆ هەشتی سەیری خەڵکی تر دەکەن خەڵکی هەستی پێ دەکەن، دووڕە پەڕێزی ڕێخۆشکەرە بۆ شك و گومان، بەڵام بە دڵنیایی یەوە ئەمە نرخێکی کەمە بەرامبەر هێزێکی ستراتیجی گەورە بەڕێوەبەرەکان بەهۆی گۆشەگیریان سەرکەوتوو دەبن[٦١].

بڕۆی هەشتی (بوونی گۆشە یان چەمانەوە لە ناوەڕاستی بڕۆکاندا) ئاماژەیە بۆ دەستەڵاتخاوزی و تاوتوێ کردنی ورد لە هەموو بارودۆخەکانداو تەرکیز و بیرکۆیی لە هەموو بارودۆخەکاندا. و ئاغایی خوازی و ڕاست کاری و لێکۆڵینەوەی ورد ، دەیەوێت لە کاروبارەکاندا ڕۆڵی سەرەکی و بڕیاردەرانەی هەبێت ، کەسێکی گەرم و گوڕو کۆمەڵایەتیەو لێوەشاوەیە بۆ بەڕێوەبردن و ڕابەری کردن. کەم کەس هەیە بتوانێت لە بەرامبەر هەستی پاوەنخوازی ئەم جۆرە کەسانەدا خۆڕاگری بکات. ئەم کەسانە بە دەگمەن بیرکۆیی خۆیان لەدەست دەدەن[٦٢].

بڕۆی شێوە پیتی ٧ هەڵگەراوە سەرووی بڕۆکان ، واتا بڕۆی هەشتی کوردی : ئاماژەیە بۆ حەزی خاوەنەکەی بۆ پۆلێن کردن (تصمیم)ی کەل و پەل و شتەکان ، ئەم حەزەی حەزێکی خۆڕسکی یەو ئەم تصمیم کردنە

---

[٦١] – ڕۆژ ڕۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٦ .

[٦٢] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠١٦ ، ل٥١ – ٥٢ .

(بیناو هێڵکاری گشتی وەبەرهێنانی بازرگانی تازە)دەگرێتەوە نەك تەصمیم ی ناوخۆیی (داخلی) کەلوپەلەکان یان داهێنانە هونەری (فنیەکان)و دەتوانرێت ئەم سیفەتە دیاریبکرێت لە شێوەی هەرەم کە دەکەوێتە نێوان نیوەی بڕۆو لێواری دەرەوەی بڕۆ. دەتوانرێت ئەم سیفەتە سەرنجی بدرێت بە رووبی لە ئەندازیارانی بیناسازی شارستانی و دیزاینەرەکان و وێنەکێشەکان و بەڵێندەرەکان (المقاولین). ئەو کەسانە حەز دەکەن بەم سیفەتەیان مومارەسەی هەندێك چالاکی بکەن وەکو کار کردن لە بوارەکانی تصمیم و دیزاین کردن و ئامادەکردن و دانانی پرۆژەکان و ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان یان پلان دانان بۆ بۆنەو مناسبەکان و دروست کردن و دامەزراندنی ڕێکخراو (منظمة)یەکی دیاری کراو یان پلان دانان بۆ پرۆژەیەکی نیشتەجێ کردن یان پلان و تصمیمی دیمەنێکی سروشتی نایاب و ناوازە و توانای پێشبینی بەرز بۆ داهاتووی پرۆژەکان کە بەشداری تێدا دەکەن. ئاشنایەتی بە چۆنیەتی تصمیمی شێوەی گشتی پرۆژەی سەرکەوتوو، ئەگەر ئەم سیفەتە وابەستەو پەیوەست بوو بە حەزکردن لە ڕێکخستنە میکانیکیەکان و وێنەی خەیاڵی و گشتگیرو ناوازە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی سیفەت و توانای کەسەکە لە پلاندانان و ڕێکخستن بۆ ئەو مناسبەکان کە بەشداریان تێدا دەکات و لەو پرۆژانەی کە پێ ی هەڵدەستێت[٦٣].

بڕۆی هەشتی : زۆر پڕ گرفتی ڕێ تێچووەکەی ئەوەیە لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەدایە چۆنیەتی خۆپاراستن لە ناکۆکی لەگەڵ ئەم سیفەتەدا

---

٦٣ - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٥ – ١١٦ .

ئەوەیە کە ئەگەر پێویست بوو بەرگری بکە، بەڵام تەنیا ئەگەر بتەوێت شەڕ بکەیت دەنا بەرهەڵستی مەکە. [٦٤]

## شوێنی جێگیربوونی برۆ:

ماوەی نێوان برۆ هەتاوەکو چاوەکان ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی دەربڕینی هزرەکان. ئەگەر برۆکانت بەرزبکەنەوە هەستی پرسیارکردنتان لا دروست دەبێت، ئێستا هەتاکو ئەو جێگایەی دەتوانی برۆکانتان بهێننە خوارەوە ئایا هەستی بیرکۆیتان لا دروست نابێت؟ ئەم جۆرە دۆخە هزریانە بەهۆی چۆنیەتی جێگیربوونی برۆ لەسەر رووەت دەست نیشان دەکرێت. ئەگەر جیاکردنەوەی برۆی بەرز کە نزم نیە بۆتان ئەوا نا ئومێد مەبن، ئەم دۆخە زۆر سروشتی یە چونکە دەست نیشانکردنی شوێنی برۆکان پێویستی بە ڕاهێنان و دووبارە کردنەوە هەیە.

أ. برۆی بەرز ( برۆو چاو تا ڕادەیەك لەیەکەوە دوورن) : ئاماژەیە بۆ دژ پەسەندو چاو تیژیان بڵێین تیژ بین و خۆراگری خۆش سەلیقە (دان بەخۆداگرتن) و گونجاندنی بابەتەکان لە قاڵبی فکری خۆیدا. سەلیقە جوان و دژ پەسەندو بیرتیژەو چاوی تیژە بۆ سەرنجدان بەر لە جێ بەجێ کردن دەکەونە تاقی کردنەوەو تاووتوێ کردنی بۆچوونە جۆراوجۆرەکان. دروشمەکەی ( دان بە خۆتدا بگرە با بزانین چۆن دەبێت) . بە خۆبەرە دەرە لە قسەی کەسانی تر بۆ دەربڕینی بۆچوونی خۆی، پێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی

---

[٦٤] – رۆژ رۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٠٣.

راستی یه نوێ یەکان لە چوارچێوەی هزری خۆیدا دابنێت و لە گۆشە نیگای تایبەتی خۆیەوە تەماشایان بکات لە ڕێگەی هەستەکانیەوە پەیوەندی لەتەك هەستەکانیدا دەبەستێت و هۆگری ئەوەیە پەیوەندیەك بدۆزێتەوە لەنێوان سەرەکی و لاوەکی دا. زانیاریەکان لەسەر بنەمای سۆزداری پۆلێن دەکات لە مێشکیدا. کاتێك هەستێکی بیر بکەوێتەوە دەتوانێت هەموو رووداوەکانی پەیوەندیدار بە هەموو وردەکاریەکانیەوە بەبیر بهێنێتەوە. هیچ کات ئەوەی پێ خۆش نیە لەماوەیەکی کورت دا بریار بدات یان بۆچوونی دەربڕێت دەبێت هەموو شتێ کاتی پێبدرێت بۆ ئەوەی لەتەك بابەتەکاندا پەیوەندی دروست بکات و هەستیان پێ بکات. [٦٥]

خاوەن بڕۆی بەرز، ئامازەی چەکێکی شاراوەیی یە ، ئەو پێ ی خۆشترە کە بیرۆکەکانی لای کەس نەدرکێنێ. واتا شتێك بۆ پیلانەکانی وەك دەخیلیەك وایە تاکو ڕێگەت پێ نادات لەسەر پرۆژەکانی قسە بکەیت کە هێشتا جێگیر نەبوونە. کێشەو ئاریشەی ڕێ تێچووی دووڕەڕێزیە، بەڵام ئەمە کێشە نیە لە بەرامبەر هێزو پلانە ستراتیجیەکەیدا. [٦٦]

کەسی بڕۆ بەرز بە زۆری کاردانەوەی خێرانیە بەڵکو هەڵسوکەوت و وەڵامدانەوەی فکری(هزری)یەو توانایەکی زۆری هەیە لە جدیات و ڕەسمیات لە هەڵس و کەوت و مامەڵەکردن دا لەگەڵ خەڵکی دا. لە ڕوویەکی تڕەوە کەسانی جیاکەرەوەن.

---

[٦٥] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠١٦ ، ل٥٢ – ٥٣.

[٦٦] – ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٨-٨٠.

لەبیرمان بێت زۆربەی خەڵکی ئاسایی خاوەن بڕۆی بەرزن ئاماژە بەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی (جونز) پێی هەڵساوە بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕۆشنبیری یەی مرۆڤەکان هەیانە، ئەوانە ڕەسمی ترن لە کەسانی تر، پاشان کە ئاسودە دەبن لەگەڵ کەسێکدا ئەوا دەست پێشخەری دەکەن لەگەڵتا و ئامادە دەبن بە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵتا بە شێوەیەکی دۆستانە دوور لە ڕەسمیات.

خەڵکانی بڕۆ بەرز بەوە دەناسرێنەوە کە توانایەکی بەرزیان هەیە لە هەڵبژاردنی هاوڕێی تێبینی و سەرنجەکانیان و لە کاتی هەڵسان بە کاری کڕین و فرۆشتن یان بڕیاردان ئەگەر پێویستی بەوە کرد پێویست ناکات هەوڵ بدەیت پەلەیان لێ بکەیت، وە لە کاتی هەڵسانیان بە بازاڕکردن بۆ کڕینی هەندێك پۆشاك، پێویستیان بە کاتێکی درێژ هەیە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی کڕین، ئەوان کڕیاری سەرەتایی نین بە دوای ئارەزووەکانیانەوە بن. بە پێچەوانەشەوە دەگەڕێنەوە لە بازاڕ کردن بەبێ کڕینی هیچ شتێك کە سەرسام نەبن بە کەلوپەلەکە بە تەواوی، گەرانەوە بۆ ئارەزووەکانیان بۆ دڵنیابوونەوە لە وەرگرتنی بڕیاردانیان، بەر لە تەواوبوونی پرۆسەی کڕین سەرەڕای ئەمەش هاوڕێیەتی ئەمانە گیانی بە گیانی یە .

لەبیرمان بێت ئەو کەسانەی بڕۆ بەرزن جیاکارن و زیاتر خۆپارێزن و لوطفیان کەمترەو دۆستایەتیان کەمترە لەگەڵ خەڵکیدا لە هەڵسوکەوت کردن، ئەمەش بەهۆی بەربەستە دەروونی یەکانی کەسەکە دایدەنێت لەنێوان خۆی و خەڵکی دا، ئارەزوو دەکەن جیاکەرەوە ( بەربەست) (عزل)یەك هەبێت و

نایانەوێت نزیک ببنەوە، بەڵام لە راستی ئەمە بەم شێوەیە زۆربەی ئەوانە هەست بە دڵتەنگی و پەستی دەکەن، سەرسامن بە دوورییان لە خەڵکی. [٦٧]

ئەوانەی زیاتر دوورە پەرێزن و رەفتار پارێزن ئەوانەن کە برۆکانیان تا رادەیەکی دیاریکراو بەرزترو دوورترن لە چاوەکانیانەوە. خەڵکان جیاکارن و بە پێ ی هاوڕێ یەتی و خۆیەتی و پلەی هاوڕێ یەتی قسە دەکەن و هەڵس و کەوت دەکەن، ماوەیەکی درێژتری دەوێت تاکو هەندێك کەسان پەسەند بکەن بەڵام کاتێك پەسەندیان کرد ئەوە بە دڵ و بە گیان دەیکەن، شێوازی ئەوان ئەوەیە . . یان هەموویی یە یان هیچە و نیوەی تیا نیە. ئەو کەسانە لووتیان بەرزە و لە خۆیان رازی بن وا هەست دەکەن کە لە تۆ باشترن. [٦٨]

ئەو کەسانە زیرەکن بەڵام واباشترە هەڵبستن بە یەك کار بە تەنها لەیەك کاتدا. ئەوانە زیاتر میزاجیان رێکەو کەمتر هۆگرن بە گرنگیدان بە کەسانی تر بە بەراورد بە وانەی کە برۆکانیان چڕوپڕە.

ئەو کەسانەی برۆ بەرزن دەوترێت کە محافزکارن و دابڕاون بەهەر شێوەیەك بێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە ئارام گرن و بەخشندەن، مامەڵەکردن ئاسانە لەگەڵیاندا. باوەڕوایە تۆش بوونیان بە محافزکاربوون و دابڕاو بەهۆی ئەوەیە ئەوانە برۆکانیان بەرز دەکەنەوەو پرسیار دەکەن لەسەر هەر شتێك [٦٩]

---

[٦٧] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٣ – ١٢٥ .

[٦٨] - روبەرت ئێل . وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : مینە، زمانی روخسار ، بەرگی دووەم ، ساڵی ٢٠٠٧، ل٦٠-٦١.

[٦٩] - ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١.

ب. بـڕۆی نـزم (مـاوەی نێـوان بـرۆ و چـاو کەمـە) : ئامـاژەیـە بـۆ کاردانـەوەی خێرایـی هـزری و پەلـە کـردن و بڕیـاردانی خێـراو توانـای دەربـڕینی باش و گەشـبینی و ئـوریـنی و ڕەخنـەی پـێ خـۆش نیـە. خـاوەنی ئـەم نەخـشی ڕوخـسارە لـە بڕۆیـدا توانـای دەربـڕینی زۆرباشـەو دەتوانێـت بـە خێرایـی زانیاریـەکان لێـك بداتـەوە. لـە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا خاوە خاو کردنی پـێ باش نیـە. کاتێـك کەسانی دی لـە دەربـڕینی بۆچـوونەکانیاندا لاوازن زۆر بـە ئاسـانی خـۆی لـە قسـەکانی وەردەدات و دەزانـێ کۆتـایی قسـەکایان چـیەو بۆیـان تـەواو دەکـات. کەسـێکی گەشـبین و ئـەرینی یـە بـەڵام ڕەخنـەی پـێ خـۆش نیـە، ئـەم جـۆرە کەسـانە لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا زۆرن ئەگـەر تـۆی خوێنەری بەڕێز لەم جۆرە کەسانەییت باشتر وایە لە بەرامبـەر ئـەو کەسـانەدا کە مێشکیان بە خێرایی تۆ کار ناکات، زیاتر دان بە خۆتدا بگریت و هـەوڵی زیاتر بدەیت لەم بارەیەوە. [٧٠]

کـەس خـاوەن بـرۆی نـزم لەیەکـەم ڕۆژەوە باسـی پلانـەکانی دەکـات ئـەو لـە بەرنامەڕێـژکردنێکی دەسـت بـەجێ دا بەهرەمەنـدە ئەو گوێ بەم پەندە نادات کە دەڵێت: پاروەوەکەت جوان بچوو ئەوجا قوتی بدە.

بەلایەوە خۆ ئامادەکردنی پێـش وەختـی بـۆ گفت و گۆیـەك دەبێتـە هـۆی وشـەکانت بـێ گـڕوتین بێنـە بەرچـاو. ئەگـەر تـۆ بـرۆ نـزم بیـت چـاك دەزانیـت هەروەك ئەو نانـەی کە لـە نـان بڕێـژی کارەبـایی یـە ووردە ئەچێت و تـەنها ئـەو

---

٧٠ - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠١٦ ، ل٥٣ – ٥٤ .

کاته بەتامە کە گەرم و تازەیە. بیرۆکەکانیشت بە هەڵقوڵانیانەوە کاریگەرن. تۆ کە کەسێکی قسەکەرێکی دەست بەجێ ی لە پیشەی ئەوتۆدا کە ڕێز لە پاراویەتی دەم و دەست بگیرێ وەك پێشکەش کاری پرۆگرامی گفت و گۆ ئامێز لە چاو هەر پیشەیەکی تر سەرکەووتووتر دەبیت[٧١] .

لە زانستی لێکۆڵینەوەی ڕوخسارناسی تقلیدی صینیدا دەوترێت کە ئەو کەسانەی برۆکانیان نزمەو نزیکە لە چاوەکانیانەوە ئەوانە بێ ئارامن، ئارەزوو دەکەن یارمەتی کەسانی تر بدەن. ئەوانە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیان ئاسانە بەرەچاوکردنی ئەوەی کە ئەوانە کراوەن و دۆستایەتیان زۆر دەکەن لەگەڵ زۆر کەسدا [٧٢].

ئامازە بۆ ئەو کەسانەی برۆکانیان نزمە هاوڕێ یەتیکردنیان بە ئاسانی و بە خێرایی زۆرە، سەرەتا بە گرنگی یەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەم هاوڕێ یەتیە ئەوانەی دەیانەوێت و ئارەزوو دەکەن بگەن بەیەك گەشتنێکی ڕووبەڕوو، بەڵام کاتێك ئەو کەسە بڕۆ نزمانە پەلەو خێرایی دەکەن لەگەڵ ئەوانی تردا بەشێوەیەکی زۆر لەبەر ئەوە توشی موفاجەئەو حاڵەتی چاوەڕوان نەکراو دەبن بەرامبەر ئەو کەسانەی جیاکارن و خۆیان دوورەپەرێز دەگرن لە هاوڕێ یەتی و تێکەڵ بوون. ئەگەر وێستت مومارەسەی خۆشخوانی و کراوەیت بکەیت پێویستە کاتی گونجاو بزانیت بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بۆ مومارەسە کردنی ئەم سیفەتەت.

---

[٧١] – ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٠.

[٧٢] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١.

ئەو کەسانەی خاوەن دوو بڕۆی نزمن سادەیی خۆیان پیشان دەدەن تا رادەیەکی زۆر وا هەست دەکەن کە ئەو کەسانە هاوڕێ ی نزیکن و ماوەیەکی زۆرە یەکتر دەناسن. ئەمانە دەتوانن بە هەمان ئەو خێرایی یە زۆرە لێت دوور بکەنەوە بەمەش بەرامبەرەکەیان توشی شۆك و شڵەژان و گومان دەکەن ، لەم دوورکەوتنەوەی خاوەن بڕۆی نزم کە بە باشی نایانناسی. ئەو بڕۆ نزمانە ئاسایی کارت و ناونیشان و ئەدرەش دەدەن و ئاڵوگۆڕ دەکەن لەگەڵ بەڵێنی پەیوەندی لە کاتێکی تردا. لە لایەکی ترەوە پشت نابەستڕێ لەسەر ئەو بەڵێنەی کە بڕۆ نزم دەیدات بە پەیوەندی کردنەوەی بە تازە ناسراو و هاوڕێیەکدا و هیچ نیشانەیەکی تێدانیە لەسەر بوونی نیوتی پەیوەندی کردنەوە لە علاقەیەکی لەم شێوەیە، لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی بەرامبەر تۆش گومان و شڵەژان دەکەن لەبەر ئەوەی ئەوان دڵنیابوون لە بڕۆ نزمەکە کە پەیوەندی پێوە دەکاتەوە بە فعلی، بەڵام ئەمە کورت دەکەینەوە کە هیچ شتێ رووندات دوای ئەم ناسینە تازەیە، تەنانەت ئەگەر بڕۆ نزمەکان ببستنەوە کە وتراوە لە بارەبانەوە کە ( ئەو کەسە باوەڕی وابووە کە هاوڕێیەکی تازەیە ئەم بڕۆ نزمە . . . و کەیفی پێ دێ، پاشان لێرەدا هەست بە خەجاڵەتی و بێ هیوابوون ، ئەگەر کەسەکە بڕۆ نزم ئەم هەستەی لا دروست دەبێت. [٧٣]

بڕۆ لە رووی چۆنیەتی ڕوانەوە: بڕۆ لە ڕووی ڕوانەوە چەند جۆرێکی هەیەو هەر کامێکیان دەرخەری شێوازی هزرو بیرکردنەوەیەکی تایبەتە. کە لە خوارەوە چەند جۆرێکی ئەم بڕۆیانە دەخەینەڕوو:-

---

[٧٣] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٥ – ١٢٦.

أ. بـرۆی گـسکی و پـڕ و پـان : بیرکردنـەوەی بـەردەوام و کانگـای هـزرو بیرکردنەوەی نوێ لە رووی بیرکردنەوە زۆر چالاکە لە رووی خەیاڵیشەوە زۆر چالاکە: سەرچاوەی هزری نوێ یـە ، بـرۆی پـڕ دەتوانێـت نیشانتەی هێـزی تێهێزرانیـشی بێت . (٧٤)

ئاماژە بـەم بـرۆ گسکی یـە کـەم و کـورتی هەیـە لـە هانـدان داو چاوچـنۆك و تەماحی تەواو، وەرگرتنی هەر بەڵێنێك لە پرۆژەدا بۆ پاداشت کـردن و مکافئـە بـۆ ئەوانـەی برۆیـان گسکی یـە کـە ئەوانـە کۆشـش و رەنجێکـی زۆر تـەرخان دەکەن ، زیاتر لە بەشی نیوەی یەکەمی پرۆژەکە بـەڵام کۆشش و تێکۆشانێکی کەمتر تەرخان دەکەن لە نیوەی دووەمی پرۆسەی پرۆژەکە.

زانـا صـینی یـەکان هۆشیاربوون کـە خـاوەنی بـرۆی بـەرز یـان نـزم بـوون لـە سالانی سی یەکاندا هۆشیار بوون بۆ خۆلادان لە زەرەری ماڵی و هـەوڵیان داوە بـە بـێ رودانـی زەرەرو زیـانی جەسـتەیی. ئەگـەر مەترسـی یەکـە بگۆرایـە بـۆ خـراپتر، قـورس دەبـوو لەسـەریان کـە خۆیـان لابـدەن لـە کێـشەکە لـە مـاوەی گرێبەستەکەیاندا، ئەگـەر بتوانرایـە هۆشیارو ئاگـادارین لـەو ئاستەنگیانە بـە لایـەنی کەمـەوە، کـە دەبێت وریـا بـن یـان خۆیـان دوور بگـرن لـە سەرکەشـی و مەترسی لە مەسەلە نا زەرورەکان.

حـەقی خۆیـەتی کـە ئـەو ئامۆژگاریـەی زانـا سـیانغ میـان کـە خـاوەن بـرۆی گـسکی پـان و پـڕ کـە ئـەم ئامۆژگاریـەی نـاوبراو سـودی دەبێت بـۆ هـەموان،

---

٧٤ – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠١٦ ، ل٥٤ .

مامۆستا سیانغ میان دەڵێت: ((پشت نابەستڕێت بە باشی بەخت و چارەنووس ئێستات و خۆت ئامادە بکە بۆ هەمووان کە بەجێت دەهێڵن)). ئەمەش مانای ئەوەیە کە پیاو ناشارێتەوە بە هیچ شتێك یان بە دروست ئەژمار دەکرێت یان پێویستە رووبدات دەگەڕێینەوە کە خاوەن بڕۆ گسکی یەکان دوژمن کارانەن کە بەردەوام دەبن لە تووندوتیژی ، ئەمە سەرەڕای توانای زۆریان لە موماڕەسەکردنی ڕێکخستن و کۆنترۆڵ کردنی تەواوەتی بۆ دامرکاندن و کوژاندنەوەی هەر ئارەزوویەك بۆ داڕمان و روخاندن و تێکدان. مامۆستا سیانغ میان دەڵێت: (( لیاقە کەسەکان ئاراستە دەکات بەرەو بەرزی و یاسا کەسەکان ئاراستە دەکات بەرەو رووبی و ئاشکرایی)). [٧٥]

مووە راوەستاوەکان یەکسەر بۆ لای سەرەوە گەشە دەکەن ، واتا بە پێچەوانەی مووەکانی تری بڕۆن کە بە لاری گەشە دەکەن. ئەم جۆرە مووە تایبەتیانە لەدەستپێکی بڕۆدا دەدۆزیەوە بۆیە ئەم ناوەیان لێ نراوە بەڵام بە شێوەیەکی تەکنیکی زۆربەی بڕۆکان بەم شێوەیە دەستی پێ دەکەن بە دەگمەن ڕێك دەکەوێت مووە راوەستاوەکان لە بنچێکی دیاریکراودا چڕببنەوە.

مووە راوەستاوەکان سمبولی بیرتیژین. ئەگەر مووە راوەستاوەکانی بڕۆی مرۆڤ بە ئاشکرا دیاربن ئاماژە بەوە دەدەن کە کەسەکە بە تێگەیشتنەوە لە تەمەنێکی بچوکەوە دەچێتە ناو دنیای هەست و هزرەوە بەر لەوەی خاوەن ئەم هێمایە دەست بکات بە پرۆژەیەك ئەم جۆرە گرفتە ڕێ تێچووانە مەزندە دەکا کە ڕەنگە بە خەیاڵی ئەوانی تردا نەهێنن، گرفتە ڕێتێچووەکەی کەسی خاوەن

---

[٧٥] – خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٢٦.

مووه راوەستاوەکانی برۆ ئەوەیی کەلەبەر ئەوەی بەردەوام دەڵێت : راوەستن ، رەنگە گرفتێك هەبێت، بە کەسێکی دڵ یاردکەرەوە دادەنرێت.

هەروەها ئەو راستیەش کە زۆربەی جار ئەو شتەی تۆ وتوتە راست دەرچووە لەلایەن خەڵکەوە



خۆشەویستت ناکات لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك ئیرەیی بەم هێمایەت دەبەن[٧٦] .

**برۆی راوەستاو** : ئەگەر برۆکان لە هەردوو لاوە بۆ سەرەوە راوەستابوون، ئاماژەیە بۆ کەم و کورتی لە رەوشت دا بەڵام ئەگەر برۆکان بەرەو خوارەوە راکشابوون ئاماژەیە بۆ ئازایەتی، سام ، ئارامی بە شێوەیەکی گشتی[٧٧] .

برۆیی کەوانەیی خاوەنی ئەم شێوە برۆیە دۆستایەتی دەکەن و کراوەن، توندو هاوسەنگن و سەربەخۆن و بەسۆزن (عاطفي)ین. بە تایبەتی ئەگەر هاتوو برۆ کەوانەیەکە بەرزیش بوو بەڵام برۆی کەوانەیی چڕ و پڕ ( سميك) بە هەمان شێوە دۆستایەتی دەکەن و عاطفین بەڵام لە هەندێك کاتدا قوربانی دەدەن بۆ سۆزێکی بەهێز[٧٨].

**برۆی بەرز لار** : بنکەی برۆی بەرزی لار دەکەوێتە کۆتایی سەرەوەی لوت و بەرزتر دەبێتەوە بۆ سەرووی کەناری دەرەوەی چاو. ئەو کەسانەی ئەم شێوە

---

[٧٦] – رۆژ رۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٢ ،٨٣،٨٥.

[٧٧] – أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

[٧٨] – ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٤ .

برۆیەیان هەیە دەناسرێنەوە بە خێرابوون لە جیاکردنەوەی دەرفەت و فرسەت دا کە کەسانی تر نایزانن و ئەمان استغلالی دەرفەت دەکەن و بە تەماحن و چالاکن و کارباشن و بێ ئارام و شپرزەن. ئەو کەسانە ئارەزوو دەکەن گرنگی لەدەست بدەن بە تەدریجی و هەنگاو بە هەنگاو لەسەر رێچکەی پیشەیی و ئاواتەکانیان و پرۆژەکانی تریان لە چوارچێوەی ماوەیەکی لەکات بەداخەوە هەندێك جار پەیوەندیەکان و هاوڕێ یەتی پەیڕەو دەکەن. [٧٩]

ب. بـڕۆی دەرزوولـەیی (تاڵـە دەزوویـەکی ناسـك) : ئاماژەیـە بـۆ بـیر کـۆیی (کۆبوونەوەی بیروهزر) ، زوو باوەڕکردن و گوێ دەر بە قسەی خەڵکی (دەم بین) جۆرە بیرکردنەوەی ئەم کەسە تاك لایەنەو لە هەر کاتێکدا بیری خۆی تەنها لەیەك بواردا کۆدەکاتەوە. سەبارەت بەوە کە خەڵك دەربارەی چۆن بیر دەکەنەوە ، زۆر هەستیارە ، بەڵام لە راستیدا ئەوەندەی کە ئەو بیردەکاتەوە، خەڵکی دەربارەی ئەو هەستیارنین وە زیـاتر ئـەو خۆیـەتی کـە خۆی دەخاتە ژێر زەڕینەوەو ژیان لە خۆی دژوار دەکات.

بـڕۆی دەزوولـەیی باریـك و ناسـك بـە تایبـەتی ئەگـەر بـەرزو کەوانـەیی بـن ئاماژەیە بۆ زیرەکیەکی زۆر و هەوڵ ئەدەن بۆ ئەوەی کە باس لە کەسانێك دەکات کە پێویستیان بە دڵنیایی مەبەست و نیـەتی راستەقینەت ئاگادارببن. لەلای ئەوان ووردەو دڵ گەرمی هەیە. لەبەر ئەوەی کە کەسێك کەم لە قسە

[٧٩] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٥.

لادان و زیاده بێڕێ خۆت دوور بخەرەوە تەنها شوێنی خۆت دیاری بکەو پاشان بە چەند پێداهەڵدان و بە شاندا هاتنی دۆستانە روو شەرمنیش زۆر لە بابەتی رەخنەگرتن دەترسن.

ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە، بە هیچ شێوەیەك نەهێڵیت بەگیرت بهێنن وەك دەڵێن (بیانوو) ئەتوانێت دڵیان بەدەست بهێنێت لە شپرزە کردنیان بە دەستیانەوە مەدە. خۆت بە دوور بگرە[٨٠].

**بڕۆی ڕێك ( الحواجب المستقيمة)** : بە زۆری بڕۆ کەوانەیین بەڵام هەندێك جار بڕۆکان یەك هێڵی ڕێك وەردەگرن بە نزیکەی تقریبەن، ئەوانە بەوە دەناسرێن کە کەسانێکی بەتەماحن و وێژدان زیندوون و ئەقڵیان ئاراستەی پڕۆژەی بازرگانیەکان دەکەن، ئەوانە ئامانجەکانیان دادەنێن و جێ بەجێ ی دەکەن.

ئەوانە قورسە بۆیان هەستی خۆشەویستی دەربڕن و بۆ کەسانی تر ساردو خوێن شیرین دەرناکەون و پێویستیان بە هاوبەشی ژیانە کە لێیان تێ بگات وەکو خۆیان و یارمەتیان بدات لە ئاشکرا کردنی هەستی راستەقینەیان.[٨١]

بڕۆی نزم و لار : بڕۆی نزم و لار لە بەرزترین خاڵی دا دەگاتە لای لووت پاشان لار دەبێتەوە لەگەڵ لێواری دەرەوەیچاوەکان. ئەو کەسانەی ئەم شێوە بڕۆیانەیان هەیە بەوە دەناسرێن کە مراعاتی بەرامبەر دەکەن و گرنگی پێ دەدەن، و بەرپرسیارێتی دەزانن، بە باشی کار دەکەن لەگەڵ کەسانی تردا.

دەگەنە بەرزترین پلەی بەختەوەری کاتێك دەکەونە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی.

---

٨٠ – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٧.

٨١ – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٤.

ئەمانە تەولو پێچەوانەی برۆ بەرزە لاەکانن بە رەچاوکردنی ئەوەی کە زیاتر پەیوەستن بە ئاواتەکانیان و گرنگی پێدانەکانیان و هاوڕێیەتی و پەیوەندیەکانیان بە تێپەربوونی کات[٨٢].

ج. **برۆی کلك باریك ( لە سەرەتاپان و کۆتا باریك)** : ئەم جۆرە برۆیە لە چەقۆ دەچێت، ماموّستا سیانغ میان بە سێ وشە باسی کردووە کە (شارەزایی کارامە (المهارة)، راشکاوانە (الصراحة)، یەکلاکەرەوە (الحسم). [٨٣]

ئاماژەشە بۆ وێنەکردنی (تصور) و هێنانە بەرچاوی بەهێز ، هەبوونی پرۆژەی زۆر گەورە لە مێشکدا بێزاری لە وردەکاری، خاوەنی ئەم برۆیانە دەبێت لە لیژنەی بەرنامە دریژی دا بێت ، ئاشقی گەشتن بە ئامانجی گەورەو تازەیە. هێزی هێنانە بەرچاوی زۆری یارمەتی دەدات تاکو پرۆژەی سەرنج راکێش کە گەلاّلەی کردووە بێ توانا لە وردەکاریەکانی جێ بەجێ کردن، ئەگەر ئاوا کەسێکت باشترە کەسێکی گونجاو بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانت بدۆزیتەوەو خەیاڵی خۆت بۆ پەروەردەکردنی نەخشەی گەورەتر ئازاد بکەیت[٨٤].

خاوەنی ئەم برۆیانە خەیاڵویی و داڵغە رۆشتون باشتر وایە هەندێك زانیاری بخەنە بەردەستیان بەڵام دووربکەونەوە لە رووبەرووبونەوەی زیادەو

---

[٨٢] – ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ل٥٥ – ٥٦ .

[٨٣] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٢٩.

[٨٤] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٨.

وردەکاریەکان، هەوڵ بدەن لە رووبەڕووبوونەوەکانتاندا وێناسازی بکەن و وێنەیەکی جوان و خەیاڵاوی لە مێشکیاندا دروست بکەن. [٨٥]

د. بڕوای کلك پان ( لە سەرەتاوە باریك لە کۆتایی پان) : هەزری ڕێك و پێك و کۆڵنەدەرو بڕیار ئەستور بەرنامە داڕێژێکی چاك و زۆر وردبین، لەوانەیە لە سەرەتای کارەوە خاوبێتە بەرچاو، بەڵام کاتێك قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ، کۆڵ نادات هەتاکو تەواوی نەکات. هزرێکی ڕێك و پێك و ڕێکخراوی هەیە، لە داڕشتنی بەرنامەدا زۆر بەتوانایە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی پێویستیان بە چاودێری و وردبینیەکی زۆر هەیە.

هەموو وردەکاری و زانیاریە هونەریەکان بخەنە بەردەستیان ئەگەر لەسەر بابەتی باسکراو زانیاری پێویستیان نیە باشتر وایە ڕوونکردنەوەی زیاتر نەدەن، بیرکردنەوەی ڕێك و پێکیان هەیەو لە بایەخدان بە وردەکاریەکان چێژ وەردەگرن. [٨٦]

هێمایەکی سروشتی دەرەکی، لایەنێکی دەروونی لە شێوازی کەسیدا بەرهەم ناهێنێ. مەبەست پەیوەندیەکەیە. بە شێوەیەکی زۆر وردتر پەوەندیەکی دوو قۆڵی یە، بە واتای ئەوەی ئەگەر تۆ دەروونت بگۆڕیت ئەوا ڕووخسارت دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانە دڕێژخایەنە بەشێوەیەکی گشتی بەربلاوترین جۆری گۆڕانە بەڵام کاتێك ڕوخسارت بەهۆی جوانکاریەوە دەگۆڕێت ئەوا دەرونیشتن دەگۆڕێ.

---

[٨٥] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٣.

[٨٦] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٦ ، ١٣٣.

نەشتەرگەری جوانکاری نمونەیەکی باشە لەسەر گۆڕانی خەڵك لە روخساردا واتا گۆڕانێك کە دواتر لە ناخیشدا رەنگ دەداتەوە[٨٧] .

هـ. بـرۆی پەیوەست (هـەردوو بـرۆ پێکـەوە لکـاون) : ئامـاژەیـە بـۆ بیرکردنـەوەی هەمیشەیی و کێشە لە خەوتن و حەوانەوەو خەوزران. بیرکردنەوەکانی وەکو هەردوو برۆکانی پەیوەست و لکاون بە شێوەیەکی گشتی بێ قەرارە رێگەی گەیشتن بـە ئاسـودەیی مێشك و بـیرو خـەیاڵ نازانێـت، ئەگـەر کێشەیەك لـە ژیانیـدا رووبـدات، ئەوەی ئەوەندە بیری لێ دەکاتەوە کە تەنانەت دەرفەتی خەویش بۆ خۆی ناهێڵێتەوە. [٨٨]

بـرۆ پەیوەسـتەکان بیرکردنـەوەیان زۆرەو بـۆ سـاتێکیش پـشوو بـە مێـشکیان نادەن. هەوڵ بدەن بیان خەنە دۆخێکەوە بیرۆپاکانیان دەربێن. [٨٩]

هەرچی برۆ پەیوەستەکانە ئەوان بێ پـچڕان بیر دەکەنـەوە. بـە شـێوەیەکی نمونەیی، مێشك هەر لە کارکردندایە. وشەکان ڕەنگە گرفتێك بن. بۆیـە بـرۆی پەیوەست یەکێکە لەو هێما سروشتیانەی روو کە پێم باشە بگـۆڕێ، مـووکێش بەکاربێنـە یـان سـود وەربگـرە لـە ئێلێکترۆلایـسز. یـانیش بـە مەکنینـەیـەکی بـچووکی پـرچ تاشـین مووەکـان بتراشـە. لەبـەر ئـەوەی هێماکـانی رووخـسارو

---

[٨٧] – رۆژ رۆزتـری، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە ( لـەیلا حمیـد محمـد ) هێـزی خوێندنـەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٥-٨٦.

[٨٨] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٩.

[٨٩] – نومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣١ .

شێوازی کەسی پەیوەندیەکی دەروونیان پێکەوە هەیە، هێورکردنەوەی بڕۆی کۆڵنەدەر رەنگە یارمەتی سانەوەی مێشکت بدات[٩٠] .

**و. بڕۆی لێك ئاڵاو (ئاڵۆزکاو) (تاڵەکانی بڕۆ بەناو یەکتردا ڕۆشتون و گرێ دراون پێکەوە):** ئامازەیە بۆ شێوازی بیرکردنەوەی ناباو ڕوانین بۆ بابەتەکان لە گۆشە نیگای جیاوازەوە مشت و مڕ و ڕاکێشانی مل ملانێ بەرەو لای خۆی، خاوەنی ئەم بڕۆیانە خەیاڵێکی ناباوی هەیە کە لە هەموو بواریك دا گەشت دەکات و بەگەڕی دەخات ئەمەش ئەو بە توانا دەکات هەتاکو بابەتەکان لە ڕووی جیاوازەوە تێبینی و تاوتوێ بکات بۆ شەن و کەوکردنی بیرورای کەسانی دیکە، لەوانەیە وا خۆی دەربخات کە بۆچوونەکانیان پێ باشە واتا خۆنوێنی بە قبوڵ کردنی بیروباوەڕێك بکات کە خۆی پبوڵی نیە وەك دەڵێن ( دژبینی ) دەکات ئاوا شێوازێك هەندێك جار دەبێتە هۆی ڕق و مشت و مڕی کەسانی تر. ئەگەر تۆ خاوەنی ئەم جۆرە بڕۆیانەیت وە لە مشت و مڕ لەگەڵ کەسانی تر ماندوو بوویت باشترە شانەیان بکەیت.[٩١]

لە هەرە بەناوبانگە سینیەکان بەموهبەو بەهرەو سەلیقەی وێژەیی و پێشەنگن ( کە بەڵگەو ئامازەیە لەسەر پەروەردەی باش)، وە نینۆکەکانی پەنجە درێژەکان ( بەڵگەو ئامازەیە کە پێویست نەبوو بە خۆیان کار بکەن بە دەستی خۆیان) یان بڕۆ بەیەکەوەلکاوەکان ( سمبولی توانای دەماخە) .

---

٩٠ – ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٥.

٩١ – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٩ – ٤٠ .

ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرە گەورەکان لە ئیمپراتۆریەتی سینی کۆن. (الشبان) لە ناویاندا کە رەچاوی تەندروستیەکی باشی دەکرد لە شەقامەکاندا دەژیا، لەبەر ئەوە سینیەکان لە سەرەتادا دەیان وت کە خەڵکان ناتوانن بژین و بیرلکانەوە لەیەک کاتدا.

بڕۆکان پەیوەست نەبوون ئاماژەیە بۆ سەرکەوتن لە راستی دا یەکێک لە ماموستاکان، ماموستا سیانغ میان بەو خەڵکانەی کاریگەر دەبوون بە ئیهانەو شکاندنی شکۆی بە ئاسانی و تۆش خەم و کە ئابەدەبوو بە خێرایی، خۆیان بۆشاییەکی عەقڵی و ژیری یان دروست دەکرد تاکو دەگەشتە لوتکە لە خراپترین رادەدا لە نەخۆشیە وەهمیەکان.

دەگەڕێینەوە سەر ئەو بڕۆیانە کە ئەو خەڵکانە وەسف دەکرێن بە ناکەس بەچەو بێ تسامح و لێ نەبوردە. [٩٢]

ئەو جووتە بڕۆیەی کە لە سەرەوەی لوتەوە بەیەک دەگەن هەروەک ئەوەی یەک خەتی ڕێک بن بە شێوازێکی گشتی ئەم جۆرە بڕۆیانە ئاماژەیە بۆ خێرایی هەڵچوون و تووڕەیی و ئاسان هاندەرانی لەوانی تر بەبێ هۆ یاخود بە هۆکارێکی پروپوچ.

ئەو بڕۆیانەی نزیکن لە بنکەی لوتەوە کە ماوەیەکی کەم هەیە لەنێوانیان لە سەرووی لوتەوە بەڵام پەیوەستیش نین پێکەوە، ئاماژەن بۆ بەهێزی بیرکردنەوەو گرنگی دان بە وردەکاری کاروبارەکان و ڕۆچوون لە قوڵایی شتەکاندا هەروەها ئاماژەن لەسەر مێشك سافی و توانای گەیشتن بە بڕیاری ڕاست و لە جێ ی خۆیدا. [٩٣]

---

[٩٢] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٣١-١٣٢.

[٩٣] - د.أيمن أبو الروس، فن قراءة الوجوه و كشف خبايا النفوس ،سەرچاوەی پێشوو ، ل٩-١٠.

**بڕۆی یەکگرتوو :**

**لە پیاواندا زۆرترە وەك لە ژنان ، ئەمەش ئامارْەیە بۆ بەخیلی پێ بردن، ئەگەر چاوەکان رەش بوون و بە قوڵدا چوونی لەگەڵ روویەکی مرچ و مۆنی دا وا خاوەنەکەی سەرشێت و زاڵم و رەوشت خراپە و چاوچنۆکە، نهێنی پارێزە ، مرو مۆچە ، زوو هەڵدەچێت.**

**بڕۆی چڕو نزیك بە لووت باریکە لە کۆتایی یەکانیدا : ئامارْەیە بۆ قووڵی بیرکردنتەوەو تیژی هەست[٩٤] .**

**هێڵی هەردوو برۆ ئامارْەیە بۆ پاکێتی بەڵام لەیەك نزیك بوونەوەی هەردوو هێڵی هەردوو برۆ لەیەك هێڵدا ئامارْەیە لەسەر تورەبوون و هەڵچوون (الغضب). نزیك بوونەوەی هەردوو برۆ لە لووتەوە ئامارْەیە لەسەر خاوەن بیروهزری قوڵ.**

**نزیك بوونەوەیەکی دووڕیانی دوو برۆ بەرەو لوت ئامارْەیە کە خاوەنەکەی دەستەڵات و حکم رانی خۆشی دەوێ و کەسێکی عەبوس و مرچ و مۆنە. [٩٥]**

**بڕۆی لێك ئاڵاو :**

**خاوەنەکەی بە زیرەکیەکی زۆرەوە هەوڵ دەدات لە مەبەستی راستەقینەتان تێ بکات. لەبەردەمیان دا واز لە زیادە وێژی و پەراوێز ڕۆشتن بهێنن. تەنها هەڵوێستی خۆتان دیاری بکەن و پاشان ئامادەیی وەڵامدانەوەی**

---

[٩٤] - أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠-٤١.

[٩٥] - منصور عبدالحكيم محمد ، الفراسة في معرفة الآخرين ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٦.

پرسیارەکانیان بن. بە هیچ جۆرێک مۆڵەتیان نەدەن . بە گیرتان بێنن و وەک دەڵێن جڵەوی خۆتان مەدەنە دەستان. [٩٦]

مووە ئاڵۆزو بڵۆزەکان سەیرو سەمەرەی ناو دنیای بڕۆن. لێرەو لەوێ دەڕوێنت و هەندێک جار درێژ دەبن و لول دەخۆن و چاری وا هەیە بە پڕی و بەرەنگی جیاواز لە رەنگی مووی دەوروبەر وە دەردەکەون واتاکەیان هەروەک مشێوەیان سەرنجراکێشە.

مووە ئاڵۆزو بلۆزەکان سمبولی بیرۆکەی ئاڵۆزو بلۆزە. رەنگە داهێنەرایەتیەکی سەرسوڕهێنەریان لێ بکەوێتەوە[٩٧] .

هەردوو بڕۆی تێک ئاڵاو ئاڵۆز (المشوش)کە بڵاوبووبێتەوە بە هەموو ئاراستەکاندا ، ئەم برۆیە چڕە، ئامازەیە بۆ بیرو هزرە شلەژاو شپرزەو ئاڵۆزیان قورسە بیرکۆیی (التركيز) بکرێت یان هەردووکیان، ئامازەیە بۆ ئەو کەسەی دوو برۆی ئاڵۆز و لێڵ ئاڵاوی هەبێت سەرەڕای ئەوەش ئامازەیە بۆ بەرهەڵستی و روخان لە کەمی باشێتی و کەم و کوری لە هزری و لێ وردبوونەوەی.

ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن برۆ ئاڵۆزەکان بە جەستەیەکی باشتر جیادەکرێنەوە لە جەستەی ئەوانی تر، بەڵام نازانی چۆن ئەو جەستەیان بەکاربهێنن لە بەرژەوەندی خۆیان.

ئەگەر هەردوو کۆتایی سوچی برۆکان بە خراپی بەرەو سەرەوەی ناوچاوان بەرزبووبنەوە، ئەمە ئامازەیە لەسەر ئەو ساڵانەی کەوتۆتە ٣١ ساڵی بۆ ٣٤

---

[٩٦] - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٢.

[٩٧] - ڕۆژ ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٢ -٨٣.

سالّی تەمەن، ئاهەنگ بووە لەناو هیواو خۆزگەکان و طموحەکانی کە بە دەستی نەهێناوە بە تەواوەتی. [٩٨]

بڕۆی موو ڕاخراو کە مووەکان بەرەو دواوە دەڕۆن بەڵگەیە لەسەر کەم و کوڕی لە ڕەوشت و خلق دا، مووی بڕۆ کە دەڕوات بۆ خوارەوە لەجیاتی سەرەوە یان دواوە، بێ گومان جیاکردنەوەی ئەم دوو بڕۆیە لەسەر ڕووی چاوەکان و خاوەنەکەی بە زۆری ئازایەو هێزو خۆراگری هەیە. [٩٩]

ئەو برۆیانەی پەیوەستن بەیەکەوە لکاون و وەك یەك هێڵ دەردەکەون خاوەنەکانیان استفزازی کەسانی تر دەکەن ماوە ماوە کێشە بۆ خۆیان دروست دەکەن بەهۆی ئەم حاڵەتەوەو بۆ هاندانی بە باشی کە زۆربەیان کار دەکەن بۆ چاککردنی هەڵس و کەوتیان کاتێك پێ دەگەن. زۆربەیان شایستەن لەو ڕێگایەوە کە لە ژیانیاندا هەیە بەرەو باشتر بچن لە کاتێك کێشە دروست دەکات ئەو موانەی نێوان برۆکان بەشێوەیەکی گشتی، نەك لەبەر سەرکەوتن بەسەر روداوەکان گۆرانکاری پێویست و مەبەست دروست بکرێت لە روخساردا.

هەندێك جار لەو کەسانەدا دوو برۆکان لەنێوانیاندا دووەکان بەرز دەبنەوە، ئەو کەسانە تۆند و هەستیارن و قورسە مامەڵە کردن لەگەڵیاندا.

لە خوێندنەوەی روخسار لەلایەن صینی یەکان بە شێوەیەکی تقلیدی، هەروەك تاکو کەلێن (الفجوة) زیاتر بێت لەنێوان برۆکاندا و لە نێوان چاوەکاندا، ژیانی تاك بەختەوەرتر دەبێت، ئەوانە بەوە دەناسرێنەوە کە پانتایی و کەلێنی فراوانی و بەتاڵ بێ موو هەیە لە نێوان دوو چاو و دوو

---

[٩٨] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٢٨.

[٩٩] - جورج زيدان، علم الفراسة الحديث ، الطبعة الأولى ، سنة ٢٠٠٧ ، ص ٧٠ – ٧١ .

بڕۆکاندا. ئەوانەی توانای داواکاری و بەخشین و یارمەتی دانی کەسانی تریان هەیە، بەڵام کەسانی نێوان دوو بڕۆ یان کەلێنی کەمە بە دەگمەن هەیە بگەن بەم هاوکاریە بۆ کەسانی تر. لەسەریان کۆشش بکەن زۆر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان[۱۰۰].

و. بڕۆکان (مووی ڕێکی تەنکی ستونی لە سەرەتایی بڕۆوە ڕواون) : ئاماژەیە بۆ یەکگرتن لەنێوان دەرەوەو ناوەوەو دەست نیشانکردنی کێشە شاراوەکان، پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان هەستی دەروونی و بیرکردنەوەی ژیرانەوە ئەنتیقی ئاوا کەسێکدا



بەرقەرارە. ئەو کێشانەی لەوانەیە بێتە ئاراوە دەست نیشان دەکات لە بنەڕەتدا لەناویان دەبات. بوونی ئەم مووە زیادانە لە بڕۆی راست دا نیشانەی بوونی وەها بەهرەیەکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پیشەیی دا وە بوونیان لە بڕۆی چەپدا پەیوەندی بە ژیانی کەسی تاکەوە دەبێت. [۱۰۱]

ز. مووی پرش و بڵاو (مووی رواوی پرش و بڵاو لە کۆتایی بڕۆکانەوە) : ئاماژەیە بۆ وردبینی و کنەکەر و هیدایەتی و هۆگری جۆراوجۆر خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە و هۆگری و حەزی زۆری هەیە لە بواری جۆراو جۆرو چالاکی جۆر بە جۆر دەکرێت بووترێت کە لەوانەیە هەر تاڵە مووێەکی کەلە تەنیشتی کۆتایی بووەوە رواوە نیشاندەری هۆگری بە زیاد هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی

---

[۱۰۰] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل۵۲ – ۵۳ .

[۱۰۱] – ملك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٠.

سەرنج و بیرەکانتی خۆی لەسەر بابەتێکی تایبەتی کۆبکاتەوە بەڵام بە دەگمەن سەرکەوتوو دەبێت واتا ناتوانێ خولیا زۆری لەبیر بکات. [١٠٢]

مووە پەرژو بڵاوەکان دەربڕی هزری پرژو بڵاون. مووە پێچەوانەکان بەهرەیەکی رێ تێچووی تر بەدەردەخەن، ئەو زیاتر بەرگەی بیروبۆچوونە دژیەکەکان دەگرێت یان تەنانەت وروژاندن بەهۆی ئەم بیرو بۆچوونانەوە بەرگە دەگرێت ئەم مووانە بریاریان داوە لەسەر پیشەی دۆنڵد ترامپ.

بەو مانایەی مووە پێچەوانەکان بە ئاراستەی یەکتر گەشە دەکەن و هەندێك جار لێك دەئاڵێن. بەڵام مووە پرش و بڵاوەکان لێك دوورن. [١٠٣]

ح. بڕۆی زۆر تەنك و کاڵ و ناڕوون : ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەی ناڕوون و نادیار و دزەکردنە ناو گروپەکانەوە. هەر بەو شێوەیەی ناسینەوەی ئەم جۆرە بڕۆیە کارێکی ئاسان نیە. پەی بردنیش بە هزرو مەبەستی خاوەنەکەشی کارێکی ئاسان نیە. خەڵکی زۆر بە ئاسانی لەگەڵی تێکەڵ دەبن و لە خۆیانی دەزانن ( بەڵام هەموو جارێك ئەمە رووناداتە) بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ دزە بکاتە ناو هەموو کۆڕو کۆمەڵێکەوە. لەبەر ئەوەی زیاتر لەوەی زانیاری بدات، زانیاری وەردەگرێت، دەتوانێ دان و ستانکارێکی باش بێت. [١٠٤]

گ. ڕێکی ڕوون خوارەوەی بڕۆکان لە ئاستێکی ئاسۆیی یاندا گرنگی پێدانێکی گەورەی خاوەنەکەی بە لایەنە جوانکاریەکان. ئەم گرنگی پێدانەش بە

---

[١٠٢] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤١.

[١٠٣] – ڕۆژ ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٢ -٨٣.

[١٠٤] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٨.

هاوسەنگی و هەماهەنگی یە بە رەچاوکردنی هەموو جوانیەکان لەم بارەیەوە، مەرج نیە کەسەکە تواناو شارەزایی تەکنیکی و هونەری هەبێت، بەو پێ یەی کەسەکە دەتوانێت گرنگی زۆر بدات و هۆگری زۆری بۆ هەر شتێك كە توانای بەرهەم هێنان لەبەرچاو دەگرێت.

ئەم سیفەتە لە زۆربەی ئەستێرەکانی سینەماو نمایشی جل و بەرگی میللیەکان دەردەکەوێت. ئاسایی زۆرێك لە پیاوان و خانمان هەست دەکەن بەسەرنجراکێشەبوونی ئەو کەسانەی ئەم سیفەتەیان هەیە، ئەوانەی کە خاوەنی ئەم گرنگی پێدانە زۆرەن بەلایەنە جوانکاریەکان بە هێزی هەستەکان یان و سۆز و هەڵسەنگاندنیان بۆ هەر شتێك پێویست بکات، نەك ئارەزوویان بۆ هەڵسان بە ئەنجامدانی بە دەگمەن هەیە ، ئەم کەسانە دەنگیان بەرز بکەنەوە کاریگەرو کارتێکراوبن بە هەر شەپۆلێکی هەڵچوو داچووی سۆز، ئەگەر هەر شتێکی نەجولاو (غیر سار ) رووبدات ، ئەوان جهد و هەوڵ و تێکۆشانیان دەخەنەگەڕ بۆ تێپەڕاندن و زاڵ بوون بەسەریدا بەبێ ئەوەی توش بن، ئەگەر بەریەککەوتن رووبدا لەنێوان بنەماو بەها گرنگە کۆمەڵایەتیەکان.

دەبێت بزانین ئەوانەی سروشتی یان خۆش دەوێت وە ئەوەش کە لە سروشتدا بوونی هەیە، ئەمە سەرەڕای گرنگی دانیان بە ڕێکخستن و هەماهەنگی کەل و پەلی شتەکان تەنانەت ئەگەر ئەم تەنسیقە هەمان ئەوە بێت کە لە سروشتدا هەیە یان یەکێك لە تابلۆ کێشراوەکان یان بە ڕێگای تصمیم ی یەکێك لە بیناکان یان پارچەیەك مۆسیقا، لەبیرمان بێت ژمارەیەکی زۆر لە وێنەکێشەکان و موزیك ژەنەکان گرنکیەکی زۆر بەرز دەدەن بە لایەنەکانی جوانکاری و جوانی ناسی.

کاتێك ئەو کەسانە هاوسەنگیان نامێنێ لە ژیانیاندا دەخولێنەوەو خول دەخۆن لە دەوری بازنەیەکی بەتاڵ، لێکۆڵینەوە دەکەن لەهەر شتێك کە هەستی حەوانەوەو بەختەوەری ببەخشێ. لە هەوڵەکانیان بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانیان بۆ هاوسەنگی و هەماهەنگی و ڕێکخستن لەپێناو رزگاربوون لە فەوزاو هەراو هوریا کە سودی بۆ ژیانیان هەبێت، بەو پێیەی دەیانەوێت دووربن لەهەر شتێك کە کار بکاتە سەر مێشکیان و توشی پچڕانیان بکات، ئەمانە رادەکەن لە کێشە لەجیاتی ئەوەی ڕووبەڕووی ببنەوەو دەرچەیەکی گونجاو بدۆزنەوە لێی . بەو پێ ی بە ئەنقەست خۆیان توشی شتێك دەکەن کە کاربکاتە سەر سۆزو هەستیان و حەماسەتیان بشکێنێ، دەست بەسەرداگرتنی ئەم ئارەزوو ویستە بە تەواوی و کۆنترۆڵ کردنی لە تەوقی سەر بۆ بنی هەردوو پێ یەکان.

ئەوانەی ئەم سیفەتەیان هەیە ئەوەی توشیان دەبێت خۆی دەبینێتەوە لە ناسینی ئەو هەڵوێستانەی کە دەبنە هۆی هاوسەنگی لەدەستدان لە ژیانیانداو لە هەڵس و کەوت لەگەڵ کردنیان دا، لە پێناوی ئەمەشدا لەسەریەتی بەرپرسیاریەتیەك دیاری بکرێت لە دۆزینەوەی هەماهەنگی و ڕێکخستنی تایبەت لەگەڵیداو وە چاوەڕێ ی ئەوە نەکات کە سودی هەبێت بۆی هەر کەسێکی تر، لەبەر ئەوە مەبەستی راکردن نەبێت لەم هەڵوێستە بە تورەبوون و هەڵچوون یان خۆگرتن پێوەی یان خوگرتن بەو خواردنەوانەی کە ژیانی تێکدەشکێنێ، یان هەر هۆکارو میکانیزمێکی تر کە هەست بکات بە حەوانەوەیەکی کاتی و رای بکێشێ بۆ حەسرەت و بێ ئاگایی یەك بۆ ماوەیەکی دووردرێژ ، و لێرەدا پێویستە لەبیرمان بێت و ئاگادارین. داوامان لێ ناکرێ کەل و پەل و شتە دارماو و تێکشکاوەکان بکرێت بە کورتەیەك لە

ئاسودەیی و بەختەوەری یان ئەو هەستانەی بە رووکەش بەختەوەر دەردەکەون چەواشەت نەکات دوای ئەمە دەگەڕێتەوە دوای ئەم حاڵەتە مەگەڕێوە رابردووە خراپەکەت لەجیاتی ئەمە گرنگە چۆن بزانین شتێك دابهێنین بۆ وازهێنان لەوە ئەگەر بەهای ئەو شتە داهێنراوە بە هەمیشەیی و نەمری بمێنێتەوە لە یادەوەریت دا.

دەتوانیت لەو پێناوەدا فێربیت و مومارەسە بکەیت لەسەر وەرزشی یۆگاو کەراندنەوەی ئەم وەرزشە رۆحیەو گیانی یە بەشێك بێت لە چالاکی رۆژانەت و بە ش بەش ناکرێت. ئەگەر نەتوانرا ڕێرەوێکی دروست و داوای هاوکاری و یارمەتی بکە لە کەسێکی راهێنراو بۆ ئەوەی هانت بدات لەکاتی رووبەڕووبوونەوەت بەرامبەر ئەو تحدیاتانە.

ئەو پیشەو کارانەی گونجاون لەگەڵ سیفاتەدا : دەتوانرێت کار بکەن ئەو کەسانەی ئەم سیفاتانەیان هەیە کە گرنگی دەدەن بە لایەنە جوانیناسیەکان وەکو وێنەکێشان یان دیزاینەرەکان یان پسپۆران لە زانستی سروشت و ژینگە. [١٠٥]

ی. بڕۆکانی پاڵەوان : بڕۆی پاڵەوان بەسەرنجراکێشی جیا دەکرێتەوە دەست پێ دەکەن و کۆتاییان پێ دێ بە باشی. خاوەنی بڕۆی پاڵەوانان بە زیندویەتی و چالاکی دەناسرێتەوەو بیرو هزریان ڕێك و پێکە. زۆربەیان وەسف دەکرێن بە تێگەیشتوو، رادەی مام ناوەندیان تێ پەڕاندووە، ئەوانە چاوچنۆك و بە تەماحن و ئارەزوو دەکەن بە شێوەیەکی گشتی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ، بڕۆکان دڕێژە بە شێوەیەکی تایبەت، پاڵنەرو

---

[١٠٥] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٠ – ١٢٢ .

هاندەرن بە ئاراستەی لادانی درێژ کە کار دەکەن بە متمانەوە، هەموو ئەو شتانەی پێی هەڵدەستن بۆ بەرژەوەندی خۆیانە.

ك. دوو بڕۆی سێ گۆشە بە زۆری چڕو پڕن و دەربڕی خۆپەرستی بوونی خاوەنەکەی، بەڵام دەکرێت دەتوانین ئازابن لە توندبوونی بارودۆخ.

ئەوانەی وەسف دەکرێن بە بڕۆی سێ گۆشە دەتوانن بیرورا باوەڕپێکراو کەم بکەنەوە کە پێیان باشە لە ماوەی گەشتن بە بیرو هزری خەڵکانی تر. ئەوەی کە دەبێتە مایەی وتەکانیان ئەگەر بگەن بە وتەی خەڵکانی تر.

بڕۆی سێ گۆشە شێوەکەی درێژ دەبێتەوە لە دەست پێم و سەرەتاوەو کۆتاییەکەی بە زانیاری سوود بەخشی کە خاوەنەکەی کەسێکە وەسف دەکرێت بە سروشتێکی یەك لاکەرەوەو بڕاوە( قاطع ) لەسەر هەستیاری و زیرەکی.

م. دوو برۆ هاوشێوەی چەقۆ (الشبيهان بالسكين) : ڕێگای مامۆستا سیانغ میان ئەم دوو برۆیەی بە سێ وشە وەسف کردووە: توانا و شارەزایی (المهاره) و ڕاشکاوەیی (الصراحه) و یەکلاکەرەوە (الحسم).

ن. دوو بڕۆی وەك دوو مانگی تازە (القمران الجديدان) : زۆربەی جار ئەو برۆیانە لە دوو مانگی تازە دەچن بەرزن و باریکن. و ڕێگای مامۆستا سیانغ میان ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو ئافرەتانەی وەسف دەکرێن بە دوو برۆی باریك، مەیلیان بەرەو سۆزو توشی هەڵچونی جەستەیی دەبن، هەندێك جار کۆنترۆڵی هەڵچونەکانیان لەدەست دەدەن، بەڵام ئەو پیاوەی وەسف دەکرێت بە دوو برۆی مانگی تازە ئەگەری هەیە بچێتە ناو بابەتی چێژی سێکسی.

خاوەنی دوو بـرۆی مـانگی تـازە مووەکـانی چـڕ دەبـن لـە کێـشەی نـۆرەی نەخۆشی هستریا. ئەوانە تێرە لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی ئەم مەیلە ترسناکە کە کۆمەڵگا دەیدات.

ف. برۆی شێوە ٨ی سینی : ناونانی ئەم برۆیـە لەبـەر ئـەوەی هاوشێوەی هێمای نوسـینی سـینی بـۆ ژمـارە (٨) ، راشـکاوانە مامۆسـتا سـیونع میـان وەسـفی ئەوانە دەکات بەم برۆیە قسە خۆشن ((زیرەکەکان زۆربـەیان راست و ڕەوانن – مـستقیمون– )). بـەڵام مامۆسـتا سـیانع میـان سـەرەڕای ئەمـەش ئـەم تێڕوانینەشی هەیـە (( ئەگـەر هاتوو دووچاری ڕێك و راست هـەبوو دڵەکەشی هەر راستە)). مەبەستیان لە وتەکەی ئەو کەسانەی خاوەنی برۆی لـەم جۆرەن وەسف دەکـرێن بـە ڕەوشت و ئـەخلاقی دروست و سـەلامەت بـە مـەرجێ لای نەدابێت.

مامۆستاکانی سـیانع میـان ئەوانـەی برۆیـان ژمـارە ٨ی سـینی یـە دەڵێـت : گونجاون کە دەبنە بەکارهێنەرو زیاتر لە بەکارهێنەران، بەڵام یـەکێکیان وەسف بکرێـت بـە چ ناگـەی یـە هێـز یـان بـە شـێوەی پیـشەی بازنـەیی (دائـری) وەك جیاکاریەك لەسەر ئەمە.

ق. دوو بـرۆ فشار و پەستانیان خستبێتە سـەر دووچـاو: لـەبیرمان بێـت ماوەی نمونەیی کە دەکەوێتە نێوان سەنتەری برۆو چاو پێویستە بە پانتایی پەنجـەی شایەتمان.

مامۆستا سیانع میـان دەڵێـت: ئەگـەر هاتوو مەسافەکە کـەمتر بـوو لـە پانتایی پەنجـەی شـایەتمان ئـەوا ((برۆکـان نـزیکن لـە چـاوەکان)) یـان (( پەسـتانیان خستۆتە سەر چاوەکان)) کە ئەم دوو برۆیە ئاشکرای دەکـەن جـێ بـەجـێ کـاری ئارامگرتن و مەیلیان بۆ رارایی دوو دڵی و بـێ زاری و بـێ تاقەتی. دوو بـرۆی

بەرز ئەگەری ئەوە دێنێ کەسەکە زیاتر مەنهەجی بێت. سەرەڕای ئەوەی جێ بەجێ کاری خۆڕاگری و ئارام گرتنە. لە کەسێك کە دوو بڕۆی چڕی هەیە دەناسرێت بە بەرهەڵستی کردنی.

دوو بڕۆی دوانی یان نزیك لەیەکەوە کیانێکی گەورەو دیاریان هەیە بە تەواوی دەکەوێتە سەرەوە لە (طموح) و چاوچنۆکی لێهاتوویی دروست دەکا ، مانای وایە ئەوانە دوو بڕۆیان بەرز دەکەنەوەو جیا دەکرێنەوە بەهۆی جێ بەجێ کاری ئارامگرتنیان بە مەزاجێکی دیار کراو، ئەوانی تر رازی ناکات.

دوو برۆ نزیك لە چاوەکانەوە تا رادەیەك بەریەکەوتنی برۆ و چاو کە فشار دەخاتە سەر چاوەکان ، ئەوانە دەناسرێن بەمەی کە ئارامیان نیەو بە ئاسانی ئاراستەو اثارە دەکرێن ، بە ئاسانی هاندەدرێن و سەیر و دەگمەنن ( غرابة الأطوار) و مەیل و ئارەزوویان هەیە بۆ بێ هیوا کردن و دەمار کرژی و هەڵچوون . هەروەك دیکتاتۆری ئەڵمانی ((ئەدۆلف هتلەر)) ( ١٨٨٩ – ١٩٤٥) نمونەیەکی باشە بۆ ئەو کەسانەی برۆیان فشاری خستۆتە سەر چاویان. [١٠٦]

ض. برۆیەك بەرزتر لە برۆکەی تر : صینی یەکان هەر لە سەرەتای لەدایك بوونی مرۆڤ، هانی منداڵان دەدەن لەسەر ڕێزگرتنی و بەپیرۆز دانانی باب و باپیران و گەورەکان لەبەر ئەوە دەگەینە ڕێگای سیانع میان کە لایەنە باشە ئاراستە کراوەکان سەبارەت بە ئەرکەکانی هەر کەسێك بەرامبەر دایك و باوك و نەوەکانی پێشوو کە ئەمەش گرنگیەکی گەورەی هەیە.

لە راستیدا هەندێك داب و نەریت و تەقالیدی خێزانی هەن کە مامۆستاکانی سیانع میان سەرنجیان داوەتێ کە گرنگن لە کاتی ئێستادا. ناوچاوان (تەوێڵ)

---

[١٠٦] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١.

دەری دەخات کە بۆیەك بەرزتر دەربکەوێت لەوەی تریان ئەگەر خاوەنی ئەم بڕۆیە خانم بێت ئەوا دەژیت لەگەڵ مێردو دایکی مێردەکەی یان لەگەڵ باوکی مێردەکەی ئەو مێردەشی هی زیاتر لە خانمێکە.

ئەو ناوچاوانەی دەری دەخات کە بڕۆیەك بەرزترە لەوەی تریان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە لە ڕووی بەرزیی و نزمی هەست و سۆزەوە ( هەڵچون و داچوونی سۆزو هەست) بەڵام سیانع میان ئەم دوو برۆیەی ئەژمار نەکردووە بە خاسیەت و سیفەتێکی عەیب و کەم و کوڕی.

چنگ و چەمکی دەرکەوتەیەکی تری پەیوەست بەم جۆرە برۆیانە بەستراوەتەوە بە ڕێگای سیانع میان بە خێزانەوە. ئەگەر وەسفی تاڵەکانی برۆکان ستونی بون لە سەرەتای برۆدا بەو مانایەی بەم شێوەیە[۱۰۷]. هەر وەك باوباپیرانی دامەزرێنەرانی سیانع میان دەڵێن خاوەنی ئەم شێوە برۆیە دەبێتە خاوەنی براو خوشك و خزم و کەس بەڵام دەستی هاوکاری و یارمەتی درێژ ناکات بۆیان و ناوەستێتە سەر هەڵوێست و موقف ی نەرم و نیان ( لطف).

ئەو بەشە ڕووتاوەیەی درێژ بۆتەوە لە برۆدا هێمایە بۆ مردنی لەناکاوی برایان خوشکەکەی یان هەروەکو مامۆستاکانی سیانع میان لێکدانەوەیان بۆ کردووە مەبەست لە مامۆستا تازەکانە کە ئامازەیان داوە بەبێ هیوایی بەرامبەر برایان خوشك یان خزم و کەس و نزیکیان.

ئەو بەسە ڕووتاوەیە پەیوەستە بە هەردوو لای برۆ ئاگادار کردنەوەیەکە بۆ مەترسی هاتن و ڕودانی ڕوداوێك (کارەساتێك).

---

[۱۰۷] - خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێوو ، ص۱۳۰-۱۳۱.

– **برۆی درێژ** : خاوەنی ئەم شێوە برۆیە پەیوەندیەکانی باش دەبێت لەگەڵ خانەوادەو هاوڕێکانیدا. ئەوانە وەچەرخان دەکەن لە ژیانی نیشتەجێ و خانەوادەیی بەختەوەربوودا لە ماوەی گەشەسەندیان و کۆشش دەکەن بۆ گرنتی کە هەمووان لە بازنەی لەیەك نزیکدا بەختەوەربن و پەیوەست بن بەیەکەوە بەردەوام بن لە بەیەك گەشتن بە ڕێك و پێکی لەگەڵ هاوڕێکانیاندا.



ئەگەر هاتوو برۆکان چڕ و پڕ درێژبوون لە هەمان کاتدا، ئەمە مانای وایە کە بەخشندەن بە کات و ماڵیان، هەستێکی بەهێزیان هەیە، ئەوانە ئاوالآن بۆ بەرگری کردن کە باوەڕیان پێیەتی ئەمەش پاداشتی ئەوانە بۆ مەبدەئو عەقیدەکەیان. ئەگەر هاتوو برۆکان چڕ و پڕ و درێژ بوو ئەمە مانای بوونی مەیل و ئارەزووی هاوکاری کردن بە تایبەتی کە پەیوەندی بە کاروبارەکانیانەوە هەبوو. [١٠٨]

ظ. دوو برۆی زۆر کورت : دوو برۆی زۆر کورت ئاماژەن بۆ خێرا هەڵچون و زوو هەڵچون بە پێ ی ڕێنماییەکانی

سیانع میان و هەستیار بوونی خاوەنەکەی و جێ بەجێ کاری ئارامگرتن و(صبر ) ، ئەم کەسە ئارامی و صبری کەمترە لەو کەسەی کە برۆکانی زۆر نزیکن لە چاوەکانیەوە. هەندێك لەو کەسانەی برۆکانیان زۆر کورتن ئارەزوو

---

[١٠٨] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٣.

ناکەن بۆ یارمەتیدانی خەڵکانی تر. ماموّستاکانی سیانع میان ئامۆژگاری دەکەن کە ئەم جۆرە کەسانە قسە خۆش بن تەنانەت ئەگەر ئیدارەی کەسانی تریش بدەن.

نموونەیەکی صینی کە ئاماژەیە بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی ئالّوگۆڕ (دوو لایەنە) کە شەڕو ناتەبایی ناهێلّێ ((الجليد يقصف أوراق العشب المنهزلة)) واتا ((کەسە زرنگ و وریاکە پەڕەکانی هەلّدایە ناو گیاو گژی لاواز)).

ئەوانە خۆیان بەسەربەخۆ دەبینن، هەیانە کە قورسە داوایان لێ بکرێت لەلایەن کەسانی ترەوە بۆ هاوکاری و پشتیوانی کردن، ئەمەش پەیوەندی بە لاسەنگی قورساییەکان کە رووبە رووبان دەبێتەوە لەگەلّ منداڵانی تر لە خێزاندا لە کاتی گەشەکردن و گەورەبوونیان.

کەمێك لە خەڵکی برۆکانیان خەفیف و شالّ و تەنکە بە پلەیەك کە لە هەندێك کاتدا نابینرێت، ئەوانە بەوە دەناسرێن کە ئارام و لەسەرخۆن و نەرم و نیان و نەبوونی یەکلایی کردنەوەو شەرم و تەریق بوونەوە[١٠٩].

* **برۆی کورت** : کەسانی برۆ کورت بەوە دەناسرێن کە بێ ئارامن و بە خێرایی هاندەدرێن و پاڵپێوە دەنرێن، هەروەك ئارەزوو دەکەن بۆ جوڵە و حەروکی بەر لەوەی بیر لە جوڵەکانیان بکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زۆر لە دروست بوونی کێشەکانیان لە ژیاندا. و کاتێك پێش دەکەون لە تەمەندا. زۆر بەیان فێری ئارامی دەبن هەنگاو بە هەنگاو بە تەدریجی بەمەش ژیانیان ئاسانتر دەبێت.

---

[١٠٩] - ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة ویسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٣ – ٥٤.

*** نزیك بوونەوەی دوو برۆكان لە یەكتریەوە** : زۆر نزیك بوونەوەی برۆكان لە یەكتریەوە نیشانەیەكی سەلبی یە هۆكارەكەی ئەوەیە ئەم سیفەتە ئارەزووی خاوەنەكانیانە بۆ دژ وەستانی یان بەرامبەر كەسانی تر، قورسە بۆ ئەمانە كە بگەن بە یارمەتی و ئامۆژگاری لەلایەن كەسانی ترەوە. ئاسان استفزاز دەكرێن، هەر وەك قورسە لێ بەردەیی پیشان بدەن بەرامبەر كەسانی تر. زەعیمی سۆڤیەتی پێشوو ( لیونید بیرجنیف ) (١٩٠٦ – ١٩٨٣) دوو برۆی بەیەكەوە لكاوی هەبوو. ئاسایی ئەو خانمانەی برۆیان پەیوەست یان لەیەكەوە نزیكە ئەو بەشە برۆیەو موانەی نێوان برۆكانیان لادەبەن و ناوچەی بەیەكەوە گەیاندنی دوو برۆكان پەیوەندی هەیە بە طموح بە شێوەیەكی گشتی دەبێت ئەم شوێنە (نێوان برۆكان) فراوان و نەرم بێت ، ئەو كەسانە برۆكانیان زۆر لەیەكەوە نزیكن كە دەبێتە هۆی زیادبوونی دەرفەتی سەركەوتنی تەنها بە لابردنی ئەو مووانەی كەوتۆتە نێوان هەردوو برۆ لەسەر بنكەی لووتیان. [١١٠]

س. دوو برۆی زۆر چڕو پڕ : ئەگەر هاتوو تاڵەكانی برۆ زۆر چڕ و پڕ بوو (سمیكة و قائمة) ئەستورو ستون وەستاو، مانای وایە ئەو كەسە كەسێتیەكی بەهێزی هەیەو دیموكراسیخوازە. ئەگەر هاتوو برۆكان شێوە چوارگۆشەیان هەبوو ئەوا بەڵگەو ئاماژەیە بۆ خۆ بەزل زانی كەسەكە

---

[١١٠] – ریتشارد بستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٦ – ٥٧ .

و عینادی و پێداگری و تڕۆو بێ ئابڕۆ، ئەگەر هەیە خاوەن میزاجێکی خراپ بێت.

ئەوانەی بڕۆیان چڕو پڕن حەزیان لە دڕێژداری وورەکاریە. توانای خۆ خزاندنە ناو زۆرێك لە کاروبارەکانیان هەیە لە هەمان کاتدا هەروەك دەناسرێن بە هۆگریەو کارانەی دەیکەن و خێزانەو خانەوادەکانیان خۆش دەوێت، هەڵس و کەوت دەکەن بە بەخشندەیی یەوە لەگەڵ کەسە نزیکەکانیان. [111]

ص. دوو بڕۆی هەڵبزرکاو ( ڕەنگ لێ بڕاو ) : مامۆستایانی سیانع میان دەڵێت : دوو بڕۆی زیاتر هەڵبزرکاو لە تاڵەکانی بڕۆدا خاوەنەکەی دانانرێت بە بیرمەندێك و خاوەن بیرو هزرێکی خێرا، لەگەڵ ئەوەشدا کەسەکە دەتوانێت ئامانجێك دابنێ لە ژیاندا، ئەمەش بەدی دێت بە مەرجێك زاڵ بێت بەسەر کێشە ناوخۆیی یە پێویستەکان بەهۆی ئاڵۆزی بیرکردنەوەکانی و نەبوونی زانیاری. کە ناهێڵێ ئەم ئامانجەی بەدی بێت، پێویستە لەسەری و باشترە کە کاری دەستی بکات کە پێویستە بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکراو وەرگرتنی بڕیارەکە کاریگەری بێت لەسەر کەسانی تر. ئەگەر تاڵەکانی بڕۆ هەڵبزرکاو زۆر کەم بێت و بە لاوازی دابەش بوو بوو ، ئەمە ئاماژەیە لەسەر ئەوەی کە خاوەنەکەی سەرکەوتوو نیە تەنانەت بەشێکی کەم لە ژیانیشی .

سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی ئەو کەسانەیە گونجاو دانانرێت بۆ زۆربەیان کە ڕەنگی بڕۆکانیان هەڵبزرکاو و کەم ڕەنگە . هەروەك خاوەن بڕۆی وردە تەنك باریکە دژن لەگەڵ خاوەن بڕۆی کەم ڕەنگ و هەڵبزرکاو لە کێشە تەندروستیەکان، ئەم ئەگەر چی لاوەکیشە بەڵام بێزارکەرو کاریگەرە.

---

[111] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١.

مامۆستاکانی سیانع میان ئەوانە ئاراستە دەکەن کە لە تەمەنی مام ناوەنددان بۆ وەرگرتنی مەبدەئی قسەکردن بەرەو پێ ی کە ئیرادەو ویست هەبێت ڕێگاش دەبێت بۆی لەسەر ئەم بنەماو بنەرەتە زۆربەی بڕۆی نزم کەم ڕەنگ سەرکەوتنی مەعقول بەدی دێنن. بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە ژیانیاندا[۱۱۲].

ش. دوو بڕۆی هێڵدار (المجعدان) : مامۆستاکانی سیانغ میان بڕۆ بازنەییەکانیان بە بڕۆی هێڵدار داناوەو ئەژمار کردووە، زۆربەی ئەو بڕۆیانەی بە تەواوی پێدەگەن، کە بەڵگەیە لەسەر بیرکردنەوەی ئاڵۆزو بالۆزی نامەنهەجی و ناباو. ئەم بڕۆیانە هەڵگەرانەوەو کەم و کوڕی هەست و سۆز دەسەلمێنێت. باشترە خاوەنی ئەم بڕۆیانە پەیوەندیە تازەکانی لەسەر پەیوەندیە باوەڕ پێکراوەکان بنیات بنێ و جێگیر بکات.

بە زۆری ئەم بڕۆیانە گونجاون لەگەڵ کیانێکی گەورەی بەرز بۆوە چڕ بۆتەوە لەسەر ناوچاوان (تەوێڵ) بە تەواوی ئەمەش ئامازەیە بۆ چوونە ناو پیشەو میهنەیەك لەسی سالّی یەکەمی تەمەندا.

ئەگەر هاتوو لە ڕوخساردا جوانی کەم بوو بە ئاشکرا دیار بوو، ئەگەر لاوازی و کەم و کوڕی گشتی لەناوچاوان (تەوێڵ)دا هەبوو، وە لە چاوەکان و چەناگەدا بە شێوەیەکی تایبەت ئەگەری زۆری مردن هەیە بۆ ئەو کەسە پێش تەمەنی ۳۵ سالّی.

ط. گەشەی تالّەکانی بڕۆ بە ئاراستەی خوارەوە : بە زۆری تالّەکانی بڕۆ بە ئاراستەی سەرەوە گەشە دەکەن بەلاّم ئەو تالّە بڕۆیانەی گەشە دەکەن بە

---

[۱۱۲] – خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێوو ، ص۱۳۲ – ۱۳۳ .

ئاراستەی خوارەوە ئەوانە مەیل و ئارەزوویانە بۆ پێ نەگەیشتن(عدم النضج ) و بژین لەگەڵ هاوڕێ کانیانداو لەگەڵ خێزانەکانیاندا لەسەر هەردوو لایەنی دژ هەر وەك لە ژیاندا نابنە خاوەندارییەتی.

وە ئەگەر بروکان گەشەیان بۆ خوارەوە بوو و بروکان زۆر چڕ بوو ئەمەش ئاماژەیە لەسەر رودانی گۆڕانکاری باشتری هێڵدار دوای تەمەنی ٣٥ ساڵی بە تایبەتی بە نسبەتی ئەو کەسانەی کەمیهنەو پیشەیەکی سەربازی یان سیاسیان هەڵبژاردووە، ئەگەری هەیە لەم گۆڕانکاریە باشتر بێت لە رابردوو. [١١٣]

**بروی چڕ و قورس** : ئاماژەیە بۆ تەندروستی یەکی زۆر باش، هێزی ویستن، شکۆمەندی تا ئاستی ئینکاری کردن.

**بروی وشك و شڵەژاو** : ئاماژەیە بۆ دڵ ڕەقی و ڕق ئەستوریی . [١١٤]

---

[١١٣] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێوو ، ص١٣٣ – ١٣٤.

[١١٤] - أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤١.

# چاو

## ٣. چاو

### دووری نێوان چاوەکان :

چاو تاکە ئەندامی هەستیار بە روناکی یە لە مرۆڤدا، لەبەر ئەم هۆکارە پێ ی دەوترێت( دەرەجەی رۆح) ، چاوەکان رەنگدانەوەی چۆنیەتی بیرکردنەوەو هەڵس و کەوت و گەرم و گوڕی ئێمەن. شێوە، قوڵی ، قەبارەی رێژەیی و گۆشەی چاوەکان نهێنی گەلێکی زۆر لە بارەی شێوازی ژیانمانەوە دەدرکێنن.

چاوەی نێوان چاوەکان دەرخەری جۆری تێڕوانین کەسەکانە، ماوەی ئاسایی نێوان دووچاو ئەوەندەی چاوێکی گریمانەیی یە لە نێوان دوو چاوە راستەقینەکەدا. سەرنج ئەگەر ماوەی نێوان دوو چاو ئەوەندە نەبوو کە لە یەکەم بینین دا سەرنجتان ڕابکێشێ ئەوا خۆتان لە ڕاڤە کردنی بەدوور بگرن. [١١٥]

مەبەست لە مەودای نێوان چاوەکان ئەوەیە تا چ رادەیەك چاوەکان لەیەك نزیکن. جوتە چاوی لێك نزیك، وەك دوو دراوسێ ی لێك نزیك وان دیواری لووت لێکیان جیادەکاتەوە. جووتە چاوی لێك دوور، وەك ئەو بنە ئامۆزایانەی یەکێکیان لە کۆتایی ئاراستەیەکدا بژی و ئەوی تریان لە کۆتایی ئاراستەی پێچەوانەدا لێك دوور بکەونەوە.

---

[١١٥] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٩.

ئەوەت لەبیربێت خەڵکی زۆربەیان مەودای نێوان هەردوو چاویان ناوەنجیەو ئەمەش هێمایەکە پێویست ناکات بێتە خوێندنەوە. کەواتە بۆ سەلماندنی مەودای نێوان دوو چاو، نە سەرنجێکی ورد بدەو نە منگ منگ بکەو هیوا بڕاو مەبەو پەنجەکانت مەودای نێو چاوەکان مەپێوە ئەگەر لەیەك دووری یان نزیکی چاوەکان لەیەکتر‌ەوە زۆر ئاشکرانەبوو، وازی لێ بێنە لە هێمایەکی ترو سیفەتێکی تر بکۆڵەرەوە. (١١٦)

أ. دووری چاوەکان لە یەکتریەوە : ئاماژەیە بۆ دووربینی و دوو تێڕوانین و لێوەشاوەیی و داهێنەرایەتی، بەڵام بێزار لە وردەکاری ( دووری نێوان چاوەکان لە ئەندازەی نێوان دوو چاوی گریمانەیی زۆرترە) دیدێکی کراوەو بەرفراوانی هەیەو دووربین بەڵام لە وردبوونەوە لە وردەکاری بێزارە. لەوانەیە بە بۆچوونی زۆرکەس کە لە بەهرەی بیرکراوەیی ئەو سێ بەشن ، بە کەسێکی نایاب و سەیر لێی بڕوانن. ئەگەر تۆ ئاوا کەسێکیت، لەوانەیە هەمیشە بە دوای پاداشتی بیرەکانت و بۆچوونە قوڵەکانتدا راتکردووە بەڵام دانەوەی زەرەری ئەم جۆرە چاوەڕوانیە یەکێك لەو وردەکاریانەیە کە لە لێك تێگەیشتنی دووەم پەرێز دەکەیت. (١١٧)

---

١١٦ – رۆژ رۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٣٣-١٣٤

١١٧ – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٣.

ئەگەر ئەو کەسەی چاوەکانی لێک دوورن بڕۆی تاجدار بێت ئەوا دەتوانێت کەسێکی وردەکاربێت بەڵام ئەو کەسە هەر جۆرە لێڵیەکی ڕووکەش بەهۆی شارەزایی یە تایبەتیەکەیەوە بەشێکی گرنگ لە قەڵەم دەدات.

هاوژوانە چاولێك دورەکان ڕۆمانسیترن بەڵام هاوسەرە چاولەیەك نزیکەکان بە کەڵکترن. ئەگەر بیر لەوە بکەیتەوە کە ڕۆمانسیەکەت کاتی یە کەواتە بەکەڵك بوونیش ڕەنگە بەلاتەوە پەسەند بێت.

جووتە چاوی لێک دوور مانای بەرفراوانکردنی ڕوانگەی هەمووان و ڕێگەگرتن لەوەی کە مێشێك نەکرێ بە گامێش. [۱۱۸]

چاولێك دوورەکان بەرگەگرتنیان زۆرە، نمونەی بەرگەگرتنیش لەم بوارانەدا: کارەکتەرێك، بارودۆخ یان جۆرێک لە بوونی بەرگەگرتن و ڕزگاربوون لە دەمارگیری یان ڕەگەزپەرستی یان لایەنگری ئایینی و چالاکی سۆز، یان توانا بۆ بەرگەگرتن و ڕێپێدراوێکی بچوك یارمەتیدەرە بۆ جیاوازی نێوان کێشێکی دیاریکراو ڕەهەند ...هتد. تونای پزیشکی بۆ بەرگەگرتن، وەك بێ هۆشکەرێك. پیاوێك یان ژنێك کە چاوەکانیان لێك دووربێت، سوورن لەسەر بەرگە گرتنێکی زۆر، هەروەها ئەوانە خۆش مەشرەف و هۆگرن، بەڵام کەمێك مەیلانن بەلای دواخستن و وازلێهێنان لە شتەکان تاکو بۆ خۆیان دروست بن یان لە دەست دەربچن. ئەو کەسانە وەرزشوانێکی چاکن(هەرچەند مژۆکن) بە ئاسانی هەل ئەقۆزنەوە. مەبەستیان باشە ، بەڵام تەنیا مەیلانن بەلای جێ بەجێ کردنی شتەکاندا، کاتێك کە تەواو بووبێت، یان تارادەیەك خراپ و تەواو دواکەوتوو بووبێت. ئەوانە هەمیشە بۆ هەتا هەتایە کار دەکەن بۆ ئەو

---

[۱۱۸] - ڕۆژ ڕۆزتری،وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو،سەرچاوەی پێشوو ،ل۱۳٦-۱۳۷

بارودۆخانەی خۆیان مەبەستیانەو دەیانەوێت هەڵە نەبن، بەڵام ئەوەی رێگەی بە پێشخستنی ئەوان داوە، ئەوەیە کە لە زۆربەی کاتدا بە هەڵە شتەکان لێك دەدەنەوە، هەر وەك تەوەرە لەکان ئەوانیش سروشتێکی باشن برینێکی بەرچاو و دەگمەنن.

لەنێوانی خەڵکانی چاولێك دوورو چاولێك نزیك کە دووری چاوەکانیان لە یەکتریەوە مام ناوەندە، ئەوانە خەڵکانی ئارامن کە بیانەوێت شتەکان جێ بەجێ بێت، بەڵام زۆر لایەنی کێشەکان لێك دەدەنەوە، بە ئاسانی ئەوە ئەکەن کە دەبێت بکرێت بەبێ ئەوەی وازی لێ بێنن یان بۆڵەیان بێت، راست و رەوانن دادوەری چاك دەکەن، یان ناوبژیوانێتی مەزن، ئەو سروشتەش کە هێمای ئەوە دەکات، ئەوەیە کە چاوەکانیان بە یەکسانی لە شوێنی خۆیاندان، بۆ لەیەکەوە نزیکن و نە لەیەکەوە دوورن، بە زۆری خەڵکانی یە ئارام زیاتر بە توندوتیژیان دادەنێن و خەڵکانی بێ ئارامیش دایان دەنێن بەوەی کە تەواو توندوتیژنین.[١١٩]

دووچاوی لەیەکتر دوور : ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەی فراوان ، بلیمەتی ، حەز بە چاکە، پیاو چاکی ، بەڵام ئەگەر زیاد لە پێویست لەیەکتر دووربوون ئەوا ئاماژەیە بۆ بێ مێشکی و بێ هەستی [١٢٠].

چاوەلێك دووڕەکان : ئەو چاوانەی کە روبەرو ماوەیەکی فراوانی پێویست دەکەوێتە نێوانیانەوە ئاماژە بە تایبەتمەندیەکانی جوامێری و شکۆمەندی و

---

[١١٩] – رۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە ( محمد أمین حسین ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥ – ٢٨.

[١٢٠] – أحمد جمال الدین الکاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٨.

ئارەزووی چاکەکردن دەکەن، هەروەها ئاماژە بە زیرەکی و بیر فراوانی دەکەن ، بەڵام نابێت تێکەڵ بکەین لەنێوان ئەم شێوازەو ئەو شێوازەی کە چاوەکان تیایدا لێك دوورن بە رادەیەکی زۆر گەورە کە جێ ی سەرنجدانە، چونکە زۆربەی جار ئەم شێوازەی دووەمیان ئاماژەیە بۆ گەوجێتی و عەقڵ پێ نەشکان. (١٢١)

تەساموح و لێبوردەیی دادەنرێت بە گرنگترین سیفاتی کەسی، لێبوردەیی (تسامح) ئاماژە دەدات بە ساتی وەڵامدانەوەی سۆزو عطف و چرکەساتی کاردانەوە، لەسەر ئەمە لێبوردەیی یان توانای تەواو پێچەوانەی بەزاندنی ئارامگری ، لێبوردەیی و دڵفراوانی ئاماژە دەدات بە ماوەی خۆراگری و تەحەمولی کەسەکە لە هەڵوێست و مەوقفێکی دیاری کراو بەر لەوەی هەر کاردانەوەیەکی لێوە دەربچێت یان هەر وەڵامدانەوەیەك و بە شێوازێکی تر، دڵفراوانی ئاماژە دەدات بۆ ماوەی خۆراگری و تەحەمولی کەسەکە بە دەرچوونی کاروبارەکان لە ڕێرەوێکی دروست و لادانی لەسەر شێوەیەکی دیاریکراو بەر لە تەداخول کردنی ئەو کەسە بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، ئەم سیفاتە دیاری دەکرێت لە ماوەو دووری نێوان دوو چاوەکان.

ئەو کەسانەی دووری نێوان چاوەکانیان زۆرە مانای وایە پلەیەکی گەورەو زۆری دڵفراوانی لێبوردەیی یان هەیەو دەست ناکات بە هەر کاردانەوەیەك بە زووی و بە خێرایی. ئەوانە زۆر لێ بوردەو تەنانەت لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ کەسانی تریشدا. ئەوانە کارو ئیش وەردەگرن بە سادەیی و بە سطحی یەکی زۆر و ئارەزوو دەکەن بۆ دواخستنی کارو ئیشی ئەمڕۆ بۆ سبەیی و زۆربەی

---

١٢١ – د.أیمن أبو الروس، فن قراءة الوجوه و كشف خبايا النفوس ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩ .

ئەو کەسانە توانایەکی زۆر گەورەیان هەیە لەسەر خۆراگری و تەحمول لە هەڵوێستە جۆر بە جۆرەکان، بەڵام ئەوانە ئارەزووی راگرتنی زیاتری سنورەکان دەکەن. ئەوانە شایستەی ئاسودەبوونی زۆرن، نەک لەبەر ئەوە بەڵکو ئەو کەسانە حەز ناکەن مقاطعەی خەڵکی بکەن و لەم بارەیەوە هیچ کەم کوریەکان نیە. ئەگەر هاوڕێکانیان یان کرێکارەکانیان دواکەوتن لە مەوعیدی رێکەوتن لەسەرکراو ئەوا پەست و عاجز نابن و لێبوردە دەبن بە دڵ فراوانیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. زۆر میللی ین. سەرەڕای ئەمەش بە ئاسانی کاریان لەگەڵدا ئەنجام دەدرێ، زۆربەیان ئەگەر سەرنج بدەین سەرکردەی سیاسی و سەرۆك و خاوەن کارن، لەو پیشانەی کە دەبێت ئەم کەسانە سەرپەرشتیارن بکەن زۆربەی پرۆژەکان لەیەك کاتدا.

ئەگەر کارت کرد لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا لەبیرت بێت کە بۆت روون بکاتەوەو دیاری بکات بۆت کە تەواوکردنی پرۆژەکان کە پێ ی هەڵدەستێت لەکاتی و مەوعیدی دیاریکراودا. روونی بکەوە بۆی کە گرنگی پرۆژەکەو ئەو دەرەنجامانەی دروست دەبێت بەهۆی دواکەوتنی تەواوبوونی پرۆژەکەوە. سور بە لە سەردانی سنورێك بۆیان و پێویستە لەسەریان کە تێپەڕاندن نەکەن لەو سنورە دیاریکراوە لەم بارەیەوە دەتوانن تەرکیز و بیرکۆیان لەسەر کارو ئیش هەبێت، ئەگەر هەبوو لەم کەسانەدا دواکەوتن لە ئیش و کار، ئەوا هەوڵ مەدە تۆڵەیان لێ بسەنیتەوە بە وشەی خێراتر کردنی شێوازی کارکردن.

ئاسایی وا باوەو بڵاوە کە ئەو کەسانە لەم جۆرە بە خۆیان هەڵدەستن بە چەندەها پرۆژە لەیەك کاتدا، بەمەش ئەوانە فشار دەخەنە سەر خۆیان و دەیانەوێت زیاتر لە کارێك ئەنجام بدەن لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوە دوادەکەون لە مەوعیدەکانیان هەمیشە ئارەزوو دەکەن هەڵستن بە کاری اضافی و زیادە بەر

لەوەی شوێنی کار دەربچن ، پاشان هاوڕێ و هاوکارەکانیان وا تێ دەگەن کە ئەمانە لە ئاستی توانای لێپرسراوێتی نین و ئەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن. لەکاتێکدا ئەمانە لە راستی دا هەوڵ دەدەن بە زۆر شت هەڵبستن لە دوا ساتەکانی کۆتایی کارکردن، ئەم جارەشیان تەحەدایەکە بۆ سەر ئەو هاوکارانەیان کە بیرکۆیی و تەرکیزیان هەیە لەسەر کارەکەیان کە ئەو تەرکیزەیان بلاو و پەرش نەبۆوە بۆ ئەو پرۆژەو چالاکیە فەرمی و لاوەکیانەی کە پەیوەست نیە لە کارەکەوە. ئەگەر تۆ لەو کەسانەبێت کە دڵفراوانی و لێبوردەیت زۆرە سور بە لەسەر پاڕێزگاری کردنت لە مەوعیدەکەت و بگەرە شوێنی کارکردن لەکاتی دیارکراو بضبط. و ئەگەر هاتوو دوابکەویت لە مەوعیدەکەت، لەبیرت بێت پەیوەندی بکە بەو کەسەی کە مەعیدت هەیە لەگەڵیدا پێش کۆتایی هاتن بە کاتی دیاری کراوی مەوعیدەکەی. ئەم سیفەتە ئامازەیە بۆ ئەوەی کە تۆ باشتر کار دەکەیت بە شێوە جۆر بە جۆرەکانی شتەکان. لەبەر ئەوە سور بە لەسەر دانانی مەدو رادەی زۆرترین بۆ کۆتایی هاتن مەهامی کارەکەت کە بریگرتەوە وەکیلی لەو کارەداو پابەندیت بە دیاریکردنی ئەم حەدو رادەیە. باش بیربکەوە بەر لەوەی توش بیت لە مهەمەو کارێکی تردا[۱۲۲].

جوانی چاو و ڕوو وەستاوە لەسەر درێژی چاو نەك فراوانی چاو، بەڵام فراوانی نێوان چاوەکانت یارمەتیدەرە بۆ فراوانترکردنی رووبەری بینین لەبەر ئەوە خاوەنەکەی دیدگای بینین فراوانە بەڵام وردەکاری کەمە، چاوەکان فراوان بن دیدگای بینینی زۆرە بەڵام تێفکرین و تێڕوانینی کەمە. درێژی

---

[۱۲۲] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل۸۵ – ۸۷.

چاوەکان بینین کەم دەکات بەلاّم تێگەیشتن و تێڕامان زۆرتر و باشتر دەکات. [١٢٣][١٢٤]

ماوەو دووری نێوان دوو چاوی مرۆڤ یەکسانە بە جێگای یەک چاوی گریمانەیی (جێگە بوونەوەی یەك چاوی تری گریمانەیی). ئەگەر هاتوو دوو چاوەکە دووربوون لە یەکتری زیاتر لەم رادەیە دەوترێت دووچاوی لێك دوور و ئەگەر هاتوو نزیکتربوون لە یەکتری لەم رادەیە ئەوا دەوترێت دووچاوی لێك نزیکن. [١٢٥]

ئەوانەی دووچاوی لێك نزیکیان هەیە دەبینرێت هەموو دووریەکانی نێوان چاوەکان بە یەك چاو پێداخشان دەبێت، هەر وەك دەناسرێت ئەوانە بە طموح و زۆربەیان قورسە بۆیان کۆتایی بە شتێك بهێنن کە دەستیان پێکردبێت. ئەم کەسانە یادەوەری و زاکیرەیەکی بەهێزیان هەیە جاذبیەو سەرنجراکێشیەکی سروشتی یان هەیە کە پاکن و بەریئن. لە تەمەنێکی هەرە بچوکیدا دەست پێ دەکەن، هیوایەتیان زۆرە، دەچنە ناو گفت و گۆ دەمە تەقێ لەگەڵ کەسانی تردا. ئەمەش کە تفکیریان فراوانە. ئەوانە بە قورسی توشی صدمەو بەرکەوتنەکان دەبن.

ئەوانەی چاوەکانیان لێك نزیکە بەوە دەناسرێن کە کۆمەڵایەتین و دۆستایەتی دەکەن و ئاسایی بازنەیەکی فراوانیان هەیە لە دۆستایەتی کردن. بەوە دەناسرێن کە شیکەرەوەو ووردەکارن و مامەڵە لەگەڵ تفاصیل دەکەن.

---

[١٢٣] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٩ .

[١٢٤] – جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦١ .

[١٢٥] – ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠ .

ئەم کەسانە وا باشترە داوای ئەو وەزیفانە بکەن کە تەرکیز و بیرکۆییان تێدایە. [١٢٦]

زانایانی روخسارناسی (علماء الفراسة) بە بەڵگە خستوویانەتە روو کە چاوە فراوانەکان ئاماژەن بۆ سادەیی و ساویلکەیی و ڕاستی و راشکاوی و چاوی گلێنەیی دەرپەڕیو ئاماژەیە بۆ دڵ باشی و مەیلی خێرکردن. چاوی بەقوڵداچوو ئاماژەن بۆ زیرەکی خاوەنەکەی. [١٢٧]

گۆشەی چاو بەرەو سەرەوە لە کۆتایی سوچەی دەرەوەی چاوەکان لێرەدا مانای دوو ئەگەر هەیە ، ئەم دوو ئەگەرو ئیحتیمالە وەستاوە لەسەر سێکسی خاوەنی دوو چاوەکە.

کاتێ ئافرەت ئەم نیشانەیەشیان دەرئەکەوێ ئەمە نیشانەو ئاماژەی غیرە کردن و گومان پێ بردنە ، مانای وایە ئافرەتەکە ڕووبەرووی کێشە دەبێتەوە لە دەربڕینی لە خولەکەکانی هەستی خۆی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بە کراوەیی دەناسرێنەوە وە ئەمانەت پارێزی و دەست پاکی و دڵسۆزی لە هەڵس و کەوت کردندا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لەگەڵ کەسانی تر.

بەڵام دووچاوی لار بۆ سەرەوە ئاماژەن بۆ جاشێتی لای پیاوان، ئەم نیشانەیە کۆششدان پیشان دەدات لە کارکردن دا. کە خاوەنەکەی پشتی پێ دەبەستێ، بۆ ئەو لاینەی نەرم و نیانی لە هەست کردنی بە گاڵتەچێتی دا هەیە. ئەم جۆرە پیاوانە پەیوەندیەکی دۆستانشیان هەیە لەگەڵ ئافرەتدا. کە بە وەفاو دڵسۆزی بە ساقامگیربوون و هاوسەرداری بە تەنها. [١٢٨]

---

[١٢٦] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠.

[١٢٧] – خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٤.

[١٢٨] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٢ – ٦٣ .

ب. نزیکی چاوەکان لە یەکتریەوە : ئاماژەیە بۆ هەڵگری وردەکاری خاوەنەکەی و بیرکۆیی (چڕکردنەوەی بیری زۆر). بایەخێکی زۆر دەدات بە وردەکاریەکان. بۆ ئەو کارانەی کە پێویستیان بە بیرکۆیی و وردەکاری زۆر هەیە، کەسێکە زۆر شیاوە بۆ پیشە گەلێکی وەك ژمێریاری و هەڵەچنی و چاککردنەوەی ئامێرە کارەباییەکان، گرفتی ئەو کەسانە ئەوەیە هەندێك جار ئەوەندە لە وردەکاریەکان رۆدەچن تیادەمێنێ لە درك و پەی بردن بە کۆمەڵەیەکی سەرەکی و پەیوەندی نێوان وردەبەشەکان لەگەڵ یەکتریدا. [١٢٩]

ئەگەر تۆ جووتە چاوی لێك نزیکت هەبێ خاوەن بەهرەی سەرنجێکی وردی. لە هەر لایەنێکی ژیاندا کە بەلاتەوە گرنگ بێت کەس زیاتر لەتۆ تێبینی وردەکاریەکان ناکات. تۆ لەسەر هیچ کەس و هیچ شتێك باز نادەیت. کەواتە تۆ لەو پیشانەیان هەر کارێکی تردا کە پێویستی بە سەرنجێکی ورد هەیە، دەبیت بە وەستا . ئەوانەی کە خۆیان تووش کردووەو لەگەڵ پیاوی خاوەن جووتە چاوی لەیەك نزیکەوە ژیانیان پێکهێناوە دەبێت لە پەیوەندیەکانیان دا چۆن بن ؟

وەڵام : دەبێت سەریان لە ئاست توانای چاودێری مێردەکانیان سوڕبمێنێ و شتەکانی تری بە ئاسایی وەربگرن.

---

[١٢٩] - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠.

خـەڵکی خـاوەن چـاوی لێـك نزیـك سـەریان دەردەچـێت لـە ڕێکخـستنی یەکەمایەتیەکاندا، هاوژوان و هاوسەرە چاو لەیەك نزیکەکان بە کەڵکترن.

جووتە چاوی لێك نزیك چۆنیەتی کارکردنی ئەم بەهرەو سیفاتە ئەوەیە کە خاوەنەکەی وردبوونەوە لە گرفتەکە بە بچوکترین وردەکاریەکانیەوە تا ئەو کاتەی چارەسەر دەبێت تێبینی ئەوە بکە کە ئەم شێوازە دەتوانێ خەڵکی خاوەن جۆرەکاتی تری جووتە چاو شێت بکات لەبەر ئەوەی ئەم کەسە خەڵکانی دەوروبەری بێ ئومێد دەکا. [١٣٠]

خەڵکانی دژ تایبەتمەندیە پێچەوانەکان بینا دەکەن، تۆ تێبینی ئەو کەسانە دەکەیت کە نێوانی چاوەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو لەیەکەوە نزیکە ، ئەوانە لە ڕووی دیدو تێڕوانینیشەوە بە شێوەیەکی تەواو لەیەکەوە نزیکن، ئەو کەسانە زۆر بە خێرایی زیز دەبن، کاتێك شتێك ببینن، کە بەو شێوەیە نەبێت کە دەبێ وابێت، و هەوڵی ڕاست کردنەوەی دەدەن، ئەوانە نەك هەر لە خەڵکی زیز دەبن کە کارێکی ناجۆر بەئەنجام بدەن بەڵکو لە خۆشیان زیز دەبن کە بەباشی بەو کارە هەڵنەستاوە، ئەوانە کاری مەزن دەکەن، بەڵام زۆر تووندن لەگەڵ خۆیاندا. لێیان تێ ناگەیت، وەك ئەوەی زۆر ئاڵۆزبن، هەمیشە ڕەخنە دەگرن و بۆڵەیان دێت، و پێزانینیان مەحاڵەو کەمە، کاتێ تەنیا دەیانەوێت کە شتەکان بە ڕاست و دروستی جێ بەجێ بکرێت ، ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئەوان کە زانیان تاکە بەرپرسیارێتی ئەو شتە تایبەتیانەن، ئەمەش

---

[١٣٠] – ڕۆژ ڕۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٣٧، ١٣٦، ٣٣٠ .

لەوانەیە لە هەوڵدانی ئەوە ڕایان بوەستێنێ، کە هەموو جیهان بە گشتی بدەن بە کۆڵی خۆیاندا. [١٣١]

دووچاوی بەیەکەوە نوساو ئاماژەیە بۆ بیرتیژی ، پیسی ، ناپاکی ، بنچینە خراپ. [١٣٢]

چاوە لێك نزیکەکان و کەمبوونەوەی ڕووبەری نێوانیان ئاماژەیە بەوەی کە خاوەنەکەی جێ ی متمانە نیەو پێویستە سڵی لێ بکرێتەوە، ئەوە مرۆڤێکی فێڵ بازەو پیسە. [١٣٣]

ئەو کەسانەی کە تسامح و لێ بوردەییان کەمە راناکەن لە مەمەی کار لەو مەمەیەی لەبەردەستیاندایە بە زۆری ئەو کەسانە کاردانەوەی سات بە سات (نمطیة)وەردەگرن بەبێ ئەوەی خۆیان لەبیر بکەن لەکاتی تێڕوانینیاندا ئەو کارانە لەلایەتی چاك بێت یان خراپ . ئەگەری سێ یەم نیە، لە کاتێکدا لە شتێك ڕادەکەن لە تێڕوانینی خۆیان هەر شتێکی تر دەردەکەن کە تەرکیز و هۆشیاریان پەرش و بڵاو دەکاتەوە ئەگەر بیانەوێت ئاگاهیان لە دەست دەدەن بە پێچەوانەشەوە، بێ گومان بوارو دەرفەتێك لە ڕووی کاتەوە دەدەن بە خۆیان و تەرکیزیان دوور دەکەوێتەوە لێی دوای ئەنجام دانی. ئەگەر وا پێویست بوو ئەو کەسانە بە زیاتر لە کارێك هەڵبستن توشی فشارو تێکشکان دەبن. ناچار کردنی کرێکار و پیشەکار بۆ کارکردنی زیاد لە ڕادەی تواناو

---

[١٣١] – ڕۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمین حسین ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦-٢٧.

[١٣٢] – أحمد جمال الدین الکاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

[١٣٣] – د.أیمن أبو الروس، فن قراءة الوجوه و کشف خبایا النفوس ،سەرچاوەی پێشوو ،ل٨.

هێزی خۆی ئەوا کار دەکاتە سەر چوونە ناو نوسینگەکەی و ناچار دەبێت بە شێوەیەکی نەگونجاو مامەڵەو هەڵسەوکەوت بکات لەگەڵ خەڵکیدا. لەمەشدا خۆتوندکردنی زیاد لە رادەی پێویست دەبێتە هۆی لەدەستدان ئەعصابی و مێشکی .

خاوەن سیفاتی لێ بوردەیی یەکەم ( چاولێك نزیکەکان) کاردانەوەیان زیادە رەوی تێدایە بێ ئەوەی ئەمە بزانن. لەسەر تۆیە کە تێبینی بکەیت و مێشك واعصابت لەدەست نەدەیت و بە خێرایی خۆت گەمارۆ نەدەیت. لەبەر ئەوە کەمێك خاوبەرەوە، ناخی خۆت وەربگرەوەو هەوڵ بدە ڕێگایەك بدۆزیتەوە بۆ رزگاربوون لە هەستە قوڵەکانی کە گەمارۆت دەدەن. بیرو هۆشت ریزوڕێك بخەو جارێکی تر بڕوانەو تەرکیز بکەوە، سەیر بکەو بروانە بۆ هەڵوێستەکەو بە دیدی جۆراو جۆرەوە. لەبیرت بێ و ببینە کاروبارەکان لە دیدو بۆچوونە جۆر بە جۆرەکانی کەسانی تر.

ئەو کەسەی لێ بوردەیی کەم بێت وا دەناسرێتەوە بە خێرایی کاردانەوەی پیشان بدات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وەڵامدانەوە بۆ هەڵوێستە جۆر بە جۆرەکان سەرەڕای بوونی رادەیەکی زۆر لە هەڵچون و وەڵامدانەوە سۆزیەکان. بەم رادەیە دەبینرێت لەو کەسانەی شوێن ئاینێکی دیاریکراو کەوتون یان باوەڕیان بە هەندێك بیروباوەڕو عەقیدەی ئاینی یان رۆحی هەیە هەر وەك لە شوێن کەوتەی کۆمەڵ و گروپە ئاینیەکان و بیرو ئایدۆلۆژیاو سیاسیەکان کە تووندرەوەن لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی دنیا، و بەسەردا بازدان لەلایەن ئەو کەسانەی لێ بوردەییان کەمە لەسەر بیروباوەڕەکانی کە باوەڕی و ئیمانی پێیەتی و حەماسەت و تووندرەوی دەگاتە ئەو رادەیەی کە هیچ شتێکی تر نابینێ، توانای بینین شتەکانی تر بە شێوەیەکی دروست لەدەست دەدات و

ئەگەر ژمارەیەك لەو جۆرە كەسانە كە خاوەنی هەمان ئەم سیفەتەن ببنە یەك گروپ و دەستە ئەوا كار دەكەن لەسەر بەهێزكردن و قوڵ كردنەوەی بیروباوەڕەكەیان.

لە هەندێك كاتدا ئەو كەسە بێ تەساموحانە هەست بە ئارەزوویەكی بەهێز دەكەن لە زانینی وردەكاری تێرو تەسەل ، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو لوتێكی نوك تیژ و پێستێكی نەرم و تەنك هەبوو لە سەرووی ناوچاوان و نمونەی ئەو كەسانە دەیانەوێت هەموو شتێك تەواو بكەن بەو شێوەیەی كە رێسا دیاریكراوەكان دیاریان كردووە، زۆرێك لە خانمان كە ئەم سیفەتەیان هەیە توشی تێكشكان دەبن كاتێك واز لە هاوسەرەكانیان دێنن لەسەر شوێنێكی سەر زەوی هەوڵ دەدەن ئەو شتانە نەبینراوانە بەهادارانە ببینن كە دوورن لە دیدگای ئەوان، هاوسەرداریان جارێكی تر ئەم شتانەیان بۆ دەگەڕێنێتەوە. دەبینین ئەو خانمانە نارەحەت دەبن بە بینینی هەر شتێكی ڕێك نەخراو.

ئاسایی ئەو كەسانەی خاوەن پرچ و قژی نەرمن ( بەهێز و هەستیار) ئەوانەن نێوان چاوەكانیان لێك نزیكە (خاوەن لێ بوردەیی یەكی كەمن) لەسەر هەڵس و كەوتی هەڵە لەژێر هەر بارو دۆخێكدا بێت. ئەمەش مانای وایە بیرو هزری ئەوان هەمیشە ئاراستە كراوە بۆ تەركیز كردن و بیركۆیی لەسەر هەموو ئەو شتانەی كە هەڵەن و هەست بە قەلەقی و دڵەراوكێ دەكەن و بیرو هزریان ماندوو شەكەت دەبێ بەم تفكیرو تێڕامانە پڕە لە كاروبارەكان. ئەگەر هاتوو حاڵی تۆ وابوو دیاری بكە بۆ خۆت مومارەسەی چالاكیەك فیكرو حەزی سلبی و خراپ دەربكە لە میشكت . وەك مومارەسەی یۆگا بۆ نمونە یان گوێگرتن لە مۆسیقا.

کەسانی کەم لێ بوردە زۆر چالاکن ئەگەر کار بکەن وەك مامۆستا یان پارێزەر یان پزیشکی ددان یان سەرپەرشتیار، بەو پێ یەی کە پێگا نادەن بە ئەنجامدانی هەڵەو وازی لێ ناهێنن بروات و تێپەڕێ بەبێ حساب دوای رودانی ، پێشتر باسمان کرد ئەو کەسانە زۆر بیرکۆیی دەکەن لەسەر هەر هەڵەیەك و تورەو هەڵدەچن کاتێ مقاطعە یان دەکەن، یان کاتێ رودانی کەمتەرخەمی لەلایەن کەسێکەوە لە خوار خۆی یان ئاگادارنەبوون لە مهمەی کار لەکاتی دیاریکراو، باسکرا کە ئەوانە حوکم لەسەر شتەکان دەدەن یان بە چاکەو یان بی سزا بۆ هەڵە ، جیادەکرێتەوە ئاشنابوونیان هەمیشە کە پێویستە کار بکەن، دەبێ بتوانن سەرنجی ئەو سیفەتە بدەین لەو کەسانەی بە توندی هەڵدەچن لە کاتێکدا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکان دەبینن کە شۆفێریان بە خێرایی شێتانە دەکەن و دەی هاژون، لێیان نابورێ و ناویان دەبەن بە شۆفێرە گەمژەو ناحاڵیەکان[١٣٤].

لەگەڵ ئەمەشدا پێویست نیە لایەنی چاك و ئیجابی ئەم سیفەتە لە بیر بکەن و فەرامۆشی بکەین، لەلایەن ئیجابیەکانی ئەم سیفەتە ئەوانە دەبنە مامۆستای نایاب و باش لەبەر ئەوەی توانای تەرکیزو بیرکۆییان هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ، ئاگاهیان پەرش و بلاّو نابێتەوە لە زیاتر لەیەك بابەت لە هەمان کاتدا، ئەو کەسانە گرنگی زۆر دەدەن بە ئاشنا بوون بە وردەکاری و تێروتەسەل. ئایا ناتەوێت؟ پزیشکی ددان بیت یان نوسەری کتێب بیت یان ژمێریارێك بیت کە مامەڵە بکەیت لەگەڵ سیفەتە . لەبەر ئەمە ئەگەر باش نەبیت لە هەڵس و کەوت کردنی لەگەڵ تێرو تەسەلی وردەکاری ، بزانە لێ بکۆڵەرەوە لە کەسێك کە

---

[١٣٤] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٦ – ٩٠ .

هەڵگری ئەم سیفەتە بێت. ماوەی نێوان چاوانیان کەم و تەسکە. بەو پێ یەی ئەو کەسانە بیرکۆیی و تەرکیزیان لەسەر هەڵەکانە . لەکاتێکدا یەکەم جار چاوی دەکەوێ بە دکتۆری ددان هەست بە ئاسودەیی دەکات کە دەبینێ نێوان چاوەکانی کەمەو تەسکە.

زۆربەی جار ئەم سیفەتەمان هەیە لەناو یاریزانی تێنس و گۆڵف، بەو پێ یەی تەرکیزو بیرکۆییان لەسەر تۆپەکە لە یاری یەکەدا کە ئەمە مەبەست لە گرنگی یەکەیەتی، هەموومان بزانین و سەرنج بدەین لەم سیفەتە لە یاریزانی سەرکەوتوو ( جون ماکینرو) کە لە سەر زەوی یاریگاکە.

گرفتی رێ تێچوونی ئەم سیفەتە ئەوەیە کە رەخنەیان زۆرە ، چۆنیەتی خۆپاراستن لە ناکۆکی لەگەڵ خاوەنی ئەم سیفەتە ئەوەیە کە هەرچەندە کەسەکە بێزارکەرە بەڵام رەنگە راست بکات بۆیە رەچاوی رێ تێچوونەکە بکە[١٣٥].

زانایانی روخسار ناسی (علماء الفراسة) بە بەڵگە خستویانەتە ڕوو کە چاوە تەسك و لێك نزیکەکان ئاماژەن بۆ فێڵبازی و خراپەکاری. نزیکی چاوەکان لە لووتەوە ئاماژەن بۆ خیانەت کاری و ستەم کردن.

نزیکی چاوەکان لە یەکتریەوە مانای خیانەت و نەفس نزمی و ستەم و نیەت خراپی و فەسادی ویژدانی ، چاوە تەسکەکان ئاماژەن بۆ فێڵبازی و خراپەکاری بە تایبەت ئەگەر لەگەڵ تەسکی یەکەشیدا نزیك بوون و راستەوخۆ کەوتبوونە ژێر برۆکانەوە بەڵام ئەگەر هاتوو تەسك بوو وە کەلێنێك هەبوو لە برۆدا مانای وایە خاوەنەکەی مەیلی شەڕی هەیە لە زۆربەی کاتدا.

---

[١٣٥] – رۆژ رۆژنتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٠٢ .

چاوی گەش و فراوان لە ڕێژەی ڕەشێتی چاو و نەرمی و تەنک و باریکی ئاماژەیە بۆ سادەیی و ساویلکەیی و ئەمە بریتی یە لە نمونەی لێدان لە جوانی[١٣٦].

چۆنیەتی کارکردنی بەهرەو هێماکە (وردبوونەوە لە گرفتەکە بە بچوکترین وردەکاریەکانیەوە تاکو ئەو کاتەی چارەسەر دەبێت ، تێبینی ئەوە بکە کە ئەم شێوازە دەتوانێت خەڵکی خاوەن جۆرەکانی تری جووتە چاوشێت بکات لەبەر ئەوەی ئەم کەسە خەڵکانی دەوروبەری بێ ئومێد دەکات[١٣٧].

ج.نزیکتربوونی چاوێك لە لووتەوە بە بەراورد لەگەڵ چاوەکەی تر: ئەم هێماو نەخشەی روخسارە ئاماژەیە بۆ ئەگەری ڕودانی هەڵگەرانەوەو پێچەوانە بوونەوەی تەسامح و لێ بوردەیی واتا لە کەمی لێبوردەیی یەوە بۆ لێبوردەیی زۆر یان بە پێچەوانەوەشەوە. زۆربەی ئەو کەسانە بەم تقلبات و هەڵگەرانەوەو پێچەوانە بوونەوەدا تێپەڕ دەبن.

بەڵام کاتێك کارەکان زیاد دەبن لە ڕادەی خۆیان تێدەپەرن و فشارەکان زیاد دەبن لەسەر جۆرە کەسانە ڕاپەرین و شۆرشێکی لەناکاو دروست دەکەن و لە هەستەکانیان دەردەچن. پاشان نامێنننەوە کە هەست بە تاوان دەکەن لە نەمانی ئارامیان. خۆیان تووندوتیژ دەکەن لە هەڵس و کەوتدا لەسەر ئەمە لێ بورده نابن تاکو ئەو ڕادەیە.

---

١٣٦ – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٥.

١٣٧ – ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٣٠ .

## کاریگەری لێ بوردەیی (تسامح) لەسەر پەیوەندی هاوسەرگیری :

لێ بوردەیی ئەژمار دەکرێت بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر پەیوەندی هاوسەرگیری و لە کاتێکدا لێبوردەیی هەردووکیان لەیەك بچێت، پێویستە ئاگادار بن لە تێڕوانینیان لەو شتانەی کە پەیوەست بە راست و هەڵەوە ، یان بە لایەنی کەمەوە لەیەك چوونیان لە تێڕوانیندا تا رادەیەکی زۆر بێت، و لە رووبەکی تردە ئەگەر هاتوو ژن و مێرد جیاواز بوون لە رووی لێ بوردەیی یەوە، کە ئەو لایەنەی لێ بوردەیی کەمە هەست بە تورەیی و هەڵچون دەکات، بەرامبەر لایەنەکەی تر، ئەو لایەنەش کە لێبوردەیی زۆر بوو بە ئاسانی رەخنەی لێ دەگیرێت و لەخۆ بوردەووەو لێ بوردەیی یە بەرامبەر کەسانی تر. ئەگەر هاتوو لەیەك تورەبوون هەبوون پێش هاوسەرگیری ئەوا دوای هاوسەرگیری بێزار و ئیزعاجی دەکات و پەتی صەبر و ئارامی دەپچڕێ، و بە پێچەوانەشەوە، ئەو لایەنەی لێ بوردەیی زۆرە لۆمە دەکرێ لەلایەن لایەنەکەی تر ، ئەو کەسەش کە لێ بوردەیی کەمە توشی کاردانەوەی زیاد لە پێویست دەبێ، لایەنەکەی تریش دەیەوێت ئەم کۆت و بەندە زیادە رەفز بکاتەوە لەسەر ڕێگای ژیانی کە باشتر بێت بۆی [۱۳۸]. بە خاو و لەسەرخۆ و لێ بوردەیی دەناسرێت. ئەگەر هاتوو خاوەن لێ بوردەیی زۆر ببینێ دواکەوت لە مەوعید لەگەڵ لایەنەکەی تر. ئەوا سور بە لەسەر پەیوەندی کردن پێوەی ، وە هەواڵی پێبدە پێش تەواوبوونی کاتی دیاریکراوی مەوعیدەکە، ئەگەر لایەنەکەی تر داوای لێ کردی کارێك ئەنجام بدەیت بێ گومان رازی بە بەڵام ئەگەر هاتوو هەڵنەستیت بەم کارە، تەنانەت کە

---

[۱۳۸] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل۹۰ – ۹۳ .

ئەو رادەپەڕێت لە دژت کە لێبوردەیی کەمە و زۆر تووڕەیە لێت لەبەر پابەند نەبوونت بە مەوعیدەکەت[١٣٩].

## گۆشەی چاو :

گۆشەی چاو نیشاندەری جیهان بینی و جۆری روانگەی ئێمەیە، لە رووی گۆشەی چاوی کەسێکەوە دەکرێت بزانرێت کە ئەو روناك بین و گەشبین یان تاریك بین، ڕەش بین یان راست و واقیع بینە. دەتوانرێت گۆشەی چاو بە کێشانی هێڵێکی گریمانەیی لە گۆشەی ناوەوەی چاوەوە تاکو گۆشەی دەرەوەی چاو دیاری دەکات. لەبەر ئەوەی چاوەکان زۆر جار یەکسان نین ، دەبێت بە جیاو تاووتوێ بکرێت، چاوی راست نیشاندەری روانگەی پیشەیی ئێمەیە، لە کاتێکدا چاوی چەپ روانگەی کەسی ئێمەیە لە ژیانی تایبەتیداو لە ژیانی پەیوەندیماندا نیشان ئەدات[١٤٠].

أ. **گۆشەی بەرەوسەر** ( سوچی دەرەوەی چاو بەرزترە لە سوچی ناوەوەی چاو ): کە ئاماژەیە بۆ گەشبینی و لێوەشاوەیی و داهێنەری و خاوەن هزر. توانای خەیاڵاندنی زۆر باشە. زۆر گەشبینەو هەردەم نیوەی پڕی پەرداخ دەبینێ. چاوەڕێی رودانی باشترینەکان دەکات لە ژیانداو ئەمەش یارمەتی دەدات لە کارەکاندا کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ کە کەسانی دیکە تەنانەت زەحمەتی تاقی کردنەوەشی نادەنە بەر خۆیان گرفتی ئەم کەسە ئەوەیە کاتێ کارەکان پێچەوانەی پێش بینیەکانی ئەوە، تووڕە دەبێت ، چاوی گۆشە بەرز

---

[١٣٩] – ناعومي آر . تيكل ، بناءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٣ – ٩٤ .

[١٤٠] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٤.

کەسانێکی گەشبینن، ئەم جۆرە چاوانە ئامارژەیە بۆ ئەوەی خاوەنەکانیان کەسانێکی زۆر زیرەک و هەڵکەوتوون.[١٤١]

گۆشەی دەرەوەی چاو بەرزترە لە گۆشەی ناوەوەی چاو : ئامارژەیە بۆ کەسێتی یەک کە ئارەزووی رەخنەگرتنی کەمە بەڵام ئەم مەیل و ئارەزووی رەخنەگرتنە زیاد دەکات کاتێ گۆشەی دەرەوەی چاو دادەبەزێ و نزم دەبێتەوە لەچاو گۆشەی ناوەوەی چاو. تا دەگاتە ئەو رادەیەی کەسەکە رەخنە لە هەڵەی بچوکیش دەگرێت و سەریان دەسوڕمێ کە خەڵکی ناتوانن هەڵە ئاشکراو دیارەکان ببینن و هیچ شتێك ئەوان زیاتر تورە ناکات وەك لە کەمتەرخەمی و خەمباردی خەڵکی و تورەیان دەکات و ئەمەش بە رووتی لە چاویان دا دیارە، ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە پلەی تەواوکاری و ڕێك و پێکی لە کارداو ئەمانە پێشبینی کار تەواوی تەنها لە خۆیان ناکەن، بەڵکو لە تاکەکانی خێزانەکەیان و کە هاوڕێ کانیان لە کارکردندا ئەمە لە چوارچێوەی خێزاندا، ئەو کەسانەی مەیلی رەخنەگرتنیان بەهێزەو کاریگەریان زۆرە لەسەر منداڵەکانیان ئەوانە ناتوانن هەردەم منداڵەکانیان رازی بکە کە ئەم سیفاتەیان هەیە، لە کارەکاندا رازی کردنیان زۆر قورس دەبێ چونکە شتێك نیە سەرسامیان بکات بە شێوەیەکی تەواوەتی، بەڵام ئەگەر هاتوو گۆشەی دەرەوەی چاولایدا بۆ سەرەوە، کە ئەو کەسە لەم حالەتەدا سەرنج دەدەین سەرنجی تەواوکردنی کارەکە دەدا لەجیاتی بیرکۆیی و تەرکیز لەسەر هەڵەو سلبیەکان، هەر ئەوانە مەیلیان کەمە بۆ رەخنەگرتن. نزیکەی لە ٨٥٪ ی خەڵکی لەسەرانسەری جیهاندا تارادەیەك خاوەنی چاوی گۆشە هەڵکشاون[١٤٢].

---

[١٤١] - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠-٦١ ، ١٣٦.

[١٤٢] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٦.

چەندی هێمای جەستەیەکە لەبەرچاوتربێت بە هەمان رادەش کەسەکە روانگەیەکی گەشبینی و تەنانەت ئایدیالپەرستانەی هەیە بەڵێ چاوی گۆشە هەڵکشاوە مانای تێڕا دیتنێکی زۆرە لە هاوسەرو منداڵ و دایك و باوك و سەرکارو کارمەند، بەڵام بانکۆڵی لەمە نەکەین کەیلێکی سەرسوڕهێنەر هەیە لەگەڵ ئەم هێمایەی چاو. روانگەیەکی ئایدیالیتیانەی هەیە لەگەڵ سەرکێشانە خۆدانەیەر مەترسی[١٤٣].

**ب. گۆشەی نزمی چاو**( گۆشەی دەرەوەی چاو نزمترە لە گۆشەی ناوەوەی چاو ) :

ئاماژەیە بۆ پێشبینی شیاوی کێشەکان، چاویلکەی گەشبینی لەچاودا نیە بابەتەکان بەو شێوەیەی کە هەن یان خراپتر لەوەی کە هەن دەبینێ هەمیشە بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ کێشەکاندا ئامادەیە لە دیاری کردنی کێشەی شیاوی هاتنە ئاراوە وەستایە. ئەم چاوانە نیشانەی مامە خەمانێکی بە تەواو ماناوەیە. کەسانی تر کێشەکانیان لەلای ئەو دەدرکێنن وە دڵسۆزانە گوێیان بۆ دەگرێت و هاودڵیان دەبێت، هەڵەکانی بەبێ قسە قبوڵ دەکەن وە هەمان چاوەڕوانی لە کەسانی تر هەیە.[١٤٤]

چاوی گۆشە نزم : بۆ ئەم جۆرە کەسانە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان شتێکی نوێ نیە هەوڵ مەدەن زیاد لە پێویست خۆیان گەرم و گوڕ نیشان بدەن، ژیان بۆ ئەوان چەمکێکی زۆر تووندگیرانەی هەیە.[١٤٥]

---

[١٤٣] – رۆژ رۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە( دیلا حمید محمد )هێزی خوێندنەوەی ڕوو ،سەرچاوەی پێشوو،ل٣٢٠-٣٢١.

[١٤٤] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٥.

[١٤٥] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٣٦.

ئەو کەسانەی گۆشەی دەرەوەی چاویان نزمە بەرەو خوارەوە ئەوانە رەخنە لە کەسانی تر دەگرن لەسەر هەڵەی ڕوون و ئاشکرا و شتێك نیە تۆڕەیان بکات زیاتر لە کەمتەرخەمی خەڵکی و رازی دەبن کە بە چاوی سەر دیارەو ڕوونە. ئەو کەسانە هەوڵ دەدەن بگەنە پلەی تەواوەتی. و پێشبینی تەواوبوون و پرۆفێکت بوون لە خۆیان داناکەن بە تەنها، بەڵکو لە تاکەکانتی خێزانەکەی و هاوڕێ کانی لە کارو ئیشدا ، لەبەر ئەوە لە چوارچێوەی خێزاندا. [١٤٦]

چاوی گۆشە نزم بۆ خوارەوە خاوەنەکەی گرفت دۆزەرەوەو گرفت چارەسەرساز[١٤٧].

چاوی گۆشە نزم ئەم جۆرە کەسانە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان شتێکی نوێ نیە هەوڵ مەدەن زیاد لە پێویست خۆتان گەرم و گوڕ نیشان بدەن، ژیان بۆ ئەوان چەمکێکی زۆر تووندگیرانەی هەیە. [١٤٨]

کەسی ڕەخنەیی بەوە بنەماکانی نیشانە دەکرێت کە چاوی بەرەو خوارو ڕووەو دەرەوە لار دەبێتەوە ئەمەش ئەو کەسانەن کە تێبینی هەر شتێك بکەن کە لە خەت دەرچووە، وەکو باریك کە بە پێی پێویست تووندو تۆڵ نەبەستراببێت و هەر لە یەکەم پێچدا بەلادا بێت و بکەوێت. ئەو کەسانە

---

[١٤٦] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٦ .

[١٤٧] – ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٢٢.

[١٤٨] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٣٦.

پشکێنەرە، وردبینی ژمێریاریە، چاودێرە ، راهێنەرە ، سەرنوسەرە، بەڵگە خوێنەرەوەیەو ئەو کەسانەی کە سروشتی یان لە نیشانەوە وەرزشیەکاندا چاکە.

هەروەها ژن یان پیاوی رەخنە ئامێز دەتوانن دەرفەت بێنن لە قۆرخ کردن دا،و بە ئاسانی کۆتایی بە شتەکە دێنن، ئەوان بە سادەیی کەسانی تر بەرپرسیار دەکەن، بەهۆی توانایانەوە کە دەزانن یەکەم شتێ کە پێویستە بکرێ، هەروەها چیان دەوێت لەو شتانەی تا پارێزگاری لێ بکرێت، بۆیە پێویست ناکات کە رەخنە لە پەیوەندی کەسایەتی بگیرێت، وەك هاوڕێ دۆراندن تەنها لەبەر ئەوەی پێ ی دەوترێت حەقە شتێك دەربارەی کرێشکی قژی بکات. لە بەراوردا ئەو کەسانەی چاویان بۆ دەرەوەو دوو لە لوت لێژ دەبنەوە ئەوانە ڕەخنەگر نین بەڵکو ئەوانە پێچەوانەی ئەو گازندەیەن یان بە هەڵە لێکدراونەوە ئەوانە تێکەڵ بوونیان ئاسانترە بەڵام زۆرجار لە دەرفەتێکدا

بە توندی ڕووبەڕووی سەرنەکەوتنی تێبینی کردنی خەوشەکان دەبنەوە و نەنگیەکان دەدۆزێتەوە. [١٤٩]

ئەو کەسانەی گۆشەی چاویان نزمە بەرەو خوار کراوەن و دۆستایەتی ، مەیلێکی بەهێزیان هەیە بۆ گرنگی بەخۆدان، و مەیلیان هەیە بۆ بیرکردنەوەو تفکیر کردن لەگەڵ خودی خۆیاندا یەکەمجار[١٥٠].

---

[١٤٩] – رۆبەرت ئێڵ. وایتساید،وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە محمد أمین حسین )،زمانی روخسار،سەرچاوەی پێشوو،ل٣٦

[١٥٠] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٢ .

**ج. چاوی گۆشە تیژ :**

**تیـژی گۆشـەی چـاوەکان لـە کۆتـایی دەرەوەی چـاوەکان مانـای هـەبوون و دروسـت بـوونی دەرفـەتی مـالی (مـادی)، تەنانـەت قورسـە بـۆ ئەوانـە کـە پارێزگاری لە مالْ و دارایی بکەن تەنها بە قازانج کردن بەڵکو بە جۆراو جۆر بوونی حاڵەتە مادیەکانیان لە ماوەی ڕێچکەکانی ژیانیان.** [١٥١]

**چاوی گۆشە ڕێك (بۆ سەرەوە نە بۆ خوارەوە) ڕاستی خواز و بێ لایەن و تێـــڕوانینی هاوســـەنگ و نەرمی و بەکێشمان لە کاتی بوونی فشار و پاڵەپەستۆدا و**

**دادپـەروەر کۆڵنـەدەر. تێڕوانینێکـی هاوسـەنگی بـۆ ژیـان هەیـەو هـەوڵ دەدات ڕاسـتی خـوازو بـێ لایـەن بێـت بـە ئاسـانی ئومێـدو هیواکـانی لەدەسـت نـادات لـەژێر فشارو پاڵەپەسـتۆدا نەرمیـەکی بـاش و بەکێـشمانێکی زۆر باشـە. کـۆڵ نەدانەکـەی جێگـای دەسـت خۆشـیە. ئەگـەر کارەکـان بـەو شـێوەیەی کـە ئـەو دەیـەوێت ئـەنجامیان نـەبێت ، ئەوەنـدە لەسـەر هـەوڵی خـۆی بـەردەوام دەبێـت تاکو بە ئەنجامی خوازراوی بگات. خوازراوی دادوویژدانە.** [١٥٢].

**لە بنەڕەتدا بە گومان و درەنگبا وەرن و سەرەتا دەبێت متمانەیان بەدەسـت بهێـنن. ئەگـەر سـەرکەوتوو بـوون بـە نزیکـەی کارەکـەتان تـەواو کـردووەو بـۆ هەمیشە دەبنە پارێزەرێکی بە ئەمەك بۆتان.** [١٥٣]

---

[١٥١] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٣ .

[١٥٢] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٥ – ٤٦ .

[١٥٣] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٣٥ – ١٣٦.

ئەگـەر گۆشـەی چـاوت راسـت بێـت تـۆ خـاوەنی رادەیـەکی دەگمـەنی واقیعبینیت، تۆ کە نـە رەشبین و نـە گەشبینی دەتوانیت ئەوە بـە بیر خـەڵك بێنیەوە کە پەرداخێك ئاو لە هەمان کاتدا دەتوانێت هەم نیوە پڕو و هـەم نیـوە بەتاڵ بێت.

تاکە ئاریشەی ڕێ تێچوو بۆ خەڵکی خاوەن چاوی گۆشە راست بریتی یـە لـە بین کورتی بەرامبەر بە تەواوی خەڵکی تر. [١٥٤]

ڕێکی ژێر پێڵوی چاو : ئەوانـەی ژێـر پێڵویـان ڕێکـە، کۆمـەڵێك خاڵی بـەهێزی جیاوازیـان هەیـە یەکـەم شـت پـێ دەچـێت ئـەوان ڕەخنـەگری لێهـاتووبن کـە خەڵکی تـر لـەکاتیان دەبـەن. بـە شـێوەیەکی نمونـەیی ئـەوان لـە مـاوەی چـەند چـرکەیەکدا خـەڵکی نـەناس هەڵدەسـەنگێنن و زۆربـەیان بەرامبـەر بـەوان بـە وریـایی ڕەفتـار دەکـەن. بۆچـی بـە خـەڵکی سـۆزدارو هـزری پـرش و بـلاو و کەسانی لەو جۆرە کاتیان بە فیڕۆ بدەن ؟

ئاریشەکە هەڵبەتە ئەوەیـە تـۆ نـەك تـەنیا کەسـێکی لەبنـەوەیی ، بگـرە ڕەنگـە ڕەخنـەگریش بیـت، ڕەنگـە کۆمەڵـە برادەرێکـی ڕێ تێـچووی ئێجگـار بـاش لەدەست بدەی بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خاڵی بـەهێزیت، تـۆ هـەرگیز زیـاتر لە تاقە هاوڕێیەکت نابێت. ئەگەر هەردوو ژێر پێڵوت ڕێك بوون ئـەو کاتـە هـۆی ئەمـە دەدۆزیتـەوە. هـاوڕێ ی بـەردەوامی تـۆ ئـەو کەسـەیە کـە لـەو ئەزمونـە گرانەی تۆ دەربچێ کە تۆ خەڵکی پێ تاقی دەکەیتەوە.

ئەگـەر خـاوەن پلەیـەکی نـاوەنجی چـەمانەوەی ژێرپێلیویـت واتـا لـە نێـوان (٤ – ٧ ) پلە بۆ بەرگری لە خۆیان فێری کۆمەڵـە شارەزاییەکی بەکەڵك بوون.

---

[١٥٤] – ڕۆژ ڕۆزتـری، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە ( لـەیلا حمیـد محمـد ) هێـزی خوێندنـەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠-٣٢١.

لە قۆناغی تاقی کردنەوەدا ئەوان لەگەڵ ناسیاوە نوێ کاندا کراوە نین بەڵام بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی زۆر بە ئاگا داتا کو ئەو رادەیە کراوەن کە دەرگا بۆ وەرگرتنی هاوڕێ ی نوێ ئاوەڵا بکات. وتەی (دێڤید بێرنس) لە بارەی ناوبانگ جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت توانای بەرهەڵستی کردن دژی کەم رێز لەخۆنان و خەمۆکی هەبێت پێویستە پەرە بە ستراتیجیەتی ((هەست کردن بە باشی))



بدات بێرنس داوا لە پەیوەندی کەرانی دەکات کە کراوە بن بەڵام تاکو رادەیەکی بەجێ ئەم ئامۆژگاریەش لە پلەی ناوەنجی چەمانەوەی ژێر پێڵوی بێرنسەوە سەرچاوەی گرتووە. [١٥٥]

**د. چاوی گۆشە خڕ ( بازنەیی ) ( زوایا مستدیرة ) :**

لە خوێندنەوەی روخساردا دەبینین ئەو چاوانەی گۆشەیان خڕو بازنەیی یە ، زیاتر ڕێگای ژیانیان باشترە چونکە ئەم کەسانە بەدەستەبەرایی ( ولاء ) و سۆزو دڵسۆزی بۆ خێزان و هاوڕێیەتی دەناسرێن. سەرەڕای ئەوەی رەنگە زەرووڕنەبێت لە بابەت و شێوازی کۆمەڵایەتی، ئەوانە بە میللی بوون یان دەناسرێن لەو ناوەندانەی کە نزیکن لێوەی. [١٥٦]

---

[١٥٥] – رۆژ رۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٢٥-١٢٦.

[١٥٦] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٤ .

بەشـێوەیەکی گـشتی ئەگـەر تـۆ هەسـت بـە شـەیدایی، زانـین خـوازی یـان نەپارێزراوی بکەی یان بەهەر هۆیەکی تر‌ەوە ئامادەییەکی زۆرت بۆ دەربڕینی هەست و سۆز هەبێت چاوت ئەم بارە وەردەگرێت.

لە بارودۆخێکی تردا تۆ دەتوانی چاوت بچوك بکەیتەوە ئەمەش ژێر پێڵوی رێك (گۆشە تیژ) وەردەگری کە دەنگ دانەویە بۆ نیگەرانی، هەست بریندار‌ی ، گومـان ، شـەرم ، و بـە شـێوەیەکی گـشتی هەسـتەکانی تـری پەیوەسـت بـە روخانی سۆزیاری. ئەو چاوانەی بە تەواوی خڕن لەسەر پێوانەی ١٠ پلەی ١٠ پلە یان هەیە، ئەوانە سود بەخشن بەڵام ئەو چاوانەی ئێجگار رێکیشن واتە لەسـەر پێوانـەیی ١٠ یـەك پلـەیان هەیـە بـە هـەمان رادە بـەڵام بـە شـێوەیەکی جیاواز سودبەخشن. هـەمان شت راستە بۆ ئەو چاوانەی دەکەونە نێوان ئەم دوو تـەوەرەوە واتـا لـە رووی پلـەی رێکـی و چـەمانەوە دانـاوە نـاوەنجین لـە گۆشەدا لەسەر پێوانەیەکی ١٠ پلە ٥ پلەییان هەیە.

پێویستە واتای ئەم ڕادە جیاوازانەی چەمانەوەی پێڵو و بزانیت لەبەر ئەوەی هەر کەسێك رێکخستنێکی لەلا پەسەندە بە هەمان شێوەی کە تۆ پرۆگرامێکی وشە دارشتنی کۆمپیوتەریت لە چاو ئەوانی تر پێ پەسەندترە بە دڵنیایی یەوە تۆ دەتوانیت پێوانەیەکی ٣٠ پلەیی بەکاربهێنێ بەڵام رەنگە پێوانەییەکی ستانتدارتر ١٠ پلەیی بێ و تاکو ئەو کاتەی بۆ خۆت رێکخستنە کە دەگۆڕێت هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە.

ئەو کاتەی هەڵ سو کەوتت ئاسایی یە چەماوەی پێڵوت پیشاندەری رادەی گـەرم و گوریتـە لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە نـوێ یـەی لـە ژیانتـدا توشـیمان دەبیـت. پێوانەی پێڵوی چاوی راستت پەیوەندی بە چۆنیەتی مامەڵە کردنتەوە هەیە لەگەڵ ئەو نەناسانەی لە بواری دا توشیان دەبیت. پێوانەی چەماوەیی پێڵوی

چاوی چەپ هێمایەکە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنت لەگەڵ ئەو خەڵکە نوێیەی بە هاوڕێیانی خۆت ئەژماریان دەکەیت. ئەگەر پلەکە لەنێوان ٨ تا ١٠ پلەی بوو زۆرترین رادەی چەمانەوەکە بێت ژێر پێڵوەکانی بە چەماوە ( گۆشە خڕ ) ئەژمار دەکرێن پێڵوی چەماوە دەربڕی ئەوەیە تۆ مەیلێکی زۆرت هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵك تەنانەت لەگەڵ خەڵکی تەواو نەناسیشدا تێکەڵ بیت بە چاوی تۆ هەر کەسێك ماموستایەکی رێ تێچوە و تۆش فێرخوازێکی بە پەرۆشی.

کەواتە خاڵە لاوازەکەی ژێر پێڵوی چەماوە ؟ وەڵام هەندێك جار کەسەکە خۆش باوەڕە بەڵام بەردەوامیش هەست بریندارە. هەستیاری منداڵانە خەڵك دەرەبجێنێ بۆیە زۆربەی خەڵك هەوڵ دەدەن رزگاریان ببێ لەم هەستە.

ئەگەر تۆ خاوەنی پلە بەرزەکەی چەمانەوە ژێر پێڵویت بزانە کە زۆر بە ئاسانی خۆشەویستی زاڵ دەبێت بەسەرتدا، باشترە ناوە ناوە بە خۆتدا بچیتەوە تاکو بزانیت ئاخۆ ئەو شتەی دەتڕەنجێنێ بەهۆی پەیوەندیە دڵ شکێنەرەکانتەوە بووە یان نا. دڵ ئازار چەشتووەکەی تۆ زۆرجار پێویستی بە تیمار کردن هەیە [١٥٧].

هـ. گۆشەی ناوەوەی چاوی چەپ بەرزترە لە گۆشەی ناوەوەی چاوی راست :

ئەگەر هاتوو دوو گۆشەی ناوەوەی چاو لەیەك ئاستدا بوون، ئەمە مانای وایە کەسەکە تقلیدی یە لە مەبەستەکانیدا، بەڵام ئەگەر هاتوو گۆشەی ناوەوەی یەکێك لە چاوەکان بەرزتربوو لە گۆشەی ناوەوەی چاوەکەی تر ، ئەمە مانای وایە ئەو کەسە تقلیدی نیە، ئەو کەسانە حەز ناکەن و ئەو کەسانەشیان خۆش

---

[١٥٧] – رۆژ رۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٢٣ –١٢٨.

ناوێ که تقلیدین و مهامەکانیان به ڕێگایەك جێ بەجێ دەکەن که خەڵکانی تر دەیگرنە بەر ، دەبینرێت ئەمە زۆر بێزارکەرە. ئەو شتەی ڕووبەرووی ئەم کەسانە دەبێتەوە لە کاتی کارکردن دا لەگەڵ خەڵکی تەفلیدیدا ئەوەیە کە دەگەنە چارەسەری مامناوەند و هەموو لایەنەکان رازی دەکەن هەتاکو جیاوازی نێوان چاوەکان زیاد بکات، مەیلی ئەو کەسانە زیاد دەکات بۆ ئەم سیفەتە لە شوێنکەو تەبوون بۆ وەسیلە نا تقلیدیەکان.

ڕاستە حوکم دەدەین لەسەر خەڵکی و هەڵوێست و مەوقیفە جیاوازەکان کە تێدەپەڕێ لەهەر ڕادەیەك بەڵام ئەمە جیاوازە لە جیاوازبوونی کەسە نا تقلیدی یەکان کە حوکم دەدەن لەسەر هەموو شتێ. ئەمە شتێکی باشە یان کە پێویستە ئەنجام بدرێت یان نابێت ئەنجام بدرێت، لە کاتی هەڵسان بە مهمەیەکی دیاریکراو، بەڵام کەسە تقلیدیەکان ئەوانە مەیلیان نیە بۆ حوکم دان لەسەر کەسەکان و شتەکان بە توانای خۆیان و رازی دەبن شوێنکەوتەیی ڕێگا تقلیدیەکان بن لە جێ بەجێ کردنی ئەو مهامانەی داوایان لێ کراوە.

لەلایەکی ترەوە کەسە نا تقلیدیەکان بەوە دەناسرێن کە توانایەکی زۆریان هەیە لە داهێنان و دروست کردن، وە دەتوانن بگەنە بیرۆکەو فکرە تازەکان یان چارەسەرە نا تقلیدیەکان بۆ ئەو کێشانەی توشیان دەبێت، دەتوانین پێشبینی ئەم خاسیەتە بکەین لە بواری سینەما یان نوسین یان وێنەکێشان یان هەر بواریکی تر پێویستی بە داهێنان و دروست کردن هەیە، واباشترە ئەو کەسانە شوێنکەوتەی ڕێگای ناتقلیدی بن لە پەیوەندیە کەسیەکانیان بەڵام پێویستە لەسەریان درك بە شێوازەکانیان بکەن کە ناگونجێن لەگەڵ هەموو ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا لەسەریەتی دیاری بکات کە دەگەنە ڕێگای ناوەندی کۆکردنەوەی هەموو گرنگی یەکان.

**كاريگەرى ئەم سيفەتە لەسەر پەيوەندى هاوسەرداری :**

واباشترە ئەو كەسانەى نا تقليدين شوێنكەوتەى شێوازە تازەكان بن لە پەيوەنديە سۆزداريەكان، ئەگەر ئەمسيفەتە نزيك بێتەوە لەگەڵ سيفەتى ئارەزووى سێكسى و نەتوانێت لە ئاستى پێداويستيەكانى لايەنەكەى تردابێت ، ئەوانە پەنا دەبەنە بەر هاوسەرداريەكى تر. ئەگەر هاتوو ئەمە حاڵى تۆبوو دەتوانين بير لە وەسيلە بەديلەكان بكەيتەوە بۆ دووبارە ئاراستە كردنەوەى ئەم ئارەزووانە. بۆتە هيوايەتێك مومارەسە دەكرێت يارمەتيت دەدات لە بەتاڵ كردنەوەى وزەكانت بۆ نمونە ( وێنەكێشان ، پەيكەرتاشى و ئيشەكانى دارتاش و وێنەكێشان ، يان هەر چالاكيەكى تر لەم بارەيەوە كە پێداويستيەكانيان تێر بكات لە داهێنان و دروست كردن هەموو ئەوانەى نا تقليدين. هەروەك دەتوانين مومارەسەى يەكێكيان بكەيت وەكو ( بيركارى ، يان بەشدارى لە بەرنامەيەكى بەرزكردنەوەى توانای جەستەيى بكەيت.

**پيشەو وەزيفەو ئاواتەكان :**

كەسە نا تقليديەكان موهيبەو بەهرەيەكى گەورەيان هەيە لەو بوارانەى كە هەستێكى هونەرى پێويستە و توانای داهێنان، بۆ نمونە : وێنەكێشان و وێنەى گرافيك و سينەماو تصميم و ديزاين و نوسين و داهێنان (الاختراعات) يان هەر مهنەيەكى تر كە ئەم سيفەتە سودى هەبێت بۆى[١٥٨].

**و. گۆشەى ميلى چاو :**

ميلى چاو گۆشەكەى ديارى دەكرێت بە ڕێگای سەيركردنى گۆشەكانى چاو بە زانينى ئەوەى ئەگەر هاتوو گۆشەى دەرەوە بەرزتر يان نزمتر بێت لە گۆشەى ناوەوەى چاو و زۆر لە خەڵكى گۆشەى چاوەكانيان هاوئاستن.

ئەوانەى گۆشەى دەرەوەى چاويان بەرزتربێت لە گۆشەى ناوەوەى چاو بەوە دەناسرێن كە بە حەماسەتن و ئيجابين و بە تەماحن و زيرەكن و

---

[١٥٨] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەى پێشوو ، ل٩٥-٩٧.

پێشدەکەون بە بازی گەورەو جۆر بە جۆرانە زۆرێك لە کەسانی تر، ئەوە لەکاتێکدا ئەمە پەیوەستە بە ئاشکرا کردنی دەرفەتی تازە. هەندێك جار ئەم چاوانە ناودەبرێت بە چاوی پشیلە ( عیون القطة ) .

بەڵام ئەو کەسانەی گۆشەی دەرەوەی چاویان نزمترە لە گۆشەی ناوەوەی چاویان بەوە دەناسرێن کە بەسۆزن و بەخشندەن و لێ بوردەو مام ناوەندن لە میزجدا، لەمەشدا ئارەزوویەکی بەهێزیان هەیە لە یارمەتیدانی کەسانی تر. لەوانەیە پێویستیان بە بیرخستنەوە بێت کە خەون و تموحەکانیان بە ئەندازەی خۆیان لە گرنگی خەون و طموحی کەسانی تر.

**قوڵی چاو :**

رادەی دەرپەڕیوی یان قوڵی چاو باس لە بەشداری خاوەنەکەی دەکات لە کۆرو کۆبوونەوەکاندا. هەتاکو چاوەکان دەرپەریوتربن، هۆگری کەسەکە بۆچوونە ناو کۆڕو کۆمەڵەکان زیاترەو هەتاوەکو قوڵتربن کەسەکە پڕگیرتر و نا کۆمەڵایەتی تر.[١٥٩].

ئەو کاتەی لەناو نەینۆك (ئاوێنە) دا سەیری جووتە چاوێك دەکەی ، قوڵایی چاویش دەبێت بە هەند وەربگری. ئەمە لەلاروەوە بە ئاسانترین شێوە دەبینرێت. سەیری جێکەوتی برۆ بکە . لە ژێرەوەی لوتکەی چاڵی چاو دەبینرێت. ئاخۆ هەست بە بەختەوەری ناکەی کە گۆی چاوی ئێمە بە پێچەوانەی گڵۆپ ناوە ناوە پێویستی بە گۆران هەیە ؟ ئاخۆ کاتێك ئەم گۆی چاوە لەناو چاڵی چاووت نرا، دەبێت چ قاڵبێکی وەرگرتبێ ؟

---

[١٥٩] - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٢.

هەندێك جار چاوت بە چاوی قوڵ دەکەوێ ، هەندێ جار چاوی دەرپەڕیو بەدی دەکەی . زۆربەی چاوەکان لە قوڵاییدا ناوەنجین و ئەم جۆرە هێمایەش پێویستی بە خوێندنەوە ناکات. ئەی چاوی زەق ؟ . . ڕەنگە ئەو بارە لمانێك بێت و بە سەیرکردنێکی درێژخایەنی تەلەفزیۆن چاوەکان ئەم بارە وەربگرن.

پرسیار : ئاخۆ نەخۆشی سایرۆدی نابێتە هۆی دەرپەڕینی چاو ؟

وەڵام : دەشێ وابێت ، بەڵام بیخەرەوە یادت کە ژیان چەند ئاستێکی هەیە. ئەوەی بەلای ڕوو خوێنرەوەکە گرنگ بێت ، واتای هێماکەیە. کەواتە بۆ نیگەرانیەکانت سەبارەت بە دەرپەڕینی چاو سەردانی پزیشك بکە بەڵام وەك ڕووخوێندنەوەیەك بزانە سوودە دەروونیەکەی هێمایەکە چیە ، قوڵایی چاو ، دەرخەری خۆتەرخان کردنی کەسەکەیە بۆ بەشداری کردن لە گفت و گۆیەکدا. ئەمە هێمایەکە ڕاستەوخۆ دەچێتە بواری زمانی جەستەوە.

**أ. چاوی بە قوڵداچوو ( عینان غائرتان ) :**

کەسی خاوەن چاوی قوڵ بەبێ هۆ بەشداری ناکات لە گفت و گۆدا. کەسەکە لە جێوە دادەنیشێ و گوێت بۆ هەڵ دەخ ات. ئەمەش ڕەنگ دانەوەیەکە بۆ بەشداری کردنێکی ئاسودە. ئاگادارت دەکەمەوە کە ئەم هێمایە هەروەها ئاماژە بە توانایەکی بەرزی دبلۆف لێدان دەکات کە مەرج نیە تەنیا لە یاری پۆکەردا سودی لێ وەربگیرێت.

ئاریشەی دەروونی کە سەرچاو بە قوڵدا چووە کە چیە ؟ هەموو خەڵك

دەیزانێ. ڕەنگە هاوڕێ کەت لە پشت بزە بە نەزاکەتەیەوە لە ناخدا چاوت لێ مۆڕ بکاتەوە. بە شێوەیەکی نمونەیی مەودای هەستە شاراوەکە لەنێوان شك و گومانێکی پارێزکارانەو گاڵتە پێکردنێکی هێمن دایە.

مەرج نیە ئامانجەکە هەڵخەڵەتاندن بێت تەنها کەلێنێك لەنێوان هەستە دەروونیەکەو ڕواڵەتەکەدا دێتە دیتن. هەرگیز لە خۆت پرسیوە کە بۆ نمونە (( ریحس فیلبن )) لە بەرنامەی (( Who wants to Be a Millionaire )) کێ دەیەوێت ببێ بە ملیۆنەر کاتێك دەپرسێ ئەمەدوا وەڵامتە ؟ چ شتێك لەناو مێشکیدا دەخولێتەوە؟[١٦٠].

ئەو کەسانەی چاویان بە قوڵدا چووە بەوە دەناسرێن کە جدیە لە هەڵس و کەوت کردن و مامەڵە کردندا، هەڵس و کەوت دەکات لە جدیەکی زۆرەوە لە ژیانی و کارەکانی و بەرپرسیارێتی داهاتووی لەسەرشانی، هەندێ جار واهەست دەکەن کە جیهان دەپارێزن بە خێزانەکەی بەیەکێك لە بەرپرسیارێتی پەیوەست بە خۆیەوەو لەبەر ئەوە جیادەکرێنەوە بە کەم و کوڕی و هاندەدرێن بە خێرایی کاتێك کەسانێ دەبینن کە هەڵسوکەوت دەکەن بەبێ پاکانە و تحمولی بەرپرسیارێتی ناکەن، ئەوانەی تەحەمولی بەرپرسیارێتی ناکەن لەهەر شتێکدا هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەموو شتی خۆیان، جگە لەمانە چی ئەنجام دەدەن ؟ . . کە هەستی پێ دەکەن و ئەمە دەتوانن ئەنجامی بدەن.

هەر وەك ئەوانەی بە جدیەتی زۆر دەناسرێنەوە نقوم دەبن لە تفکیر کردن و لە هیواو لە ئەمەلدا، تەنانەت ئەگەر هاتوو بە کەمی ماوەی نێوان چاوەکان لەیەکتریش بناسرێن واتا لێبوردەیی کەم و پرچی نەرم (هەستیاربوون) و

---

[١٦٠] – ڕۆژ ڕۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ،سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧-١٣٨.

لەبەر ئەوە، رەنگە گەورەبێت لە کاروبارە بچوکەکان بۆ دەست گرتن بەسەر بیرکردنەوەکانی و ئیشکردنەکانی بە تەواوەتی، ئەو کەسانە لای رۆژهەلآت نابینن لە ژیانیانداو چیژی خۆشی و دنیاش ناکەن، پاشان تێ دەگەن لە پێداویستیەکان بۆ زیادبوونی کرانەوەو چێژ وەرگرتن لە ژیانیاندا، ئەگەر هاتوو یەکێك لەو کەسانە مومارەسەی هیوایەتێکی دیاری کراو بکات، یان هەر چالاکیەکی جەستەیی یارمەتیت دەدات لەسەر خاوبوونەوەو هەست دەکەن بە حەوانەوەو چێژوەرگرتن لەگەلیدا.

لەلایەکی تردوە دەبینین ئەو کەسانە ناناسرێن بە جدیەت و هەلسوکەوت لەگەلْ کارەکان بە کەمێ جدیات و گرنگی ئەو پێناوە نازانێ.

**کاریگەری جدی بوون لەسەر پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکان :**

لە پەیوەندیە هاوسەرداریدا، لایەنێك هەست دەکەن بە کەمی جدێتی و هەست کردن بە کەئابەو خەمۆکی لە ئەنجامی جدێتی زۆری لایەنەکەی تر کە بە قورسی دەیخاتە سەر شانی بە زیادکردنی گرنگی کار، لایەنەکە دەگاتە جدیەتێکی زۆر تاکو رادەیەك دەبێتە هەرەشە لەسەر پەیوەندیە هاوسەرگیریەکە. [١٦١]

**چاوی بە قولْداچوو :-**

نهێنی پاریْز، دوو نواڕ ووردبین، خۆپاریْزی، خۆراگری و بیرکردنەوە بە روالْەت کراوەو هێمنە بەلآم لە دەروونداا بە شێوەیەکی بەردەوام سەرقالْی شیکردنەوەو هەلْسەنگاندنی زۆرە، تەنانەت ئەگەر سەری خۆی بە نیشانەی بەلْێ بجولْێنێ. بێ گومان بەو واتایە نیە کە بەو شتەی وتراوە بەلْێ رازیە، زۆر

---

[١٦١] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٢ – ١١٣.

پرسیار دەکات و بە وردی هەڵدەسەنگێنێ و پێش بڕواکردنی بەهەر شتێك پێویستی بە هۆکارو بەڵگەی مەنتیقی هەیە، هەوڵ دەدات بەشتی وەکو بیرکردنەوەی قوڵ خوێراگری خۆپارێزی ووردبینی لە ویژدان و دەروونی دا پارێزگاری لێ بکات. (١٦٢)

گرنگی پێدانی راستی سیمای جددی وەردەگرێ، لە ژیاندا یاسای نەزم هەیە، بەڵام خەڵکانی کە بە راستی گرنگی دەدەن بە شتەکان، ئەو کەسانەن کە دووچاوی ڕەشیان لە قوڵیدا هەیە، وا دیارە بۆ ئەوەی هەمیشە لەلایەنی گرنگیدا بن، ئەوانە خۆیان و هەروەها بەرپرسیارێتیان بە ڕاستی وەردەگرن، خەڵکانی تر هەست بەوە دەکەن، بۆیە ئارەزوو دەکەن بەرپرسیارێتی ئەوتۆیان بدەنێ، کە سەرو تەمەنی خۆیان بێت. ئەوان ژیان بەراستی وەردەگرن، چێژ لە گاڵتەو رابواردن وەردەگرن، زیاتر لەوەی کە خۆیان گاڵتە بکەن.

ئەگەر تۆ مامەڵە لەگەڵ کەسێکی وا بکەیت کە گرنگی بە راستی بدات: ئەوا چاوەڕێ ی تەقینەوەی نوکتەو گاڵتەو گەپ مەکە، بەڵام ئەوە بزانە کە ئەوان زیاتر خۆشی لێدەبینن، وەك ئەوەی کە بەرووبانەوە دەردەکەوێت و کاری تەواو و بێ گاڵتەیان بدەرێ، هەستی بەرپرسیارێتیان بجوڵێنە. (١٦٣)

کاتێکی دوورو درێژی دەوێت تاکو کەسانی چاو بە قوڵداچوو بناسین سروشتی و تەبیعەتیان شاراوەو نادیارو پارێزکارو بێ دەنگە لە سەرەتادا وەك ساحر دەست پێ دەکەن، بەڵام دەبێتە هۆی هاندانی کەسە نزیکەکانی تاکو تێکیان بشکێنێ. ئەو کەسانە قورسە بۆیان هەستی ناوەوەی خۆیان بە

---

١٦٢ – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٧ – ٤٨.

١٦٣ – ڕۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمين حسين ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥ – ٤٦.

وردی دەربـڕین. ئەوانـە درەنـگ دەسـت پـێ دەکـەن، مانـای وایـە ئاسـایی رێچکەیەکی پیشەیی و هاوبەشی ژیانیان هەیە بە شێوەیەکی گونجاو، هەتاکو دەگەنە سالانی تەمەن سی سالی[١٦٤].

خەڵکی چاو بە قوڵداچـوو ئەوانـە دەڕوانـن لـە شتەکان تـاکو لـە جوزئیـات و ووردەکاری تێ بگەن، بەڵام تێڕوانینەکانیان گشتگیر دەکەن.[١٦٥][١٦٦]

کەسـانی چـاو بـە قوڵـدا چـوو گرنگـی دەدەن بـە وردەکـاری و تفاصـیل و جوزئیاتی کاروبارەکان.[١٦٧]

چاوی بە قوڵداچـوو خاوەنەکـەی سـەیری هـەر شتێك بکـات وردەکاریـەکانی تێدەگات، حەز بە سەرنجدان ناکات.[١٦٨]

**ب. چاوی دەرپەڕیو ( عینان جاحظتان ) :**

مانای هۆگری خاوەنەکەی بۆ ئامادەبوون لەناو کۆمەڵێك کەسدا، بێزاری لە قسە پـێ بـڕین و خـۆ هەڵقورتانـدنی خـەڵکی بـۆ نـاو قسەکەی. بـە خۆرسـك کەسـێکی کۆمەڵایـەتی نیـەو زۆر هـــۆگری نـــاو کـــۆڕو کۆمەڵـــە خەڵکـــە، پێویـــستی بـــەوە نیـــە رابەرایـــەتی کارەکـــان بکـــات لـــە

---

١٦٤ – ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠.

١٦٥ – جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٧٤ – ٧٥ .

١٦٦ – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٨٩.

١٦٧ – د.أيمن أبو الروس، فن قراءة الوجوه و كشف خبايا النفوس ،سەرچاوەی پێشوو ، ل٧.

١٦٨ – أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هـەورامان علی ، خوێندنـەوەی روخـساری مـرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

کۆڕو دەستەکاندا بەڵام دەیەوێ رۆڵی هەبێت . ئەگەر لەناو کۆمەڵە کەسێکدا پشت گوێ بخرێت یان هەڵبدەنە ناو قسەکانی ئەوا خەمبار دەبێت و پەرژینێکی سۆزیاری بە دەوری خۆیدا هەڵدەچێنێت. [١٦٩]

کەسێکی چاودەرپەڕیو، دەرفەتی ئەوەت پێ دەدا تاکو بزەو گریان و خەم هەموو دەربڕیت ئینج بە ئینج هیچی ناشارێتەوە، زۆر چوونە ناو گفت و گۆ، شێوازە پەسەندەکەیە، زمانی جەستە دەڵێت ئەم کەسە کەسێکە دەقاودەق لەسەر لێواری کورسی دادەنیشێ. ئەگەر تۆ ئەم هێمایەت هەبێت بۆ خۆت دەزانیت کە مەیلی ئاشکرات هەیە بۆ بەشداری کردن لە گفت و گۆدا زۆر گرنگترە لە باری دەروونیت. تۆ بە راستی و بە تەواوی لە گفت و گۆیەکدا هەبوونت هەیە. ئەمەش ئامۆژگاریەکی بچوکە. ئەگەر کەسێك ئەوەندە مژوولی قسە کردن بوو، قسەی پێ مەبڕە دەنا بە هەمان شێوە کە (ئارشی بانکر) فەرمانی دەدا ((دەنگت بڕە)) قسەکانی تۆش دێتە بڕین، بەڵێ، ((جێێن ستاپلین))ی ئەکتەر بەخۆی و بە چاوە دەرپەریوەکانیەوە لەگەڵ ئەو رۆڵەی لە کۆمیدیا تەلەفزیۆنە کلاسیکیەکەدا پێ ی درابوو، واتا لەگەڵ رۆڵی ((ئێدیت))ی هاوسەری ئارشدا، دەگونجا. هاوسەرێکی زۆر بەرچاوتر لەم ڕووەوە ((بار بارا بوش))ی هاوسەری سەرۆك کۆماری پێشەوە کە بۆ ئاخاوتن لەگەڵ خەڵك زۆر گەرم و گوڕبوو. [١٧٠]

ئەو کەسانەی چاو و برۆیان رەش نیەو چاویان لە پولاییدا نیە، زیاتر سەربەستن لە جموجۆڵیانداو چوست و چالاکن و بە ئاسانی هەواوو ئارەزووی

---

[١٦٩] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٢.

[١٧٠] – رۆز رۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد )هێزی خوێندنەوەی ڕوو ،سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠ – ١٤١.

سەیران و پشوکردن دەکەوێتە سەریان. ئەگەر تۆ مامەڵە بکەیت لەگەڵ کەسێکدا کە کەمتر گرنگی بە جدی یان بدات ، ئەوا نوکتەیان بۆ بکە، کاردانەوەکەی زیاتر کراوە دەبێت و دەتوانیت باسی بابەتی سادەو ساکار تر بکەیت و لە هەڵس و کەوتدا سەربەستی یەکی زیاترت دەبێت، لەو شتانەشدا کە تۆ زۆر بە گرنگیەوە وەریان ناگریت. [١٧١]

دوو چاوە دەرپەڕیوەکان کەسانی خۆ دەرخەرو پیشاندەرو نمایشین و بە زۆری ئەو شتانەی دەیڵێن عەیب و عاری بێ ئاگایی یە. لەبەر ئەوە دەناسرێن بە حەماسیەت و گەرم و گوڕی و فزوڵی و خۆتێ هەڵقورتێنت بە زۆری هاندەدرێن. هاوڕێ یەکمان لە کاری کۆمیدیا کار دەکات دووچاوی دەرپەڕیوی هەیە. ئەوەی دەیخاتەڕوو کۆمەڵێك تێبینی و کەم و کوڕی سەبارەت بە ژیانی رۆژانە، چۆن زۆرجار بە هەڵە تێدەگەن. [١٧٢]

پێویستە چاوە دەرپەڕیوەکان اختیاری چاو لە کۆڵەکەی لوتەوە ئەمەش دژی دەرپەڕینی چاو، چاو دەرپەڕین ئاماژەیە بۆ ئەندازەی خاوەنەکەیەتی لە فێربوونی زمانەوانی و ئەهلی رەوانبێژین لە وتاردان و ئاسانی لە نوسین. چاودەرپەڕیو خاوەنی نوسینی وێژەیی ناودار چاوگەش و چاو جوانەکانن، بەڵام تێڕوانین دەکەن بۆ کاروبارەکان بە گشتی و لە ڕووی جوانیەوەو لێکۆڵینەوە دەکەن بە وردی. [١٧٣][١٧٤]

---

[١٧١] – ڕۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمين حسين ) ، زمانی ڕوخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

[١٧٢] – ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٢.

[١٧٣] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٨٨ – ٨٩.

[١٧٤] – جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦١.

مەبەست لە دەرپەڕینی چاو اختیاری چاو ئەمەش پێچەوانەی چاو بە قوڵدا چوونە. ئاسایی خاوەن چاوە بە قوڵداچووەکان وەسف دەکرێت بە فەسیح و ڕەوان لە قسەکردنداو پێگەیشتوو وتاردان و نوسین و زمانەوانی دا و ئاسایی ئەوانە تێڕوانین دەکەن لەسەر کاروبارەکان بە گشتی و کۆی کاروبارەکان و ووردبینی نین لە وردەکاری. [١٧٥]

**چاوی دەرپەڕیو** : خاوەنی توانای فێربوونی زمانەوانی یە ، زمان پاراوە لە وتاربێژی و نوسیندا، حەزی لە کورت کردنەوەیە بە بێ درێژەدان بە وردبینی. [١٧٦]

چاوی دەرپەڕیو : ئەوەندە فرە بڵێن دەرفەت بە کەسی دیکە نادەن بیروراکان دەربڕن. زۆر وریا بن و هەڵ مەدەنە ناو قسەکانیان. کارێکی لەو چەشنە زیان بە هەستەکانیان دەگەیەنێت. [١٧٧]

**چاوی قوڵ** : کەسانی چاو قوڵ کاتێک سەریان دەخورێنن و دەلەقێنن وا دەردەکەوێت کە لەگەڵتاندا هاوڕابن ، بەڵام لە راستی دا هیچ دەستە بەریەک نیە بۆ ئەوەی قسەکانی ئێوە یان پەسەندکردبێت.

هاوکات بە جوڵاندنی سەریان خەریکی تاوتوێ کردنی وتەکانی ئێوەن. پەلە مەکەن و کاتی پێویست و زانتیاریان بخەنە بەردەست بۆ ئەوەی بریار بدەن. [١٧٨]

---

[١٧٥] – د.أيمن أبو الروس، فن قراءة الوجوه و كشف خبايا النفوس ،سەرچاوەی پێشوو ، ل٨.

[١٧٦] – أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

[١٧٧] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٦.

[١٧٨] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٧.

**قوڵی گۆشەی چاو** : زۆر جار ئەو تواناو بەهرانەی کە تاك لێیان بێ ئاگایە بەسەر روخسارەوە دیارن. خاڵی هەستی شەشەم لە گۆشەی چاودا قوڵیەك هەیە کە روناکی پێچەوانە دەکاتەوە.

**هەستی شەشەم و توانای پێشبینی** : خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە هەستیارێکی رۆحی بەرزی ئەم بەناوداچوونە بچوك و قوڵانە بە قەدەر ساچمەیەك دەبن هەستی شەشەمی بەهێزی ئەم کەسە، یارمەتی دەدات کە تاکو پێش رووداتی کارەسات لێیان ئاگادارببێت. لەبەر قەراربوونی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکداو تێگەیشتنی گرفتەکانیان توانایەکی تایبەتی هەیە. [١٧٩]

چاڵی بن سوچی چاوەکانت : زۆربەی توانست و تواناکانی مرۆڤ کە خۆی بێ ئاگایە لێیان، لەسەر رووەت بەدیاردەکەون. خاڵی هەستی شەشەم ( لەبن سوچی میلی چاوەکان چاڵێك هەیە تیشکەکان دەداتەوە) ئامازەیە بۆ هەستی شەشەم و توانای پێشبینی کردن، خاوەن ئەم تایبەتمەندیە لە رووی دەروونیەوە زۆر هەستیارە ئەم چاڵانە بچوکن و قوڵن، ئەوەندەی ساچمەیەك دەبن. هەستی شەشەمی کەسەکە یارمەتی دەدات بەر لەرووداتی رووداوەکان هەستی پێ بکات. لە دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی و تێگەیشتن لە کێشەکانیان خاوەن توانایەکی تایبەتە. [١٨٠]



---

[١٧٩] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٩ – ٥٠ .

[١٨٠] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٤.

**قەبارەی سۆما (گلێنە)ی چاو: (حدقتا العين كبيرتان)**

**ئاماژەیە بۆ بیرو هزری و ژیری وێنەیی و ئەزمون خوازی و کاردانەوەی هەست و سۆزاوی لەگەڵ هەستەکانیدا پەیوەندیەکی قوڵی هەیە و کاردانەوەی سەبارەت بە ژیان زۆر هەستیارانەیە. بیرو هزری و ژیری وێنەیی زۆرباشە و فێربوونەکانی لە ڕێگەی بینین و ئەزموونکردنەوەیە. ئەگەر لەکاتی گوێگرتندا بتوانێ بیژەرەکەی یان بابەتە باس کراوەکە ببینێ ئاسانتر لێ ی تێ دەگات.** [١٨١]

**أ. دوو گلێنە(سۆما)ی گەورەی چاو ئاماژەیە بۆ دەربڕینی زۆری هەست و سۆز، لە ڕاستی دا ئەو کەسانەی چاوی درەوشاوەیان هەیە بە ئاسانی بەیەک دەگەن و نزیک دەبنەوە لە کەسانی تر، ئاسایی ئەوانە قسە خۆش و دۆستن و ڕێزدارن لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کەسانی تر، بەڵام چاوەساردو سۆڵ ئەوانە دەست دەکەن بە پشکنینی ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتیمان، و لە بیرنەکرێت کە چاو نیشانە دەنێرێت دەخوێنرێتەوە بەبێ هۆشیاری و ئاگاداری و دەتوانین حوکم لەسەر ئەو کەسانە بدەین بە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا بە پشت بەستن بە شارەزایی پێشوو.**

**ئاسایی سۆما(گلێنە)ی چاوی مندالْ گەورەیەو فراوانە بە ڕەچاوکردنی سیفەتی پاکێتی کە منداڵ پێ ی**

---

[١٨١] - **ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٣.**

ناسراوە. ئەم پاکێتی یە جوانە لە منداڵدا هەست بە ئارەزوویەکی زۆر دەکەین کە لە دەستمان دان و بەریەکەوتنمان هەیە لەگەڵیاندا بۆ زیاتر نزیک بوونەوەیان لە خۆشەویستی و دۆستایەتی کە لە چاوەکانیاندایە.

چاومان بە ئافرەتێك دەکەوێت کە چاوی ساردو سۆڵە، هەواڵمان هەیە کە ئەو ئافرەتە هەست بەمە دەکات کە بە زۆری بەهەڵە لێ ی تێ دەگەن. لێکدانەوەمان نیە بۆ ئەمە. ئەو خەڵکانەی چاوی پێ دەکەوێت پێویستی بە هەندێك کاتە هەتاکو رزگاری دەبێت لە کارتێکردنەوەی کە وەری گرتووە لێ ی لە یەکەم چاوپێکەوتن کە ئافرەتەکە کەمتەرخەم و لەدەستی دەدات بۆ گەرم و گوڕی لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی تر. لە راستی دا ئەو تێڕوانینە ساردوکەم تەرخەمە شاردرایەوە لە پشت کەسێتیەکی زۆر گەرم و گوڕ. بە پلەیەکی گەورە لە چاودێری و گرنگی پێدان بە کەسانی تر ئەگەر هاتوو تۆ هەستت کرد بە ئارەزوو لە دوورکەوتنەوە لە هەندێك کەس و مامەڵە نەکردن لەگەڵیاندا. دەرفەتێکی تەواوەتیان پێ بدرێت و هەوڵ دەدەن کە زیاتر نزیك ببنەوە لەیەکتر تاکو ئاشنابن لە نزیکەوە، پاشان دوای ئەوە بریاربدەن و ئەگەر دوور بکەونەوە لێیان یان هەست و کارتێکردنیان نەمێنێ لە یەکەم جارداو بگەن پێیان.

**گلێنەی گەورەی چاو ، دەربڕینی زۆری سۆز (عاطفة) :**

چەندێتی سۆز دیاری دەکرێت کە کەسەکانی دەڕی دەبڕن لە قەبارەی گلێنەی چاو بە بەراورد بە دلّ ڕەقی (تۆیژی دەرەوەی چاو کە سپی و وشکە)هەتاکو گلێنەی چاو فراوانترو گەورەتربێت و لە قەبارەدا گەورەتر بێت. هێندە ئەو هەست و سۆزە زیاتر دەبێت کە کەسەکە دەری دەبڕێت ، ئاسایی ئەو کەسانە دوو گلێنەی گەورەی چاویان هەیە زۆری عاطفین و زیاتر کراوەن بۆ دەربڕینی

سۆزو هەستەکانیان، هەروەک ئەو کەسانە ئەندازەیەکی گەورەیان هەیە لە خۆشەویستی و هۆگربوون، ئەو کەسانە هەست و سۆزیان دەردەبڕن تەنانەت ئەگەر لە خەفەتباری و بارودۆخی ناخۆشیشدا بن یان لە ئاسودەیی و دڵ کراوەیی دابن و لە هەندێ کاتدا ئەوانە تارادەیەکی زۆر عاطفین بە تایبەتی کاتێک ئەم سیفەتە لەگەڵ سیفەتی کەم لێ بوردەیی بەریەک دەکەون لەناکاو. [١٨٢]

## ب. بچوکی گلێنەی چاو ( گلێنەی چاو لە بچوکترە لە بیلبیلە {سپێنە})ی چاو:

ئاماژەیە بۆ زۆر هەستیاربوون بە هاوارکردن (هاوار بەسەردا کردن) و نیازمەندو پێویستی بە هاندانی سۆزداری هەیە لە کارکردندا، لە منداڵیەوە زۆر هەستیار بووە لە رووی سۆزداریەوە، ئەگەری زیان پێگەیشتنی هەبووەو لەوانەیە ئەم هەستیاریە بووبێتە هۆی ئەوەی لە قسەو هەڵس وکەوتی خەڵکی زویربببێت . لە ئەنجامدا زۆر هەستیارە لە بەرامبەر هاوارکردن و خۆی پێراناگیرێت و زۆر تورە دەبێت.

هەڵس و کەوت و ئاماژە جەستەیی یە هیوا بەخشەکان کاریگەری زۆر ئەرێنییان دەبێت لەسەری و وردی بەرز دەکەنەوەو ئەنگێزە(وره)ی دوو هێندە دەکات. [١٨٣][١٨٤]

---

[١٨٢] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٥ – ٧٦.

[١٨٣] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٣ -٦٤.

[١٨٤] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٨ – ٤٩.

ئەو کەسانەی دوو گلێنەی چاویان بچوکە، عەطف و سۆز کار ناکاتە سەر بڕیارەکانیان، توانای بێ بەری کردن و خۆلادانە لە سۆزیان هەیە لە کاتی مامەڵە کردن، لەگەڵ کەسانی تر ، لەبەر ئەمە بڕیارەکانیان دژی بەردەستەکانیەتی بە جۆرێك لە جۆرەکان ، بەو پێ یەی ئەو کەسانە کەمتر سۆزو هەستیان دەردەبڕن و ئەگەر هاتوو تۆڵە کردنەوەیەك بوو لە کەسانی تر ئەوانە تۆمەتبار دەکرێت و کەمتەرخەمن و بەتاڵن لە سۆز بە تەواوەتی، لەراستی دا ئەوانە پارێزگاری دەکەن لە هەستە ناوەکیەکانیان و نایانەوێت ئەو هەستانەیان دەربکەوێت، تێبینی ئەو کەسانە دەکەین کە دەربڕینی هەست و سۆزیان کەمە خۆشەویستی دەرناخەن بۆ کەسانی تر، ئارەزوو ناکەن لە دەبڕینی هەستەکانیان. بە روکەش ئارام خۆیان دەردەخەن و پیشان دەدەن و هەڵسوکەوتیشیان باش دەکەن لەو هەڵوێستانەی دەبینرێت لە کۆنترۆڵ کردنی هەست و سۆزدا، ئەوانە شانازی دەکەن بە توانایان لە کۆنترۆڵ کردنی هەست و سۆزدا، بەڵام هەندێك جار ئەم سیفەتە ئامارژەیە لەسەر توش بوون و رووبەرووبوونەوەی کەسەکە بۆ خراپی مامەڵەی قسەو ووشە یان جەستەیی یان سێکسی و رەگەزی لە رابردوودا.

پێداگری و سووربوون لەسەر هاندانی خەڵکانی کەم سۆز لە دەربڕینی زۆری هەست و سۆز ئەمە کارێکی قورسە لەسەرتادا، لەبەر ئەوە پێشنیاریان بۆ بکرێت کە هەنگاو بە هەنگاو سۆزیان پێشکەش بکەن، لە راستی دا ئەوانە هەست دەکەن بەوەی کە خۆیان عەیبدار دەکەن لە رووی دەروونیەوە بەرامبەر بە کەسانی ترو هەمووان دەیانەوێت هەموو شتێکیان لە بارەیانەوە بزانن، قورسە لەسەریان کە دەستەوانەی خۆپارێزی دەشکێنن و لادەبەن کە وازدێنن لەمانەوەی خۆیان و هەستەکانیان.

ئەو کەسانەی هەندێك کات بەو پێ یەی کە بە درێژایی سالانی تەمەنی رابردوویان کە خەڵکی گرنگیان بە هەستەکانیان نەداوە، لەبەر ئەوە پارێزگاری دەکەن لە سۆزو عەطفیان، ترسیان هەیە لە رووبەرووبوونەوەی گەورە کە توشیان دەبێت ئەو سۆزەیان بۆ دەرەخسێ، ئەمەش هەرەشە دەکات لە پەیوەندیە کەسی یەکانیان، لە چاوەکانیدا هەست کردن بە کێشە سۆزداریەکانی دیارەو ئەوانە خۆیان گێل دەکەن لەبەر نەڕەخسانی هەستەکانیان. [١٨٥]

## نیشانەکانی دڵەڕاوکێ و ترس :

ترس و دڵەراوکێ لە جەستەدا بەنێوانکەوتن گلێنە (ناوچەی رەنگاو رەنگ)ی چاوەکان دەردەکەوێت، واتا سپێنەی چاو دەکەوێتە نێوان گلێنەو پێڵوی چاوەوە چاوەکان دەکەونە لەرزینەوە. بە بوونی هەر هزر یاخود هەستێکی لاوەکی لە نیگەرانی، چاوەکان دەکەونە جێگۆڕکێ و هەستە راستەقینەکان ئاشکرا دەبن.

دەتوانرێت ترس و دڵەراوکێ ببینرێت ، تۆڕەبوون ببینرێت لە چاوەکاندا بە رووڕی، لە کاتێکدا لە چاوەکانتدا دەبینرێت لەبەردەم ئاوێنەدا سپێنە( بیلبیلە) لە هەردوو لای گلێنە (سۆما)ی چاودا. بە شێوەیەکی گشتی، پێویست ناکات کە بەشەکانی سپێنە ببینرێت لەسەر ڕووی خواروی گلێنە ( سۆما ، رەشێنە)ی چاو، و لەم سپێنەیەدا نیشانەی ترس و دڵەراوکێ پیشان دەدرێت. [١٨٦]

---

[١٨٥] – ناعومي آر . تيكل ، بناءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٧ – ٧٨ .

[١٨٦] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٦.

**أ. دڵەراوکێ (بەشێك لە سپێنە –بیلبیلە–ی چاو لەژێر گلێنەی چاودایە:**

دڵە خورپێ ی فیکری(نیگەرانی هزری) کاتێ سپێنەی نێوان گلێنەو پێڵوی خوارەوەی هەردوو چاو دەردەکەوێت، هەوالێ لەسەر نیشانی فیکری و رۆحی وە بە بۆچوونی زۆر ترس و دڵە خورپێ ی دەروونی دەدات ئەگەر ئەم تایبەتمەندیە لە چاوی چەپدا ئاشکراتر بێت ئەم دڵە خورپەیە پەیوەندی بە ژیانی کەسی کەسەکەوە دەبێت. ئەگەر ئەم حاڵەتە لە چاوی راستدا ئاشکراتر دەبێ ئەم نیگەرانی و پەرێشانیە فیکریە بە ژیانی کاری کێشەو گرفتی ماڵی کەسەکەوە پەیوەندی هەیە. [۱۸۷]



بە شێوەیەکی گشتی گلێنەی چاو گەورە دەبێت لە منداڵدا لە کاتی لەدایك بوونیەوە، بەڵام ئەگەر منداڵ لە ناوچە شەڕاویەکاندا بژێیت گەر سەرنج بدەین سپێنەی چاو درێژ دەبێتەوە لە ژێر هەردوو گلێنەدا، ئەمەش ئاماژەیەکە ئەو منداڵەیان پێگەیشتوو توشی فاشرێکی زۆر بووە. ئەگەر هاتوو سپێنەی چاو بچێتە ژێر یەك گلێنە بە تەنها، ئەمەش ئاماژەیە بۆ قۆناغی یەکەمی ژیان لەژێر فشاردا، بەڵام ئەگەر هاتوو سپێنەی چاو لەژێر هەردوو گلێنەدا بوو ئەوا ئاماژەیە بۆ بوونی فشارێکی درێژ مەودا تا رادەیەك کە ئەو کەسە هەست بە خەمۆکی (الکآبة) و خەفەتی زۆر بکات. [۱۸۸]

---

[۱۸۷] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل۵۲.

[۱۸۸] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل۷۸ .

خەمۆکی ئامارۆکەی ئەو نیگا پەژاراویی یەی چاوەکان هەیەتی کاتێک سپێنەیەکی زۆر لەژێر ڕشێنەی چاوەکانەوە دوبینێت ئەمە نیشانەی بارودۆخێکی بێ چارەی غەمگینە لە کەسێکدا.

لەوانەیە کێشەیەکی زۆر بێ تاوانانە بێت ، وەکو سادەی ئەو کێشەیەی کە بە هۆی کارکردنی دوو چەندانەوە بۆ بەدەستهێنانی پارەیەکی زۆرتر تاکو بەهۆیەوە یەکێک لە منداڵەکان بخرێتە کۆلێژی پزیشکی، ئەو کەسە ئەوەندە ماندووە کە تەنانەت نازانێت سێ شەممەیە یان پێنج شەممەیە. یان کێشەکە لەوانەیە ئەو کەسە کارێکی وای کردبێت کە شەرم بکات لێ ی ، وەک ئەوەی تلیاکی کێشابێت ، یان پەیوەندیەکی ناسروشتی هەبووبێت، کە هیوا دەخوازن کەس پێیان نەزانێت بە تایبەتی ژنەکانیان.

هەر هۆیەک بێت، هەواڵێکی ناخۆشە، کاتێ سپێنەیەکی زەق لەژێر ڕەشێنە (گلێنە)ی چاوەکانەوە دەبینرێت کاتێ کەسێکی خەمۆک رابردوویەکی باشی هەبێت لەگەڵ خۆ هێورکردنەوەدا، وەک بەهۆی پێکەنین یان پەیوەندیەکی سروشتی، لەوانەیە خەمۆکیەکەی بۆ ماوەیەک دوور بکەوێتەوە ، بەڵام بێ شک دەگەڕێتەوە چونکە کێشەکە بنەبڕ نەکراوە. کە وەک باریکی گرانی لێ هاتووە لەسەر شانی کەسەکە ئەوەش کاتێک لەناودەچێت کە کێشەکە تەواو چارەسەر بکرێت. [١٨٩]

ئەگەر هاتوو سپێنە لە خوارەوەی گلێنە (سۆما ، ڕشێنە)ی چاودا هەبوو، ئەوا مانای ئەوەیە تۆ لە ژێر فشاری ترس و دڵراوکێ یەکدایت لە سەرووی

---

[١٨٩] – ڕۆبەرت ئێل. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمين حسين ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣ – ٥٤ .

دەستەلآت و توانای تۆوەیە، ئەمەش قەلەقی و دڵەراوکێیەکی خێرا هاندراوە لە هەندێك حاڵەتی توندوقورسدا. [١٩٠]

**گلێنەی رەنگاو رەنگ** : ئەم کەسانە لەناوچەگەلەکان ناوچە ساردەکانن یاخود مامناوەند، پێستیان سپی یە ، قژو خورەوشتیان نەرمە، زەوقیان جوانە، جوڵەیان خێرایی یە، لاشەیان نەرمە.

**گلێنەی تاریك** : ئەمانە خەڵکی ناوچە گەرمەکانن خاوەن پێستێکی گەنم رەنگین و زبرن، لەگەڵ هێزی وێستندا، رەوشتیان تیژە ، سۆزێکی گومان لێکراویان هەیە. [١٩١]

**ب. ئەوپەڕی دڵەراوکێ ( بەشێك لە سپێنەی چاو کەوتۆتە سەرەوەی گلێنەی چاو) :**

ئامازەیە بۆ دڵە خورپەو دڵەڕاوکێ تارادەیەکی توندوتیژی، دەرکەوتنی سپیایی لە سەرەوەی گلێنەوە بەو شێوەیە ئامازەیە بۆ دڵەڕاوکێ یەکی ئێجگار زۆر کە لەوانەیە سەربکێشێ بۆ پەلاماردان و توندوتیژی. [١٩٢]



ئەگەر هاتوو سپێنە لەسەر ڕووی گلێنە بوو ئەمە مانای ئەوەیە تۆ قەلەق و ڕاڕایت و دڵەراوکێ تەو ترست هەیە، و تۆ زۆر هەستیاری. [١٩٣]

---

[١٩٠] – تێڕوانین و ڕای بەندەی نوسەرتان .

[١٩١] – أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

[١٩٢] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٦ .

[١٩٣] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٦ .

**تروکاندنی چاو و چاوتێبڕین (الأطراق) :**

ئەگەر هاتوو گلێنەی چاو تێربوو بۆ خوارەوە ئەمە دەردەکەوێت بە چاوتروکاندن کە ئەمە نەرم و نیان و متمانە پێکراو ڕونی ڕاستیەکانە. زمان حاڵێک دەڵێت (بێگومان لەدڵ فراوانی و لێ بوردەیی و نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی بەر لە ئامادەبوون و هاتن بۆ پارانەوە نوێژکردن و وێنەکێشان وێنەی چاوی داوێن پاکی (مریەم) دایکی (عیسا) دەکێشن کە دەیتروکێنێ کە ئاماژەیە بۆ نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی. [١٩٤][١٩٥]

**ج. شێتی (سپێنەی چاو هەم لە سەرەوە هەم لە خوارەوەی گلێنە دەبینرێت) :**

ئاماژەیە بۆ هەڵچوونی دەمارگیری ( ئەگەری دەست وەشاندن) و حەپەسان (هەژانێکی ئێجگار قورس) ئەگەر کەسێکت لە ئاوا دۆخێکدا بینی زۆر ئاگادار بە. ئاوا کەسێک لەوانەیە لەوپەڕی هەڵچوونی دەمارگیریدا بێت و لەوانەیە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی خۆی بێ ئاگابێت ئەم حاڵەتە دەتوانرێت لەو کەسانەدا بەدی دەکرێت کە پاش ڕوداوێکی دڵتەزێن لە شۆکێکی دەمارگیری بەهێزدابن یاخود لەژێر کاریگەری مادە بێ هۆشکەرەکاندابن. ئەگەر هاتوو سپێنەی چاو لەسەرەوەو خوارەوەی گلێنەی چاودا بینرا کە ئەمە حاڵەتێکی دەگمەن و کەمە، ئەمە مانای وایە ئەو کەسە ئەندازەیەکی زۆر لە ترس و دڵەراوکێ بە دەرەجەیەک کە ئەگەری لەدەستدانی هاوسەنتگی ئەقڵی هەیە و بۆ بەختێکی باش ، کە بۆ

---

[١٩٤] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٨٩ .

[١٩٥] – جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٢.

وەرگرتنی هەنگاوە چالاکەکانی ئەو کەسە بۆ کەم کردنەوەی پلەو رادەی ترس و دڵەراوکێ چاوەکان پێچەوانە دەگەڕێنەوە بۆ دۆخی سروشتی پێشویان.[١٩٦]

کاتێک کتێبخانەیەکم هەیە بۆ فرۆشتنی کتێب بەر لە چەند ساڵێک، کاتێک یەکێک لە هاوڕێکانم هەمیشە بەشی سپێنەی چاوی لەسەرەوەو خوارەوەی گلێنەدابوو. پیاوێکی بەخشندەبوو لە مامەڵە کردن، بەڵام لەنێوان ماوە بۆ ماوەیەکی تر لە کاتی گەڕانی لە کتێبخانەکەمدا هەستی بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکرد، دەکەوتە قسەکردن لەگەڵ خۆیدا بە دەنگێکی بەرز لە کەسێکی خەیاڵی و وەهمی پیاوەکە قسەی دەکرد لەگەڵ عمیلێک کە عەمیلەکە ئافرەت بووە وەڵامی دایەوە، دڵە خورپەی لێ دەدا لە ماوەی چەند خولەکێک دوای ئەوە گەرایەوە سروشتی بەخشندانەی خۆی، وە لەو هیچ شتێک رووی نەداوەو دوای چەند جارێک، روون بۆوە ئاشکرابوو کە هیچ یەکێک لەو دڵە خورپانەی بیرناکەوێتەوە. وا راهاتبوو کە دەهاتە کتێبخانەکەم هەفتانە، بەڵام لە ناکاو وەستا لە هاتن واتا نەدەهات. کاتێک دوبارە گەرایەوە هاتەوە بۆ کتێبخانە دوای ٣ مانگ ، سەرنجم دا سپێنە لەسەرو خواروی گلێنەی چاویدا نەبوو، و دڵە خورپەکانی دوبارە نەدەبۆوە. باوەڕم وایە بە چارەسەری خۆی گەیشتووە بە ئەندازەیەکی زۆر لەو ترس و دڵەڕاوکێ یەی پێشتر هەیبوو.[١٩٧]

---

[١٩٦] -مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢-١٣٣، ل١٥٩

[١٩٧] - ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٧ – ٦٩.

## پێڵوی چاو /

أ. پێڵوی سەرەوە :

کاری سەرەکی پێڵووی سەرەوە داپۆشینی چاو و بەرگری کردنە لە چاو لە بەرامبەر تەپ و تۆزو خۆڵدا، لە روانگەی رووەت ناسێکەوە پێڵووی سەرەوە نیشانەی زانیاری گەلێکی وەك ئاستی پەیوەندی کۆمەلایەتی و رادەی پێویستی بە گەرم و گوڕی خاوەنەکانیانە.

١. پانی پێڵووی سەرەوە واتا (بەشێکی زۆری پێڵووی سەرەوە لە کاتی کرانەوەی چاوەکانیدا دەردەکەوێ) : ئاماژە بە بوونی پێویستی زۆری خاوەنەکەی بۆ گەرم و گوڕی پەیوەندی کۆمەلایەتی و کەسی و بەئەمەك بوونی ، خاوەنی ئەم جۆرە پێڵوانە خوازیاری زۆرترین رادەی تێکەڵی و گەرم و گوڕی یە. لەتەك کەسانی دیکەدا پەیوەندیەکی تووندوتۆڵ دروست دەکات و بەدوای کەسێکدا دەگەڕێ کە زۆر بایەخی پێ بدات و لە هەموو رەهەندەکانی ژیانیدا هاوبەشی بێت ئەگەر هاوڕێ نزیکەکەی یان هاوسەرەکەی دوابکەوێت لە هاوکاری و هاوسۆزی کردنیدا ئەوا زۆر نیگەران دەبێت. زۆر بە چاکی لە چەمکی ئەمەك تێ گەیشتووە لەوانەیە تەنها کێشەی ئەم جۆرە کەسانە ئەوەبێت کە سەرەڕای ئەوەی هاوسەرەکەیان زۆر بایەخیان پێ دەدەن بەڵام زۆر گوشاریان بۆ دەهێنن لەم بارەیەوە. [١٩٨]

---

[١٩٨] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٧ .

پێڵووی سەرەوەی چاو کە بە ئاسانی لەبەرچاوە، لەسەر وێنەکەی ئەندرۆ جاکسن، ئەوەی کەم شیکاری و کاری راستەوخۆی دەکرد، هەروەها کۆمەڵێك جەردە یارمەتیدەری بوون لە بەزاندنی بەریتانیادا، لە جەنگێکی بەپەلەی (نیو ئۆرلیێس). ئەوانە کەمتر شیکارن بگرە زیاتر کاری راستەوخۆ دەکەن، بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە ماوەی بە ئەنجام گەیاندنی ئیشەکە کەم دەکەنەوەو کەمتر بەناو تاقیکردنەوەکاندا دەڕۆن. ئەم جۆرە کەسانە چاکترین فەرمانبەری فریاکەوتنیان لێ دروست دەبێت، چونکە بەر لەوەی کارەساتەکە شی بکەنەوەو بۆچی رووی داوەو دەبوو ئاوابوایە، یەکسەر قەڵەم باز دەدەن و بریندارەکانی ناو ئۆتۆمبیلێکی وەرگەڕاو دەرباز دەکەن، پێش ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە گڕ بگرێت یان بتەقێتەوە. [۱۹۹]

**پێڵووی لەتبوو:** ئامازەیە بۆ ژیری ، وێژدان زیندوویی، خێرا گەرانەوە لە هەڵەکردن.

**پێڵووی لەرزۆك:** کە ناتوانێت نیگای بەرامبەر بکات لە کاتی وتووێژ کردندا. ئامازەیە بۆ شەرم کردن ، یاخود ترس، یاخود ئامازەیە بۆ پیسی و ناپاکی و دوو رووبی. [۲۰۰]

---

[۱۹۹] – ڕۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمين حسين ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل۳۹ – ٤٠ .

[۲۰۰] – أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل۳۸.

هەر کەسێك لە خەڵکی کە دەدوێت لەگەڵتدا و ناتوانن لە روخساری دەربچن و وردنابنەوە لە چاوەکانت، و سەیرت دەکەن و بڕۆکانیان لەرزۆك دەبن کە لە سەیرکردنت دەترسن، ئەوانە خراپ و رووچاونین. کە پیاوەکە دەتدوێنێ لە بارەی بیرکردنەوەکانی تەدابیرێکی دڵنیایی یە و ئەم پێڵوانە کە بێ گومان جیاکاری هەیە لەنێوان ئەوەی پێشکەشمان کردو ئەوەی لێك دەچێت لە هەندێك ئافرەتدا کە دەمارگیرن لە راست دا سنور و چێوە بەندی جینایی چاوەکان دەکرێت بە هیلاکی و دەردی بێ دەرمان یان بە شەرمەوە جوانترین سیفاتی چاو لە لێ بوردبوونەوەی عەرەبدا کە دەبێت (مام ناوەند بێت لە قەبارە)دا ئارام بێت لە پێکهاتەیداو ئاسودە لە سەیرکردنی دا. کە جفرەو شتە شاراوەکانی جیا نەکرێتەوە،ـ بەرتەسك نەبێت و مرۆڤایەتی لاواز نابێت و دەبێت پاکو پوخت بێت لە دڵگیری پاك لە خاڵدانان، نەرمیەکی باش هەیە لە شەوق و بریسکانەوەیدا، رەنگ و مێخی شاراوە بێت، رێك بێت لەلای پێڵووەوە، شفرەکانی گەش بێت، خۆشی و بەهرەداری تێکەڵبێ و ئاوێزانی یەکتر دەبن، سپێتیەکی ساف و پوخت و چاك و رەشیەکی پاك، گەورە نەبێت و بچوکیش نەبێت، بەقوڵداچوو نەبن و دەرپەڕیو نەبێت ، چاوتیژ و چاوتێر نەبێت وەك شتێکی رەق و وشك و بێ گیان ، و خێرا هەڵنەگەڕێتەوە وەك جوڵەی جیوە و گلێنەی دەرپەڕو نەبێت و بچوك نەبێ و گەورەش نەبێت و فراوانیش نەبێت، جۆراو جۆر نەبێت سپێتی یان رەشیەکەی و دەبێت چاو ئەندازەی تەرۆشێداربێت بەبێ لاوازی و بێ نەخۆشی، چاوی شین یان نیمچە شین ( شینی کاڵ)، یان چاو و پێڵووی رەش (چاو بە کل) یان چاوی ئاگرین یان چاوی نیمچە ئاگرین، پێڵووی قەڵە و ئەستور هەم پێڵوی سەرەوەو

پێڵووی خوارەوە چاوی بادەمی، رەشی گلێنە بوونی سپێنە لە دەوری گلێنەدا.

وتراوە کە کۆکردنەوەی هەموو ئەو سیفاتانە لە چاوەکاندا، ئەو چاوە وەسفکراوە دەگەڕێنینەوەبۆ چاوێکی نمونەیی کە حوکمی لەسەر بدرێ کە زیاتر سروشتێکی باشی تێدایە وەکو ئەقڵێکی زۆر چاکە کردن و پیاوەتی کردن و چاکەی زیاتر هێزی زیرەکی و ژیری وەسفکراو بە هەموو خورەوشتێکی باش. (٢٠١)(٢٠٢)

دیاربوون و ئاشکرابوون و دەرکەوتنی پێڵووی سەرەوەی چاو: ئامازەیە بۆ ئەوەی کە خاوەنەکەی دەیەوێت راستەوخۆ بگاتە ئامانج و ئەو کەسانە مەیلیان بۆ شیکاری کەمە لەلایەکی تردەوە، دەتوانرێت بزانرێت لەمەدا بەو پرسیارە راستەوخۆیانە کە دەیخاتە روو ئارەزوویەکی زۆری هەیە بۆ زانینی لوبی بابەتەکە بەبێ چوونە ناو تفاصیل و وردەکاریەوە، لەکاتێکدا ئەمە دەبینرێت لە نەبرەو تووندی و بەرزی دەنگی و شێوازەکەی دەردەکەوێت، دەزانم کە ئەو کەسانە لەپەڕی ئامادەیی دا لەسەرپێن بۆ تەواو کردنی رێکەوتن یان رێکەوتن لەسەر مەوعید یان کڕینی بەرهەمهێنراو یان هەڵسان بەهەر شتێ کە زەروورێت بۆ جێ بەجێ کردنی مهام و کارە داواکارو وسپێراوەکەی. و بیرتان بێت کە ئامازە بۆ ئەو کەسانەی کە مەیلی شیکاریان کەمە ئارامیان نیە لەسەرخۆ راگرتن لە گفت و گۆی چەلەحانێ ئ ئاڵۆزو خاڵ بە خاڵ یان چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە درێژەکان، ئەوانە ئاسایی ئاواتەخوازن کە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ بێت زۆر بە خێرایی گونجاو و زانینی

---

[٢٠١] - جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٧ – ٦٨ .

[٢٠٢] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٩٦ – ٩٧.

ئەنجامەکان و راسپاردەو تەوصیاتەکانی. ئەگەر هاتوو ئەو کەسانە بون کە ئیدارەی کۆبوونەوەکە دەدەن دەتوانیت پێشبینی بکەیت کە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ دێت لە نیوەی ماوەی بریار لەسەردراودا.

هەست بە بوونی مەیلی ئەو کەسانە ناکرێت بۆ زانینی هەموو شتێك کە ئارەزووی شیکاریان کەمە، ئارەزوو ناکەن وردبینی بکەن لە تفاصیل لەسەر شتەکان و هەڵوێستەکان کە دێت و دەڕوات، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە زانیاری پێویست بزانن کە پێویستە بۆ وەرگرتنی بڕیارەکانمان لە کاتی ئێستادا، و باشترە ئەو کەسانە بچنە ناو لوبی بابەتەکەوە راستەوخۆ ، پاشان بگەڕێنەوە بۆ مناقەشە کردنی تفاصیل، ئەگەر هاتوو لێرەدا پێویست بوو بۆ ئەم تفاصیلانە تەنها بە گەیشتن بە بیرو فکرەیەکی گشتی، دەبینین چەندە هەنگاوێکی فعلی وەرگرتووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوەی کە پێویستە بکرێت بەبێ خستنەڕووی پرسیاری جۆراوجۆر، و پرسیار دەکرێت لە هۆکار، بەڵام کات بە فیڕۆ نەدرێت لە چوونە ناو قولاێیی شیکردنەوەی مەسەلەکە، ئەوانە مەیلی شیکردنەوەو لێکدانەوەی دورودرێژ ناکەن، باشترە لەجیاتی ئەمە وشەو قسەی دیاریکراو و کورت و پوخت کە پێ ی دەگەن بەرەو ئامانج بە کورتترین رێگاو کەمترین کات و کۆشش.

ئەوانەی پل دەدەن بێ ئارامن لە پیشەکانیان، باوەڕ وایە کە ئەوانە هەستیان رەقەو توندن لە کارەکانیان بەڵکو ئەوانە باشترە کە بگەنە لوبی بابەتەکان و شتەکان بەبێ بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر کە ئەو تفاصیلە وردانە نازانن و کارە لاوەکیەکان لە سایەی کەسانی تر لێ ی دەکۆڵرێتەوە لە کاتێکی دوورو درێژدا. هەر وەك باشترە ئەو کەسانە رۆتین نەهێڵن و کارو ئەو ئەرکە داواکراوە کە بەجێ بگەیەنن بە کورتترین رێگای گونجاو. لە راستی دا دەست

پێ دەکەن بە تەنها بە هەست کردن  و درك کردن بە فکرەیەکی گشتی. ئەوانە کات بە فیڕۆ نادەن و دەست دەکەن بە جێ بەجێ کردن بە شێوەیەکی راستەوخۆ. لەبەر ئەوە ناچار دەبن کە خەڵك بوەستێنن لە کاتی دەست پێکیاندا. تەنها بە گەشتن بە فکرەیەکی گشتی. ئەمەش وا دەکات کەسانی تر نکوڵی لێ بکەن ئەوەی دەیبینن خراپە لەلایەکی ترەوە، ئەو کەسانەی مەیلی شیکاریان کەمە هەست بە شاراوەیی دەست پێکیان دەکەن.

زۆربەی جار ئەو کەسانەی مەیلی شیکاریان کەمە دەست پێکی کەسانی تر دەبڕن، یان تەنانەت کۆتایش دێنن بە دەستپێکی کەسانی تر ئەمەش دەبێتە هۆی زۆرێك لە کێشەکان و بەربەرەکانی زۆر، زۆر جار ئەوانە هەوڵ دەدەن کەسانی تر رازی بکەن و ئەم تێڕوانینە دەبێتە هۆی جیاوازبوون و جۆراوجۆربوونی ئەنجامەکان بە تەواوەتی لەو ئەنجامانەی کە مەبەستە، هانی خەڵکانی تر دەدەن تاکو قەناعەت بکەن بە بیروراکانیان و تەسلیمیان بن.

ئەگەر هاتوو بیانەوێت بگەن بە فکرەیەکی گشتی راستەوخۆ بەبێ چوونە ناو تفاصیل، لەبیرت بێت کە درك بکەیت لە کەسانی تر کە پێویستیان بە زانینی زانیاری زیاترە بەر لە وەرگرتنی و دەرکردنی بڕیارەکانیان، لەبەر ئەمە پێویستە لەسەرت کە لەسەرخۆبیت لە وەلامەکانت بۆ هەڵوێستە جۆراو جۆرەکان، ئامادەبن بۆ لێکدانەوەی هەڵوێست بە زیاتر لە تفصیل بە درێژی بۆ ئەو کەسانەی مەیلی شیکردنەوەیان زۆرە، لەم بارەیەوە ئەمە هەستێك دروست دەکات بە متمانەی دوولایەنە بە یەکتر کە هەڵبستن بە هەر ئەرك و فەرمانێك، ئەوانە دەکەنەوە لەسەرت دەرگای پرسیارەکان و دەگەڕێنەوە بۆ ئارەزووی ئەوانە بۆ زانینی زانیاری زیاتر لەسەر ئەم فەرمان و کارە، لەبەر ئەوە سور بە لەسەر نەوەستاندنیان پێش ئەوەی کۆتایی بێنن بە شتەکانیان ،

تـــەنها بـــە ئاشـــنابوون بـــە هاوكـــاری كردنيـــان كاتەكـــە تـــەواو دەبێت. [٢٠٣]

پێڵووی شكاویان تۆپەڵە بوو كە هاتوو میللی چاوی داخستبوو، خاوەنەكەی ئەهلی وقارو لەسەر خۆیین و وێژدان زیندوون، و ئەوانە نزیكترین كەسن بۆ تۆبە كردن و گەڕانەوە لە هەڵەوە بۆ راست.

**هێڵەكانی جۆگەلەی فرمێسك (تجعد الآماق)** : ئامازەیە بۆ ئەمانەت پارێزی پیاو لە هێڵە ئاڵۆزو لق دارەكان لە سوچی دەرەوەی چاو دەوترێت كە ئەگەر هاتوو ئەو هێڵانە روون و دیاربوون پوخت و تەواو بوون ئەگەر هەرەشە بوو لە بێ دەستەڵاتی و كەساسی هەمیشە لە ئافرەتدا. [٢٠٤] [٢٠٥]

## ئەستورایی پێڵوو :

أ. پێڵووی یەكانە ( پفكە پێڵووی داپۆشیوە ) : ئەم جۆرە پێڵووە پێستە كە راستەوخۆ لە ئێسقانی برۆوە بە چاوەوە بەستراوەتەوە.

ئەستوری پێڵوو بریتی یە لەو قەدە پێستە كە راستەوخۆ لەسەر پرژانگەكانتە ( زۆربەی كات پێڵووی یەكانە ئەستورایەتی پێڵووی نیە ، بەڵام هەرگیز نابێت بڵێ ی هەر ئەستور نیە)). زانایانی تۆیكاری ناوێكی خۆشیان لەو شتە ناوە كە لەسەر بەشی ناوەكی ئەستورایەتی پێڵوو بەدەردەكەوێت ناوەكە بریتی یە لە شانەی قولە پێی ، بەڵێ لەو گەمەی منداڵاندا تیایدا پێڵووی چاویان ئاودیو دەكەنەوە یاری بەم شانەیە دەكرێت.

---

[٢٠٣] -ناعومي آر. تيكل، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨ – ٩٩ ه ،ل ١٠٢ – ١٠٤

[٢٠٤] – جورجی زیدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٢.

[٢٠٥] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٨٩ – ٩٠ .

مەبەستی ئێمە لە وردبوونەوە لە ئەستورایەتی پێڵوو هۆی یەکجار تایبەت بە کەسانی هەراشی هەیە بۆ ناسینەوەی ئەستورایەتی پێڵوو میکیاج یاریدەدەرە ئـــــەو کاتـــــەی لـــــەناو ئاوێنـــــە (نـــەینۆك) ڕامـــاوی وا دابـــنێ کـــە بڕیـــارت داوە پێڵوەکانت بە سێبەرێکی ڕەنگ شین زەقی ناوسێت سـێبەری چـاو ڕازێنیەتـەوە. ئـەو کاتـەی چـاوت هەڵدەبڕی ئـاخۆ چـەند لـەو سـێبەرە دەبـینی. بـۆ ئـەوەی سـودێکی تـەواو لـەو ڕەنگـەوە بگریـت کـە پارەت پێ ی داوە پێویستە پێڵوی تەواو ئەستورن

هەبێت. لە ڕووی میکیاجەوە ئەگەر پێڵوی تەنکت هەبێت سێبەرە کە ئەوەندە ناتگۆڕێ. ئەگەر پێڵوت نە ئەوەندە تەنك و نە هێندە ئەستور بوو ، سەرت بە سێبەر لێدان مەیەشێنە لەبەر ئەوەی ڕازاندنەوە تەنها لە کاتی چاو نوقاندندا دەردەکەوێت.

**پفکەو ئاوساوی چاو** : لەوانەیە تا ئێستا سەرنجی ئەو پێستەی کە بەسەر پێڵووی چاوی هەندێك کەسەوە شۆربۆتەوە، ئەو حاڵەتە ئاوساویی یە کە بە شێوەی چاوی دەدات و چاوی داوە. ئەگەر پێستی سەر پێڵووی سەرەوەی چاوت شۆربۆتەوەو دەکەوێتە سەرچاوت کەسێك کە هەموو سەرنجی خۆی داوە بە دونیای دەرەوەی خۆی و نیازە کەسی یەکانی خۆیفەرامۆش کردووە، حەوانەوەی پێویست، گەشانەوەی دەروونی، وەرزشی و خواردنی گونجاوی لە خۆی قەدەغە کردووەو لە هەموو کاتەکانیدا خۆشی و ژیانی لە خۆی حەرام

کردووە. ئەم هەڵس و کەوتوو خووە نەرێنیانە دەبنە هۆی ئەوەی کە کەسەکە هەست بە ناخۆشی دەکات و گلەیی هەبێ بەدەست ژیانەوە. [٢٠٦]

پفکەو ئاوساوی زۆری چاو (پێستی پێڵووی سەرەوە بەسەرچاودا شۆڕدەبێت): ئاماژەیە بۆ گرژی و مۆنی و تێربوون لە ژیان و خوێکی بەرگری کارانە، دەروونی بەر گریکارانەیە لە ژیان بێزارە ئەگەر خاوەنی تایبەتمەندیەکی بەم شێوەیەیت، دەبێت هەوڵ بدەیت بۆ ئەوەی شێوازی تێڕوانینت باش و ئەرێنی بکەیت لە پەنابردن بۆ کحول و مادە هۆشبەرەکان بە تەواوەتی دوور بکەویتەوە. ئاوساوی زۆر نیشاندەری کەسایەتی گرژ و مۆن و خۆپەسەندەو بە بۆچوونی زۆر، بڕوا پێ نەکراوە ئەم خوە نەرێنی یە شادی لە ژیاندا دەسرێتەوە لەوانەیی بۆ رازی کردنی کەسانی تر خۆی بە خۆشحاڵ پیشان بدات ، بەڵام لە دەروندا دڵگرانە، بە بۆچوونی زۆر ڕوانگەیەکی نەرێنی و خۆپەسەندانەی لەلا دروست بووە وەیان تەنانەت لەوانەیە لە ژیان بێزار بووبێت پێویستی یەکی زۆری بە چاکبوونەوەو یەکبوونەوەی درەوونی هەیە. خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە بە گوێرەی حەزو ئارەزوو. راوێژکردن لەگەڵ کارناسێکدا دەتوانێت چارەسەری کێشەکانت بێت. [٢٠٧]

ئەگەر تۆ خۆت پێڵووی ئەستورت هەبێت واتای ئەوەیە تۆ بۆ خۆت دۆستانەیت و هەم چاوەڕێ ی دۆستایەتی دەکەیت. بە ڕەچاوکردنی پێداویستیەکانی هاوڕێیەکت ئەم گەرم و گوریەیش دەشێ پەیوەندیەکی شکۆدارانەیان مۆتەکەیەکی بەدوادا بێت. ئەم جۆرە کرانەوە سۆزیاریە توانای

---

[٢٠٦] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٩.

[٢٠٧] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠ – ٦١ .

پێ دەدات بۆ ئەوەی فێری وانەی پڕ بای بێت لە بارەی سۆزو بەزەیی یەوە بەلاّم دەبێت خۆت لە خۆ ڕستنەوە بپارێزیت. ئەو کەسانە خۆیان بۆ دادپەروەری کۆمەلاّیەتی بەخت کردووە پێلّووی یەکانەوە دەبێتەوە هۆی ئەوەی چاو هەر وەك چاوی کەسێکی چینی ( صینی ) شێوەیەکی بادامی وەربگرێت.

تۆی خاوەن پێلّوی یەکانە ئەوەت لێ چاوەڕوان دەکرێت وەك کەسێك پەیوەندیت لەگەلّ خەلّکی تردا توندوتۆڵ بێت. ئاخۆ بە ڕێکەوت بووەو ولاّتێکی وەکو یابان کە دانیشتوانەکەی خەلّکێکی خاوەن پێلّووی یەکانەن ئەم هەموو بایەخەیە پێکەوە هەلّکردن دەدەن؟ نەخێر ئەوە بە ڕێکەوت نەبووە.

شێوازی ژیانی کەسی خاوەن پێلّووی یەکانە رەنگە تۆزێك ملکەچی لەگەلّدابێت کە بەلای دانیشتوە خۆمالّی یە نمونەیی یەکانی واشنتۆن دی سی شتێکی نا سروشتی یە. لەوەتەی جاردانی سەربەخۆیی ئەمریکاوە کۆمەلّگە سەرەکی ترین کەمایەتی ئێمە نەبووە لەگەلّ ئەوەشدا خەلّکی ئەمریکی ئاسیای بۆ چەندین نەوەیە کە لە ئەریکادا دەژین و بۆچونێکی تایبەت بە خەلّکی خاوەن پێلّوی یەکانە کە بۆچونێکی گرنگە بەلاّم زۆربەی لات فەرامۆشکراویی یە بەشیان بە کۆمەلّگای ئەمریکاوە هەبووە پرسیار لە گەورەترین تێگەشتوانی بەتەمەنداچووی سەر بە هەر ڕەچەلّەکێك بکە دەلّێن ئێمە سەر بە یەك خێزانین.

هۆشیاری یەکیەتی لەگەلّ خەلّك بەرەو جۆرە تێگەیشتنێکی رۆحی قولّ پالّمان پێوە دەنێت. لەگەلّ ئەوەشدا پێکەوە ژیان لەگەلّ خەلّکی پێلّووی یەکانە مەرج نیە واتای ئەوەبێت بۆ رۆشنبیرێکی رۆحی تەواوت هەبێت ، رەنگە تۆ بە راشکاوی ئەرکەکانی سەرشانت بەرامبەر بە برای گەورە و برای

ناوەنجی و برای بچوکتر و خزمانی ترت (( کە هەریەکەیان لە هەندێك زمانی ئاسیاویی دا ناوێکی جیای هەیەو سیفاتی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆشی هەیە)) بە باریکی قورسدا بنێی بەلایەنی کەمەوە بە گوێرەی بۆچوونی ژاپۆن ناسێکی وەك (دێیف بێر))ی قسە خۆش و بەو شێوەیەی لە کتێبە کۆمەڵایەتیە وەسف وردەکەیدا بە ناوی (Dave Barrydoss Japon)دا باس کراوە مۆسیقای (I did it my way) بەدڵی خۆمم کرد کە هی ( فرانك سیناترا)یە باوترین کاربۆك لە هەموو وڵاتدا دانراوە.

ب. پێڵووی ئەستور : چاوی خەواڵو (چاوی ژوری نوستن) ئاسا پێڵووی ئەستور هەمان چاوی خەواڵوە ؟ وەڵام : ئەگەر توانیت کەسێکم پیشان بدەیت پێڵوەکانی ئەوەندە بەرین بن جێگەی تەختی نوستنی ((تەنانەت ئەگەر لەسەر تەنیشتەوە دانرابێت)) لەسەر بێتەوە. ئەو کاتە تۆ کەسێکت پیشان داوم گرفتێکی سروشتی راستەقینەی هەیە، بەڵام بە هێزی ئەگەر بڵێین کەسێك پێڵوەکانی ئەوەندە فراوان بن . شوێنی چوار پایەی پێدابێتەوە دەڵێم بەڵێ هەندێکمان پێڵووی وامان هەیە شوێنی تەختی نوستن لەسەر دەبێتەوە، خەڵکی تر تەنانەت ناتوانێ شوێنی رادیۆ – سەعاتێکیش لەسەر پێڵوی بکاتەوە. خەیاڵت فراوان بکە. دوای سەیری خۆت بکە (( بەبیرت بێت کە لە گۆشەیەکی راستەوە سەیر بکە)) تاکو بزانیت کام هێمایەت هەیە.

ئەگەر تۆ سەڵت بیت و بە راستی وێڵی دۆزینەوەی هاوسەرێك بیت ئەستورایەتی پێڵوو دەشێ گرنگترین جۆری ناوو روو کە پێویستە بیخوێنیەوە ئەم هێمایە ئەوە بەدەردەخات خەڵك چۆن پێناسەی دۆستایەتی دەکەن.

ج. پێڵووی دووانە : پێڵووی دووانە بە شێوەیەک دەنوشتێتەوە کە چڕچ و لۆچیەک دروست دەکات لەناو چاڵی چاودا . خاوەن پێڵووی دووانە لە سەرووی هەموو شتێکەوە چاوەڕوانی دابڕانی لێ بکە ، سەربەخۆیی یە دڵ کەرەوەکەی خەڵکی خاوەن پێڵووی دوانە خۆی دەسەپێنێ هەندێک جار راستە ئێمە بە پۆتین یان بێ پۆتین سنوری ئەم سەربەستیە دەبەزێنین. لەبەر ئەوەی خەڵکی رۆژهەلات و رۆژئاواو خەڵکی پێڵووی دووانە لەگەڵ خەڵکی پێڵووی یەکانە تێکەڵ دەبن با بزانین ئاخۆ دەتوانین دنیایەک بخولقێنین تیایدا هەردوو شێوازەکەو ئازادی تاکایەتی و گەرم و گوڕی کۆمەڵایەتی ڕێزیان لێ گیرابێت.

پفکەو ئاوساوی کەم (پێڵووی سەرەوەی چاو کەمە) : ئاماژەیە بۆ دان بەخۆدا نەگرو کەم تاقەتی و پرتەو بۆڵەکەر ( عەیب گر ) و هەستیاری و حەرامکردنی چێژی کەسی لە خودی خۆی، ئەو کەسە ئەوەندە گرنگی بە جیهانی ناوەوەی خۆی دەدات کە پێداویستی یە جەستەییەکانی خۆی لەبیرکردووە. دان بەخۆدا نەگر، زۆر هەستیارە بە پرتەو بۆڵەکەر و توندوتیژە. ئەگەر هەندێک زیاتر ئاوڕی لە پێداویستی یە تاکە کەسیەکانی دەدایەوەو مۆڵەتی بە خۆی دەدات کە تاکو هەندێک لە ژیان چێژ وەربگرێت، ئەوا هەم خۆی و هەم دەوروبەرەکەسی ئاسودەتر بکات لە ژیان. ئەگەر ئاوساوی چاوی چەپ زیاتر بێت، دەرخەری پەستان و بیرکۆیی زیاترە لە ژیانی تاکەکەسی خاوەنەکەیداو ئەگەر چاوی راست زیاتر بێت نیشانەی گوشارە لە ژیانی پیشەییدا. [٢٠٨]

---

[٢٠٨] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٢ .

د. پێڵووی تەنك : سەرسورهێنەرێتی پێڵووی تەنك لەسەربەخۆیدایە ، گرنگ نیە خۆشەویستیت بەرامبەر کەسێك چەندە قوڵ و دێرین بێت ، تۆ هەر کەسی خۆتی و بەس. ڕێك لە سەرەتاوە بە خۆشەویستەکەت بڵێ کە بەردەوام پێویستیت بە مەودایەکی سۆزیاری فراوان. شتی تایبەت بە خۆت، ژیانی تایبەت بە خۆت هەیە و ڕەنگە ژوری نوستنی تایبەت بە خۆشت هەبێت.

لە هەڵبژاردنی هاوسەر یان هاوکار بۆ کاری بازرگانی ئەستورایەتی پێڵوو دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ پاراستنی ئەو سنورە کەسیەی بەهۆیەوە هەست بە ئاسودەیی دەکەیت.

ئامۆژگاریەکی تر بۆ کەسانی پێڵوو تەنك تەنانەت حەز لە مۆسیقای لادێ ی ڕۆژئاواش بکەی بروا بە بۆچونی ئەم گۆرانیانە مەکە بەرامبەر بە ژیان.

٢. باریك ، ناسك ( بەشێکی بچوکی پێڵووی سەرەوە دەردەکەوێت) لە کاتی کراوەبوونی چاوەکاندا) : ئاماژەیە بۆ نیاز و پێویستیەکی مام ناوەند بۆ تێکەڵی و نزیکی و توانای سەربەخۆبوون پێویستی و نیازی ئەم کەسە بەیەك دڵی و تێکەڵی لە پەیوەندیەکاندا لە ئاستێکی هاوسەنگ و گونجاودایە. ڕێز لە تێکەڵی و یەك دڵی دەگرێت ، بەڵام توانای ژیانێکی سەربەخۆشی هەیە. نە زیاد لە ڕادە تاکرەوەو تەنهایی و نە زیاد لە ڕادە وابەستەیە بە تێکەڵی و یەك دڵی و نزیکی پێ خۆشە ، بەڵام تاکو ئەو جێگەیەی کە ئازادی کەسی لێ زەوت نەکرێت و تا ڕادەیەکیش کاتی بۆ خۆی هەبێت. [٢٠٩]

---

[٢٠٩] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٤ – ٥٥ .

٣. شاراوەی پێڵووی سەرەوە (پێڵووی سەرەوەی چاو لە کاتی کراوەبوونی چاودا بە شاراوەیەو دەرنەکەوتووە : ئامارژەیە بۆ بیرکۆیی زۆرو هێزی فکری زۆر ، خوازیاری ئازادی تاکەکەسی ئەم کەسە پشکێکی زۆری لەبیرکۆیی (ترکیز)بەرکەوتوە. بە هیچ شێوەیەك نایەوێ سنتوردار بکرێ و ئازادیەکەی لەدەست بدات. دەبێت کەسێك وەك هاوبەشی ژیانی هەڵبژێرێت، کەسایەتی دامەزراوی هەبێت و هەوڵ دەدات بە هەست و خەست و خۆڵەکانی پەستانی لەسەر دروست بکات یان کۆنترۆڵی بکات. کاتێك بیری خۆی لەسەر بابەتێك کۆدەکاتەوە، هیچ پێ ی خۆش نیە هاوبەش ژیانی داوای لێ بکات زیاتر بایەخ بەو بدات. توانای تێکەڵاوی و گەرم و گوڕی هەیە بەڵام نەك لە هەموو کاتێکدا بەڵکو تەنها لەو کاتانەدا کە ئامادەیی لە خۆیدا بەدی بکات. [٢١٠]

بڕوانە سیفەتی شیکاری، بڕوانە پارە کاغەزیەکانت، پێڵووی سەرەوە کە داپۆشراوە لەسەر وێنەی ئەولێکزاندەر هاملتن، ئەوە بەشی خەزنەی ئەمریکاو چۆنیەتی دروست بوونی بە باشی شی دەکاتەوە ، کە تا ئێستاش دارایی یەکی چالاکی شێوەهاو چەرخی بێز لێکراوەیە. پیاو یان ژنی شیکاری بە زۆری بە هەڵە وەك لاساریك دەخوێنرێنەوە چونکە ئەوان یەکسەر نایانەوێت بڵێن بەڵێ یان نەخێر یان لەوانەیە تاکو ئەوەیان بۆ دەرنەکەوێت کە ئەو شتە دەربارەی چیەو بۆچی دەبێت بکرێ و لەبەرچی دەبێت بەم شێوەیە بکرێت.

---

[٢١٠] - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٨ – ٦٩ .

بەڵام ئەم جۆرە کەسانە زۆر وردن لە دیاری کردنی شتەکان و یارمەتیدانی کەسانی تردا بۆ تێگەیشتنی هۆو کاریگەریەکەی.[٢١١]

ئەو کەسانە حەزیان لە شی کردنەوەی کەسی یە ( التحليل الشخصي ) ، دەتوانێت ئاستی هۆگری و حەزی کەسەکە دیاری بکرێت لە شی کردنەوی کەسی ئەویش بە سەرنجدان لە رادەیی دیاربوونی و دەرکەوتنی پێڵووی سەرەوەی چاو، ئەگەر پێڵوو داپۆشراو شاراوە بوو بە تەواوەتی بە چینێك لە پێست ، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە بە تەواوی حەزی لە شیکردنەوەو شیکاری شتەکانە ( توانـاو مەهارەیەکی زۆری هەیە لە شیکردنەوەی هەڵوێست و مەوقیفەکانیدا) شەیدای ئاشنابوونە بە هۆکارو چۆنیەتی رووداني کاروبارەکان بەشێوەیەکی دیاری کراو، لەبەر ئەوەی ئامادەیە بۆ گەیشتن بە چەندان پرسیار، و سووربوون لەسەر بەبەڵگەکردن لە دروستی وەڵامەکان بە بەڵگەی پەنجەمۆرو راستی یە جێگیرەکان.

ئەو کەسانەی مەیلی شیکردنەوەیان بەرزە : دەتوانرێت ئاشنا بن بەم سیفەتە بە سەرنجدان لەو چینە گۆشتەو پێستە کە پێڵووی سەرەوەی چاوی داپۆشیوە. ئەو کەسانە سەیری هەموو لایەنەکانی هەڵوێست دەکەن کەدێت، یان پرۆسەی کرین کە پێ ی هەڵدەستێ بەر لەوەی پێ بنێتە وەرگرتنی هەر بڕیارێك، کە توشی زیادەرەوی دەبێت لە شیکردنەوەی هەر شتێك پێ ی ئاشنا دەبێت بە کرداری ، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەست دانی کات، ئەوانە پشت دەبەستن بە وردبینی لەو شتانەی دەیڵێن لە چاوەکانیاندا.

---

[٢١١] – رۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمين حسين ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩ – ٤٠.

ئەوەی کە پەیوەستە بە یاریەی کە ئەفضەلیەت دەدا بەو کەسانەی مەیلی کاریان بەهێزە ئەوەیە کە یاری شەترەنج و پڕکردنەوەی وشە یەکتر بڕەکان حەزی لێ دەکەن و لێکدانەوەی هێمای غاز و ئەگەر ئەم سیفەتە وابەستە بوو بە شێوەی چاوی تیژ لە کەسێکدا بۆ نمونە ئەو کەسە قورسە رازی بێت تا رادەیەکی زۆر، دەتوانرێت سەرنجی ئەم سیفەتە بدرێت سەرەڕای سیفەتی ناوچاوانی هێلکەیی لەو کەسانەی کە کار دەکەن لە پیشەی پەیوەست بە تەندروستی (صحە) لە نمونەی ئەوانەی تایبەتمەندن لە لێکۆڵینەوەو دراسەکردنی خۆراك پێدان و چارەسەری دەستی ( ئەوانەی چارەسەری نەخۆشی دەکەن بە رۆژمێری ستونی برگەیی دەستی ) و نمونەی ئەو کەسانەی کە شارەزان لە کارکردن وەك کرێکار لە نوسینگەکانی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی، یان لە بواری جولاندن و لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی گشتی، بەو پێ یەی کە کۆکردنەوەی هەر یەك لەم سیفاتانە لەیەك کەسدا دەچێتەسەر هەر پیشەو وەزیفەیەك وەکو ئەنجامدانی جولاندنی لێکۆڵینەوە، دەگەڕێینەوە سەر ئەو کەسانەی کە واز ناهێنن لە کون و کەلێن یان بەڵگە هەر چاودێری دەکەن لە گەیشتن بەو لایەنەی کە سەرپەرشتی دەکات بۆ ئاشکراکردن و دەرخستنی رووەکانی دۆسیەو مەسەلەکە کە هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە تیایدا.

لەگەڵ ئەوەشدا سیفەتی مەیلی شیکاری زۆر لە هەندێ کاتدا کاردەکات لەسەر زیادترکردنی ئاڵۆزی کاروبارەکان، ئەوانە پشت دەبەستن بە زیادەڕەوی کردن لە شیکردنەوەی هەڵوێست (موقف)ی ئاسایی کە پێویستی بە شیکردنەوە نیە لە بنەڕەتدا هیچ شتێکی بۆ زیاد نابێت جگە لە ئاڵۆز بوون. بۆ نموونە: رودانی پەکخستنی لە ئوتوی تایبەت بە من، باوەڕ وایە کە یەکەم شت کە پێویستە بیری لێ بکەینەوە ئەوەیە کە دەبێت قارسی ئوتوەکەم

بپشکنم بەڵام هاوسەرەکەم کە مەیلی شیکاری زۆرە ئەم چارەسەرەی من زۆر ئاسانە بە رادەیەک ئەو قەناعەت ناکات بە پشکنینی قارسی ئوتوەکەم. شیکاریم لە هاوسەرەکەم وەرگرت کە ئوتوەکە هەڵبوەشێنرێت و هەر پارچەیەکی ئوتوەکە جیابکرێتەوە لە یەکتر لە هەموو پارچەکانی، سەرەڕای ئەوە لە هەموو ئەم هەوڵەماندو هێنەرە، هاوسەرەکەم هەر نەیتوانی کە دەست بخاتە سەر هۆکاری راستەقینەی پەککەوتن و پەککەوتنەکە، کاتێ پرسیاری کرد بۆ پشکنینی قارسی ئوتوەکە کە چاوەڕێ ی نەکرد کاردانەوەو ولاّمەکە بزانێت، بەڵکو قارسەکەی کردەوە بە دەستی خۆی و ئەوەی بینی کە پێشبینی کرابوو. وایەرەکە نەگەیەنراوبوو بە تەزووی کارەباوە.

ئەگەر هاتوو کەسێکی خاوەن مەیلی زۆری شیکاری زۆرێک لە هەڵوەستە کردنەکانی دانەنا لە شیکردنەوەی نا پێویست، بەڵکو لەسەر تۆیە کە ئەنجامدان و تەواوکردنی کاری داواکراو پەلەی تێدا بکەیت، دەزانین کە لێرەدا هەندێک لەو کەسانە پێویستیان بە زانینی هەموو ئەو وردەکاری و تەفاصیلانە نیە بۆ وەرگرتنی بریارەکانیان و لەبەر ئەمە لەسەر تۆیە لەم حاڵەتەدا کە پەیوەندی و بگەیت بە ئامانجەکەت بە کورتترین رێگاو لە کەمترین کاتی پێویست و گونجاو. ئەگەر هاتوو پەیوەندی و گفت و گۆیەکی تەلەفۆنیت ئەنجامدا ئەو کەسەی تر لە تلفۆنەکەتدا بە بەردەوامی گفت و قسەکانتی پێ دەبڕی ئەمە مانای وایە کە ئەو کەسە دەیەوێت بگات بە ئامانجەکەی لە تەلەفۆنەکەدا راستەوخۆ بەبێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکاری و تفاصیل. مەبەست لەمە لە گرنگی یەکەیەتی دەربارەی تۆ ئەگەر هاتوو کارکردنەکە لە بواری فرۆشتندا بوو.

پەیوەندییەك گەیشت لە پیاوێكەوە كە بە هۆیەوە كۆمەڵێك پرسیار دەخرانەروو بەرادەیەك كە من گومانم لێی كرد كە لێكۆڵینەوەیەكی گشتی یان نۆرین بكەم لە رای خۆم، دوای چەند خولەكێك وتی پێم: كە دەتەوێت تەنها مەوعیدێك لە یاری بكەین دەست بەجێ، من دڵنیابووم كە ئەمە پیاوێكی خاوەن پێڵووی دیارو ئاشكرایە، ئەم دڵنیابوونەوەیەش بە كرداری لە كاتێكدا شایستەی ئەوەبوو، دڵنیابوونە لە پێچەوانەی ئەوەی كە ئەنجام درا لە زیادەڕەوی و چەنابازی ئەو هەستی بەمە كردو بەیەك گەشتێكی تازەچوو لەگەڵ ئەودا.

ئەگەر هاتوو لە مەوعید لەگەڵ هەر كەسێكدا ، لێرەدا زۆرێك لەو پرسیارانەی كە لە هزرو بیرتدا دەخولێنەوە، هەمیشە زۆریان گرنگن، دوای ئەمە ئەگەر لێ ی تەواو مابوو ببینیت كە ئەو كەسە رێگر نیە لە بەیەك گەیشتن و دیدارێكی تر لەگەڵ تۆدا، دەتوانیت پرسیارە ماوەكان بخەیتەڕوو.

## كاریگەری مەیلی شیكاری لەسەر ژیاننی و پەیوەندی هاوسەرێتی:

مانەوەی وەك هاوبەشی ژیانت لەگەڵ ئەو كەسەی خاوەن مەیلی شیكاری زۆرە كە دەیەوێت وردەكاری و تفاصیلی نیشتەجێ بوونت و جوڵەكانت بزانێت، ئەگەر هاتوو ئەو كەسە خاوەن مەیلێكی كەم بوو لە شیكاری دا ئەوا تۆ بە خێرایی هەستەكانت بەرتەسك نابن لەهەر جارێكدا هەست بە كەسایەتی هەق و راستی خۆت دەكەیت بە پرسیارە كەمەكانی ئەو بۆ زانینی تفاصیلی هەر شتێ . بۆ نمونە : لەسەر شانتە بە تازەترین هەندێك هەواڵ كە خوێندوتەوە لە رۆژنامەیەكی ناوخۆدا. ئەگەر كەسێكی خاوەن مەیلی زۆری بۆ شیكاری پرسیاری زۆر دەبێت بۆ زانینی تەواوی راستی یەكان دەبینیت

پرسیار دەکرێ لەسەر سەرچاوەی ئەو زانیاریانە و ئایا ئەم سەرچاوەی زانیاریە و ئایا ئەم سەرچاوەی زانیاریە باوەڕپێکراوە یاخود نا و ئەمە ون نابێت لای ئەو کەسانەی مەیلیان زۆرە بۆ شیکاری بەڵام ئەو کەسانەی خاوەنی مەیلی کەمن بۆ شیکاری زۆر لە ووردەکاریانە نەویستراون. [٢١٢]

٤. پێڵووی سەرەوە لار (چەماوە)یە: ئەو کەسانەی پێڵووی سەرەوەی چاویان لار (چەماوە)یە پێویستیان بە شتێکی کاریگەر هەیە بۆ بەدی هێنانی و بەدەستهێنانی. ئەو کەسانە بەدڵ بە گەنجی دەمێننەوە لەبەر ئەوەی پلان دادەنێن هەمیشە بۆ پەیوەندی خۆشەویستی داهاتوویان، هەروەها خاوەنی هەستێکی مرۆڤانەن بە سروشتی خۆیان و هەڵدەستن بە خزمەتکردنی کەسانی تر.



٥. پێڵووی سەرەوە ڕێك و ڕاستە (بەبێ چەمانەوە): ئەو کەسانە هەوڵ دەدەن کە بەرژەوەندییەکان یان بەدەست بهێنن نەك لەلایەن خۆیانەوە لەبەر ئەوە مەگەر کەمێك گرنگی بدەن بە بەرژەوەندی کەسانی تر. [٢١٣]

**پفکەی پێڵووی سەرەوە** : چاوی زۆربەی خەڵکی پفکەدارنیە. پف: واتا پڕیەتی کەمی پێڵوو و پێڵووی یەکانەو جووتە چاوی قوڵ تێکەڵ مەکە.

---

[٢١٢] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٨-١٠٢.

[٢١٣] – ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٤ – ٦٥.

پفکەیان پف بەو تۆپەڵە گۆشتە زیادە دەوترێت کەلەژێر بڕۆوە سەرهەڵدەدات و بەشێك لە ڕووبەری ژێرەوەی خۆی دادەپۆشێ.

پفکەی کەم بەشێکی کەمی پێڵوو دادەپۆشێت بەڵام پفکەی زۆر بەرادەیەك گەورەیە کە بەشێکی چاو خۆیشی دادەپۆشێ.

٦. پفکەی زۆری سەر پێڵووی سەرەوەی چاو بەشێکی نمونەیی هۆی سەرهەڵدانی پفکە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە کەسەکە خۆی فەرامۆش دەکات هۆی ئەم فەرامۆش کاریەش ئەوەیە کەسەکە زۆر خەریکی تڕە. ئەو هەوڵ دەدات دڵی خەڵك خۆش بکات و یارمەتیان بدات و پارەیان لێ وە دەست بێنێ و شتی لەم جۆرانە. ئەم کەسە گرنگی بەو پەیامە بچوکانە نادات کە بە بەردەوامی لەلایەن جەستەی خۆیەوە پێ ی دەگەن.

پەیامی وەك ((لێم گەڕێ با پشوویەك بدەم)) یان لێم گەڕێ با لەم نوسینگەیە رزگار بێت، ((دەمەوێ یاری بکەم)).

ئەگەر ئەم خۆ فەرمۆش کرانە بەردەوام بێت ،پفکەکان گەشە دەکەن ئەم شتە زلانەی کە بەشێك لە چاو دادەپۆشن دەبڕی ئەوەن کە کەسەکە گرنگی بە تەندروستی خۆی نادات. ئەگەر واس واس بیت بۆ ئەوەی بە نەشتەرکاری ئەم کوتە گۆشتانە لابببەیت ئەی بۆ بیر لەوەش ناکەیتەوە هۆی سەرهەڵدانی ئەم زیادە گۆشتە چارەسەری بکەی. بۆ نمونە رەنگە ئا لێرە جیەکی نەناس بووبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم پفکانە. شارەزایانی پزیشکی چینی و شارەزایانی خۆراك و هەروەها چارەسەرکارانی سەرهەڵدانی ئەم پفکانە. شارەزایانی پزیشکی چینی و شارەزایانی خۆراك و هەروەها چارەسەرکارانی سروشتی رەنگە یارمەتیت بدەن بۆ ئەوەی بزانیت جەستەت و بیستویەتی چ پەیامێك پێ بگەیەنێت و بەم شێوەیە تۆ دەتوانیت ئەو شتەی کە لە ناو

رووتـدا سـەرنجی خـەڵك رادەكێـشێ لـەناو بـەریت (( ئـەم رێگەیـە هـەم بـۆ پفكـەكانی سەرچـاو و هـەم بـۆ پفكـەكانی ژێـر چـاویش بـەكاردێ)) بـەدەر لـە ئەگەری و تەندروستی ، پفكە دەربڕی زۆر ئاوێتە بوونە لەگەڵ پیشەدا. پفكە هێمـای كەسـێكە پاڵنـەرێكی هەیـە ، كەسـێكی خـۆ بـەخت كـەرە بـۆ وەدەسـت هێنانی دەستكەوت.

بـە شـێوەیەكی مێجـزی ئاریـشە و كێـشەی هـاوڕێ لەگـەڵ پفكـە ، رەنگـە سەركەوتنیـشی بـەدوادا بێتـە، كـەم و كـەس بـە ویـستی خـۆی ، خـۆی بـۆ سەركەوتن بەخت دەكات. ئەمەش چاو پفكردوەكان شێت دەكا.

پفكەی زۆری سەر پێڵووی سەرەوەی چاو : ئەو پفكەیـەی ئەوەنـدە گەورەیـە كـە ڕێگـە لـە دیـتن بگـرێ جـۆرە بەرەكـەتێكی زۆر ئاوێتـەتری لەگەڵدایـە. بـە بەراورد لەگەڵ بەشەكانی تری ڕوو ، تۆ لـەم هێمایـەدا ڕەنگـە مـەیلێكی زۆر بـۆ سـەركەوتن بخوێنیـەوە كـە هـاوڕێ لەگـەڵ تورەیـەكی بـەردەوام و خۆپاراسـتن و تەنانـەت لـە خۆبـایی بـوون و ناپـاكیش بێـت یـان رەنگـە هـەر هـەموویان لـەناو ڕووی (راسـپوتین)ی قەشـەی دزێـوی نـاو مێـژووی ڕووسـیادا بخوێننـەوە. لـە مێژووی ئەمـەریكادا زۆرێ لـە سـەرۆكەكان كـە كـەمترین جاوەریـان هـەبووە وەك ((ئەنـدرو جانـسن)) و ((پولیـسێس ئـێس گرانـت)) و ((گـرۆڤركلیڤلانـد)) و ((ویلیـام هـاوارد تافـت)) و ((بنجـامین هەرسـین)) و ((مـارتین ڤـان بێـرن)) و ((میلێرد فیلمۆر)). [٢١٤]

**پێڵووی خوارەوە :** پێت خۆشە ؟ بزانیت كە ئایا لایەنی بەرامبەرت قسەكانی تۆ وەردەگرێت یان لە ژێـر كاریگـەری خۆپارێزی، تاریـك بینی، شك و گومـان،

---

[٢١٤] – رۆژ رۆزتـری، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە ( لـەیلا حمیـد محمـد ) هێـزی خوێندنـەوەی ڕوو ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٢.

یـان دلّ و دەروونـی رەخنەگرانـە لـە ئاسـتی قـسەکانی تۆدایـە بەرهەڵـستی کـردووە ؟ بـە سـەرنج لـە پێڵـووی خـوارەوە ، تەنانـەت ئەگـەر کەسـەکە زەردەخەنەیـەکی دلّ شـینی لەسـەر لێـو بێـت، دەتوانیـت پـەی بـە هەسـتی راستەقینەی ببەیت.

کاتێك كه رونـاك بین و بیرمەندین ، پێڵووی خوارەوەمان زیاتر دەچەمێتەوە بۆ ئەوەی روناکی زیاتر بچێتە ناو چاوەوە ، ئەگەر تاریك بین و (رەنگ باوەر بین پێڵووی خوارەوەمان تارادەیەك رێك و راست دەبنەوە. [٢١٥]

أ. **پێڵووی خوارەوە بەرێك و راست (پێڵووی خوارەوە بەشێوەیەکی هێڵێکی رێك و راست بێ چەمانەوە)**: ئاماژەیـە بـۆ هەڵسوکەوتی خۆپارێزانەو شت شاردنەوەی خاوەنەکەی ئەم پێڵوە پێمان دەڵێت خاوەنەکەی کەسێکی شت شاراوەیی یەو هەست و نەستەکانی لە کەسانی دیکە دەشارێتەوە.

لەوانەیـە بـە گومـان ، ترسـنۆك ، بـێ متمانـە ، نیگـەران یـاخود شـەرمن بێـت. هـەردەم خـۆی بـە دوور دەگرێـت ئەگـەری ئـەوە زۆرە لـە یەکـەم چاوپێکەوتندا نـەتوانن پەیوەندیـەکی تونـدوتۆڵی لەگەڵـدا ببەسـتن لەلایـەکی دیکـەوە ئەگـەر پەسەندتان بکات، ئەوا باشترین هاوڕێ ، هاوسەرو پارێزگاریکەرتان دەبێت.

ئەگەر لە کاتی جڤین و قسەکردن لەگـەڵ کەسـێکدا هەسـتتان کـرد پێڵووی خوارەوەی رێك بۆتـەوە ، بزانن کە گومانی لـێ کـردون یـان دەیەوێت دۆخی بەرگری کردن بەخۆیەوە بگرێت. ئەم جۆرە کەسانە لە پشت

---

[٢١٥] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٦.

چاویلکەی رەش بینی و درەنگ باوەڕیەوە لە جیهان دەڕوانن. ئەگەر ئەم تایبەتمەندیە لە چاوی چەپ دا بێت کە کەسەکە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا وایەو ئەگەر لە چاوی راستدا ببینرێت ئەم رەشبینی یە پەیوەستە بە ژیانی دەرەوەو راستی یە دەرەکیەکانەوە[٢١٦].

زۆربەی ئەو کەسانەی کە پێڵووی خوارەوەیان رێك و راستە کۆنترۆڵی کەسانی تر دەکەن بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ئەو کەسانە ئامادەن بۆ دابین کردنی پێداویستی کەسانی تر پێش پێداویستی یەکانیان و بە پەیوەست دەبن و بە خزمەت کردن کە گرنگی دان بە کەسانی تر لە خۆ دەگرێت بۆ نمونە وانە وتنەوەیان پزیشکی.[٢١٧]

رێك و راست بوونی پێڵووی خوارەوەی چاو: لە بنەڕەتدا بە گومان و درەنگ باوەڕن و سەرەتا دەبێت متمانەیان بەدەست بهێنن. ئەگەر سەرکەوتووبن بە نزیکەی کارەکەتان تەواو کردووەو بۆ هەمیشە دەبنە پارێزەرێکی بەئەمەك بۆتان.[٢١٨]

**ب. پێڵووی خوارەوە بە چەماوەیی (پێڵووی خوارەوە چەماوە)یە :** گەش بینەو دەروونی بێ گەرد بێ رەخنەگرانەیەو تامەزرۆی گوێ گرتن. خاوەنی ئەم پێڵوانە کەسێکی ئەرێنی خوازەو وەرگری کەس و بیروباوەڕی تازەیە. لە بەدەست هێنانی زانیاری تازە

---

٢١٦ – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٩ – ٧٠ .

٢١٧ – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٥ – ٦٦ .

٢١٨ – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٥ – ١٣٦ .

خۆشمالێ دەبێت و سەرنج لە هەموو راستی یەکی ورد دەدات. ئەگەر لە کاتی قسەکردن لەگەڵ کەسێکدا، خاڵەتێکی بەم شێوەیەت بینی ئەمە بەو مانایە کە ئەو حەز بە قسەکانی تۆ دەکاو بەدڵ و گیان گوێ بیستیانە. [٢١٩]

ئەو کەسانەی کە خاوەنی پێڵووی خوارەوەی لار (چەماوەیە) ئامادەن بۆ پارێزگاری کردنی بیروباوەڕەکانیان کە حەق و دروستە، ئەوانە سەبارەت بە خودی خۆیان بیرکۆ و بە تەرکیزن، بە پلەی یەکەم ، و بەلایانەوە گرنگ نیە گرنگی دان بە کەسانی تر یان گرنگی دان بە بیروباوەڕی کەسانی تر. [٢٢٠]

٧. **پفکەی کەمی سەرپێڵووی سەرەوەی چاو** : ئاماژە دەکا بە نارەزایی یەکی کەم. کەسەکە کەم بەرگەی هەڵەی بچوک دەگرێت ئەمەش مەلی بە ئاشکرا هەموارکردنەوەی شێوازە ڕێگە پێدراوەکانی کار کردن دەرەخسێنێ. کەسی ڕەخنەگر دەتوانێت خەڵکی فشەکەر ئاقڵ بکات[٢٢١].

ج. **پێڵووی خوارەوە شێوە خڕ (المستديره)** : پێڵووی خوارەوە بە تەواوی خڕەو بازنەیی یە :- ئاماژەیە بۆ هەست ناسکی و خۆش باوەڕی و سادەیی و ساویلکەیی، مێشکی ئەندە کراوەو خۆش باوەڕە کە لە وانەیە لە ڕووی شۆڕداریەوە زیانی پێ بگات. زۆر ئاسان متمانە دەکات و جۆرێك لە سادەیی

---

[٢١٩] - مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٦.

[٢٢٠] - ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٥ .

[٢٢١] - ڕۆز ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو،سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩-١٣٠ .

و پارێزراوێتی(تایبەت بە منداڵان)ی تێدا بەدی دەکرێ ، کێشەی ئەم جۆرە کەسانە ئەوەیە هەندێك جار زۆربێ ئەزموون پێنەگەیشتوانە دەجوڵێنەوە[٢٢٢].

پفی سەرچاو گرفتی رێ تێچوو ئەوەیە کە بێ تاقەت بوون لەسەر شتی بچوك چۆنیەتی خۆاپارستن لە ناکۆکی ئەوەیە کە لە مشت و مڕی زوو وازبهێنە دەنا قینەکە هەر بەرز دەبێتەوە. [٢٢٣]

بە گوێرەی ئەم گۆرانیانە ئافرەتێکی راستەقینە دەبێت هەناسە ساردێکی خۆ بە کەسێکی تر بەستوی گرینۆك بێت.

خۆشەویستی بۆ کەسێکی کە پێڵووی تەنك بێت و بە جێگری خاوەنی هێمای سنوری ئاشکرا، واتا هێمای قەدی دوانەی پێڵوو بێت، بریتی یە لە بایەخدان بەسەر بەخۆیی ئەگەر تۆ ئەم پێکهاتەیەك هەبێت کەواتە دەست بکە بە ژماردنی بەهرەکانت. تۆ وەك کەسێکی سەربەخۆ دەتوانیت پێش بکەویت.

دەتوانیت خۆت ، خۆت پێ بگەیەنیت، ئەگەر خێزاندارین دەتوانیت بێ ئەوەی تۆزقاڵێك خۆت بە هاوسەرەکەتەوە ببەستیتەوە خۆشت بوێ و سەربەخۆیی سۆزیاری یارمەتیت دەدات تاکو لە هەموو پەیوەندیەکانتدا خۆت بەرپرسیار بزانیت. [٢٢٤]

---

[٢٢٢] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٠ .

[٢٢٣] – رۆژ رۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣.

[٢٢٤] – رۆژ رۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو،سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١-١٥٢.

## برژانگ /

برژانگ رەنگدانەوەیەکە بۆ هەستیاری فەسلەجیمان. چەندی برژانگەکان تەنکترین بە هەمان رادە کەسەکە دەشلەژێنن. کەواتە هەر کەسێکی خاوەن برژانگی تەنک ناچارە کاردانەوەی هەبێت. [٢٢٥]

أ. **برژانگی درێژ و پڕ** : ئامازەیە بۆ خۆراگری و نەرم و نیانی لە هەڵس و کەوت کردندا، مێشک و خەیاڵێکی کراوەی هەیەو خۆراگریەکی باشی هەیە، هەڵس و کەوتێکی نەرم و نیانی هەیە.هەموو ئەم تایبەتمەندیانە دەیکاتە کەسێکی ئەوتۆ کە بە ئاسانی لەگەڵتاندا هەڵدەکا. [٢٢٦]

ب. **برژانگی کورت و تەنک** : ئامازەیە بۆ هەستیاری و دڵ ناسکی، کەسێکی تا رادەیەک هەستیارە بە ئاسانی هەستی بریندار دەبێت کێشەی ئەو ئەوەیە کە زۆر گرنگی و بایەخ بە قسەی خەڵکی دەدات و وەک دەڵێن هەموو شتێک دەباتەوەی سەر خۆی. [٢٢٧]

گرفت و ڕێ ی تێچوونی ئەم جۆرە برژانگە تورەییەکی سەرچاوە گرتووە لە مووە،

---

[٢٢٥] – رۆژ رۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو،سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

[٢٢٦] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧١.

[٢٢٧] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٩.

چۆنیەتی خۆپاراستن لە ناکۆکی لەگەڵ خاوەنی ئەم جۆرە برژانگە ئەوەیە کە کاردانەوە هەستی یەکانی کەسەکە بە ڕەوا بزانیت.

بـرژانگ سـەبارەت بـە ڕادەی توندوتیـژی و تـوڕەیی کاردانـەوەی کەسـێك بەرامبەر بارودۆخێکی دەست بەجێ زانیاریت بۆ دابین دەکا، ئەو کاتەی کە سیـستەمی دەمـارگیری لەگـەڵ برژانگـی ئەسـتوردا لێـك بـدرێت پێـشبینی سروشـتێکی بـە بـەراورد ئـارام بکـە ، بـەڵام برژانگـی تـەنك بـە واتـای هەستیاریەکی فەسلەجی. دەماریی زۆرە ، لە بەرامبەر توڕەییەکی سەرچاوە گرتووە لە موداو زریای خۆت بە. (٢٢٨)

**ئاراستەو ڕوانگەی نیگای چاو بەرەوسەر** : تێڕوانین و ڕوانگەی چاو بۆ ئاسمان لە کاتی نوێژ کردندا کە نوێژ دادەبەستێ و وتوێژ لەگەڵ خوادا دەکات ، لە بارەی ئەو نوێژکەرانەی کە توحید نین بەیەکەوە نوێژ ناکەن کە بت پەرستن و بەندەی ئاگرن ئەگەر نوێژ بکەن دیدگاو چاویان دەنێرنە ئاسمان. هەر کەسێك هاتوو گلێنەی چاوی ئاراستەی سەرەوە بکات مەرایی کردنی زۆر پارانەوە کە نەرم و نیان و لەسەرخۆ و زەلیل و ڕیسوا دەردەکەوێ. (٢٢٩)(٢٣٠)

**ڕوانگەو ئاراستەی دیدگای چاوێ بەرەو سەر** : نیشانەی سروشتی ئەم تایبەتمەندیە ئەوە نیە کە چاوێك لە روخساردا شوێنەکەی بەرزتر بێت لەوی تر بەڵکو چاوێك (بەشێوەیەکی ستونی) هێما بۆ سەرەوە دەکات، هەروەها هێمای سەرو ژووری چاو سپێنەی ژێر ڕەشێنەی چاو بە ئاشکرا دەردەخات.

---

٢٢٨ - ڕۆژ ڕۆزتـری، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە ( لـەیلا حمیـد محمـد ) هێـزی خوێندنـەوەی ڕوو،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣-٣٠٦.

٢٢٩ - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٨٩.

٢٣٠ - جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦١.

شتێکی تر که دەبێت باس بکرێت، ئەو مەرجەیە که لە هەموو کاتدا نابێت بە تەواوی دەرکەوێت، بەڵام که کەسەکە لەژێر فشاردابێت دەردەکەوێت.

چی ئەکەیت کاتێك تێبینی خواستی هەنگاوتەیی لە کەسێك بکەیت؟ وەڵام داوای ئۆتۆمبێل لێخورینی لێ بکە و هەستیان بەرەو ئاسایی کردنەوەی شتەکان بەرە، یان دڵنیایان بکەوە کە ئاگایان لە خۆیان بێت، بە تایبەتی لە دەوروبەری ئامێری تیژ و بڕەرو شلەمەنی گەرم. و چاوەڕوانی شکاندنی قاپ و قاچاغ بکە...هتد. ئەو شتانەش ناسەپێت بەسەر کەسێکدا کە ئەم تایبەتمەندیەی تێدا دیار نەبێت.

هەندێك پەیوەندی لەنێوان چاوێکدا تێبینی کراوە کە هێما بۆ سەرەوە دەکات لە چاو ئەویترداو ئارەزوومەندێتی کەسێك بۆ روداو و کارەساتەکان پیشان دەدات، ئەو ساڵی رابردوو تەمەنی گەشتە هەشتا ساڵ ، ئەو هێشتا لەسەر ئەم کەونە (گەردوونە) دەژێت، لەبەر ئەوە بۆی دەرکەوت کە ئارەزوومەندی کارەساتە ئەویش کاتێك کە لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا کەسایەتی خۆمم شیکردەوە، کاتێك خواستی هەنگاو تەیم نیشانی دا ، کارەساتەکانی ئۆتۆمبێل کەوتەوە یادی کە دوچاری بووە لەو کاتەوە بڕیاری دا بەپێی ئایین دەبێت ئاگای لە خۆی بێت کە ئۆتۆمبێل لێ دەخورێت ، هەروەها وازی لە فڕۆکەش هێنا (بە تەنیا خۆی مەشقی دەکرد) بێ بەختانە هەرگیز گوێ ی نەدا بەوەی کە دەربارەی شیکردنەوەی کەسایەتی بە راهێنەرەکەی بڵێت. ئەویش (٩٠) نەوت رۆژ دواتر بە کارەساتی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی لەسەر چیا کوژرا. [٢٣١]

---

[٢٣١] - رۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمین حسین )، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

**چاوی ڕوو لە سەرەوە :** ئاماژەیە بۆ دینداری، مەرایی کردن ، حەزی لە پەیمان و بەڵێن هەیەو زۆر دەپارێتەوە.

**ڕووی چاو بۆ خوارەوە:** نیشانەی بێ فیزیە. [٢٣٢]

**قەبارەی چاو :** یەکەم شت کە سەرنج رادەکێشێ لە چاودا قەبارەکەیەتی. بریتی یە لە جیاوازیەکی گەورە لە بەناوداچوون ( بە قوڵداچوو و بچوك) بۆ چاوی گەش و جوان ( فراوان و گەورە). لەنێوان ئەم دوو قەبارە جیاوازەدا پلەی جۆراو جۆر هەیە لە قەبارەدا. هێشتا خەڵکی لەدێر زەمانەوە وەسفی چاوی گەورە دەکەن تەنانەت لە ئافرەتداو زیاتر نەتەوەی عەرەب سەرسامن بە چاوی گەورە. لای ئەوان چاوی گەورە ناونیشانی جوانی یە. ئافرەتی جوانیان چوان دووە بە گا لێوی (بقر الوحش) و خۆشەویستی و پیاهەڵدان لەبەر گەورەیی چاویان.

گەورەیی چاو لە ڕووی فسیۆلۆژی یەوە ئاماژەیە بۆ وزەو هێزو لێهاتوویی لە تێڕامان و چاودێری وردبوونەوە. لای ئەوان ئەمە زۆر گەورەیە لە وەسف و پیاهەڵدان وەك چاوی کەرویشك و پشیلە. کەسی چاو گەورە خاوەنی تێڕامانێکی بەهێزو زیرەکە، بچوکی چاویشی لە بەرازو کەرکەدەن و هەر گیانەوەرێکی تر کە بینین لاوازە، بەڵام بە پێ ی زانستی ڕوخسار ناسی ( علم الفراسە) گەورەیی چاو ئاماژەیە بۆ هزرو خێرایی هۆشیاری ( سرعه الانتباه ). [٢٣٣][٢٣٤]

---

[٢٣٢] - أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[٢٣٣] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٧٨-٨٧.

[٢٣٤] - جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦١.

سەبارەت بە هاوسۆزی کردن، ئەگەر ئەوە هاوسۆزەو بۆی دەگەڕێیت، بچۆ بۆ لای کەسێك کە چاوێکی گەشی گەورەو لێوی سوری پڕی هەبێت. ئەو کەسەی کە تۆ دەتوانیت دڵی خۆتی بۆ بکەیتەوە و بەسۆز بێت لەگەڵتدا. هەروەها ئەگەر لەجیاتی ئەو بچیت بۆلای کەسێکی چاو بچکۆلەو تا رادەیەك دەمی وەك و تەڵەی ورچ وابێت، ئەوا زیاتر گوێت لە (باشە) ئەی چاوەڕێ ی چی ئەکەیت) دەبێت ، لە بری ئەوەی بڵێ ( ئۆی ، ئەوە زۆر ناڵەبارە و خراپە).

چاوە گەشە گەورەکان ، نیشانەی هاوسۆزی و بەزەیی یە ، هەروەها لێوە سورو پڕەکانی پەیوەندی بەخشندەیی یەکی راستەوخۆیە.

چی دەکەی ئەگەر لەگەڵ کەسێکی هاوسۆزدا بیت ؟

وەڵام : چاوەڕێ ی هەژاندنی بەزەیی یەکی سۆزداری بکە، بۆ بەزەیی و سۆز بچۆ بۆ لای ئەو جۆرە کەسانە. بیرت بێت ئەوان هەستی سۆزداری و داخی خۆیانیان هەیە ، بۆیە تاکو ئاستێکی پەسەند لەو رووەوە بە ئارام بە لەگەڵیاندا.

چی دەکەی ئەگەر لەگەڵ کەسێکی بێ سۆزدا بیت ؟

وەڵام : چاوەڕێ ی ئەوە بکە کە مەسەلەکە لەخۆیەوە چارەسەر بکرێت، بیرت بێت ، لەژێر ئەوەشەوە کە دەیکەن، سۆزێکی تایبەتی خۆیانیان هەیەو هەڵیان گرتووە بۆ کاتی پێویست. ئەگەر لە بەشی کارگێڕی بیت، ئەوا کاریان بدەرێ و بە تایبەت بیان خەرە سەرکاری پسوڵەی پارە گردکردنەوە، چونکە ئەو کارە سامانێکی بەزەیی تێدا زاڵە. [٢٣٥]

---

[٢٣٥] - رۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە (مینە( محمد أمین حسین )، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥-١٣٦.

چاو تەنها رێگایە بۆ دەرکەوتنی ئەو هەستانەی مرۆڤ کە هەیەتی بەرامبەر بەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژی سوور دەبێت لە قین و ڕق . بە فرمێسک دەبێت لە خۆشەویستی و سور گەرمی دا، زەق دەبێت لەسەرسوڕمان ، نیو نیگا دەبێت لە کاتی بیرکردنەوەو تێڕامان.

چاوی بچوک و قوڵ جیاوازی هەیە لەگەڵ چاوی گەش و گەورەو فراواندا. ئەوەی دووەمیان نیشانەی جوانیە، لەبەر ئەوە میللەتانی دونیا زۆر بە چاواندا هەڵدەدەن، گەورەیی چاو نیشانەی پاکی و بێ گوناحی و هێزی فکرو هۆشە، زوو هەست کردن بە شتەکان و راستگۆیی یە بەڵام چاوی تەسک نیشانەی فێڵ و خەڵەتاندن و خۆپەسەندی و تەمبەڵیە، بەڵام ئەگەر چاوەکان مامناوەند بوون ئەوا نیشانەی جێگیری تەواو و دڵنیایی لێ بوونە.

<u>پانی چاو</u> : ئاماژە بە فراوانی بینین و کەمی ڕون بینی دەکات، خاوەنی زۆر دەبێت و کەم بیردەکاتەوە.

<u>درێژی چاو</u> : ئاماژەیە بۆ کەم بینین و باش تێگەیشتنی تاکەکان ، ناسکی سۆزو پێشکەوتنی تێدا بەدی دەکرێت.

<u>چاوی خڕ</u> : خاوەنی کارایە، مادیە، واقعی بە ، حەزی بە خەیاڵ نیە، کەم جار حەزی بە وتە گەورەکانە. [٢٣٦]

---

[٢٣٦] - أحمد جمال الدين الكاشف، وەرگێڕانی : هەورامان علی، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٣٨.

أ. **چاوی گەورەو کراوە** : مەکر باز نین و فێڵ بازیان کەمە، چاوەکان بەشێکی دیارو ئاشکران لە سیستەمی هەڵچوون و تورەبوونداو، بۆیە تورەبوون پەیوەستە بە چاوەوە، چاوی ئاسودە، ئاشتی خوازی تێدا بەدی دەکرێت.

ئەو کەسانە تێڕوانینێکی کراوەو ڕوون و راستەوخۆی هەیە. (٢٣٧)

ئەو کەسانەی چاویان گەورەیە زیرەکن و خەیاڵ و توانایان لە دەربڕینی هەستەکانیان بە ئازادی.

ئەوانە دۆستایەتی دەکەن و سۆزیارن و بەسۆزن و مەیلیان هەیە بۆ هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ کەسانی تر بە پێ ی رووکاری دەرەوەیان. لەبەر ئەوە ئاسایی تێڕوانین بۆ کەسانی چاو گەورە کە زۆر سەرنج راکێش و(جاذبية )یان زۆرە.(الأوبرا ايطالي)و(لوتشيانو بافاروتی)(١٩٣٥–٢٠٠٧)خاوەنی چاوی گەورەو ڕوونن. (٢٣٨)

ب. **چاوی بچوك و نیمچە داخراو** : چاوی مەکرباز و فێڵ بازی بەرز : چی دەکەیت کاتێك ئەو کەسەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت دوو چاوی مەکربازی و فێڵبازی بچوکی هەبێت: ئەوا پێویستە ئاگاداربیت و خۆت لە باوەرکردن بەو کەسە بپارێزەو لە ڕێگای ئازاراوی بەدوور بەو چاوەڕێ ی تێکەڵاوی و بەدواداچوونی بەشێکی ئەو کەسە مەکە. (٢٣٩)

---

٢٣٧ – ڕۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە محمد أمین حسین )، زمانی روخسار ، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٥–٥٧.

٢٣٨ – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٨.

٢٣٩ – ڕۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە محمد أمین حسین )، زمانی روخسار ، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٥–٥٧.

ئەو کەسانەی چاویان بچووکە بەوە دەناسرێن کە خۆیان دەپارێزن لە هەستەکانیان و دەری نابڕن، بە قورسی هەستی قوڵایی ناخیان دەردەبڕن. لەبەر ئەوە بە زۆری چاو بچوکەکان گەشتنیان قورس و گرانە لە تێڕوانین و دیدگای شانۆی چاو گەورەکان ، بەڵام کەسانی زۆر چاو بچوك تێگەیشتنیان مادیانەیەو خۆپەرست و ئەنانین. [٢٤٠]

**<u>ڕووبەری چاو :</u>**

أ. **فراوانی ڕووبەری چاو** : کاتێك چاوەکانی خەڵکی دەکرێنەوە لە ڕووبەردا، ئەوە مانای رازی بوونیان و بەسۆز بوونیان دەگەیەنێت و ئەگەر هەستیان کرد بە کاردانەوەو ئینفعال و هاندان و دەیانەوێت بە تۆندی هەواڵی شتێك بدەن بە کەسێك، گرەوت بۆ دەکات کە چاوی ئەو کەسانە لە ڕوبەریاندا دەکرێنەوە، چاوەکانیان دەبرسکێنەوەو دەگەشێنەوە بە وزەی تەمەنیان.

ب. **کەمی و تەسکی ڕووبەری چاو** : ئەو کەسانەی ڕوبەری چاویان تەسك و کەمە مانای وایە ئەوانە خەو زراو ئاگادارو خۆپارێزو وریا و سکاڵاکارو بۆڵە بۆڵ کەرن ، ئەو کەسانە بە عادەتی خۆیان وا دەناسرێن کە ڕوبەری چاویان تەسك و کەمەو وریاو سکاڵاکارن. [٢٤١]

---

[٢٤٠] – ڕیتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٩.

[٢٤١] – ڕیتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٨.

ج. **سەرنجراکێشی چاو ( جاذبية العين )** : چاو هەیە شەوق و درەوشانەوەی هەیە، چاویش شەوق و درەوشانەوەی نیە، تاکو قولاییی جیاواز بکات و رەنگی چاوەکان شەوق و درەوشانەوەو بریسکانەوەی زیاد بکات، سەرنجراکێشی کەسیش زیاد دەکات پێویست ناکات تێکەڵی دروست بکەین لەنێوان ئەم

سیفەتەو سیفەتی دەربڕینی سۆز کە پەیوەستە بە قەبارەی گلێنەی چاو، سەرنجراکێش (الجاذبية)پەیوەستە بە رەنگی چاو ئاستی شەوق و گەشانەوەو بریسکانەوەی چاوەکانەوە. بەهەر حاڵ لە سیفەتی دەربڕینی بەرزی هەست و سۆزدا لەکاتێکدا دەکەونە بەرامبەر ئەو کەسانەی خاوەن چاوی سەرنجراکێشن، دەست بەجێ هەست بە سەرنج راکێشیەکی زۆر گەورە لەنێوانیاندا تاکو دەگاتە رادەی کە دەبوو بیانی و غەریب دەکەونە ناو گفت و گۆ و باسی چیرۆکی ژیانیان بۆ هیچ شتێ نا بەڵکو تەنها بۆ ئارەزووکردنیان بۆ لەگەڵ یەك بوون و باوەڕ وایە پیاوان و ئافرەتانی چاو سەرنج راکێش بە توانایەکی گەورەیانەوە لە غەزەل و پیادا هەڵدان کە ئەگەری سەرکەوتنیان لە ژیاری سۆزداریدا، ئەزموون دەکەین چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ ئافرەتێك هەواڵت پێ دەدەم کە زۆر بێزار بووە هەر وەك یەکێ لە پیاوەکان وتی وشەی (نەرم) (رقيقه) گومان لێ ی لە پیشەدا هەڵکەندنی ئامانج و مەبەستە شاراوەکەیە، کە دەشارێتەوە لە پشت ئەو وشە نەرمانە. لەبەر ئەوە مەبەستی بوو لە سەرەتایی بیستەکانی تەمەنی دا کە دەستپێکێکی سەرنج رانەکێشە بۆ لەخۆ دوورخستنەوەی خەڵکی.

هەواڵیان بە منـدا کـە چـەند جارێـك سـیفەتی پیاهەڵـدان و ستایـشی ئـەوە بـەردی کـەوتوو بـوو کۆسـپێکی گـەورە بـوو کـە هەرەشـەبوو لـە بـەردەوامی هاوسـەرێتی یـان، بـەو پـێ یـەی (تـوم)قەناعـەتی کـرد بـە ژنەکـەی (کـارول) کـە مەبەستی تازەکە نـەرم و بـەزەیی بـوو لەگـەڵ پیـاوانی تـر لـە کـاتی ئاهـەنگ یـان هـەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئامادەبوو نایـەلێی و لـە ئـەنجامی ئەمـە ئامـادە نـەبوو (کـارول)

حـەزی دەکـرد بـە ئامـادەبوون لـە هـەر ئاهەنگێکـدا، لەبـەر ئـەوەی هەمیـشە ناکۆکی(خلاف) بەرپادەبوو لە نێوانیاندا دوای چوونیان بۆ هـەر ئاهـەنگێك و (کارول) زۆر سەرسام دەبوو لە دۆستایەتی پیاوان لەگـەڵ ژنەکەیدا گومانیان لەنێواندا هـەبوو، کـە ستایـشی یـەکتریان دەکـرد لـە کاتێکدا زۆربـەی خانمان خۆیان دوور دەگـرن لێـی و هەست دەکـەن بـە هەرەشـە و تـرس و لـە هـەڵس و کەوتی ژنەکە کە دەستی بە ستایش کردنی دەکرد.

**ئەو پیشانەی گونجاوە بۆ سیفەتی جاذبي بوون لە سەرنج و راکێشی بوون :-**

سەرنج راکێشی بەرزو زۆر بە سیفەتێکی بەرز ئەژمار دەکرێت بۆ ئـەو کەسـەی کـاری دەوێـت وەك مەنـدوبی فرۆشـتن، بـەو پـێ یـەی کـە توانایـەکی زۆری قەناعـەت پێکـردن دەگەڕێنێتـەوە، بـە تایبـەتی لـە رێکـەوتنی راسـتەوخۆ رووبـەرووە لەگـەڵ هاوبەشـەکاندا، سـەرنج راکێـشی زۆر ئـەژمار دەکرێـت بـە یـەکێك لـە سـیفەتە جیاکـەرەوەکانی کـارکردن وەکـو بـواری محامـات (پارێزەرایـەتی) یـان تقلیـدی هـەر جانتـا بەدەسـتێکی و زاری یـان ئەوانـەی هەڵدەستن بـە رۆڵـی رۆمانسی لەسـەر شـانۆ یـان رابەرایـەتی چـالاکی کارەکـە دەکـەن، بـە شـێوەیەکی گـشتی، ئـەم سـیفەتە ئـەژمار دەکـرێ بـە یـەکێك لـەو

سیفەتانەی کە کاروبار دەیەوێت کە دەبێت هەڵسوکەوتی پێوە بکەیت لەگەڵ خەڵکیدا. [٢٤٢]

**چاوی بریسکەدار و نەرم و شەوق دار :** ئەو کەسانەی چاویان بریسکەدار (لماع و ناعمە)و نەرم و شەوق دارن بەوە دەناسرێنەوە کە گەرم و گوڕ و وزەدارن و وێڵی شادمانین (حب المرح)، هەمیشە پێوێستیان بە خۆ مەشغوڵ کردن و ئیش کردنە. زۆرجار ئەوانە وەسف دەکرێن کە خەونی زۆر دەبینن و بە رەچاوکردنی توانایەکی زۆریان لە کات بۆ خەیاڵکردنەوە. خاوەنی ئەم جۆرە چاوانە مەیلیان هەیە کە نمونەیی بن ، دەشێ هەست بکەن بە وازهێنان لە کەسانی تر بە ئاسانی. [٢٤٣]

گەر بتەوێت کەسێکی سۆزدار بدۆزیتەوە، ئەوا کەسێکی چاوگەشی بەسۆز هەڵبژێرە، هەروەها ئەگەر وێستت کەسێکی لە بارو گونجاو لە راستی دا لێهاتووبێت بۆ ئیش و کارێك، ئەوا کەسێکی چاو بچوکی خەواڵوو هەڵبژێرە ( ئەمە بەسەر جیهانی ئاژەڵیشدا دەچەسپێت ، بۆ هەڵبژاردنی گیاندارێکی ماڵی وەك توتکە سەگ، کەڵەشێرو جوانووی ئەسپ و ماین ، چاکتر وایە کە چاو گەش بن). هەموو مرۆڤێك هەستی هەیە، بەڵام کەسانی چاوگەش هەستیان کراوەترەو ئەوان زیاتر هەست دەردەبڕن و زۆرتر کاریزما پیشان دەدەن و زۆر پێدەکەنن و باوەش بە خەڵکدا دەکەن و لە ئامێزت دەگرنت و چاو دادەگرن و لە گەمەو یاری کردن دا قاقا لێ ئەدەن و هاوار دەکەن و لە ئۆپێرادا هوتاف دەکێشن و لە سەیرکردنی فلیمەکاندا، تەنانەت لە زەماوەندەکانیشدا دەگرین لە ئیش و کاریشدا لەسەر بناغەی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی بریار دەدەن.

---

[٢٤٢] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٠-٨٢.

[٢٤٣] - ريتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة ويسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٩.

زۆر کەم دور بینن و تایبەتمەندێتیان ئەوەیە کە بەپێ ی پێویست پشتگیریان بکەیت.

ئەگەر کەسێکت دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی پسوڵەی پارە، کەسێك هەڵبژێرە کە چاوەکانی بچوك هێمن بێت، ئەوە کارەکەت بە شێوەی ئاسایی بۆ جێ بەجێ دەکات لەجیاتی ئەوەی (خۆیێن لەبنی پێڵاوەکانی بتکێ) و داخ هەڵکێشێ بەدەست قەرزارەکانی و ئازارو ئەشکەنجەو شەرمەزاریانەوە بۆ هەر تایبەتمەندییەکی بەنرخ کات و شوێنی خۆی هەیە، پزیشکی تیمارساز نابێت رێگا بدات بە لایەنی سۆزداری، کە سەرسامی بکات، لەبەر ئەوە لە هێزو توانای ئەم تایبەتمەندییەوە ئەگەر بگونجێت دەبێت خۆی لە تیمارکردنی هەر ئەندامێکی خێزانەکەی دوور بگرێ.

تۆ دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت، وەك کوێ گونجاو و لەبارە بۆ خۆشەویستی کردن، بۆ دلۆڤانێك، بوونی سۆز، یەکەم شتەو روخساری خۆشەویستیە، ئەمە وەکو باوێك دوای دەکەوێ. هەروەها هەست لەلای ئەوانەش هەیە کە کەمتر هەست دەردەبڕن، بەڵام سۆزەکە دەتوانێت دەربڕێت و ببێت بە شتێکی زیندوو. من لێرەدا ئەو رووداوەی ئامۆ ژیارەکە دێنمەوە، ئەوەی ژنەکەی خۆی دایەوە بە دادگای ئەنجومەن، چونکە ژنەکەی زۆربەی کات، لە سەردەمی هاوسەرێتیدا هەر سێوی دائەخرماند، لەبەر ئەوەی بیری لای شتی تر بوو، (ئەوەش رێگەیەکی دڵنیایی یە بۆ فش کردنەوەی زۆربەی شانازیەکانی مێردەکەی).

سەبارەت بە دڵ ڕفێنی بیرێ لەو کەسانە بکەوە کە دەیناسیت، ئەوانەی جووتێ چاوی گەش و پرشنگداریان هەیە و سەرنجی هەموو کەس رادەکێشن. ئەوانە نەمرن و پڕن لە گیانی کەسایەتی (تەنانەت ئەسپ

سوارەکانیش هەوڵ دەدەن ئەسپێك هەڵبژێرن کە کەمێ لەو دیاریدەی سەرنج راکێشانەیان پێوە بێت).

ئەو کەسانەی چاوەکانیان وەکو چاوی بوکە شوشە وایە، ژیانتیشیان بە ئاراستەی بوکە شووشە رابەری دەکەن، کە هیچ جۆرە رابوردنێکی تیا نیە.

خۆشبەختانە ئەمە ئەو تایبەتمەندیە کە دەتوانێت گەشە بکات، بڕوانە ئاوێنەو بیر لە خۆشەویسترین شت بکەرەوە، لەلایەکەوە چاوەکانت دەگەشێنەوەو سەرنج راکێشەری ، یان گیانی شەیدایی گەشانەوەیان دەردەکەوێت (بێگومان چاوەکان پەنجەرەن بۆ ڕۆح).

بێبەختانە ئەوانەی وەکو تۆ سەرنج راکێشەرن، دەبێت تایبەتمەندێتیەکانی تریان بپارێزن و ئاگایان لە خۆیان بێت. ئەگەر خەو ، یان ژەمە خواردنێکت لەکیس چوو، هەروەها شەکەت و ماندووبوویت، ئەوا بەرزو نزمی کاریزما دەردەکەوێت، خۆ ئەگەر کێشەیەکی بێ قەرار سەرقاڵی کردی ئەوا کێشەکە لە چاوەکانتدا دەردەکەوێت.

پێویستە جیاوازیەك بکەین تێکەڵ یەك دروست نەکەین لەنێوان سیفەتی سەرنج راکێشی و هەڵاتوویی لە کێشەکان کە هەردووکیان چاویان بریسکەی تێدا دەردەکەوێت، بەڵام کەسایەتی کەسی هەڵهاتوو جیاوازە چونکە کاتێك دەبینی و سەرنجی لێ دەدەین ئەو کەسە چاوەکانی لە شوشە دەچێت، ئەمە بە ئاسانی نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسە لەژێر فشارو دڵەراوکێ دایە، چاوەکانی وەك ئەوە وایە کە خوێنی تێزابێت و پێستیشی وشك و بریسکەدارە.

ئێمە دەربڕینێکمان بۆ ئەم تایبەتمەندیە دەرەکیە هەیە، ئەویش بە وشەی Fugacity ناوی دەبەین، کە هەمان واتاو ڕیشەیان هەیە لەگەڵ وشەی

Fugatire داو به مانای ئەوە دێت کە ئەو کەسە هەست بە ڕاونان و هەڵهاتن دەکات، ئاشتی و ئارامی تەواو پێچەوانەکەیەتی، باشترین نمونەش چاوەڕوان و تەرەکانی کۆڕپەیەکی شێرەخۆرەیە، کاتێك دوای سەرخەوێکی خۆشی دوای نیوەڕوان بە ئاگادێت، سپێنەی چاوەکان زۆر سپی دەردەکەون و شێوە تەڕیەك لەناو پێڵوەکاندایە.

چاوەکانی ئەو کەسە ڕاونراو و هەڵهاتوەش پەیوەستە بە دەماغەوە بۆیە بە بچوکترین شڵەژان دەکرێت بگۆڕێت. وەکو کاتێك هەست دەکەیت جزدانەکەت ون کردووە بەڵام هەروەها دەکرێت ون بێت کەچی بە شێوەیەکی کت و پڕ کاتێك دەست دەکەیت بە گیرفانەکەی تردا ، دەڕوانی هێشتا جزدانەکەت ماوەو ون نەبووە.

ئەگەر دەتەوێت نمونەی سەیرتر دەربارەی چاوی ڕاونراو و هەڵهاتوو ببینی، زیاتر لە دەوروبەری کارەساتی ئۆتۆمبێل وەرگەران و هۆڵی دادگاکان و بازاڕی بۆرسە یان فرۆکەخانە کە کاتێك گەشتیارەکان لە کۆتایی سەرەیەکی دوورودرێژدا گوێیان لەدوا ئاگادارییە لەلایەن فرۆکەکەیانەوەو ئەوانیش هێشتا بلیتیان دەست نەکەوتووە.

هەروەها نمونەیەکی باشتر کە هەر لە فرۆکەخانە دەبینرێت، ئەویش ئەو گەشتیارانەیە کە تازە گەیشتوون و بێخەو و چاو سوور هەڵگەڕاون.

لەم بارەدا کاتێك ئەو چاوانە ببینین کە زیاتر لە شوشە دەچن تێدەگەین کە ئەو پیاوە ، یان ژنە یان منداڵە وا هەست ناکەن کە کاروباری خۆیان لەدەست خۆیاندا بێت. [٢٤٤]

---

[٢٤٤] – ڕۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە محمد أمین حسین ) ، زمانی ڕوخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١ ، ٣٢ ، ٤٣ ، ٤٤ ، ٤٧ ، ٤٨ .

**جیاوازی روانگەی چاوەکان لە مرۆڤێکدا** : سەبارەت بە بڕیاردان، هەر چاوێك وێنەکانی دەدات بەلایەك لە مێشك، لەو شوێنەدا کە دووربینی دیدی تیایە.

کاتێك روانگەی چاوەکان لەیەك ئاستدا بێت، ئەو دوو وێنەیە زیاتر لەیەك دەچن کە دەچنە ناو دەماغەوە . لای هەندێك کەس و لەوانەش تۆش ئەگەر یەك روانگەی چاوێکت بەرزتربێت لەوی تر کە ئەمە مەبەستە تێبینی کراوەکەیەو بە پێ ی توێژینەوە لە بنەڕەتی کارەکە ئەو دیاری دەکات کە کەسەکە بریاری نائاسایی دەدات و هەروەها لە توانایدایە کە دیدێکی تایبەت و بێ هاوتای هەبێت لەسەر بابەتێك. (کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس) نمونەیەکی باشە ئەو دەیگوت زەوی خڕە، لە کاتێکدا دەزگا دەستەلاتیەکانی سالانی ١٤٩١ پێکهاتبوون لەسەر تەختی زەوی. ئەم رەگەزی جیاوازکاریە لە بریاردا ئاسایی یە. نمونەیەکی تر: توخمی هیچ مرۆڤێك نیە کە لە خۆیەوە باش بێت یان خراپ بێت، بەڵام بە خستنەگەڕی هەر لە یەکیان ئەوە دەردەکەوێت. لەوانەیە لە داهێناندا کەڵکێکی مەزن بێتە بەر، هەر وەك یەکەم فرۆکەی خێرایی (جێت) یان ( تراتسیستەر ) ئەوانە بەهرەن لە گۆڕەپانی داهێناندا هەروەها وەك خەونەیەك لە دوای یەکەکانی ( کازەرین دیمبلە ) کە بەرهەمەکانی( ئۆکرهاما)ی خستە سەر قۆناغی پەرەسندن بەڵام ( ویستلەر ) وێنەکێشی بەناوبانگ لە سەرەتای کارەکەیەوە لە ئیشەکەی دەرکرا، وەك سەربازێکی نیگار کێشی چونکە وێنەی پەری دەریای لەسەر نەخشەکان دروست کردبوو ئەگەر کارەساتێك روبدات، بەر لە دادوەری کردن، تەمەننای ئەوە دەکەین کە هەردوو بە تەواوی لەیەك ئاستدا بێت، نەرێتی بێت و وردە بزماری نائاسایی لە مەسەلەکە دەرنەهێنێ. ئەگەر تۆ مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا بکەیت لە جیاوازی لە بڕیارەکانیان دا هەبێت ئەوسا چی دەکەی ؟

وەلأم : بیان خەرە سەر رێرەوی پەی بردن بە چارەسەرکردنی کێشەکە و چاوەرێ ی بڕیاری جۆراوجۆرو نائاساییان بکە لە بیروڕاو هەڵس و کەوتیاندا.
ئەی ئەگەر لە دەوری کەسێکدا بیت کە زیاتر نەریتی بێت ؟
وەلأم: باسی بیروبۆچونی رابردوو مەکە ، باسی بیروبۆچونی رابردوو مەکە ، چاوەڕێ ی هەڵس و کەوتی چاوەڕوان کراوی لێ بکە بە دوای هێڵە بنەرەتەکانداو بگەرێ و بە دوای ئەوەدا ئەگەر بتەوێت دەستورو یاسا بدۆزێتەوەو چۆن شتەکە بەرێکی کراوە. [٢٤٥]

## ڕەنگی چاو /

ڕەنگی چاوەکانیش دیسان ئاماژەو پەیڤی تایبەتی خۆیان هەیە بە شێوازێکی گشتی ڕەنگەکانی چاو دابەش دەبێت بۆ ڕەنگە کاڵ و ڕەنگە تۆخ و پڕەکان . . ڕەنگە کاڵەکان بە گشتی لە وڵاتەو ناوچە ساردەکان دا بڵاوەو زۆربەی جار لەگەڵیدا روخسارێکی سپی و مویەکی کاڵ و خاو نەرمی هەیە، بە گشتی خاوەنەکەی بە نەرم و نیانی و روخۆشی و دایناییی و سوکەڵەیی جیادەکرێتەوە، بەڵام ڕەنگە تێرەکان لە تایبەتمەندیەکانی خەڵکی ناوچە گەرمەکانن و بە گشتی موویەکی ڕەق و زبر و لول و روخسارێکی گەنم ڕەنگ یان بۆر( ئەسمەر ) یاوەریەتی، بە گشتی ئاماژەیە بۆ بەهێز و دڕێتی، ڕەنگە ئەو هێزەش شاراوە بێت و دەرنەکەوێ مەگەر کاتی پێویست نەبێت وەکو ئاگری ژێر لم( کا ).

---

[٢٤٥] – رۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە محمد أمین حسین ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣-٧٥.

کاتێکیش چاو ڕەنگ تێرەکان لەگەڵ ڕوخسارێکی سپی یان چاوە کاڵەکان لەگەڵ ڕوخسارێکی بۆر یان گەنمی یەك دەگرن پێچەوانەی شێوازە گشتی و باوەکە ئەوە ئامازەیە بۆ هێزێکی تێکەڵ لە نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی. [٢٤٦]

بە گشتی دەڵێن : چاوە ڕەنگ کاڵەکان ئامازەن بۆ نەرم و نیانی و (اللطف) و چاوە ڕەنگ تۆخەکان ئامازەن بۆ هێز، هێزێکی شاراوە کە دەرناکەوێت تەنها کاتی پێویست دا نەبێت وەکو ئاگری بن کا، زۆرێك لە خاوەن چاوە تۆخەکان سەر بە شوێنە گەرمەکانن، ئەوانە بە زۆری پێستێکی ڕەش ئەسمەر یان بۆریان هەیە یان گەنم ڕەنگن، لەگەڵ هێزی ئیرادەو توند لە هەست و سۆزدا، بەڵام چاوە کاڵەکان سەر بە شوێنە فێنك و ساردەکانت ئەوانە چاوەکانیان هەڵچوو خرۆشاون بە خۆشەویستی بەڵام هەڵناگیرسێت. ئەم چاوانەیە زۆری یاوەرن لەگەڵ پێستی و قژی کاڵ و بە زۆری میزاجیان نەرمەو زەوقیان سەلیمەو دروستەو جوڵەیان خێرایە و هۆگر و گوێ ڕایەڵەو پشتگیری ئەوە دەکا کە خاوەن چاوەکاڵەکان لە کۆنترن و ڕەسەنترن لە شارستانیەتدا لە خاوەن چاوە تۆخەکان.

ئەگەر وا ڕێکەوت کەسی چاو کاڵ و چاو تۆخ و ڕەش پێست و گەنم ڕەنگ ئەمە دەبێتە کۆکردنەوەی هێزو نەرم و نیانی لەگەڵ یەکدا ( بەیەکەوە ).

هەرێم و شوێن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ڕەنگی چاو، کەسێك چاوەکانی شینی ئاسمانی بێت و لە شوێن وولاتێکی گەرم دابنێشێ، چاوی منداڵەکانی بەرەو تۆخی دەچێت، ئەگەر ئەو منداڵانەی یگوازرێنەوە بۆ ڕەچەڵەکی باب و باپیرانیان منداڵەکان هەر چاوشین دەبن. هاوشێوەی ئەمە ڕووەدات لە ڕەنگی

---

[٢٤٦] – د.أيمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠.

پێـــستە بـــەڵام کاریگـــەری خێراتـــرە لـــە پیاوەکانـــدا زیـــاتر دەردەکەوێ. [٢٤٧] [٢٤٨]

أ. **چـاو شـینە کاڵـەکان ( شـینی ئاسمـانی ) :** ئامـاژە بـۆ خۆپەسـەندی و خۆشەویـستن، بـەڵام چـاوی شـین ئاسـایی ئامـاژەیـە بـۆ ئازایـەتی و بوێری. [٢٤٩]

ڕۆژئاواییەکانی گۆرانی بەم چاوە شینانە دەڵێن و دەچڕن، لە هەمان کاتدا عەرەبەکان گـۆرانی بـە چـاوی شـیندا دەڵـێن، بـەڵام چـاوی شـین لای عـەرەب نیشانەی ڕەوشت خراپی و گەمژەیی و تەمبەڵیە.

بە گشتی چاوی شینی ئاسایی نیشانەیە بۆ جورئەت و هەڵمەت بردن ، ئەگەر شینەکە کەم بوو ئەوا ئامازەیە بۆ خۆپەسەندی و هەندێك جار پاکی دەکات، دڵسۆزی و وەفا گیان بەخشین لەپێناو خۆشەویستی دا. [٢٥٠]

شـاعیرانی ئـەفرەنج پیاهەڵـدان و سـتایش و وەسـفی جـوانی چـاوی شـینی ئاسمانی دەکەن، بەڵام عەرەبەکان وەسفی چاوی ڕەش دەکەن. ئەفرەنجیەکان جـوانی لـە چـاوی شـینی ئاسمـانی دا دەبیـنن ، و هاوشـێوەی ڕەنگـی پـاکی شـینی ئاسمـانی و هـەموو ڕەهەنـدەکانی جـوانی تێـدا بـەدی دەکـەن. بـە پێچەوانەوە عەرەبەکان چاوی شینی ئاسمانی بە کەسانی ڕەوشت خراپی ئەژمار دەکەن، و دەڵێن کە چاوی شینی ئاسمانی ئامازەی گێلی و تەمبەڵی یـە. قـەبیحی خراپـی کەسـانی چاوشـینی کـاڵ (ئاسمـانی) ئەگـەر هـاتوو

---

[٢٤٧] – جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٢ – ٦٣ .

[٢٤٨] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٠ – ٩١ .

[٢٤٩] – د.أيمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١.

[٢٥٠] – أحمد جمال الدين الكاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

پێستێکی رەش یان ئەسمەری هەبوو. ئەم ئاماژەیە لەسەر ئەو خاسیەتانەی چاو نەك لە رەنگەکەی بەڵکو لە روونی و لێڵیەکەیەتی و لە جوڵەو ئارامیەکەیەتی و لە چاو هەڵنان و چاو تروکاندنیەتی، ئەمە بەو وێنە بەدەر نابرێت و بە قسەو وشەش دەرنابڕێت بەڵکو ئەمە ئەو شیحریە کە ئاماژە نیە بۆ هیچ شتێك جگە لە سۆزو هەستەکان. (٢٥١) (٢٥٢)

ب. **چاوی شینی تۆخ ( شینی ئاسایی نەك ئاسمانی ) چاوی شەهلا** : ئەو چاوانەن کە تێکەڵە لە رەنگی ئەسمەر و سوور یاخود سەوز، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیرەکی و سۆز لە پیاودا، زوو ئالودەبوون و زاڵ بوونی عەقڵ بەسەر سۆزداو زۆری سۆز بۆ پیاو لەلایەن ژنەوە. پیاو رازی دەکات ئەم ئافرەتە زۆر کارایە کەم دوون، ئەم چاوانە زۆر بەناوبانگ لەنێو زۆرێك لە گەورە پیاوان. (٢٥٣)

خاوەنی چاوی شەهلا (چاوی شینی تۆخ) سەر بە کەسانی پڕ سۆزو زیرەکن، ئەگەر هاتوو خاوەنەکەی ژن بوو بە ئاسانی رادێت لەگەڵ زاڵ بوونی ئەقڵی بەسەر هەست و سۆزدا، هەست و سۆزی زۆری بۆ هاوسەرەکەی ، کاردەکاتە سەر رەزامەندی و رازی کردنی بۆ هەموو شتێ، قسەی کەمەو کاری زۆرە.

زۆرێك لە پیاوە گەورەکان بە تایبەت سەرکردەی دەریاوانەکان کە لەم رەنگی چاوەیان هەیە. (٢٥٤) (٢٥٥)

---

[٢٥١] - جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٦ - ٦٤.

[٢٥٢] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩١ – ٩٢ .

[٢٥٣] - أحمد جمال الدين الكاشف،وەرگێڕانی: هەورامان علی ،خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٩-٤٠.

[٢٥٤] - جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٦ .

[٢٥٥] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٥ .

ج. **چاوی بۆر خۆڵەمێشی (العيون السمراء):** چاوی خۆڵەمێشی تاریک خاوەنەکەی هێزی دەروونی بەهێزە، سۆزی ناسکە، بەوەفایە ، نمونەییە.[٢٥٦]

عەرەب ئەم چاوە ناودەبات بە چاوی سەوز (الخضراء) و جوانی تایبەتی هەیە جیاوازە بە جیاوازی جوڵە و چاو لێك نان ، ئەگەر بیجوڵێنێ خاوەنەکەی مەیلی خۆش و دڵ کراوەیی یە ئەگەر رەنگەکەی زیاتر جیاوازبوو لە ئەندازەیی خۆی، تێکەڵیەك هەبوو لە سوریان سەوزیان هەر رەنگێکی تر ئەوە دەبێتە چاوی شەهلایی یان چاوی ئاگرین و چاوی زەردوویی (الصفراء) و هەنگوینی (العسلی) و زەرنیجی و رەساسی و خۆڵەمێشی ( بۆر) ( رمادی ) و خۆڵەمێشی تۆخ( السنجابی) و هەر رەنگێکی تر کە ناتوانرێت دیاری بکرێت بە ژمارە، هەریەك لەم رەنگانە ئامازەن بۆ رەوشتی خاوەنەکەی درێژەیی پێ نەدەین کورتی دەکەینەوە لە وەسفەکانی چاوی شینی تۆخ (العيون الشهلاء ) [٢٥٧][٢٥٨]. چاوی خۆڵەمێشی ئامازەیە بۆ هێزی کاریگەری دەروونی لەسەر ئەوانی تر، زۆربەی جاریش خاوەنەکەی بەوەفاداری و هەست و سۆزی ناسکی جیادەکرێتەوە.[٢٥٩]

---

[٢٥٦] – أحمد جمال الدين الكاشف، وەرگێڕانی: هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ،سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

[٢٥٧] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٥.

[٢٥٨] – جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٦ .

[٢٥٩] – د.أيمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، هونەری رووخوێندنەوەو دەرخستنی نهێنیەکانی دەروون،سەرچاوەی پێشوو ، ل١١.

د. **چاوی ڕەش** : ئەگەر بچوك و بریسکەدار بێت ئەوا خاوەنەکەی زۆر لە خۆی رازی یە ئەگەر بە قوڵ داچوو بوون، ئەوا مرۆڤێکی دڵسۆز دەبێت، یاخود جولنکۆ و زۆرتر لە ژنانی تورکدا هەن یاخود لەسەرخۆ و سۆزیان لێ ببارێت، لە برۆکانیدا تیشکی زیرەکی دەربکەوێت، چاوی جوان و بەندکەر، سەرنج راکێشانی دڵان بەلای خۆیدا دەبات، جادووەکەی بەهێز دەکات ئەگەر لەنێوان روومەتێکی سپی دا بێت[٢٦٠].

بیرمان بێت سەرسامی عەرەبەکان بە جوانی چاوی ڕەش، بەڵام ئەفرەنجیەکان چاوی ڕەش دابەش دەکەن بۆ چوار بەش کە ئەمانەن :-

١. **چاوی بچوکی بریقەدار** : وەکو مورو موو نقێمی ڕەش ، چاوی زۆر جوان، سەرسامبوون بە جوانیەکەی.

٢. **چاوی بە قوڵداچووی داگیرساو**: ئامازەیە بۆ خۆشەویستی و دڵسۆزی لە خۆشەویستی دا.

٣. **چاوی نەرم و خاو** لە جوڵەدا لەگەڵ وەنەوزو خەوالوی، ئامازەیە بۆ وازهێنان لە شتەکان.

٤. **چاوی گەورە لەگەڵ شێوەی جوان و هەڵکەوتنی باش**، جوانترین چاوەکانت و مەترسی زۆریان لەسەر دڵ هەیە. تۆ ئارام بە وەك ئاوی قوڵ و سۆزت ڕێك بکەوێت لەگەڵ دەوروبەردا کە تۆ ئەبینی گومانی زیرەك بوون ئەفرێ لەنێوان برژانگەکانی دا . ئەم چاوە پێویستی نیە بە وەرگێڕان و تەرجمە کردن و دەگمەنە کە مانای خەندەو بێ دەنگیان بزانرێت. بەناو دیواری سینەدا دەچنە ناوەوە تاکو دەگەنە دڵ و دەیکەنە

---

[٢٦٠] - أحمد جمال الدين الكاشف، وەرگێڕانی :هەورامان علی ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

بارەگایەکی فراوان پاشان بەجێ ی ناهێڵن مەگەر بە خێرایی نەبێت. خاوەنەکەی دەرەچەی وشەی بەهێزی بەڵگەدارە، ئەگەر سەرنج بدەیتە بیری خۆت و هەستکردن بە هەر شتێك کە ئەو بیرکردنەوانە سەرکردایەتی تۆی مرۆڤ دەکات.

پاشان چاوە گەشە رەشە زەقەکان بەهێز دەبێت ئەگەر هاتوو لە ڕوویەکی سپی دابێت، و جوانی و هێزی زیاد دەکات و ئەمە کۆتا جوانی بەلای عەرەب، و لەمەدا سیفەتی ڕەشێتی بەلای ئەوان، وە ئەوانەی جەستە یان سپی و چاوی یان ڕەشە. [٢٦١] [٢٦٢]

هـ. **چاوی ڕەنگ ناباو** : ئاماژەیە بۆ حەز کردن بە ئەنجامدانی تاوان. جوانترین چاو ئەو چاوانەن کە چاوێکی مام ناوەندین لە پێوانەدا جێگیربن لە شوێنەکانیاندا. پاك بن لە پەڵە ، پاك بن لە نوکتە، بریسکاوی بن، ڕەنگەکانی شاراوەبن. پێڵوەکانی مام ناوەند بن. تێکەڵ بن لە خۆشی و سام، ڕەشی و سپێتی پاك بێت، نە بچوك بن نە گەورە، نە قوڵ بن نە دەرپەڕیو، نەبزۆك و نەمان بن، گلێنەی نە گەورە بێ نە بچوك، تەڕبێت بێ هیچ نەخۆشیەك شین بێت یاخود ڕەش بێت یاخود شتێکی کەم، پێڵوەکان کەمێك ئاوسابن، زۆرجار ئەم شتانە لە چاوێکدا کۆدەبێتەوە، ئاماژەیە بۆ ڕەوشت چاکی، خانەدان و مرۆڤی چاکن، عەقڵیان چاکە بەڕێزن ژیرن، چاکە خوازن. [٢٦٣]

---

[٢٦١] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٣-٩٤.

[٢٦٢] - جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٤- ٦٦ .

[٢٦٣] - أحمد جمال الدين الكاشف، وەرگێڕانی: هەورامان علی ،خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

**و. چاوی حەسود (الحسد و العين)** : حەسودی هەروەك فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: (العين تدخل الرجل القبر و الجمل القدر)و ئەم مەسەلەیەکی بامە، زانایانی ئەوروپا بڕیاری یان لەسەرداوە لەژێر ناونیشانی زیانە دەرونی یەکان بۆ کەسانی ترو کاریگەریەکەی و نیشانەی چاوی حەسود ڕقاوی و دڵ پیسە کە چاوێکی بازنەیی بەو خڕەو دڕەوشاوەو کراوەیە.

چاوچنۆکە بۆ هەڤ نیعمەتێك کە هی کەسانی تڕە بەبێ هۆ، بەڵکو ئەم سروشتەی کەسی حەسود، شەڕو خراپەکاری لای حەسودەکانەو دەرچوون لە زیانەکانی حەسودەکان هێزی دڵنیایی یە خوا دەیپارێزێت بە خواپەرستی خودی مرۆڤ دژی چاوی حەسود بۆ ئەوەی کاری تێ نەکات، لە دەرکەوتوترین چاوە حەسودەکان، و لە راستی دا کەسەکە حەسودی دەبات بە ماڵ و منداڵەکانی و خودی خۆی ئەمە شومە لە هەموو بارێکدا.

**ز. چاوی سیحری** : سوڵتانی دڵانن بۆتان دەبێتە تەختی پاشایی و جێگیر دەبێت و ڕەنگاوڕەنگ و نەخشاوە، ئەو چاوانە چاوی کچانی عەرەبن، بڵاودەبێتەوە لەناو دڵەکانت و لە دەروونەکاندا دەچەسپێت.

**ح. چاوی فەرماندە ( العيون الأمرة )** : ئەو چاوە گەشە فراوانانە یان تەسك و بچوکانە تەنانەت بریقە و بریسکەو ڕوونی یەکەی تیشك دەداتەوە بەو ئیعتبارەی پەنجەرەی ڕۆحە ڕەنگی ڕەش و سپی لە ڕوناکیەوە دەنێرێت دەوترێت لە چاو تروکانێکداو لە توانای ئەقڵ و منطقدا نیە کە وێنا بکرێت، تەنانەت نهێنی یەکە لە نهێنیەکانی خوا لە ئاسمانی ڕۆحدا دەردەکەوێ بەهۆی خۆڕێ کە لە زەوی دەڕوانێ.

**ط. چاوی کاریگەر (العيون المؤثرة)** : بریتین لەو چاوانەی کە کۆکراوەی هەر بێستانێکی گوڵە هەر یەکەیان تایبەتمەندێتی بەرزی هەیە لە تەنیشتەکانی

چاوەوە، کە ناتوانیت جۆرەکەی دیاری بکەیت (بضبط) مەگەر بە کۆکردنەوەی ئەو سروشتانەی کە دەستەلاتێکی کوشندەو مەترسیداری هەیە کار بە دڵان دەکات بەبێ ئارام گرتن و رومالّی بەرهەڵستی یەکان دەکات هەروەک کار دەکات لە زەوی لە بای توند ، و ئەمە هەموو وەفاکەی نیە کە هەڵدەگەڕێتەوە لە حاڵەتێکدا. تەنانەت ئەگەر بکەوێتە ناو خەڵکەوە ئەهل و نیشتمان بفرۆشێ، جڵەوی بداتێ بۆ ئەو کەسەی پەلاماری بدات لە بەنی ئادەم.

**ی. چاوی تەواو (العیون الکاملة)** : بریتی یە لەو چاو جوانە هاوسەنگانەی کە ئاماژەن بۆ دڵ باشی و ویژدانی دروست و زیندوو لەگەڵ زیرەکی و دڵ فراوانی و بەخشندەیی و بلیمەتێکی ئارام و سحر و پەیڕەوی بە کەسانی تر وە ئیمان و شەرەف ئەصڵ و رەسەن و نهێنی یە خواکردەییە قوڵەکان.

**ک. چاوێك لە برۆ لایداوە (برۆی تێپەڕاندووە)** : روخسار لە کۆمەڵێ ئەندام و بەش بە تایبەتی چاوەکان ئاماژەن بۆ هێزی بینین و تێپەڕاندنی برۆ و زانستی (پڕبون) و جێگیر کردن لەگەڵ هێزی دڵنیایی لە گەورەیی خوا لەسەری.

**ل. ئەو چاوانەی ئاماژەی زیرەکی و بیرتیژین:-** هەر کەسێك چاوەکانی رەشی بریقەداربێت، بەشداری و ماندووبوونی بەهێز بە تیشکی بەهێز لەبیرتیژی کە خاوەنی زیرەکی و چاوکراوەییە.

**م. چاوی خۆ بە زل زانەکان (العیون التائهة)** : ئەو چاوانەن کە نزیکترن لە حوزنی و خەفەت یان تێدایە وەك لە دڵخۆشی و شادمانی، ئەوانە خاوەنی نەرم و نیانی و لەسەر خۆیین و دڵسۆزن، هەڵخڵەتاندن و سوپرایزو سەر لێ شێواندنیان بێ مەبەستەو بسیطی و سادەییان و زیاتر سەرسام و هەواداریان نیە لەبەر ئەو هەڵە تێڕوانینەی دەوروبەر بەرامبەر بە خاوەنی ئەم شێوە

چاوانە هەر وەك ئەمانە هەلەوانن لە خەیاڵی سرودەکانی ژیانیان هەر کەس لە پشتیان بێت پارچەیەك لە جگەریانە. [٢٦٤]

- چەند هێڵێکی ورد لە گۆشەی دەرەوەی چاوەکاندا ( جێگە پێ ی قاڵاو یان شوێنی پێ ی مریشك): ئامازەیە بۆ تێڕوانینێکی هەمە لایەنەو تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان شتەکان و هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ئاسۆ و ئاستی تێڕوانینی فراوانتر بکات و لە سەرەوە سەیری بابەتەکان بکات، تێگەیشتنی باشتری هەیە لە پەیوەندی نێوان شتەکان سەبارەت بە سەردەمی لاوێتی خۆی تێڕوانینێکی قوڵتری هەیەو بە ئاسانی ناتوانرێت فێڵی لێ بکرێت.

- هێڵەکانی قسە خۆشی و گاڵتە و گەپ ( چەند هێڵێکی ئاسۆیی لەسەر لوت و لە تەنیشتەکانی گۆشەی ناوەوەی چاو): ئامازەیە بۆ قسە خۆشی و بزێوی (حروکی) و هاروهاجی دەم بە پێکەنین، قسەخۆشەو هاروهاجەو لە دانیشتن لەگەڵیدا ماندوو نابیت، هەڵبەت هەندێك جار لەوانەیە بۆ چەند ساتێ پێکەنینەکەی ببێتە هۆی گاڵتە پێکردنی کەسانیتر. [٢٦٥]

- ئەو هێڵە کراوانەی پێکەنین و نوکتەبازی کە دەکەونە گۆشەکانی دەرەوەی چاوەکانەوە: ئەگەر تۆ لە دەوری کەسێکدا بیت کە ئەم

---

[٢٦٤] - خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٧-١٠٠.

[٢٦٥] -مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢-١٣٣، ل١٥٩

هێمایەی نوکتەبازی و پێکەنینی هەبێت ئەوا زۆر ئاسایی بەو کەمتر بەرگری کار بەو خۆشی وەربگرە لە دانیشتنەکانیان و بانگیان بکە بۆ ئاهەنگەکانت ئەگەر ویستت کاریان بدەیتێ ئەوە بزانە کە نوکتەبازی کارامە، فرۆشیاری چاکەیان سفرەچی چێشتخانە یان بریانپێچێکی لێهاتووەو قسەکانیان وەک رابواردن وەرمەگرەو قسە نەستەقەکان بەکاربهێنە وەک ( سوپاس ، گیانەکەم، چۆنی برا جوانەکەم...هتد). [٢٦٦]

- چرچ و لۆچیەکانی روخسارو ئاماژەکانیان : دەرکەوتنی چرچی و لۆچی یەکانی روخسارو جەستەیی مرۆڤ پەیوەستە بە چوونە ناو تەمەنەوە، توێژەرانیش دەڵێن کە دیسان پەیوەستە بە زیادەڕەوی کردنیش لە چوونە بەر تیشکی خۆر. بە پێ ی شوێنی دەرکەوتنی چرچی یەکان و شێوازەکانیان رەفتار و مۆرکی تایبەت دیاری دەکرێت لە بارەی سروشت و رەفتارو سیفاتی کەسەکانەوە کە تا رادەیەکی زۆر راستە وەکو ئەم شێوازانەی خوارەوە:

١. **چرچیەکانی گۆشەی دەرەوەی چاو کە بۆ سەرەوە لار بوونەتەوە:-** بە گشتی ئەم چرچیانە ئاماژەن بۆ سروشتێکی قۆشمەچێتی و ئارەزووی نوکتە بازی و سوعبەت، بە گشتی کەسانێك کە ئەم

---

[٢٦٦]-رۆبەرت ئێڵ.وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمين حسين )،زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٧-٦٩.

جۆرە چرچیانە لە روخساریاندا هەیە روخۆشن و لەگەڵ خەڵکیدا باش مامەڵە دەکەن، لەبەر ئەوە ئەم کەسانە پەیوەندی گەلێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بەدەست دێنن.

٢. چرچیەکانی گۆشەی دەرەوەی چاو کە بۆ خوارەوە لاربوونەتەوە:- ئەم چرچیانە ئاماژەن بۆ سیفاتەکانی خەمۆکی و پەژارەیی. خاوەن ئەم جۆرە نەخشەی روخسارە ئارەزووی دڵ تەنگی و ڕەشبینی دەکەن، بەڵام ئەگەر هەردوو چاوەکەش بەو شێوەیە لاربوونەوە بۆ خوارەوە ئەوا ئاماژەیە بۆ فێڵ و تەڵەکەبازی.

* * *



# گـوێ

## ٤. گـوێ

وتەیەکی چینی هەیە کە دەڵێت (( ئەو گوێ یەی کە گوێ نەگرێت خەم و ناخۆشی بۆ خاوە نەکەی دەهێنێت، بەڵام ئەگەر گوێ ی لێ بوو دەبێت بە هیچ وەرنەگری، ئەگەر بینیت دەبێت بەدڵی خۆت حوکم بدەیت)). [٢٦٧]

**أ. قەبارەو ئەندازەی درێژی گوێ :-**

لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا، چاومان وەك (پەنجەرەی گیان)یاخود (دەروازەی رۆح)ناوبرد، ئێستا دەربارەی گوێچکە چی دەوترێت گوێ ( دەروازەی راستی ) یە بە شتێکی گەورەی ئەو شتانەی کە ئێمە فێریان بووین لە قۆناغی یەکەم دا لە رێگەی گوێچکەوە وەرگیراون.

گوێچکە بە وەرگرتنی زانیاری لە ئاستە جیاوازەکاندا وەك ئاریاڵ کار دەکات. شێوەو قەبارەو شوێنی جێگرتنی گوێچکەکان جۆری جیهان بینی ئێمەش دیاری دەکات.

ئەرکی سەرەکی گوێچکە وەرگرتنی زانیاری یە، تەنانەت لەو جیهانەی کە لە تیشکی سۆمای ئێمە بەدەرە. گرنگی گوێ لەبەرقەراری پەیوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا، کەمتر نیە لەچاو. بۆ رونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە، باشترە بۆ ساتێك بیر لە پێشینانمان بکەینەوە، پێش دۆزینەوەی کارەباو داهێنانی کەل و پەلی رووناککردنەوە، تەنها هەستێك کە دەیتوانی پێشینان لە مەترسی دونیای تاریکی شەو ئاگادار بکاتەوە ئەم هەستی بیستنە بوو.

لەبیرت نەچێت کە گوێی چەپ دەربارەی ژیانی کەسی و سەردەمی منداڵی ، وە گوێی راست دەربارەی دونیای دەرەوەو ژیانی کارو ئیش و پیشەیی

---

[٢٦٧] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤٧.

تاکەکان، زانیاری دەخەنە بەردەستمانەوە لە رووخسارناسیدا، گوێچکە (گوێ) نیشاندەری شێوازی فێربوون و بەشێوەیەکی گشتی شێوازی وەرگرتن و ڕێکخستنی زانیاریەکان لەلایەن خاوەنەکەیەوە. [٢٦٨]

یەکەم نهێنی گوێ بتوانێ بۆتی بدرکێنێ پەیوەندی بە جۆری درێژی گوێ وە هەیە کە شتێکی ڕێژەیی یە. بەڵێ، من بوێرانە ئەم بەشەی کتێبە بە دژوارترین بابەتەکەیەوە دەست پێ دەکەم. ئاخۆ تۆ چۆن دەتوانیت پێوانی شتێکی ڕێژەیی وەک درێژی گوێ بکەی ؟ لەخۆت و تەنیا لەخۆتەوە لەناو نەینۆک ( ئاوێنە )دا دەست پێ بکە (( لەسەر هەمان ئاست سەیری روو بکەو لەبیرت نەچێت دەبێت ئەو نەینۆک (ئاوێنە)یە لە ئاستی ڕووت نە بەرزتر نە نزم بێت)).

سەیری درێژی گوێ ی خۆت بکە، بەراوردی درێژیی یەکەی بکە لەگەڵ درێژی ڕووت. لەنێو چاوانەوە بۆ چەناگە. بزانە دەتوانیت چەند گوێ ی لەسەر یەکتری بهێنە بەرچاوت پێش ئەوەی لە پانتایی روو دەربچیت؟ ئەگەر وەڵامەکەت سێ یان چوار گوێ بوو، کەواتە تۆ گوێ یەکی بە ئاشکرا درێژت هەیە.

ئەگەر دەتوانیت حەوت تاکو هەشت یان نۆ دانە لەو ئەندامە وردانە ڕیز بکەیە سەرێەك واتا بە کەسێکی خاوەن گوێ ی کورت دەناسرێتەوە.

ئەگەر توانیت جێ ی پێنج تاکو شەش گوێ بکەینەوە، ئەوا دیارە کە تۆ گوێ یەکی لە درێژیدا تەواو ناوەنجیت هەیە.

---

[٢٦٨] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٩ – ٨٠ .

دریژی گوێ پیشاندەری حەزی ناو بیستەنی کەسێك بۆ رادەی وەرگرتنی زانیاری. ئەم رادەیەش هەر وەك دریژی گوێ بەراوردیە. [٢٦٩]

گوێ یەکێکە لە بەهێزترین نیشانەو دیمەنە بۆماوەییەکان کە خاوەن ئاماژەی تایبەتە. هەندێك لە تویژەران وای دادەنێن کە گوێ یەکێکە لە گرنگترین ئەندامەکانی پەیوەست بە زنجیرەی بۆماوەیی یەوە شێوازی گوێ یەکێکە لەو دیمەنانەی روخسار کە زۆرترین سیفاتی بۆماوەیی لە باوانەوە بۆ نەوەکان تیایدا رەنگ دەداتەوە، لەبەر ئەوە بەکاردێت وەك ئاماژەیەکی بەهێز بۆ جیاکردنەوەی کەسەکان و دیاری کردنی باوان. [٢٧٠]

(١) گوێ ی گەورە (دریژ) قەبارەی گوێ بە بەراورد لەگەڵ سەردا گەورەیە:

ئاماژەیە بۆ میهرەبانی و بە بەزەیی و هەڵس و کەوتی باش و بەخشندەیی و دەست کراوەیی، هەردەم ئامادەیی گوێگرتنە لە قسەی کەسانی تر، گوێ ی گەورە ئاماژەیە بۆ میهرەبانی خاوەنەکەی. خوازراوترین و باشترین کارێك کە بۆ خەڵکی ئەنجامی بدات هەر ئەوەیە کە گوێ بۆ قسەو دەردەدڵی یەکانیان بگرێت. [٢٧١]

---

[٢٦٩] – رۆژ رۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ،سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٩-٩٢.

[٢٧٠] – د.أیمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، هونەری رووخوێندنەوەو دەرخستنی نهێنیەکانی دەروون،سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٤.

[٢٧١] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٧.

کەسی خاوەن گوێ ی درێژ توانای بیستنی نائاسایی هەیە. نمونەش ئەوانەن ((لیندن جانسن))ی سەرکردە لە مارباژی ((ئەلبێرت شوایتزر))ی مرۆڤ دۆست و هەروەها پێشەنگەکانی دەستەبەرکردنی بازاڕی فرە ئاست واتا ((ریچارد دی قۆس))و ((جێ ی قەن ئەندل)) کە لە ژێرزەوینەکانیاندا Anway یان دامەزراند ((ئێستا کۆمپانیا بچوکەکەیان پتر لە ٣,٥ بلیۆن دۆلار دێنێ)).

ئاخۆ ئاریشەو کێشەی ڕێ تێچوو بۆ ئەو کەسەی کە هەر وەك چۆن ئیسفینجێکی وشك ئاو هەڵ دەمژێ ئەویش ئاوا بە ئاسانی زانیاری ڕادەکێشێ، دەبێت چی بێت نقوم بوون ئاریشە و کێشە ڕێ تێچوەکە بە ڕەنگە تۆ بزانیت ئەم ئاریشەیە چۆن تەنانەت پاش ئەوەی تۆ ئەو شتەی دەتەوێت دەبیستڕێت بەبێ ویستی خۆت ناتوانیت وازبێنی لە وەرگرتنی زانیاری. لە ئاکامدا تۆ لەوانەیە سەرت لێ بشێوێ لە بارەی ئەو شتەی کە بە پێ ی تێگەیشتنی خۆت بە پێچەوانەی هەموو ئەو زانیاریانە بێت کە لە سەرچاوەکانی تردە هەڵچۆڕاون بەڵام سودەکانی گوێ ی درێژ و گەورە زۆرن لەوانەش کارامەیی لە خشتەی وشەی یەکتربڕ، یان هەر چالاکیەکی تر کە پێویستی بە زانیاری گشتی هەبێت. [٢٧٢]

بە شێوەیەکی تقلیدی سەرنج بدەینە گوێ ی گەورە کە نیشانەیەکی بۆ حیکمەت و زیرەکی. گوێکان تاکە بەشن لە ڕوخساردا کە بەردەوام دەبن لە گەشەکردن بە درێژایی ژیان و بۆ لێکدانەوەی ئەم هۆکارە لە زۆربەی ئەو کەسانەی تەمەنیان هەڵکشاوە گوێ کانیان گەورەن.

---

[٢٧٢] – ڕۆژ ڕۆژنتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ،سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٢.

لە خوێندنەوەی روخسار لەلای چینی یە تەقلیدیەکان کە گوێکان دەبەستنەوە بە یەکتریەوەو سالانێك لە سکی دایکیەوە تاکو سی یەکانی تەمەن.

هەندێك گوێچکە بە ئاشکرایی دیارە کە گەورەن لە کاتێك هەندێك یان لەوانی تر وردرتر و دەقیقترن و قورس دەبێت هەندێك جار ئەگەر هاتوو گوێکانی ئەو کەسە گەورەبوون یان لە قەبارەی سروشتی خۆیان دا بوون، بە رەچاوکردنی ئەوەی کە پێویستە بەراورد بکرێن بە یەکتری بە خستنەڕووی قەبارەی روخسار، رێ ی تێدەچێت ئەو گوێیانەی گەورە دەردەکەون لەسەر رووخسار لە قەبارەی سروشتی، ئەگەر ئەو گوێیانە دابنرێت لەسەر روخساری کەسێکی تر.

گوێ ی گەورە ئەگەر هاتوو لە روخساری مرۆڤدا روبەری چوار گوێ یان کەمتری گرتبوو بەو پێیەی پێوانەکەی لە چەناگەوە بۆ سەرەوەی ناوچاوان.

لە چین دا ئەگەر هاتوو گوێ یەکان گەورەبوون ئەو بە نیشانەی درێژی تەمەن و نیەت باشی ، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو گوێیەکان نەرمەی گەورەی گوێ شتیان پێوەبوو هەمیشە (شو زیبخ) وەك هێمای تەمەن لای چینیەکان گوێی درێژ ئەژمار دەکرێت. کە گوێ ی درێژ نیشانەی زۆرێك لە چالاکی ووزەیە. نەرمەی دوو گوێ ی گەورە(درێژ)دادەنرێت ئەو گوێیانە وەك ئاماژەی گەشەسەندنی رۆحی و حالەتی بەرزو راقی. ئەو کەسانە بە سروشتی خۆیان سەرکردە (قائد)ن. دەتوانن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن هەر کاتێك زەروبوو ئەوانە سەربەستن و کۆمەڵایەتین و هەستیارن.

لەبەر ئەوە ئەوانە ئامادەن لەسەر پێ ی وەستان لەسەر مەترسیەکان کە کاریگەریەکەی بەو کەسەی دوو گوێ ی بچوکی هەیە. [٢٧٣]

گوێ گەورە (درێژ) رەنگە گوێ ی گەورەو دەرپەڕیو بێت بۆ دەرەوەو ناڕێك بێت لەگەڵ روخساردا، لەم حاڵەتەدا ئامازەیە بۆ سروشتێکی ئازاڵی و کەمی زیرەکی، بە گشتی ئەو کەسەی ئەم جۆرە گوێیانەی هەیە گیرو قیرسچمەو پابەندە بە بۆچوونەکەیەوە ئەگەر هەڵەش بێت.

بەڵام گوێ ی گەورەی نادیار و دەرنەپەڕیو بۆ دەرەوە، ئەوەی کە شێوازێکی جوانی هەیە و لاری و خواری و چرچی کەمە ئامازەیە بە سیفاتەکانی بەخشندەیی و رێزو پاکێتی ولێبوردەیی. [٢٧٤]

هەندێك لە قەبیلەکانی ولاتی کینیا، لە سەردەمی تازەشدا، ئاسایی گوێ یەکانیان درێژ دەکەنەوە بە بەستنی کانزا، و هەڵواسینی نقێم و موروی بلوری یان لولەی دارین بە قنچکە گوێ یەکانیانەوە بەو پێیەی درێژی گوێ یەکە دەگاتە چوار پلە پێوانەی بوصە کە هەر یەك بورصە (٢,٥سم)ە.

رێگای ماموستا (سیانغ میان)لەسەر ئیعتباری گوێ درێژەکان، گوێیەکی مەیمونی و مژدەبەخشە بۆ سەرکەوتن و لەگەڵ ئەوەشدا بوونمان بە خاوەنی گوێ ی زەخم (گەورە) ناگونجێ لەگەڵ روخساردا. گوێ ی زەخم (گەورە) لەسەر روخساری بچوك پێویستی زیاد دەکات بۆ بوونە خاوەنی جەوهەرو ناوەرۆکێکی راستەقینە، هەروەك ئامازەیە لەسەر خولقێکی سطحی و رووکەشە. لە واقیعدا ئەوانەی خاوەنی ئەو گوێیانەن قسەخۆشن و بەختیارن،

---

[٢٧٣] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٣-٣٥.

[٢٧٤] – د.أیمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، هونەری رووخوێندنەوەو دەرخستنی نهێنیەکانی دەروون،سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥-١٦.

کەسانی تر خۆشیان دەوێن و یارمەتیان دەدەن بە دڵخۆشییەوە. لە دەروونێکی باشەوە سەرەڕای هاوکاری و دەرفەت و ئەو بۆ ئەو مناسەبانەی کە پێ ی دەگات، کە خاوەنی گوێ گەورەکان و روخسارە بچوکەکانن قورس و ناڕەحەتن و جێگیر نین، بە درێژایی تەمەن بەڵێنی یەکەم بەدی هێنانی قورسەو هەندێك هیواو ئاوات هەرگیز بەدی نایەت. قورسە دەست بگرین بەسەر دەستەڵاتدا و پێش بکەون بەبێ وەستان و دابڕان. (٢٧٥)

گوێ کە ئالەت و ئەندامی بیستنە بۆ مرۆڤ ، ئەگەر هاتوو گەورەبوو ئامازەیە بۆ هێزی هەستی بیستن لای خاوەنەکەی. گوێ گەورەیی پابەند بێت بە گەورەیی دەستەکان و قاچەکانی و هەموو ئەندامەکانی و پێچەوانەکەشی راستە. لە راستی دا بەڵگەی بریاردانە لەسەر کارە باشەکان و پیاوانی چاکسازی زاڵ دەبن ئەگەر گوێ یەکانیان گەورەبن و لەو کەسانەی گوێیان گەورەیە وەکو (کوبر ، ماسون، غریزون، اسحق هوبر، توماس کاریت، ابراهام لنکوڵن و زۆر لەوانە....هتد). (٢٧٦)

خاوەنی گوێ ی گەورە حەز لە چاکەکردن و خواپەرستی و کاری بازرگانی دەکات گەورەیی گوێ زۆربەیان تەمەنیان درێژەو بەمەش نازانن و نەزانینەکەشی هاوشێوەی قەتارچی گوێ درێژوان و درێژی تەمەن لە پێناوی دەستگرتن بەسەر بێ ئومێدی میزاج. (٢٧٧)

---

٢٧٥ – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤٨ .

٢٧٦ – جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٧٨.

٢٧٧ – منصور عبدالحكيم محمد ، الفراسة في معرفة الآخرين ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١.

(٢) گوێ ی بچوك ( قەبارەی گوێ لە چاو سەردا کەمترە) :-

ئاماژەیە بۆ بڕوا بەخۆبوون، هۆش وێنەی بەهێز واتا زیرەکی وێنەیی، بەشێوەیەکی گشتی کەسێکی خۆبیرو تەوەرە زیاتر خۆی لەلا مەبەستەو بە قسەی خەڵك ناکات و سەرنجێکی ئەوتۆ نادات و واتا زۆر جار بۆچوون و قسەی خۆی لاپەسەندترەو کەمتر بایەخ بە قسەو بۆچوونی کەسانی تر دەدات. هۆش و زیرەکی وێنەیی ئەو لە هۆش و زیرەکی بیستن بەهێزترەو ئەگەر بتوانێت بابەتی وانەکە یان کەسی بێژەری قسەکە ببینێت باشتر فێری دەبێت. [٢٧٨]

خەڵکی گوێ کورت و بچوك نەك تەنها زانیاری کۆدەکەنەوە بگرە زانیاریەکە بە جدی وەردەگرن و تەنانەت وای دادەنێن قسەکان بە خۆیان وترابێت، ئەگەر تۆ سەر بەم گروپە بیت کەسێکی زۆر لەسەر هەستیت، ئاریشەی رێ تێچوو ئەوەیە خێراتر لەوانی تر لە وەرگرتنی زانیاری تێر دەبێت. پاشان لە کارکردن دەوەستێت، جا با ئەو شتەی خەڵکانی تر هەوڵ دەدەن پێتی بڵێن هەر شتێك بێت تۆ ئامادە نیت گوێ بگریت (( رەنگە دژواربێت بۆ خۆت دان بەوەدا بنێیت کە تۆ ئاوایت ئەگەر پێویست بکات، پرس بە کەسێکی وا بکە، کە چاك بتناسێت تاکو بۆچوونی خۆیت پێ بڵێ)).

---

[٢٧٨] - مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨١.

بەڵام سەیرو سەمەرەی گوێ بچوکەکەت لەوەدایە کە بەر لەوەی لە کارکردن بوەستیت زۆر بە باشی زانیاری وەردەگرێت. [٢٧٩]

گوێ ی بچوك دەرنەپەڕیو (جوان کەوانەیی) ئاماژەیە بۆ زەوق ناسکی و رەوشت ، بە گشتی ئەو کەسەی ئەم جۆرە گوێ یەی هەیە هەست ناسك و رۆمانسیە. [٢٨٠]

گوێ ی بچوکی بە کەللە سەرەوە لکاو ئاماژەیە بۆ زەوقێکی سەلیمی خاوەنەکەی و خاوەنی ئەدەب و بەزەیی و دڵ نەرم. [٢٨١]

سیانغ میان بە زانیاری بەسود دەبەخشێت دەربارەی گوێ یە بچوکەکان کە خاوەنەکەی قسەخۆشە، چ پیاو بێت یان ئافرەت ، کار دەکەن بە جدی، ناتوانن پشت ببەستن بە هاوکاری خەڵکی سەرەڕای طموحەکانیان بەڵام پێویستیان بە متمانەیە کە دەبێتە هۆی بۆشاییەك لەنێوان ئەوەی کە دەیانەوێت و ئەوەی کە دەتوانن جێ بەجێ ی بکەن. [٢٨٢]

**(٣) گوێ ی مامناوەند ( ناوەنجی لە قەبارەدا ) :**

ئەگەر تۆ خاوەن گوێ ی ناوەنجی لە قەبارەدا ئەوا بۆ گوێ گرتن توانای خۆگونجاندنت هەیە. هەندێك جار بە تامەزرۆیی یەوە زانیاری وەردەگرێ.

---

[٢٧٩] – رۆژ رۆژنتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ،سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٢-٩٣.

[٢٨٠] – د.أیمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، هونەری ڕووخوێندنەوەو دەرخستنی نهێنیەکانی دەروون،سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٥.

[٢٨١] – منصور عبدالحکیم محمد ، الفراسه فی معرفه الآخرین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥١.

[٢٨٢] – خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤٨ .

کاتەکانی تر حەز دەکەی گوێ رانەگرێ. زۆر بەرێشان نابێت وایە ؟ (( بەلایەنی کەمەوە ئەو کاتەی حەز ناکەی بیبستیت )).

تۆ بە جوانی خۆت دەگونجێنی تاکە کێشەو ئاریشەت هەمان گرفتی کەسانی گوێ بچوکە، واتا بەرگە نەگرتنی کەسانی تری. بۆچی هەندێك ناتوانن بە ئاسانی واز لە گوێ گرتن بێنن؟

بۆچی ئەوانی تر ئەوەندە خۆیان ماندوو و مردوو دەکەن و ئامادەن گوێ لە هەر کەسێك بگرن کە بەلایاندا تێدەپەڕێ ؟ (٢٨٣)

خاوەن گوێ ی قەبارە مامناوەند بەوە ناسراوە کە شتەکانیان ئەقلانیەو گۆشەگیرن و بەتەماحن بەلام تەماحێکی سنوردار. (٢٨٤)

**(٤) گوێ یەکان جیاوازن لە قەبارە لە مرۆڤێکدا :**

ئەوانە بەشیان زیاترە لە بەختەوەری و ئۆقرەو چاندان لە قۆناغەکانی ژیانیانداو هاندەرن کە زۆربەی خەڵکی خاوەنی دوو گوێ ی جیاوازن لە قەبارەدا ، سەرکەوتن بە دەست دێنن لە ژیاندا بە شێوەی دواکەوتوو، درەنگ لە ژیانیاندا. دوای ئەوەی فێری وانەکانی ژیان دەبن بە ڕێگایەکی قورس. (٢٨٥)

**(٥) دوو گوێ ی فراوان (الأذن الواسع) :**

ئەوانە ئامادەن بۆ ئەنجامدانی مەترسی ئەژمارکراو و چاوەڕوانکراو.

---

٢٨٣ – ڕۆژ ڕۆزتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو ،سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٣.

٢٨٤ – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٥.

٢٨٥ – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ٣٥.

**(٦) دوو گوێ ی تەسکی کەسێك :**

ئەوانە زیاتر حەزەر دەکەن، هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بە باشی بەر لەوەی جوڵەو چالاکی دەست پێ بکەن.

**(٧) بەشی سەرەوەی گوێ گەورەترە یان فراوان تر لە بەشی خوارەوەی گوێ:**

مانای وایە کە کەسەکە رەچاوی ئەقڵێکی باش دەکات و یادگەو زاکرەی بەهێزەو ئەگەر هاتوو سێیەکی ناوەند (ثلث الأوسط)ی گوێ فراوانتر بوو لە دوو بەشی سەرەوەو خوارەوە، ئەوە مانای وایە کەسەکە رەچاوی ئەقڵێکی داهێنەرانەو کارزانانەیەو ئەگەر هاتوو نیوەی خوارەوەی گوێ یەکە درێژ و فراوان و گۆشتاوی بوو، ئەمە مانای وایە کەسەکە زیاتر بە بەزەیی و دڵ نەرمە. [٢٨٦]

- گوێ ی بچوك و لکاو بە سحرەوە : ئامازەیە بۆ حەزێکی خۆش، بۆ ئەدەبێکی زۆر و ناسکی.
- گوێ ی گەورەوبەرز: ئامازەیە بۆ سروشتێکی ئازەڵی، بێ مێشکی، سوور بوون لەسەر بڕیارەکان و ئینکاری کردن.
- گوێ ی گەورەو جوان و مام ناوەند لەگەڵ دووری سەر ئامازەیە بۆ بەرێزی، لێبوردەیی،ناسکی.
- گوێ ی بەرزو شێوە شێواو : ئامازەیە بۆ تووندوتیژی ، دڵ رەقی ، تووندی تورەبوون. [٢٨٧]

---

[٢٨٦] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ٣٥.

[٢٨٧] – أحمد جمال الدین الکاشف ، وەرگێڕانی : هەورامان علی ، خوێندنەوەی روخساری مرۆڤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

**ب. نەرمەو درزو گۆڵەکانی گوێ :**

ئەگەر بە جوانی لە گوێچکەکانتان وردببنەوە، هەست بە روبەڕێکی کڕکڕاگەیی دەکەن کە بە توێژێك لە پێست داپۆشراوەو بەو بەرزی و نزمی و چاڵ و چۆڵیەی تێدایە تارادەیەك لە کوپ دەچێت. لەناو ئەو روبەرە بچوکەداو لە دۆخی ئاسایی دا بازنەیەکی هەڵکەوتوو هەیە کە لەگەڵ بازنە ناوەکیەکەدا گۆڵێك پێکدەهێنن، بەسەر کرکراگەی گوێچکەوە، هەتاوەکو ئەم تایبەتمەندیانە ئاشکراتربن، گرنگیان لە رووەت ناسیدا زیاترە.

ئەگەر ژیربێژی (لوژیك) وەك گازێك کە لە گوێچکەکانەوە دەردەچێت تەماشا بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە زۆربەی ئەو گازە لەو چاڵاییەدایە کە بازنەی دەرەکی هۆکارەکەیەتی و پەنگ دەخواتەوە. هەتاکو ئەم چاڵایی یە زیاتر بێت بیرکۆیی و تەرکیزیان زیاترە لەسەر راستیە لۆژیکیە کردەییەکان ، بەڵام ئەگەر بازنە دەرەکی یەکە درزی تێدابێت و ئەوەندە تەنك بێت نەتوانێت گازە گریمانەییەکە لە خۆیدا گل بداتەوە تێڕوانین کەسەکە بۆ جیهان گۆرانکاری بەسەردا بێت کەسەکە هیچ ئارەزوویەکی بۆ جیهانی خاکی و ژیانی فەرمانبەری نیە. لەبری ئەوە زیاتر بایەخ بە جیهانی ناوەوەو نامادی دەدات. دەرپەڕینی بازنەیی ناوەوەی گوێ نیشانەی ئەوەیە کەسەکە لە بریارەکانیدا سود لە هەستی شەشەمی وەردەگرێت. [٢٨٨]

سێ بەش لە نەرمەو درزو گۆڵەکانی گوێدا هەیە کە پێویستە پشکنین و تێڕوانینی بۆ بکرێت لە کاتی خوێندنەوەی ڕوی بۆ بکرێت ئەوانیش لێواری دەرەوەی گوێ ( حافة الأذن الخارجية ) و حلزۆنی لول پێچخواردووی گوێ

---

[٢٨٨] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٨.

( قوقعة الأذن ) و نەرمەی گوێ ، بەڵام نیشانەو دابڕاوی گوێ ناخوێندرێتەوە. نەرمەو درزو گۆڵ و بازنەکانی گوێ بەم شێوەیەکی خوارەوە پۆلێن دەکرێ:

١. لێواری دەرەوەی گوێ ( حافة الأذن الخارجية ) : لێوارو کەناری دەرەوەی گوێ بریتی یە لە چوارچێوەی دەرەوەی گوێ. هەر وەک دەزانرێت کە دەشێ ئەم چوارشێوەیە بازنەیی یان چوارگۆشەبێت، خاوەنی لێواری بازنەیی بووني گوێ چالاکی هزری یان زۆرە، وزەیان زۆرە، سود وەردەگرێت لە بەرێ کردنی کاتە باشەکان ، لەبەر ئەوە زۆربەیان قسە بێ ژی رەوان و دروستن. ئەمەش دەتوانرێت سەرنج بدرێت لە قۆناغە زووەکانی تەمەنی. (٢٨٩)

بازنەی دەرەوەی گوێ بەرزە

بازنەی دەرەوەی گوێ نەستوورە

بازنەی دەرەوەی گوێ زۆر بەرز و تەنکە

بە شێوەیەک گوێ وەک زوڕنایەک کاردەکات، بە ناردن لە دەنگدا. خڕی گوێ، مەبەست لە خڕی قەراغەکانی دەرەوەی (بازنەی دەرەوەی) گوێ زیاتر توانای کەسەکە پیشان دەدات لە دەنگدا. بە تایبەتی دەنگی مۆسیقا. تکایە تێبینی ئەوە بکە کە ئێمە لێرەدا باس لە ڕێزگرتن و پێزانین دەکەین، نەک بەرهەم، کەسێک بەهرەی دەستی هەیە لە لێدانی کەماندا، یان دەنگێکی بەسۆزی گۆرانی هەیە، ئەو سیفاتانە پشت دەبەستێت بە هۆکارەکانی تر، بەڵام تۆ

---

٢٨٩ – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و يسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤١.

تێبینی ئەو کەسە گوێ خڕە دەکەیت، بە تایبەتی بەشی سەرەوەی گوێ کە چەندە مۆسیقای خۆش دەوێ ؟ ئەوەش زیاتر بە رووڕی دەردەکەوێت، کە ئەگەر ئەو کەسانە جوانکاریش بن، واتا ( برۆیەکی ڕێکیان هەبێت ). جۆری ئەو مۆسیقایەی ئەو کەسانە پەسەندی دەکەن، پشت دەبەستێ بە چێژو پێکهاتەی کەسەکە. کەسانی ئایدیالیست و بەسۆز، مۆسیقای سۆزداریان پێ خۆشە، خەڵکانی توندو هەڵچوو حەزیان لە مۆسیقای بەرزە.

بازنەی دەرەوەی
گوێ خڕە



بازنەی دەرەوەی
گوێ چوارگۆشەییە

(تێبینی ئەوە دەکەین کە هاوشێوەیەکی کردەوەیی هەیە لەنێوان گوێ ی مۆسیقا ژەنەکەو ئەو ئالەتەی دەیژەنێت، لە رووی شێوەی و چوارچێوەی دەرەوەیان. واتا ئەوانەی زورنا دەژەنن شێوەی دەرەوەی گوێ کانیان لە شێوەی سەری زورناکە دەچێت. هەروەها تەپڵ لێدەرەکان بەشێك لە ئاستی ناوەوەی قەراغی گوێ کانیان وەك تەوقەسەری تەپڵەکە تەخت بوو).(*)

( * ) لێکدانەوەو استنتاجاتی بەندەی نوسەرتان .

بەهرەی ناوچە خۆماڵیەکە ئاشکراکانی هونەرو مۆسیقا لە راستی دا زۆر گرانە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی ئەو بەهرەیە لە کەسێکدا. بەڵام ئەو بەهرەیان هەبێت یان نەیان بێت، مامۆستایانی مۆسیقا حەزیان بە دۆزینەوەی کەسانێکە کە بەهرەی خۆماڵیان هەبێت و یارمەتی پێگەیاندنیان بدات. خاوەنی ئەم بەهرەیە قەرزاری هەموو دنیایە بۆ پێشکەش کردن و هاوبەشی لە بەهرەکەیاندا. [٢٩٠]

دیاری کردنی سیمای بازنەیی دیوی دەرەوەی چوارچێوەی گوێ ماناو ئاماژەی زیادبوون و زاڵ بوونی هەستی خاوەنەکەیەتی بۆ دەنگ و ئاوازو مۆسیقا، بەو پێ یەی کە پێکهاتەی گوێ ئاماژەیەکە لەسەر کەناڵی پێشوازی کردن لە دەنگەکان بەوە دەناسرێت کە توانایەکی زۆری هەیە بۆ هاندانی هەستەکان و سۆزەکان ، حەز لە گوێ گرتن دەکات بۆ مۆسیقا لە هەمان کاتدا هەندێکی تر وای دەبیستن وەك دەنگی جەرەس و زەنگ یان دەنگی با یان دەنگی شەپۆلەکانی مۆسیقا کە بەرگوێ یان دەکەوێت.

لەبیر نەکرێت سیمای گرنگی دانی بەرزو زۆر بە مۆسیقای زۆر بەسود بۆ ئەو کەسانەی لە ئەندازیاری دەنگ یان ئالاتی مۆسیقادا کار دەکەن و ئەگەر ئەم سیفەتە هاوڕێك و پەیوەست بێت بە سیمای ڕێزگرتن کۆی لایەنەکانی تر (راست و ڕێکی بڕۆکان) لەیەك کەسدا. لەبەر ئەوە ئامادەیی هۆشەکی و هەستی زیاد دەبێت بۆ مۆسیقا، ئەمە سەرەڕای بەدەست هێنانی توانای ڕێکخستنی وەتەرو تەلەکانی ئامێرە مۆسیقایی یەکان و ئاوازی لەرینەوەو شوێن کەوتە بوونی بۆ مۆسیقا. ( ئەندرو للویدوبیر ) داهێنەری شانۆی

---

[٢٩٠] – ڕۆبەرت ئێڵڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە محمد أمین حسین )، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨-٣١٠.

گۆرانی (Cats) باشترین نمونەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە خاوەنی سیفاتی ڕێزگرتن لە سەرجەم لایەنەکاندا ( ڕێکی بڕۆکان ) و ڕێزگرتن لە مۆسیقا و گرنگی دان بە پۆلێن و دیزاین و تصمیم ( پیتی ٧ ) هەڵگەراوە لە بڕۆکانداو لە دراما پانی و فراوانی بڕۆکان.

ئاماژە بۆ ئەو کەسانەی کە بەوە ناسراون ڕێزدەگرن لە هەموو ڕوویەکەوە و تەنها مۆسیقا نابیستن.

بەڵکو چێژو خۆشی لێ وەردەگرن و هەستی پێ دەکەن. وە مۆسیقا شتێك نیە بەش بەش بکرێت لە ڕووی هەستی دەربڕین و لە هەندێك کاتدا. مۆسیقا پیشەگەریەو جیاوازە. ئەوانەی مۆسیقین ئامانجیان خولقاندنی هەست و شعورە. ئەگەر هاتوو بۆشایی گوێ ( محارة الأذن ) بە تەواوی بازنەیی دائریی بوو.

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە سود وەردەگرێت لە ئاست و طبقەی دەنگی تازەیە. و ئەگەر هاتوو گوێ شێوەی پیاڵەیی ( کوبیة) بوو بۆ دیوی دەرەوە هەڵگەرا بۆوە. ئەمە ڕێزی کەسەکە زیاد دەکات بۆ مۆسیقا. لەبەر ئەوەی گوێ لەم حاڵەتەدا بە هەموو دەنگەکان دەگات . ئەگەر ئەم سیفەتە هاوڕێك و پەیوەست بوو بە سیفەتی هەستی ڕەخنەیی ( نزمی هەردوو گۆشەی چاو لە دەرەوەیدا لە هەردوو گۆشەی ناوەوەی چاو ) ئەو کەسە توانای ڕەخنەگرتنی هەیە لە مۆسیقا. بە لێهاتوویی و شارەزایی یەکی پێگەیشتوو.

لە کاتێکدا ئەم سیفەتەی ڕێزگرتن لە مۆسیقا لەگەڵ قژی نەرم ( هەستیار ) یەك دەگرن کەسەکە دەبێتە زۆر شارەزا لە مۆسیقا و مۆسیقا دەبێتە خۆراکی گیان ( ڕۆح ) بۆی. لەپڕ نەکرێت کە کەسی خاوەن قژی نەرم دەبێتە

مۆسیقایەکی هێمن تر، لە کاتێکدا کەسی قژلول و قژ چرچ و کرژ حەزی بە گوێ گرتنی مۆسیقای بەرزو قاو تیژە. ئەم سیفەتە پێچەوانە نابێتەوە بۆ جۆرێکی دیاری کراو لە مۆسیقا بۆ نمونە مۆسیقای کلاسیکی یان مۆسیقای روك، بەڵکو تەنها باشێتی و چەندێتی مۆسیقا پێچەوانە دەبێتەوە لە رووی کوالیتیەوە.

دەتوانرێت تێبینی بکرێت لە گوێ ی بازنەیی (خڕ) لە زۆربەی یاریزانە پیشەوەرەکان لە تۆپی دەست و تۆپی پێ ( ئەمریکی ) و تێنس ( تۆپی سەرمێز ) [٢٩١].

( ئەگەر سەرنج بدەینە تیپێکی تۆپی پێ دەبینین هەموویان زۆربەی هەرەوەزیان گوێ کانیان خڕ (بازنەیی)یە. باوەڕم وایە ئەم سیفەتەی ڕێزگرتن لە مۆسیقا سیفاتێکی جیاوازە لەبەر ئەوەی تێبینی دەکەین گۆڕانێك هەیە لە نەرمی و هەستیاری جوڵەکانیان و بێ گومان ئەم سیفەتی ڕێزگرتن لە مۆسیقایە زۆر بەسودە بۆ ئەو کەسەی ئارەزوو دەکات مومارەسەی سەمای ئیقاعی یان خلیسکان لەسەر سەهۆڵ بەو پێ یەی ئەو کەسانەی هەڵگری ئەم سیفەتەی هەست دەکەن بە مۆسیقا و دەری دەبڕن کە دەبیستن زیاتر لە کەسانی تر) [*].

دیاری کردنی گوێ یە خڕو بازنەیی یەکان مانای سامان و سەروەت و نەرم و نیانی یە، بەڵام بەشەکانی گوێ لێکدراو بۆ شێوەی چوارگۆشەیی ئامازەیە بۆ ڕێگای مامۆستا سیانغ میان گوێیەکی مرغوب و ئارەزوومەند ، لەسەروەتی مرۆڤ و شارەزایی و لێهاتوویەکەی. خاوەن گوێ ی گەورە لە هاوکاری کردن

---

[٢٩١] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٣-١٠٥.

( * ) لێکدانەوەو استنتاجاتی بەندەی نوسەرتانە .

لەسەر سروشتەکەی خۆیان لەو پێشترن لەوانەی شایستەن بەمە. و هەست دەکەن بە گومانی تێپەڕاندن ، کەی کەسێك هەوڵ دەدا أستغلالیان بکات بۆ بەرژەوەندی خۆی ڕێگای سیانغ میان گوێ دابەش دەکات بۆ بازنەی دەرەوەو بازنەی بینراو ئەو گوێ یانەی گەورەن و لە شێوەدا جوانن بازنەیی ، نەرم ، ساف و لوس، ئەستور) سەرەڕای بازنەی گەورەی ناوەوەو دەرەوە دیاری کراوە بە شێوەیەکی باش، دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە زۆربەی ئەو شتانەی کە هیوا کاتیٚ تەرکیز و بیرکۆیی خستۆتە سەری.

جیادەکرێنەوە هەر کەسێك بازنەو ئەڵقەی ناوەوەی گوێ ی زیاتر دەرکەوتبوو بە ئەندازەی ئەگەرەکان. هەست بە راستی یەك دەکرێت یان نهێنی بابەتەکەیان پلان یان ئەو کارەی بیرکۆیی و تەرکیزی لەسەریەتی.

ئەگەر گوێ گەورە بوو بازنەیی نابێت یان ئەڵقەی ناوەوەی کەم و سنور دیاری کراوە ( یان کە هاتوو نزمترین بەشی بازنەیی دەرەوەی گوێ یان هەڵگەرابۆوە بۆ دواوە) خاوەنەکەی پێش بینی ناکات کە زۆر سەربکەوێت لەسەر جیٚ بەجیٚ کردنی دەستاو دەستکردنی دەستەڵات کە ناوچاوان چاك و باش بوو، مدورو بازنەیی بێت و تەخت و ڕێك، بەرزو پان، قولٚ ، بەو پێیەی کە قەرەبووی دەکاتەوە لە گوێ دا.

ئەگەر بازنەی ناوەوە یان دەرەوە دەرکەوتوو، دەرپەریوو دیاربوو یان هەردووکیان بۆ دروست کردنی گۆشەیەکی تیژ، یان چەمانەوە بە دەوریدا، ئامازەیە بۆ ڕودانی ڕوداوی بەداخ و پەژارە لە خاوەنەکەی لەو ئاوەیەی کە کەوتۆتە نێوان سیٚ یەم و چلهەمی تەمەنی و بەجێهێشتنی کاریگەریەکەی، بۆ

نمونه ئەو کەسەی لە کاروبارەکاندا خاوە دەتوانێت بۆ پێداویستیەکانی خۆی بۆ سوپاس و پێزانین کە دەبێتە هۆی پەیوەندیەکی زۆر.[٢٩٢]

ئەوانەی بازنەی دەرەکی گوێچکەیان بازنەیی یە کەسانی هەستیارن بە وردی هەستیان بۆ مۆسیقا تەرخان دەکەن، ئەوانە ئەصلی نەرم و نیانی چێژن تا ئەو رادەیەی وتەیەکی شکسپیر شاعیری ئینگلیزی ناودار وتویەتی : ( ئەگەر پیاو مۆسیقی نەبوو و گۆرانیشی نەوت بۆ مۆسیقا ئەوە چاك نیە (صالح)نیە واتا باش نیە مەگەر بۆ ڕەخساندنی فەسادی و دانانی مکاید ئەم شێوە گوێیانە زیاتر ئاماژەن بۆ خولق و خورەوشتێکی باش لای عەرەب: (( گوێ یەکان گونجاو بن لەگەڵ ئەندازەی سەریان، پێکهاتە و هەڵکەوتەیی چاك بن وشکانەوە نەبن و رێك و تەختان نەبن. و نەرم و ئەستورو دەرپەڕیو نەبن و نەرمە گوێ ی ئەستور نەبن و دەرپەڕیو نەبن و لە دەمارەکانیدا مووی زۆر نەبێت، و بەرەو سەرەوە نەروانێ واتا گوێ یەکە رووی لە سەرەوە نەبێت ، بەڵکو نەرمە گوێ ی بچوك بێت، رەنگەکەی باش بێت و ئەو بڕین و نیشانانەی سەر گوێ باش بن [*].

کەسێك بازنەیی دەرەکی گوێ ی زۆر گەورەبێت، بەلایەوە دژوارترە رێز لە کەسێك بگرێت کە بروای بە هەڵکەوتی بابەتیانەوە نەبێت.

تەنها بە تێڕوانین و سەرنجدان لە گوێ ی کەسانی تر ، رادەو ئەندازەو جۆری گوێ دەزانین. لەگەڵ ئەوەشدا، شێوەی دەرەوەی گوێ دەشێت وەسفی ئاسایی گوێ کە بازنەیی یە یان چوارگۆشەیە.

---

٢٩٢ - خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤٩-١٥١.

( * ) تێڕوانین و رای بەندەی نوسەرتان .

ئەگەر هاتوو گوێ بازنەیی (خڕ) یان نیمچە بازنەیی بوو، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو کەسە سەربەست و کۆمەڵایەتیە، ئیجابیە ، پشتی پێ دەبەستڕێت، خەیاڵاویە. وەکو ( فریدریك شوبان ) ساڵانی ١٨١٠ – ١٨٤٩ کە دانەری مۆسیقا و ئاواز بوو ژەنیاری پیانۆ بولندی بوو گوێ کانی بازنەیی (خڕ)بوو ئەگەر هاتوو گوێ یەکان چوار گۆشەیی بون لە سەرەوەو لاکانی تاکو هەردوو نەرمە گوێ، ئەو کەسە کەسێکی کارامەو سەلیقە دەبێت، خاوەنی تێڕوانین و دیدو بۆچوونێکی قوڵ دەبێت، توانای هەڵسان بە کۆمەڵێك شتی هەیە لەیەك کاتدا.

لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، دوو گوێ ی بەرز بۆ خاڵی بازنەیی لە سەرەوە، ئەو کەسانە لەم دەستەو هێمایەن کلیلن بە بەراورد بە سیدی جوانی یەکان. ئەو کەسانەیەوە دەناسرێن کە شاراوەن و بێ دەنگن و قسەکانیان باشە. لەگەڵ ئەوەشدا دۆستن، ئەمانە لە خەڵکی نارازین لە خەڵکی و ئاسایی ئەمە کۆشکێکی زۆری دەوێت تاکو بە باشی بیان ناسیت. [٢٩٣]

بازنەیی دەرەکی گەورە ئاماژە دەدات بە بوونی بەهرەیەکی بەسود بەڵام بازنەیی دەرەکی گەورەیی گوێ بە واتای شادمانی بەردەوام و ژیانێکی هێمن نیە. بازنەکان پەیوەندیان بە ژیانی کەسەکە خۆیەوە نیە. ئەو کاتەت لەبیرە کە مایکل دووکاکیس ی کاندیدی سەرکۆماری و (جۆرج بۆش) رکابەرایەتیان دەکرد ؟ ئەو کاتەی پرسیاریان لێ ی کرد چی کاردانەوەیەکی دەبێت ئەگەر هاوسەرەکەی دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەر ، دووکاکیس بە وەڵامە بێ بەزەییانەکەی خۆی خەڵکی ئەمریکای تاساند.

---

[٢٩٣] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٧.

هەرچەندە ئەو خەڵکەی بازنەی دەرەکی گوێ یان گەورەیە، رەنگە کاردانەوە بنوێنن بەرامبەر هەستیاری بەڵام لەبەر ئەوەی پابەندی راستی یەکانن، دەتوانن لە پیشەکانیاندا سەرکەوتنێکی گەورە وەدەست بێنن بەجێ و زانستیانەو ڕێك و پێك ئەمانە چەند سیفەتێکی تایبەت بەم هێمایەن.

قەراغە گوێ ی زەق دەربڕی بەهرەی دەگمەنی حەزکردنە لە سنورگەلی نێوان شتی گشتی و تایبەت دا. واتا مەبەست لەو قەراغ گوێ یە لەنێوان بازنەی دەرەکی و بازنەی ناوەوەی گوێ یە. [٢٩٤]

بەرزی قۆقز (دەرپەریوی) بازنەی دەرەوەی گوێ: ئامارژەیە لەسەر تەرکیز کردن (بیرکۆیی هزری) لەسەر دونیای دەرەوەی مەنتیقی و کرداری تەرکیزی ئەو کەسە زیاتر لەسەر دونیای دەرەوەیەتی و لایەنگری راستی یە هەست پێکراوەکان، ژمارەکان، زانیاریە ئاماریەکانە. ڕوانگەیەکی مەنتیقی و کردەوەیی هەیەو ناهێڵێت هەستە کەسی یەکانی زاڵ بێت بەسەر بیرو باوەڕەکانیدا. [٢٩٥]

ئەگەر لێواری دەرەوەی گوێ ئەستور بوو ئەو کەسە مەیلی دەبێت بۆ پێوە خەریك بوونێکی لەڕادەبەدەر لە چالاکیە هەستیەکان لەگەڵ چێژ وەرگرتن لە هەموو ئەو خۆشی و خۆشگوزەرانیانەی کە دەتوانێ بە دەستی بهێنێ.

بەڵام لێواری دەرەوەی بەرزی گوێ ئامارژەیە بۆ ئەوەی کەسەکە بە گوڕوتین و دڵ گەرم و هاندراو و خۆشحاڵ، و مەیلی کاری دوژمنکارانەی هەیە کاتێك کەسانی تر هەوڵ بدەن گڕوتینی بدەستێنن.

---

[٢٩٤] – ڕۆژ ڕۆژنتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو،سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠-١١٤.

[٢٩٥] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٢.

ئەگەر بۆری و أسطوانەی گوێ زۆر بەرزبوو یان تەنانەت نەیبوو ئەوا مانای وایە کەسەکە کە شپرزەو خەمۆکە بە تەواوی وەك مرۆڤایەتی و مرۆڤ بوون و کە پاشان پاشەکشە دەکات لە خودی خۆی ئەگەر مضاریك بڕێکی زیادی لە کەژی و فشارەکان هەبوو ئەوا ئەو کەسە چێژ وەردەگرێ لە ساتە ئارامەکانی کە بیر خۆی دێنێتەوەو هیواو وزەی لەدەست دەچوو دەگەڕێتەوە بۆ کەسەکە. (٢٩٦)

سیمای پشکنەر دیاری دەکرێت بە گوێرەی بە پێ ی ڕێکی چوارچێوەی لەرەوەی گوێ. سەرنج دەدەین کە ئەو کەسانەی ئەم سیفاتەی هەیە بە شێوەیەکی باشتر کارەکەیان ئەداء دەکەن بۆ حسابی تایبەتیان هەروەك ئاشنا دەبن بەهۆی گەران و پشکنین بە بیرو فکری تازەو ئارەزوویان دەبنە پێشەنگ لە بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیای تازە، ئەمە سەرەڕای ئارەزوویان لە دەرخستنی ناوچە نادیارەکان و پێشکەش کردن و هەنگاو نانیان بۆ دەستپێکی پڕۆژە تازەکان ، و ئەوانە هەست دەکەن بە ئارەزووی سەرکێش و یاخی بۆ وەبەرهێنان لە بواره تازەکاندا، و ئەگەر کاری ئەو کەسانە لای خەڵکانی تر بێت ئەوا هەست بە دامرکاندنەوەی زۆر دەکەن لەبەر ئەوە سروشتی ئەوانە کۆت و بەند دەبێت بەرەو مەیلی یان بۆ سەربەخۆ بوون، ئەو تەواو پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە ئەم سیفاتەیان نیەو ڕێگر نابن لە دانانی کار لەلای کەسانی تر بەڵکو چێژ لەمە وەردەگرن. گەورەترین سووربوون و نارەزایی کە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە بەوە دەناسرێن کە بە رادەیەکی زۆر

---

٢٩٦ – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٣.

سیفەتی گەران و پشکنین یان هەیە ئەمە دەبێتە سایەو سێبەر بۆ بیرکۆڵی (تەرکیز)ی فکری.

ئارامی لە دەست نادات کاتێك ناگەنە ئەو شتەی کە دەیانەوێت بە خێرایی یەکی تەواو لە دیدو بۆچونیاندا ، بەو پێیەی خۆیان دەپاڕێزن بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاسۆیانەی کە لە پشتی شتەکانەوە دەردەکەوێت ئاشنا دەبن بە هەر شتێکی تازەو جۆراوجۆر، دەیانەوێت کە لەسەر دانەنایە بە پێ یەکانیان پێ یەکان یان لەسەر دانەنایە نابێت پێش ئەوە.

کاتێك ئەم سیفەتە یەکدەگرێ لەگەڵ سیفەتی لوتی بەرز (مەیلیان بۆ پێش کەش کردنی یارمەتی). ئەو کەسانە ئارەزوو دەکەن لە کارکردن بۆ حسابی تایبەتیان. کاتێ ئەو سووربوون و نارەزایی یە کە رووبەرووبان دەبێتەوە لە هەڵس و کەوت و مامەڵە کردن لە مەسەلەکانی تایبەت بە مالڵ و مادە. بە تەنها هەر یەکەیان دەتوانێت ئیدارەی کارەکەی بدات یان هەر کەسێك بە کرێ بگرێ کە ببێتە بریکار لە کاروباری یەکێك لە بەشەکان، ئەوانە کە سەرکەوتنێکی نایاب بەدەست دێنن.

ئەگەر ئەم سیفەتی بازنەیی دەرەوەی گوێ شێوەی رێك و راست بەخۆوە دەبینێ. کە یەك بگرێ لەگەڵ سیفەتی لوتی بەرز واتا سیفەتی مەیل بۆ پێش کەش کردنی یارمەتی و لێ بوردەیی و دڵ نەرمی زیادە کە ( گەورەیی قەبارەی لێوەی سەرەوە ) و مەیلی کەم بۆ وەرگرتن و بەدەست هێنانی قازانج ( بڕوانە گوێ ی نوساو بە سەرەوە ) ئەمە دیاری دەکرێت لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەم سیفاتانەی تێدا کۆدەبێتەوە کە لێ ی دەکۆڵنەوە لە هاوبەش

کردن یان یەکێك لەو کەسانەی بەکرێ ی دەگرێت، دەبێتە بریکار یان لە بارەی پەیوەست بە مالّ و داراییەوە. [٢٩٧]

٢. **بازنەی ناوەوەی گوێ** : دەرپەڕیوی بازنەیی ناوەوەی گوێ ئاماژەیە بۆ بایەخ دان و بیرکۆیی (ترکیز) لەسەر جیهانی ناوەوە پەسەندکردن لەسەر بنەمای هەستە دەروونی یەکانی. ئەم کەسە زیاتر بایەخ بە جیهانی ناوەوەو دەروونی دەدات و تێڕوانینەکانی داهێنەرانەو هەستە دەروونیەو لەسەر هەست و بنەما دەروونیەکانی داڕێژراون. بەر لەوەی بڕوا بەشێك بکات دەبێت لە قولّایی ناخیەوە دڵنیا بێت و هەستی باشی هەبێت بەرامبەری. [٢٩٨]

ڕەنگە تۆزێکت پێ بچێت تاکو بازنەی ناوەکی بناسیتەوە کەروبەرێکی قەراغیەو نەرمە گوێ ی لەخۆ داگرتووە. بۆ ئەوەی بازنەی ناوەوە بگوشیت لە باستی دا، پێویستە گوێت رابکێشێ با پەنجەی دۆشاو مژەت لەسەرەوە بێت و پەنجەی کەلە موستت لە خوارەوە بێت ئاوا بازنەکە لەو مەودایەیە کە تێیدا بەشی ژێرەوەی گوێت بەسەرتەوە دەنوسێت.

بازنەی ناوەوەو دەرەکی بەهۆی سنورێکی گۆشت ئاسا کە قەراغێکی چەماوەو تێیدا پێست وەك هەویری ڕۆخ شیرینیەکی مرەبایی جوان بڕژاودا لول بۆتەوە، لێك دادەبڕێن، ئەم سنورەش دەشێت دەیاربێت و بە ئاسانی بێتە دیتن یان ڕەنگە بە پێچەوانەشەوە بێت. ئەو کاتەی دەیگوشیت هەستێکی جیاوازت دەبێت. ئەم بەشە لەبەر باری لول پێچ بوونی (( لەگەڵ دەرەکی ترین

---

[٢٩٧] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠٦-٢٠٧.

[٢٩٨] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٩.

بەشی گوێتدا واتا بازنەی دەرەکی گوێت دا )). رەقترین بەشە لە پێکهاتەی گوێ دا.

بازنەی ناوەکی گەورە بە شێوەیەکی گشتی بازنەیەکی دەرەکی بچوکی لە دەوردا دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بازنە دەرەکیەکە زۆر بچوك نیە. بە پێچەوانەشەوە بازنەی ناوەکی بچوك، بازنەیەکی دەرەکی گەورەی لە دەور دەبێت. یان رەنگە بازنەی ناوەکی و دەرەکی هاو ئەندازەبن.

ئاخۆ ئەندازەی بازنەی گوێ چ واتایەکی هەیە ؟

بەشەکانی گوێ ئەو سەر ئێشەیە دێنێ کە بۆ دۆزینەوەیان توشی دەبیت، لەبەر ئەوە باسی ئەو رێگەیە باس نەکراوانەت بۆ دەکەن کە بە هۆیانەوە کەسێك دەرك بە هەڵکەوت دەکات.

بەڵێ ، ئێمە کە مرۆڤین دەتوانین بەهۆی شارەزابوون لە توێ یە جیاوازەکانی هەلکەوت رووبەرووی هەڵکەوتەکە ببینەوە. (( ئەو خەڵکەی ئەم کارە بە سەرکەوتوویی ئەنجام نادەن لە ژێر پالّەپەستۆیەکی درێژخایەندا دەژین و رەنگە تەنانەت توشی نەخۆشی ئاوتیزم یان شیزوفرێنیا یان جۆرەکانی تری نەخۆش زەیین بن)).

بەڵام زۆربەی خەڵك بە شێوەیەکی تارادەیەك یەکانگرە درك بە هەلکەوت دەکەن. هەرچەندە ئێمە ئەم کارە ناویستەکیانە ئەنجام دەدەین، بەڵام تێیدا سەرکەوتوین. راستیت دەوێت ئێمە ئەم کارە ئەوەندە بەرێکی ئەنجام دەدەین زۆربەمان ئەم جۆرە هەلکەوتەی باوەرمان پێییەتی بە تاکە هەلکەوتی جۆراو جۆر بدۆزنەوە. ئێمە تەنانەت دەتوانین راستەوخۆ لە رێ ی بەشەکانی گوێ وە مەزندەی ئەوە بکەین ئاخۆ کەسەکە زیاتر بڕوای بە کام هەلکەوت هەیە.

کارەکە بەم شێوەیە : بازنەی ناوەکی ئامارژە بەوە دەکات کە کەسەکە گرنگی یە هەلکەوت هزرێن Subjective وەك هەستەیل و سۆفیگەری و بیروباوەڕی فەلسەفی دەدات بەڵام بازنەی دەرەکی ئامارژە دەکات بەوەی کەسەکە گرنگی بە جۆرە هەلکەوتێك دەدات پێ ی دەوترێت بابەتیانە Objective هەر وەك ئەم راستیانە کە کێ چی کرد و شتەکە کەی و لە کوێ رووید ا. رۆژنامە باس لە ژیانی بابەتیانە دەکات. گۆڤارە ئەدەبیەکان و ئەوانەی هاوشێوە باس لە هەلکەوتە هزرێنیەکان دەکەن.

چ کەسانێك بە شێوەیەکی نمونەیی لە بڵاوکراوە هونەریەکاندا بابەت دەنوسن؟ بە زۆری خەڵکانێك کە بازنەی ناوەکی گوێ یان گەورەیە، ئەوان شاعیرو هونەرمەند و فەیلەسوف دنیان. بۆ ئەم خەڵکە ئێجگار هەستیارە، رووداوە گەل لە شێوەی خوزەدان.

ئاریشەی رێ تێچووی هاوڕێ ی ئەم هێمایە ئەوەیە کەسەکە زۆر پەیوەندیدارو پەیوەست بە دنیای خۆیەتی. رەنگە تۆ بەدەر لە لێکدانەوەی خۆت زۆر بروات بە (هەلکەوت)نەبێت.

ئەگەر بازنەی ناوەکی گوێ قەراغی زۆر دیاری لە دەوراندا بوو واتاکەی وەك ئەوە وا بە هێمایەکی گەورە لەسەر چیمەنی خانووەکەت دا هەڵێنرابێت بۆ ئەوەی رێبوار گەل ئاگادار بکاتەوە کە سنور بەزاندن قەدەغەیە لە مێشکی کەسەکەدا بابەتی گشتی و تایبەتی تێکەڵ بەیەك نابن. ئەو کەسانە کارامەن لە زیادەڕەوەی نەکردن لە بۆچوونە کەسیەکانیان دا.

قەراغە گـوێ ی زەق دەربـڕی بـەهرەی دەگمـەنی حـەز کردنـە لـە سـنور گـەلی نێـوان شـتی گـشتی و تایبـەت. دەتوانیـت کاریگـەری ئـەم بەهرەیـە راسـتەوخۆ لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیۆنی بـینی. تـەنیا بیخەرەسـەر بەرنامـەی (ئـۆپێرا) ئـەو ئافرەتـەی بەرنامەیـەکی تـاك بـدەوێ لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیۆن پێـشکەش دەکـات چ هەسـتی پـێ بکـەی یـان نـا ئـەرکی ئۆپێرا ئـەوەبوو هەسـتە زۆر شـاراوەکان دەربهـێنێ و بـە

رووبی بە دەنگی بەرز ئاشکرایان بکات. لەبـەردەم ئـەم خاتونـەدا نکـۆڵی کـردن سـودی نیـە، جـێ ی سەرسـوڕمان نیـە و (ئـۆپرا وێنـری) ئـەو میوانانـە هەڵدەبـژێرێت کـە دەرکـەوتنی نهێنیـەکانیان سـنورەکانی کەسـی بینـەر وردوخاش دەکات. توانیویەتی سەکۆیەکی ئەوتۆ دروست بکات کە لەسەر ئەو سەکۆیەدا دانهێنان بە (هەلکەوت) تەنانەت ئەگـەر ئاڵۆز و دژیـەك و نالـەباریش بێتە بەرچاو، دوور لە مەترسی بێت.

هەندێك لەو گوێ یانەی چاوت پێیان دەکەوێت بازنەی ناوەکی و دەرەکی یـان یەکسانە. ئەمەش دربڕی بەهرەیەکە بۆ هاوسەنگ کردنی شارەزایی کەسی و دەرەکی ئەگەر تۆ خاوەنی ئەم هێمایـە بیت ڕەنگـە هاوڕێکانت تۆیـان بـە گـوێ گرێکی خاوەن شیان ناوبردبێت کە بە ڕێگەیەکی گونجاو سود لـە تێگەیـشتنی خۆی وەردەگرێت.

قـەراغی گـوێ وەك دیـوارێکی جیاکـەرەوەی نێـوان ژیـانی کەسـی و ژیـانی کۆمەڵایەتیـە. بـە ئاستەم دەرکەوتنی قەراغی گـوێ مایـەی نیگـەرانی نیـە بـەڵام ئاماژە بـەوە دەکات کـە تۆ شـتی بابەتیانـە بـە شـتی کەسـی ئـەژمار دەکـەیت و

وەردەگرێت و هەروەها پێت وایە هەلکەوتە کە سی یەکەی خۆت واتاو مانایەکی گشتی هەیە.[٢٩٩]

- بوونی سنورێکی دیاریکراو لەنێوان بازنەی ناوەکی و بازنەی دەرەکی گوێدا : ئامازەیە بۆ بوونی هاوسەنگی لەنێوان ژیانی کارو ژیانی تاکەکەسی خاوەنی ئەم هێمایە، هاوسەنگی یەکی باشی دروست کردووە لەنێوان ژیانی کارو پیشەو ژیانی تاکەکەسی و خێزانیدا. سنوری نێوان کارو شوێنی نیشتەجێ بوون رەچاو دەکات و کێشە پیسیەکانی لە چەکمەجەی مێزی کارەکەیدا بەجێ دەهێڵێ و دایدەخان. بەر لەوەی بە کارێك هەڵبستێت لە چەند لایەکەوە تاوتوێ دەکات. واتا ژیانی تاکەکەس و خێزانی جیادەکاتەوە لە ژیانی کارو پیشەو کاری دەرەکی دا.(*)

- ناڕوونی یاخود نەبوونی سنورێکی جیاکراوە لەنێوان بازنەیی ناوەکی و بازنەی دەرەکی گوێدا: ئامازەیە بۆ بوونی سیفەتی خۆویستی و خۆپەرستی و لاوازی لە قۆناغی جێ بەجێ کردندا. تواناکانی خۆی زۆر زیاتر لە رادەی راستەقینەی خۆیان دەبینێ و کەسێکی و خۆویست (خۆپەرستە) و پشت بە هەست و داخوازیە دەروونی یەکانی خۆی دەبەستێ، بێ ئەوەی کردەیی بوونیان لەبەرچاو بگرێ.[٣٠٠]

---

[٢٩٩] - رۆژ رۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧-١١٤.

( * ) لێکدانەوەو تێڕوانین و استنتاجات بەندەی نوسەرتان.

[٣٠٠] - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٩.

- حەلەزۆنی و لول پێچی گوێ ( قوقعة الأذن ) : لول پێچبوونی گوێ ئەو بازنە ناوەکیەی گوێ یە کە هاوشێوەی لول پێچی و حەلەزۆنیە. و ئەگەر هاتوو هەریەك لە لول پێچی و لێواری گوێ ئەمە مانای ئەوەیە ئەو کەسە توانای هاندەرە پێویستیەکانە بۆ بەدی هێنانی زۆرترین پلەی سەرکەوتن. ئەگەر هاتوو لول پێچی رووترو دیارترە لە لێواری گوێ، ئەمە مانای وایە ئەو کەسە کۆشش و وزەیەکی زۆری هەیە و توانای وەرگرتنی پرۆژەکانی هەیە لە قۆناغی بیرۆکەوە تاکو قۆناغی جێ بەجێ کردن ، بەڵام ئەگەر هاتوو لول پێچی کەمتر دیاربوو لە لێواری گوێ دا، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو کەسە پێویستی خۆتەرخان کردنە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە ژیاندا.



کەمی لولپێچ لە گوێدا



لولپێچی ئاسایی لە گوێدا

- دابڕاوی و نیشانەو هێڵی گوێ ( زنمة الأذن ) : دابڕاوی و نیشانەی سەر گوێ بریتی یە لەو بەشەی گوێ کە پارێزگاری لە کردنەو شەرمی گوێ دەکات، و دەکەوێتە نێوان لول پێچی گوێ و روومەت. رۆڵی ئەم بەشە یاری ناکات لە پرۆسەی خوێندنەوەی رووداو. سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گرنگە لە گوێ دا بۆ مەبەستی کون کردن ( سمین )ی گوێ.

(٣) گۆشەی گوێ :

- کراوەیی و قوتی لەپی گوێ : ئاماژەیە بۆ کەسێکی تاکرەو، هێندە باوەڕی بە راوێژو ئالوگۆڕی بیرورا نیە، ئەگەر ماوەی نێوان گوێ ی چەپ و کەللە سەر زیاتر بێت ئەوا سەربەخۆیی کەسەکە پەیوەستە بە ژیانی تایبەتیەوە ئەگەر گوێ ی راست ماوەکەی زیاتر بێت ئەوا کەسەکە لە ژیانی پیشەیی و جیهانی دەرەوەدا سەربەخۆترە.

- گۆشەی گوێ ی ئێجگار کراوە : ئاماژەیە بۆ دیدو بۆچوونی کەسەکە بەرامبەر کۆمەڵگە وەك دیدو بۆچونی بێگانە وایە بەرامبەری. (*)

گوێ ی دەرپەڕیوی شەپۆلاوی و یاخی، مانای توندوتیژی و دڵ رەقی و بێ بەزەیی خاوەنەکەیەتی. (٣٠١)

---

(*) تێڕوانین و استنتاجی بەندەی نوسەرتان.

٣٠١ - منصور عبدالحكيم محمد ، الفراسة في معرفة الآخرين ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥١.

- گوێ ی لار بۆ پێشەوەی روو : کاتێک مومارەسەی خوێندنەوەی رووخسار دەکەین، وریای هەمیشە کە ئاوی چاوی دادێت لە ژمارەی ئەو کەسانەی پرسیارم لێ دەکەن ئایا گوێ کانیان دەرپەڕیوە یان نا. هەروەک ئەوە روونە کە زۆرێک لە خەڵکی هەستیاریان هەیە سەبارەت بە گوێ کانیان. لە راستی دا ئەمە شتێکی تازەیە کە گوێکانت بەرزبن ئەو کەسانەی گوێیان دەرپەڕیوە کەسانی سەربەخۆن، حەز ناکەن مەیلیان لەسەر شتێک کە ئەنجامی نادەن. دەشێت بە ئیکارو عیناد بناسرێن لەبەر ئەوە رەچاوی عادەت و تقالید ناکەن، باشترن کە بیربکنەوەو بڕیارەکانیان وەربگرن لەلایەن خودی خۆیانەوە، لەجیاتی قبوڵ کردنی بیروهزری کەسانی تر پاڵنەری متمانەپێکردنیان. هەروەها ئەو کەسانە مارڵ و سامان رادەکێشن و ئاسایی گوێ ناگرن لەو کەسانەی هەمان ئەم سیفەتەیان هەیە تەنها مەگەر بۆ خۆیان بێت. بە رێکەوت بوو ئاسایی وەسفی رووخوێندنەوەی گوێ ی دەرپەریوە بەوەی کە ((رووبەکی دەرچوو بۆ پێشەوە)) و باوەڕم وایە کە ئەم ناوبردنە بۆ ئامانجی چاککردنی تێڕوانینی خاوەنی گوێ دەرپەڕیوەکانە لە خودی خۆیان. و لە راستی دا تێڕوانینی گوێ ی دەرپەڕیوەکان سەبارەت بە خودی بەرادەیەکی زۆر ئیجابیە کاتێک درک دەکەن لە مانای بوونی خۆیان. ئەمیر ((تشارلز)) ١٩٤٨ – رێبەرو وەلی پەیمانی ئینگلتەرا کە نمونەیەکی باشی ئەو کەسانەیە کە گوێ یەکانیان دەرپەریو ( قۆقز)ە. [٣٠٢]

جاری وایە گوێ زۆرێک لە کرژی و هێڵ و دەق گرتن و نوشتانەوەی تێدایە خاوەنی ئەم هێماو نەخشەی سەر گوێ ی زۆر هەستیارن جگە لەوەی زۆر

---

[٣٠٢] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٧ – ٣٨، ٤٣ – ٤٤ .

وردن و وردەکارن، بە پێچەوانەی ئەمە ئەو گوێ یانەی ئەم هێڵ و کرژی و دەق گرتنە یان نیە جگە لەیەك بۆشایی کون بە پشتگیری لەمە پێوانەی ئەو گوێیانەی ئاژەڵان وردەکارترن بۆ بیستن و کرژی و هێڵی زیاتریان تێدایە. [٣٠٣] خەڵکی خاوەن گوێ ی گۆشەکراوە ئەگەر لەلایەن دادگای باڵاوە چاودێری هەڵسوکەوتیان نەکرێت رەنگە گاڵتە بە کەلتوری پەیڕەوکراو بکەن.

مامۆستا سیانغ میان هەڵسەنگاندنێکی تایبەتی بۆ خەڵکی خاوەن گوێ ی گۆشەکراوە هەیە کە ئەوەیە ((خەڵکانی گوێ دەرپەڕیو گرفتی عاتفیان هەیە، چەندە گوێ لە کەللە سەرەوە نزیکتربێت ئەوە باشترە)).

گوێ ی گۆشە کراوە بە پەیوەندی یە هەڵسوکەوتەوە هەیە کە بە هۆیەوە تۆ لە خۆتەوە دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت هەلسوکەوت بکەیت. تەنها پاشان تێ دەگەی خەڵکی تر چاوەڕوانی چییان لێ کردووی و بەدوای هەوسارە لەدەست چووەکەدا دەڕۆیت.

ئەگەر تۆ گوێ ی گۆشە کراوەت هەیە تەنانەت ئەگەر بە روالەت خۆت لەگەڵ کۆمەڵگادا گونجاندبێت، ئەو هەڵبژاردنە تەنها ویستەکی یە ، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە روالەت خۆت بگونجێنی لە بەرژەوەندی تۆدایە بەڵام ئەگەر گاڵتەت بە داب و نەریت بێت. بەم شێوەیە زیاتر رەچاوی بەرژەوەندی خۆتت کردووە لە کاتی پێچەوانە بوونەوەی چاوەروانیەکانی خەڵکیشدا دەتوانیت بڵێیت ((چی ؟ من گرنگی بەو شتانە بدەم ؟ )). [٣٠٤]

---

[٣٠٣] – خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٥٣.

[٣٠٤] – رۆژ رۆژتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٤-١٠٦

گوێیەکان رووبان لە پێشەوەیە : دەتوانرێت ئاشنا بن بە سیفەتی خۆپەرستی لە ماوەی تێبینی کردنی ئاستی دەرپەڕیوی گوێیەکان سەرەرای ناوچاوانی هێلکەیی ئەو کەسانە پشت دەبەستن بەو شێوەیەی وەریان گرتووە بە کۆکردنەوەو بەدەست هێنانی هەر شتێ هەر بزمارو شتێك بینین کۆی دەکەنەوەو هەر کاغەزێك یان پارچە داریك یان صندوقی بەتاڵ یان دەزوو (خیط) یان هەر شتێکی تر. ئەو کەسانە هەر شتێکی تر لە بەرامبەر ئەو شتە کۆکراوانەدا رەتدەکەنەوە بۆ ئەوەی هەر رۆژێك بێت سودێکی یان هەبێت، لە هەندێك کاتدا. ئەو شتانە کەڵەکە دەبن تا دەگاتە رادەیەك جوڵەکردن لەو شوێنی شتە کۆکراوەکان قورس و گران دەبێت. لەلایەکی ترەوە، سیفەتی خۆپەرستی و خۆوویستی زۆر ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە توانایەکی باشیان هەیە بۆ گوێ گرتن لە دەنگەکان دەتوانن رووداوەکان ببیستن لە دەوروبەریاندا لە دووری سێ مێز لێیانەوە. ئەگەر هاتوو گوێیەکان مەیلان (لار)بوون بەرەو دواوە ، ئەمە توانای کەسەکە کەم دەبێتەوە بۆ گوێ گرتن و لە دەنگەکان بە باشی.

کاریگەری ئەم سیفەتی گوێ دەرپەڕیوە لەسەر پەیوەندی هاوسەرگیری : ئەگەر سیفەتی گوێ دەرپەڕیوی و ناوچاوانی هێلکەیی و فراوانی ماوەی نێوان چاوەکان کۆببنەوە لە کەسێکدا ئەوە تیایدا دەڕۆیت خۆشەویست خاوەندارییەتی بەشێوەیەکی زۆر، غیرت زۆر دەبینیت ئەگەر کەسەکەی تر گرنگی بدات بە کەسێکی تر جگە لە خۆی. ئەگەر کەسەکەی تر هانی دا بەسەرسامبوونی یەکێکی تر یان کاتێکی زۆری بەرێ کرد لەگەڵ یەکێك لە تاکەکانی رەگەزەکەی تر لە یەکێك لە ئاهەنگەکان یان بۆنەکان. ئەم کەسانە تووش دەبن بەم سیفەتەیان ئەم حاڵەتە وەك هەرەشەیەك دەبینن لەسەر

پەیوەندیە هاوسەرگیریەکەیان. دەگەڕێینەوە سەر فەلسەفەکەیان لە ژیاندا کە بیروباوەڕیان لەسەریەتی کە هاوسەرداریان هاوڕێیەتیان یەک مۆڵکن. نابێت یەکێکی تر بەشدار بێت لەگەڵیاندا.

ئەگەر بێتو لە کەسێکدا بە غەریزەی خاوەندارێتی بناسرێت بەرامبەر هاوبەشی ژیانی زۆر ئاگادارە ، و سوور بە لەسەر کەم کردنەوەی ئەم تونديە هەتاکو هەست بە نارەحەتی و (تضيق) و بێزاری نەکات لە تۆ لە راستیدا بەجێت دەهێڵێت. [٣٠٥]

گوێ ی بەل ( دەرپەڕیو ) رقیان لە داب و نەریتە ، حەزناکەن بە ئارەزووی خۆیان پابەندبن بە داب و نەریتەوە. [*]

**گوێ ی قوت و ناڕێك :** گوێ ی بۆ دەرەوە قوت و ناڕێك بە گشتی ئاماژەیە بۆ رەوشت ناشرینی و تووندوتیژی و شەرەنگێزی . لەبەر ئەوە ئەم جۆرە گوێ یە لەناو تاوانبارو لادەرەکان زۆر بەدی دەکرێت. [٣٠٦]

- گوێ ی لکاو بە سەرەوە(گوێ ی گۆشە داخراو):

گوێرایەڵەو پابەندە بە بەها ناسراوەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بە شێوەیەکی سروشتی گوێ دەدات بەو فەرمانە، ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی هاوشێوەی کەسانی دەوروبەری دەربکەوێت لە روانگەی باوی خەڵکی لە کۆمەڵگاکەیدا ئاگادارەو ئەم زانیاریە لە پرۆسەی

---

[٣٠٥] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٤-٢١٥.

( * ) تێڕوانین و استنتاجی بەندەی نوسەرتان.

[٣٠٦] – د.أيمن أبو الروس، وەرگێڕانی م.هیلال کەوڵۆسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٧.

بازرگانیدا، بۆ ئەوە دەتوانێت وەك جۆکەرێك لە دەستیدا بمێنێ.[٣٠٧]

وادیارە خەڵکی خاوەن گوێ ی گۆشە تیژ هەموو پەیامەکان خێرا وەردەگرن و ئەوەندە بە ڕێکی هەڵیان دەدەنە ناو مێشکیانەوە کە شەقەی لێوە دێت. ئەو سەرانە بێنە بەر چاوت کە بەیەکەوە لە کاتی گرتنەوەی هەر نامەیەکدا، دەلەقێنەوە. ئەو گوێ یەی تەختانی بە کەللەوە نوساوە ئامازە بەوە دەکات کەسەکە لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە زۆر حەز بە خۆبەستنەوە دەکات بە کەسانی ترەوە تەنانەت ئەگەر ئەو خۆبەستنەوەیە پابەندی ئەوەی بکات کە پەیڕەوی لە خووڕەوشتێکی بێ تامیش بکات .

زرنگی ناوێکە بۆ ئەم بەهرەیە. ناوێکی تر بۆ ئەم خەسڵەتە هۆشیاری کۆمەڵایەتیە. ئەگەر گوێ ی تۆ ئەم جۆرە گۆشەیەی هەبێت شانازی بە خۆتەوە بکە لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئەو ڕەوشت و پۆشاك و شێوازانەی تر کە بە هۆیانەوە خەڵك ژیری هاوبەشیان بەدەردەخەن تۆزکاڵێك جیاوازی لەنێوان خۆت و ئەواندا نابیننەوە وایە ؟ ئەگەر بۆ خۆت بتەوێت لەگەڵیاندا نەگونجێی. ئەم بریارەشت ویستەکی یە لە بواری کارکردندا لە توانای خۆت بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ هەر شوێنێکدا کە پێت بنێیە ناوی ، سودمەند دەبی خۆگونجاندنی چی ، لەناو شوێنەکەدا دەتوێیەوە، دەبیت بە ماستی مەیو.

ئەی ئاریشەی ئەم سیفەتە چیە ؟ تا چەند دەتوانیت ڕێز لە خەڵکێك بگریت کە بە سوکی هەڵسوکەوت دەکەن ؟ تەنانەت ئەگەر هەوڵ بدەیت ڕەخنەگرانە سەیری خەڵك نەکحەی دان بەوەدا بنێ ی کە ڕەخنە گری . کاتێك چاوت بە کەسێکی بیانی دەکەوێت کە هەڵسوکەوتێکی سەیر دەکات لەسەر شەقام

---

[٣٠٧] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، ڕووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٥ – ٨٦ .

یاخود له میواندارییەکدا دەست بەجێ ئەم کەسە لای تۆ رێزی نامێنێ. رەنگە کێشە راستەقینەکە ئەوەبێت کە رەوشت بەرزییەکەی خۆت زۆر سروشتی یە. بۆیە وا چاوەڕوان دەکەیت کە هەموو خەڵکی وەک خۆت بێت. [٣٠٨]

**گوێی گۆشە مامناوەند ( ناوەنجی )** : خەڵکی گوێ ی گۆشە ناوەنجی کە گوێ یان لەگەڵ هیچ کام لەدوو جۆرەکەی تردا ناگونجێت، ئەم گرفتانەیان توش نابێت کە پێشتر لە بارەی خۆگونجاندنەوە باس کران. ئەوپەڕی رەنگە توشی باریکی ئەوتۆ بن بەرگەی هەموو خەڵکی نەگرن. [٣٠٩]

گوێیەک کە ماوەیەکی مام ناوەندی هەبێت لەگەڵ سەردا ئامادەیە بۆ بەخشندەیی و نەرم و نیانی خاوەنەکەی. [٣١٠]

- **رووخوێنەرەوان دەبینن گوێ ی ڕێك تەخت لە سەرەوە بۆ خوارەوە** :- ئەو کەسانە هێزی جیاکردنەوەی دەنگەکان و جیاکردنەوەو ناسینەوەی چین و تەبەقەو ئاوازی دەنگەکان. بە پێچەوانەوە گوێی یان (الأذن العريظة) و لەنێوان ئەندامی بیستن و ئەندامی نطق ڕێژەیەکی ئاڵوگۆڕ (متبادل)هەیە. ئەو کەسەیە کە توانای جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەیە لە دەرچوون و نوطق کردنیان لە ساتی دەرچوونیانەوە. [٣١١] [٣١٢]

---

[٣٠٨] - ڕۆژ ڕۆژتەری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٣-١٠٤.

[٣٠٩] - ڕۆژ ڕۆژتەری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٧.

[٣١٠] - منصور عبدالحكيم محمد ، الفراسة في معرفة الآخرين ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥١.

[٣١١] - جورجی زیدان، علم الفراسة الحديث ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٧٨.

[٣١٢] - خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥٣.

### (٤) شوێنی جێگیری گوێ :

بابەتێکی دیکە کە دەبێت سەبارەت بە گوێ لەبەرچاو بگیرێت، شوێنی جێگیربوونیانە لە کەللە سەردا. بۆ ئاسانتربوونی کارەکە هێڵێکی گریمانەیی لەسەرەتایی پەڕەی گوێ وە دەکێشین بە ناوەڕاستی نەرمەی گوێدا هەتاکو کۆتایی نەرمەی گوێ، ئایا ئەم هێڵە هاوتەریب و هاوشانە لەگەڵ گوێ یان گۆشە پێك دەهێنێت ؟ ئەگەر گۆشە دروست بکات ئەوا تایبەتمەندیەکەش تۆختر دەبێتەوەو بەهێزتر دەبێت. (٣١٣)

- هاوتەریبی شوێنی جێگیربوونی گوێ : ئامازەیە بۆ روانگەی گونجاو لەگەڵ داب و نەریت و شێوازی تێڕوانینی ئەو بۆ ژیان و دنیاو جۆری تێگەیشتنی لێ ی ، بە تەواوەتی ئاسایی و هاوسەنگە. حەز دەکات هەر بەو شێوەیەی کە کەسانی تر بیردەکەنەوە، بیربکاتەوە هەروەها بەو شێوەیەی کە کەسانی تر دەجوڵێنەوە لە هەموو بابەتەکاندا ، لە داب و نەریتی کۆمەڵگا دوورناکەوێتەوە. (٣١٤)
- گوێ ی گۆشەدار (گۆشەلار) : ئامازەیە بۆ بیروڕای جیاوازو راونگەی تایبەت بە خۆی. جیهان لە گۆشەی جیاوازەوە سەیر دەکات و بیروبۆچونەکانیش زۆر تایبەت بە خۆت خۆی نابەستێتەوە بە داب و نەریتی کۆمەڵگاوە کە

---

[٣١٣] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٠.

[٣١٤] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٤.

رۆشتە شاری کوێران دەست ناگرێن بە چاویەوە . [٣١٥]

بەشی سەرەوەی گوێ نوساوە (لکاوە) بە کەللەی سەرەوە بەلاّم بەشی خوارەوەی گوێ جیابۆتەوە : ئاماژەیە بۆ سیاسەتمەداری خاوەنەکەی، ئەم کەسە رێگەی سیاسەت مەدارانە دەگرێتەبەر، هەم گروپی تووندۆەو لاسار هەم گروپی نەریتی و گوێرایەلّ دەناسێت بە ئاسانی لەگەلّ هەردوو لایاندا پەیوەندی بەرقەرار دەکات و لە بیروراکانیان ئاگاداراە. بەلاّم بۆخۆی ئاستێکی مام ناوەندی هەل دەبژێرێت. [٣١٦]

ئاسایی گوێ یەکان کەمێك لارن ( مائل ) بەشی سەرووی گوێ کەمێك بۆ دواوە رۆشتوە وەك لە بەشی خواروی گوێ. ئەگەر بێتو گۆشەی لاری گوێ زۆر دادڕاو بوو، ئەمە مانای وایە ئەو کەسە بە قیرچسمەیی ناسراوە، و هەولّ دەدات کۆنترۆلّی کەسانی تر بکات، هەر وەك مانای وایە هەستێکی زیاد لە پێویستیان هەیە بۆ گرنگی پێدان. [٣١٧]

**(٥) جێ کەوتی گوێ** : جێ کەوتی گوێ هەر ئەوە نیە لە تەنیشت رووەتەیان شوێنێکی تری رووتەوە بێت. بە بەراورد لەگەلّ هەموو روی خۆتدا ئاخۆ گوێ ی تۆ لە کوێ هەلّواسراوە ؟ بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ببینێت پێویستە دوو ئاوێنە (نەینۆك) بەدەست بگریت تاکو بتوانیت لەلاروەوە خۆت ببینیت. هەروەها رەنگە بە شێوەیەکی کاتەکی پێویست بکات مۆدێلی رێکخستنی پرچت بگۆڕیت (( لە راستی دا تاکو کۆتایی ئەم بەشەی کتێب دەبێ هەروا

---

[٣١٥] – ملك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٠ .

[٣١٦] – ملك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٦.

[٣١٧] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٠.

بکەیت لەبەر ئەوەی ئەگەر گوێ ی تۆ بە پرچێکی چڕو پڕو سەیر داپۆسرابێت خوێندنەوەی دژوار دەبێت.

جاروبار چاوت بە گوێ ی بەرز دەکەوێت کە لوتکەکەی لە ئاستی شوێنێکی سەرووی برۆدایە و نەرمە گوێ کەشی ناگاتە ئاستی سەری لوت.

گوێ ی نزم هێمایەکی بەربلاوتری کە تیایدا نەرمە گوێ یەکە لە خوار ئاستی سەری لوت دایەو لوتکەکەشی ناگاتە بەرزایی ئاستی برۆ.

گوێ لە جێکەوتی ناوەنجی ( مام ناوەند ) لە هەر هەموو هێماکان باوترە کە تیایدا گوێ جێ ی خۆی بە رێکی لە نێوان بەرزترین بەشی برۆ و سەری لوت دا کردۆتەوە. [٣١٨]



گوێی بەرز



گوێی نزم

[٣١٨] – رۆژ رۆژنتری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو،سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٤.

▪ **بەشی سەرەوەی گوێ لە ئاستی چاوەکان بەرزترە** :- ئامازەیە بۆ راکێشان و وەرگـرتنی زانیاریـەکان بـە خێرایـی و پەلـەکردن لـە کـاردا لەلایـەن خاوەنەکەیەوە، بیروهۆشی ئەم کەسە بە خێرایی زانیاریەکان رادەکێشێ. لە ئەنجامدانی زۆر خۆراگرانیە بۆ بینین دەرەنجامی کار پەلە دەکات لەم پەلە کردنانەدا هەندێك جار دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە نـەتوانێت بـە گـوێرەی پێویستی کارەکان سەرنجی وردەکاریە گرنگەکان بدات. [٣١٩]

گـوێ ی بـەرز واتـا بـەرزتر لـە ئاسـتی بـرۆ ئامـاژە دەکات بە خێرایی یەکی زیاتر لە تێکڕایی خێرایی بۆ هـەرس کردنـی زانیـاری. زۆرێك لـەو کەسانەی خـاوەنی ئـەم جـۆرە گـوێ یـەن زیاتر لـە هـەموو کارێکی تر لـەو کارانـەدا هـەست بـە ئاسودەیی دەکـەن کـە بـۆ دارشـتنی بەرنامـەی کۆمپیوتـەری مەرجـە کارکردەکـانی خێرایـیـەکی زۆریـان هەبێت.

لایەنە خراپەکـەی گـوێ ی بـەرزدان بـە خـۆ دانـەگرتن رەنگـە لایـەنێکی خـراپ بێـت، زوو تێگەیـشتنی بۆچـی ئـەو کەسـەی قـسەت لەگەڵـدا دەکـات هێنـدە هێواشە ؟ وەلاّم لەبەر ئەوەی ئەو گوێ ی بەرز نیە بۆیە مێشکی زۆر خێرا کار ناکات .

ئاریـشەی رێ تێـچووی تـر ئەوەیـە کـە زوو بـە کۆتـایی هـاتنی کاتێـك پێویستیەکی سەرەکی تۆیە بەڵێ، بە زۆرترین بریاری باش دەدەی و وەستان

---

[٣١٩] - مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٦-٨٧.

شێتت دەکات. رەنگە هەندێك جار تۆیە پەلە بریار لەسەر زانیاریەکی ناتەواو بدەیت تەنها لە ئەوەی ناتوایت بۆ چرکەیەکی تر دان بە خۆتدا بگریت.

بە شێوەیەکی گشتی گوێ دەکەوێتە نێوان لای لووت و کۆتایی دەرەوەی هەردوو برۆ، گوێ ی بەرز دەکەوێتە سەرووی سەری لووت و سەرووی کۆتایی دەرەوەی هەردوو برۆکان، لە کاتێکدا گوێ ی درێژ دەکەوێتە سەرووی کۆتایی برۆکان و خواروی سەری لووت.

کەسانی گوێ بەرز زۆر واقیع بین ، لەبەر ئەوە فەرمانبەری زۆر سەربەخۆن ، پشتیان پێ دەبەستریت هەروەك ئەوانە مامەڵە لەگەڵ ژیان دەکەن بە شێوازێکی واقیعی و مەنتیقی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بێت و گوێ یەکان بە تەواوەتی سەرووی برۆکان بن لەم کاتەدا ئەو کەسانە دەناسرێن بە طموح و پێداگری و سوربون و سەرکەوتنی تەواوەتی.

لای کەمێك لە خەڵکی گوێ یەکیان بەرزترە لە گوێ یەکەی تری بە پلەیەکی تێبینی کراو لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەدا گوێی راست بەرزترە ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەو کەسە کە جۆرێك لە جیابوونەوەی هەستەکی لە منداڵەکانی لە ماوەی سااڵنی پێگەیاندنی. [٣٢٠]

کەسانی کەم نونەیی ( مثالی ) و زیاتر کرداری، دەبینین گوێ یەکانیان لە ئاستێکی بەرزتردایە، ئەو کەسانە زیاتر سادەو ساکار و خاکی و کرداریین و کەمتر سۆزدارە و خۆی بە پرنسیپڵ و مەسەلەیەکەوە نەبەستۆتەوە. هەروەها

---

[٣٢٠] - ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٨-٤٠.

کەمتر سەغڵەت دەبێت بەوەی لە ژیاندا دەیبیستێ و حەزێکی زۆری هەیە لە وەرگرتنی هەرچیەك کە لە زەوی دایە. [٣٢١]

تۆی گوێ بەرز ئێستا بیرت بۆ ئەوە چووە کە رەنگە کەسێکی بریاردەری گوێ نزم سەرپشکیەکی تریشی هەبێت. با بڵێین تۆ هەر ئێستا بە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵبژێراویت. کە خۆشە بەڵام بۆ خۆت زوو هەست بەوە دەکەیت کە مانگی هەنگوینی سەرۆکێك بەهۆی هەڵبژاردنەوە تەنها چوار ساڵ دەخایەنێت.

لەگەڵ چاپەمەنیدا رەنگە تۆ تەنها دوو سەعات ڕێزت لێ بگیرێت و دواتر هەموو بریارەکانت. بەشێتانە دێنە لەق لەمدان. هەر بۆیە بیر لەوە بکەوە کە چەند بەهرەمەند دەبێت ئەگەر بۆ نمونە بتوانیت نیوەی بریارەکانی کەسێکی گوێ بەرز بدەیت. [٣٢٢]

گوێ ی بەرز چۆنیەتی کارکردنی ئەم بەهرەیە ئەوەیە کە واتا قورمانی خەڵك بەهۆی بەهرەمەندی لە توانایەکی باش و ڕێ بەدی کەرانە لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا. ئەو گوێ بەرزانە خێرا بریار دەدەن، بە دووبارەکردنەوەی وتەیەك سوکایەتی بە بلیمەتیە بەرز(بەپەلە)کەیان کەمە. [٣٢٣]

---

[٣٢١] – ڕۆبەرت ئێل. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمین حسین ) ، زمانی ڕوخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢ – ١٣٣.

[٣٢٢] – ڕۆز ڕۆزتری ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو،ل٩٦-٩٩ ، ٣٣٠.

[٣٢٣] – ڕۆز ڕۆزتری ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو،ل٩٦-٩٩ ، ٣٣٠.

تەکنیکی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی گوێ بەرز بریتی یە لە پێدانی پوختەیەکی خێرا لەبەر ئەوەی ئەوان یەکجار خێرا بریار دەدەن بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەشمەوە لە قێزبوونەوە بترازێت هیچ شتێکی تریان دەست ناکەوێت.(*)

- بەشی خوارەوەی گوێ لە ئاستی لووت نزمترە : ئاماژەیە بۆ وەرگرتنی زانیاریەکان زۆر بە باشی و ئەنجامدانی کارەکان بە وردیەکی زۆرەوە . لە ئەنجامدانی کارەکاندا زیاتر لەوەی لە بیری خێرا ئەنجامدانی کارەکاندا بێت لە بیری ئەوەدایە بە ڕێکوپێکی ئەنجامیان بدات.

بیسەرێکی دان بەخۆداگرەو هەست دەکات ئەگەر پەلە بکات لە تێگەیشتنی زۆرێك لە بەشەکانی بابەتەکاندا تیادەمێنێ کارەکان بە هێواشی و بە بەردەوامی ئەنجام دەدات هەرگیز چۆنایەتی ناگاتە قوربانی خێرا ئەنجامدانی کارەکان.(٣٢٤)

گوێ ی نزم بەو واتایە کە پێویستی تۆ بە زانیاری زیاترە لە پێویستیت بە بریاردان و کۆتایی هێنان بە کارەکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێك، ئەمە ئەنجام بدەیت ڕەنگە کارەکە دوا بخەیت، بە بۆچوونی من باشترە شێوەی کارکردنی تۆ بەم جۆرەیە: تۆ سەرەتا زانیاری دەدەیەوەو ئەگەر ماوەت پێ بدرێت قۆناغی لێکۆڵینەوە ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێت. دووەم شت زانیاریەکان هەلدەسەنگێنێت Evaluate ئەم وشەیە دەبوایە ئاوا بنوسرێت Evalu-wait واتا هەلسەنگاندن – چاوەڕوان کردن لەبەر ئەوەی

---

( * ) تێڕوانین و استنتاجاتی نوسەرتان .

٣٢٤ – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٢.

ئەو ماوەیەی کە تۆ سەرقاڵی بیرکردنەوە دەبیت لە بریاردان خەڵکی تر کتوپڕ لە چاوەڕوانیدا دەبن.

لە کۆتایدا تۆ بریاری خۆت دەدەیت. باشترە بریارەکەت ژیرانەبێت لەبەر ئەوەی رەنگە هەرگیز نەتەوێت لێ ی پاشگەز ببیتەوە.

وایە رەنگە هەندێك خەڵك بریاردان و مکوربون لەسەر ئەم بریارە بە ئاریشەیەك دابنێن ، بەڵام تۆ دەتوانی بەم وتەیەوە وەڵامی بۆڵە بۆڵ کەران بدەیەوە . من لە بریاردانی خۆمدا لاسایی ئەو کەسانە دەکەمەوە کە نمونەن بۆ ژیریە دووربینانەکەی کەسانی خاوەن گوێ ی نزم لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵك کاتێك کارێکی ژیرانە دەکەن وشەی ( لاسایی کردنەوە) بەکارناهێنێ تاکو ژیریە کە بە ناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن.

ئەگەر بابەتە سەرنجی تۆی راکێشابێت، دەتوانیت لیستێك لە هەموو کەسایەتیە مێژوویەکانی خاوەن پلەی سیاسی گەورە ئامادە بکەن . بە گوێرەی تیۆرەکەم گوێ ی نزم کاریگەرییەکی بەرگریکارانەی هەیە.

بۆ دڵنیابوون لەم راستییەش بیر لە(رێیکان)بکەوە کە تا ئێستا بە بەراورد لەگەڵ هەموو سەرۆکەکانی ئەمریکا خاوەنی نزمترین جێکەوتی گوێ بووە. تەنیا ( میلێر فیلۆر ) و ( فرانکلین پیرس ) لە رووی سەرنجراکێشی گوێ یانەوە شان لە شانی (گیر) دەدەن.

خۆت لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی هاوڕێکانتدا بگونجێنە. ئاخۆ گوێ ی تۆ لە شوێنێکی نزمدا هەڵکەوتووە؟ کەواتە دووبارە کەسی بەرامبەرت لەوە دڵنیا بکەوە کە لە راستیدا تۆ ناگات لێیەتی و گوێت بۆی راگرتووە.

دەتوانیت بڵێیت: ((دەبێت بیر لە زۆر شت بکەینەوە)). کاتێك بۆ بریاردان بیردەکەیەوە دەستخۆشی لە هاوڕێکەت بکە لەبەر دان بەخۆداگرتنی. ئەگەر

پێویست بوو بە بیری بهێنەرەوە کە رەنگە بۆ بڕیاردان کاتێکی زۆرت بوێت. لەبەر ئەوەی لەلای تۆ هەڵسەنگاندنی چەندوچۆنیەتی بریارەکە گرنگترە لە خێرایی بڕیاردانەکەو هەروەها پێدەچێت کە هەر ئەمە راست بێت ئەمەش شتێکی کەم نیە.

ئاخۆ گوێت لە شوێنێکی بەرزدا هەڵکەوتووە ؟ کەواتە نەرم و نیانی بەو لە گوڕو تینی ئەو خێرایی یە زەینیەت کەم بکەوە کە بەهۆیەوە لە کونجێکی هزرتەوە بۆ کونجێکی تر باز دەدەیت. رەنگە کارێك دێیەوە سەر هۆشی خۆت لەوە تێ دەگەیت کە بە هۆی پەلە کردنتەوە لە هەموو کارێکدا تەنها کەلاوەیەکت بۆ جێماوە.

هێمای گوێ ی نزم چۆنیەتی کارکردنی ئەم بەهرەیە ئەوەیە کە بین درێژی (پشوو درێژی) لە چاوەروانیدا، تاکو ئەو کاتەی گرفتەکە بە یەکجاری چارەسەر دەکرێت.

سەر لێدەرانی گوێ نزم ئەوان بە شێوازێکی بە ئاگاو بە بیرکردنەوە بریار دەدەن ، ئەگەر تۆ زۆر زوو داوای بریاردان لە فرۆتەنی یەکیان بکەیت، رایان مەچڵەکێنی. شتەکە هەروەك ئەوە وایە تۆ سەیری خۆشترین بەرنامەی تەلەفزیۆنی خۆت بکەیت و بێ ئەوەی هەستت پێ کردبێت نقومی سوکە بێ هۆشیەك بووبیت. ئەگەر کەسێك بڵێ پخ تۆ ڕادەچڵەکی یان تەنانەت لە روانگەیەکی فرۆشیاری یە وە بۆڵە بۆڵ دەکەیت. ئەگەر لە فرۆشیاریدا کار دەکەیت، دەرفەت بدە بەو خەڵکەی خاوەن گوێ ی نزمن تاکو هەموو ئەو زانیارییەی پێویستیان پێیەتی گەلاڵە بکەن. پێش ئەوەی پێیان بڵێت ماوەی

سەیرکردن بەسەرچووەو کات کاتی بریاردانە، تاکو دەتوانیت بین درێژ (پشوو درێژ)یە. [٣٢٥]

**گـوێ ی نـزم** : دیـاریکردنی سیماو خاسیەتی مثـالـی و نمونـەیی بـە پـێ ی هەڵکەوتەو جێکەوتەی گوێ، ئەگەر هاتوو گوێ نزم بوو خوار ئاستی هەردوو کونە لووت. ئەوە مانای ئەوەیە ئەو کەسە مثالی و نمونەیی خۆی چاك ئەکا بەرەو کەمالیەت و پێرفێکتی، نمونەیی بوون ئامازە دەدات بە پێژەی ئیمانی کەسەکان بە بیربۆچون و بیروباوەڕو عەقیدەیان و ئەو پێوەرانەی کە بۆ خۆیان دایدەنێن و ئەمە ئامازەیەکی روون نیە بۆ گرنگی ئەم بیروبۆچوون و پێوەرانە، بەڵکو تەنها ڕێژەو ئاستی پەیوەست بوون و پابەند بوونیانە پێوەی، ئاسایی مەرج نیە کەسانی نمونەیی و مثالی پێوەری زۆر بەرزیان هەبێت و هەوڵ دەدەن بۆ تەواو کردن و پێرفێکت کردنی خۆیان و کەسانی تر لەبەر ئەوە دەتوانرێت ئەو کەسە میثالی یانە داواکاری زۆریان هەبێت و توش بین بە هیوا بڕان لە کاتێکدا حەقیقەت جیاوازە لەو شتەی لە هزری ئەواندا هەیە.

تەنها بە تەرکیز کردنە سەر هەر شتێك لەلایەن ئەم کەسانەوە کە ئەوانە شتی تریان ناوێت جگە لەو شتەی خۆیان دەیانەوێت. ئەگەر ئەم سیماو خاسیەتەیەکی گرت لەگەڵ خاسیەتی کەمی لێبوردەیی (کەمی ماوەی نێوان چاوەکان) و هەستیاری زۆر (الشعر النائم) پرچی خاو و نەرم و رووی تەسك (الوجە الضیق) و مەیلی فەلسەفی (بوونی کون و کەلێن و بۆشایی نێوان پەنجەکان) ئەو کەسانەی ئەم خاسیەتانەیان تێدا کۆبۆتەوە لە راستی دا ئەوانە لە خەونەکانیاندا نقوم بوون تا ئەو رادەیەی هەستیان بۆ واقیع

---

[٣٢٥] – رۆژ رۆژنتری ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە (لەیلا حمید محمد) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو ،ل٩٧-١٠٠ ، ٣٣٠ – ٣٤٤ .

لەدەستداوە. دەمارگیریان هەیە تا رادەیەکی زۆر لەو مەسەلانەی ئیمانیان پێیەتی تاکو ئەو رادەیەی کارەکان لە کۆنترۆلیان دەردەچێت. لە نمونەی ئەو هەڵس و کەوتە تووندانەی یان تەقاندنەوەی تووندی شاری ئوکلاهۆما و گروپە تووندرەوەکان لە هەموو دنیادا.

مثالی و نمونەیی بوون ئاراستە دەکات بەرەو شەیدابوون و هۆگربوون و پەیوەست بوون بە پاڵەوانێتی یان بە خاوەن بوونی کەشتیەکی دەریای لەروو تەختر دەریادا، یان نمایشی ئارەزووی کەسێك کە زیندەوەرە هەژارەکان نیشتەجێ بکات بە هێنانەدی ژینگەیەکی ئارام و پاك، لەبیر نەکرێت ئەو کەسانە کە هەڵگری ئەم خاسیەتەت زۆر ئازو دەچێژن کاتێك ئەو پاڵەوانانەی پێشەنگن شکست دێنن و گومانیان تێدایە، و تێك دەشکێن لە لوتکەی بەرزیدا کە لەسەری دانیشتون، و سەرنج بدرێت کە ئەو کەسە مثالیانە رازی نابن بە چارەسەری مام ناوەندی و قبوڵی دەربڕینی لاوازو سەر ئاوکەوتو ناگەن کاتێك مەسەلەکە پەیوەست بوو بە پاڵەوانیەتیان یان ئەو مەبدەئو پێوەرانەی ئیمانیان پێیەتی و سەرنج لەوە بدرێت کە ئەوانە دڵرەق و سوتێنەرن کاتێك کەسانی تر بێ هیوا دەبن. یان کاتێك ئەو مەهامە ئەدا ناکەن کە پێ یان سپێراوە بە شێوەیەکی باشترو تەواوتر بەو پێیەی شوێنی کاروبارەکان کارەسات ئامێزەو لە تێڕوانینیان ون نابێت.

بە رەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو کەسانە زۆر پەیوەستن بە تێرو تەسەلی و پێرفێکتی (کمال)یەتی و بە جێگرەوە (بەدیل)ی ئەوە رازی نابن، ئەوا نەماندوو نابن لە کارداو هەموو وزەکانیان تەرخان دەکەن و کۆشکەکانیان بۆ ئەو مەسەلەیەی سەردەکەون، ئەم سیفەتە کێشەیەکی گەورە پیشان دەدات لە پەیوەندیە کەسی یەکاندا، بەو پێیەتی ئەو کەسە مثالییانە هەست بە نەمانی

هیوا دەکەن لە زۆربەی کاتدا. لەبەر ئەوەی دەگەنە قەبارەی پێشبینی کراو لەلایەن کەسانی تر.

ئەگەر هاتوو ئەم سیفەتەیان هەڵگرتبوو، خۆیان رادەهێنن لەسەر قبوڵ کردنی کەسانی بەرامبەر هەروەکو هەمیشە لەبیر نەکرێت کە هەرگیز مرۆڤی کامل و تەواوەتی بوونی نیە و پێشبینی ناکرێت لە کەسانی تر زیاتر لەوەی پێیان دەدرێت. ئەوە رزانرێت کە ئەو کەسانە هەڵدەستن بە تواناکانیان هەتا ئەگەر ئەوەستێتە سەر پێشبینیەکانی تۆ بەرامبەریان. جارێکی تر بە خۆت بەوان دەڵێ ی : ((ئەگەر تەواو نەبێت قبوڵی مەکە))، دەوەستێتەسەر تێڕوانین لەو روانەی کە هانت دەدات بۆ رەفزکرلادنی. بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەو کەسانە بە کەسانی واقیعی دەناسرێن (ئەوانە بەوە دەناسرێنەوە کە کرانەوەی گوێ ( بەرزە ارتفاع فتحة الأذن لە هەر دوو کونە لووتەوە ) زیاتر کردارین و لەسەر زەوی واقیع دەژین.

پێوەرەکانیان بەرز نین وەك کەسە مثالیەکان، لێرەدا ئەگەر هاتوو بە واقیع بینی ناسران، تۆ پێویستت بە دانانی پێوەری زیاتر چالاك هەیە ئەوە بەس نیە هەموو شتێك قبوڵ بکرێت. هەروەك تۆ دەتوانیت بۆ نمونە داوایان لێ بکەیت کاریان لەگەڵ بکەیت کە مەهامی ویستراو ئەدا بکەن بە پێ ی پێوەرە بەرزەکان و رازی نابین لە کەسانی تر بە کەمتر لە باشترین.

▪ کاریگەری سیفەتی مثالی و نمونەیی بوون لەسەر ژیانی و پەیوەندی هاوسەرداری: ئەو کەسە مثالیانە باوەڕیان وایە کە دەدۆزنەوە لەسەر کەسی تەواو (کامل) پێرفێکت (Perfect) کە دەژین لەگەڵیدا ژیانێکی تەواو (کامل) و بەتاڵ لەهەر شتێك کە هەڵبژاردنیان لێڵ بکات و لەبەر ئەوە یەکێك لەوانە دەبینین هاوبەشی ژیانیەتی و پەیوەندیەکی زۆر جیاواز لەنێوانیاندا و

گریمان دەکرێت کە کەسەکەی تر بەشداری بکات لە هەمان پێوەرو پێشبینی یەکانی ئەو و دوای ئەوە پرسیار دەکرێت لە هۆکاری شکستی پەیوەندیە هاوسەرداریەکان و راکردن یان لێ ی لەبەردەم پیاو ماقولانیان، لەسەر ئەمە داوا دەکەم بە هاوسەرداری، کە گفت و گۆ و مشت و مڕ دەکەن لەگەڵ یەکتریدا هەندێك لەگەڵ هەندێکدا بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەمان پێشبینی یەکتریان هەڵگرتووە. ئەم کەسانە گوێیەکانیان نزمە.

ئەو پیشانەی کە گونجاون لەگەڵ ئەم سیفەتی مثالی و نمونەیی بوونەدا : دەتوانرێت تێبینی ئەم سیفەتە بکرێت لە وەزیرەکان و پزیشکان و دەروونزانەکان و کرێکارانی بواری خزمەتی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی خود و مامۆستایان و داهێنەران و دەرهێنەرانی فلیمە سینەماییەکان (غاندی)یش خاوەنی ئەم سیفەتە بووە. (٣٢٦)

- جێکەوتی مام ناوەندی گوێ : گرفتەکانی جێکەوتی بەرزو نزمی گوێ ناهێنێتە رێ بەڵام گرفت و ئاریشەکەی ئەوەیە بەرگە نەگرتنی هەموو خەڵکی تر بە تایبەتی خەڵکی بەپەلەو کات کوژ، بەڵام تۆ کە لە تواناتدایە خێرایی یە بیر تیژیەکەت بگۆریت، سەرمایەکی تەواو ئەرێنیت هەیە. بە شێوەیەکی سەرنج راکێشی ئەم هێمایە لەناو یاریزانە شارەزایەکانی بێس بۆڵدا بەربلاوە. یاریزانە بەرچاوەکانیان کە لە خەیاڵمدا بێت (مارك مەکگوایر) و (ویلی مێیس) و (رێکی هێندرسن) و (ئۆرل هێرشسیر). (٣٢٧)

---

٣٢٦ - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٣.

٣٢٧ - رۆز رۆزتری ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( لەیلا حمید محمد ) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو ،ل٩٩.

ئەگەر تۆ لەگەڵ کەسێکدا ژیان ببەیتەسەر کە گوێ یەکانی زۆر نزم یان بەرز هەڵکەوتبن و هی تۆش کت و مت بە پێچەوانەی گوێ ی ئەوبێت، پێشبینی ئەوە بکە کە لە رووی بی دڕێژی ( پشوو درێژ)ی یەوە توشی گرفت دەبیت، کەسی گوێ بەرز بەرامبەر کەسی گوێ نزم بین کورتی ( پشو کورتی) دەنوێنێ. (٣٢٨)

جێکەوتی ناوەندی گوێ ، واتا ئەو کەسانەی گوێیەکانیان لەنێوان سەری لووت و کۆتایی دەرەوەی برۆکان، ئەوانە زۆرینەی خەڵکین . ئەم جێکەوتەش سودی زۆری نابێت بۆ خوێندنەوەی روخسار بەرەچاو کردنی ئەو ئاماژەیەی بۆ ئاستی ناوەندی لە بژێوی و گوزەرانیان. (٣٢٩)

بۆ جیاکردنەوەی کەسانی نمونەیی، لە بەراوردا لەگەڵ زۆربەی کەسانی تردا، بڕێکی گەورە مێشك هەیە لە سەرووی گوێ یەکانەوە. گوێکان لای ئەم کەسانە لە ئاستێکی نزمتردا بەو هاوتای ئاستی لوت دەبێتەوە. ڕێگەیەکی تر بۆ دڵنیابوون لە راستی بۆچوونەکەمان، لەسەرلا ڕوانینی ئەو کەسانە زیاتر ئاستی گوێکان دەردەکەوێت و تەواو نزیکی یەخەی کراسە.

ئەو گوێیانەی نزمن دەکەونە خواروی کۆتایی برۆکان و خواروی سەری لوتیان. ئەو کەسانە بەوە دەناسرێن کە نموونەین (مثالی)ین، تازەگەرن و زیرەکن بۆ ئاسانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەمیشە پێیستیان بە هەوڵ و کۆشش هەیە لە پشت شتەکانەوە بۆ بەدەست هێنانی.

---

٣٢٨ - رۆژ رۆزتری ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە (لەیلا حمید محمد) هێزی خوێندنەوەی ڕوو، سەرچاوەی پێشوو،ل٣١٦.

٣٢٩ - ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٨.

صینیەکان باوەڕیان وایە گوێ نزمەکان لە چینی بەرزی کۆمەڵگان ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بیرۆکەو تێڕوانینە باو نیە، بۆیە تا ئێستا باوەڕوایە ئەم کەسانە باکگراوندێکی بەرزیان هەیە. [٣٣٠]

کەسانی نمونەیی بە گەردێکی بریسکەدار داپۆشراون، ئەوەش ئەو کەسانەن کە حەزیان لەناوداری و پلەو پایەو سالانێکی دوورو درێژ چاوەڕێیەتی و تەنانەت دەمرێ بۆ پرەنسیپ و مەسەلەکەی. کەس نمونەیی وا هەست دەکات کە مرۆڤ پێویستی بە یارمەتیدانە تاکو بەرەو نمونەیی زیاتر بچێت، ئەوان زۆربەی کات شێوە پیشەیەك بە کێشیان دەکات، ئەوەش پاڵەوانی بە بڕوایە.

ئەگەر مامەڵە لەگەڵ کەسێکی نمونەییدا بکەیت بیرت بێت ئەوان تۆیان خستۆتە سەر بنەچەی خۆت خۆ ئەگەر چەکوشێکت کیچشا بە پەنجە کەڵەی خۆتدا ، ئاگات لە دەمت بێت و ووشەی نابەجێ دەرنەپەڕێنیت ، با هەڵسوکەوتت تەواو جوان و لەبەربێت. ئەگەر ئەو کەسە ژنێك بوو، گوڵی بە دیاری بۆ بنێرە. بەکێشیان بکە بەرەو لوتکەی ئارەزوو ئامانجەکانیان. [٣٣١]

**(٦) نەرمەی گوێ ( شحمة الأذن ) :**

- ئەو کەسانەی خاوەن نەرمەی گەورەی گوێن بەوە دەناسرێنەوە کە مەیلێکی سروشتیان هەیە بۆ هاوکاری کەسانی تر لەپێناوی بەدەستهێنانی پەرەپێدانی کەسی، هەروەك ئەم خاسیەتە ئاماژەیە بۆ گرنگی دانی کەسەکە بە چاندن و کشتوکاڵی رووەکی و گرنگی دان بە گیانەوەرە زیندووەکان .

---

[٣٣٠] - ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٨ – ٤٠ .

[٣٣١] - رۆبەرت ئێل. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( مینە ( محمد أمین حسین ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢ – ١٣٤.

ئەگەر ئەم سیفەتە یەك بگرێ لەگەڵ سیفەتی بنیات نان و پێکهێنان ( ناوچاوانی چوارگۆشە) لەیەك کەسدا، کە ئەو کەسە هەڵدەستێت بە چاندنی باخ بەڵام پێویستی بە کەسێکی تر بۆ گرنگی پێدانی بەمە ئەمە ئەو جێ بەجێ دەبێت بەسەر ئەو رووەکانەشدا کە دەچێنرێت لەناو شوێنی نیشتەجێ بوونیشدا، بەو پێیەی گرنگی دان بەو رووەکانە کۆشکێکی ماندوو کەریان دەوێت لەلایەکەوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبینین ئەو کەسانەی ناوچاوانێکی هێلکەیی یان هەیە (سیفەتی چاککردنەوە)رازی دەبن بە چاندنی باخ رەچاوی گرنگی پێدانی باخ دەکەن بە شێوەیەکی

ڕێکخراو (منظم) لەبەر ئەوە سیفەتی قژی کرژو زبر بەم سیفەتەش دەبینین کەسەکە ئارەزوو دەکات بۆ مانەوەی لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ ماوەیەکی درێژ، سەبارەت بە زۆربەی کەسەکان گرنگی دان بە باخ لە پێناوی هەڵاتن و راکردن لەو فشارانەی ژیانی رۆژانە کە توشیان دەبێت ئەژمار دەکرێت. (درێژیی نەرمەی گوێ)

لەبیرت نەچێت کە قەبارەی نەرمەی (شحمة)ی گوێ زیاد بکات لەگەڵ چوونە پێش تەمەنی مرۆڤ و پاشان گرنگی بەرەو پێش بردنی سیفەتی پەرەپێدان زیاتر دەبێت لە کاتێکی زوو دەست بەجێدا تاکو سودی هەبێت بۆ دوای چوونە پێش تەمەن ( بە تەمەندا چون ) .

**ئەو پیشانەی کە گونجاون لەگەڵ ئەم سیفەتی پەرەپێدانی کەسی یەدا :-**

دەتوانرێت کاربکرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە بە رەچاوکردنی سیفەتی(پەرەپێدانی کەسی) وەکو پاسەوانی دارستان یان زانایانی زەوی ناس یان زیندەوەرزان یان تایبەتمەندانی بواری شوێنەوار یان باخ و بێستان یان پزیشکانی دەروونی یان راهێنەرانی بواری پەرەپێدانی کەسی (تطویر الذات)، یان چالاکوانان لە بواری پاراستنی ژینگەدا. [٣٣٢]

- **نەرمەی گوێ کە بەستراوە (لکاوە) بە لایەکی سەرەوە** : ئەو کەسانە زۆر پەیوەستن بە خێزان و خانەوادەکانیانەوە

( پێویستیان بە هاوکاری بەهێزی خێزانەکانیان هەیە ).

- **نەرمەی گوێ کە نەلکاوە بە سەرەوە** : ئەو کەسانە زیاتر سەربەخۆن لە ژیانیاندا پێویستیان بە هاوکاری بەهێزی خێزانەکانیان نیە.
- **نەرمەی درێژی گوێ کان** : ئەو کەسانە پلان دادەنێن بۆ داهاتوو بەردەمی خۆیان و رەچاوی دانانی بیرو فکرە دەکەن لە شوێنی جێ بەجێ کردن و لە صین نەرمەی درێژی گوێ نیشانەی حیکمەت و ئامۆژگاری و حەکیم بوون و دەوڵەمند بوون و تەمەن درێژی ، ئەمە لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانە پلان



---

[٣٣٢] - ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠٨-٢٠٩.

دادەنێن بۆ بەردەمی خۆیان دەستکەوتی مالی و دارایی بەدەست دێنن بۆ ماوەیەکی درێژ.

ئەگەر بێتو نەرمەی گوێکان درێژ و گۆشتن بوو لە هەمان کاتدا ئەمە بە پێ ی بیروباوەڕە صینیەکان (تقلیدیەکان) ئەو کەسانە سەرکەوتنی مالی (دارایی) بەدەست دەهێنن ، لێرەدا صین وتەیەکی هەیە دەڵێ: ((هەر نەرمە گوێیەك قەڵەوبێت ، گیرفان زیاتر پڕتر دەبێت )).

- **نەرمە گوێ ی کورت** : ئەو کەسانە لە کاتی ئێستادا دەژین بە تەواوی و ڕەچاوی پلانی دوور مەودا ناکەن. لەبەر ئەوە بێ ئارامن کەمێك نەبێت و سەربەخۆ هەستەکانیان دەردەبڕن. لێرەدا نەرمە گوێ ی زۆر کورت هەیە بە ئەندازەیەك دەتوانین نەرمە گوێ ی هەر نیە ئەم کەسانە بە ڕۆمانسیەتی زۆر دەناسرێنەوە، لەبەر ئەوە خەیاڵێکی زۆر بەرزیان هەیە. [٣٣٣]

**(٧) قنچگە گوێ ( الفصوص الأذن ) :** قنچکە گوێ دەکەوێتە بەر چاودێری و تێڕوانینی ماموستا سیانغ میان کە پەیوەستە بە ژیانی کەسی دڵدارو ئاشقەوە .

- قنچکەی بچوك : نیشانەی ئەوەیە کە لە پەیوەندیە جوڵاوەکان لەگەڵ دەوروبەرەکەی یان لەگەڵ گەورەترین تەمەن، بەهۆی بەرکەوتەو شکستی سۆزداری (صدمات عاطفیة) یان هەڵپەساردنی ڕێکەوتن و دانوستانەکانی ڕێکەوتن بە کاریگەری چێژ وەرگرتن لە سێکس(جنس). کێشەکە بچوك دەبێتەوە لە حاڵەتێکدا

---

[٣٣٣] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٥ ، ٤٧ .

بازنەی ناوەوەی گوێ خولاو (المدورة) بێت و پان بێت. لە راستی دا ئەم پێکەوە بەستنە رووەدات بۆ قنچگە بچوکی گوێ لەگەڵ بازنەی ناوەکی خولاوە بازنەیی و پان، سیانغ میان چاودێری دەکات کە خاوەنی ئەم پێکەوە گرێدانە بریتی یە لە کەسێك کە جیادەکرێتەوە بە پاڵنەری بەهێزی سێکسی.

وە ئەگەر ئەوەش باس بکەین کە گوێ ی بازنەی دەرەکی بازنەی خاوەنەکەی تەنها وابەستە نیە بە سێکسەوە بە تەنها، بەڵکو دەیخاتە ڕوو لەبەر ئەوەی دەیسەلمێنێ کە ئارەزووی زۆرە بۆی.

دوو قنچگە بچوك گوێ ی لەسەر دوو گوێ ی بازنەیی و خڕ ، سیانغ میان چاودێری و سەرپەرشتی دەکات بە توانای دیاری کردنی و دیاری کردنی کەسانی ئینکار و عیناد، شەیداو هۆگری خۆشی یە مادیەکانە.

- قنچگەی گەورەو ئەستور : ئەو کەسانەی ئەم دوو گوێ یە نزمە پڕ و جوانە هێمای سامان و دەستکەوت و توانا لەسەر هەموو سامان و سەروەتێك بە تێکڕایی. ئەوانە دەتوانن دەست بگرن بەسەر مالّ و دەستکەوت بەهۆی گوێ یەکانیانەوە لەسەر شێوەیەکی خراپ. کە دەیپارێزێت هەندێك سود و قازانج لە مولّکی خۆی، قنچکە(فصوص )ی گوێ ، سامانی باشە، بە پێ ی ئەژمارکردنی بیروباوەڕی سیانغ میان ، خاوەنداریەتی قنچکە گوێ بە باش و سامانێکی باش، بەڵکو ئاماژە دەکات کلیلەکانی لێبوردەیی ئەژمار دەکرێت بە چوونە ناو دەرگای پەیوەندیەکان لەگەڵ خەڵکی دا کە دەتوانن هاوکاری پێشکەش بکەن.

مامۆستاکانی سیانغ میان دەڵێن : ئەم مەسەلەیە دەچوێنێ بە دەولّەمەندی و زۆری داواکاری خزمەتگوزاری و ئەگەر زانرا ئەو خزمەتەی داواکراوە بەوەی

دێت، داواکاری زیاتر، و بەختەوەری لە ڕێگایدا رابرد، لە لایەکی ترەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات وەکو مامەڵەی دز، وە لەو داوای خزمەتگوزاری خودی ئەو ، داواکارییەکە دەوڵەمەندتر دەکات.

ئەگەر قنچکەی گوێ ئاوسایان دەرپەڕیوو بوو لای دابوو بە ئاراستەی دەم، ئامارژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم هێڵە باشتر دەبێت لە ماوەی دواکەوتوی (المتاخرە) لە ژیاندا.

ئەگەر بازنەی ناوەکی سەرووی قنچکە بوو راستەوخۆ ، بۆ دروست کردنی کون و کەلێن، هەتاکو لێبوردەیی کەسەکە زیاتر بێت، کون و کەلێن کە زیاتر دەبێت و پێویستە ڕێك بکەوێت لەگەڵ پەنجەی دۆشاومژ بۆ ئەوەی کەسەکە چێژ وەربگرێ لە ئازادی و ئاسان پێ دان و بەخشین، بەڵام ئەگەر بێتو کەلێنەکە تەسك و بچوکتر بوو ئامارژەیە بۆ ڕژدی و چروکی.

کونی گوێ دەکەوێتە پشتی کەلێنی گوێ و پۆلێن دەکرێ کونی قوڵی گوێ خاوەنەکەی کەسێکە جیادەکرێتەوە بە ئەقڵێك کاروبارەکان تاقی دەکاتەوە، هەروەك کون (الثقب)ی بچوك، ئامارژەیە بۆ کەسێکی ڕوکەشی کە گرنگی بە کەسانی تر دەدات.

کونی فراوانی گوێ دەبەستینەوە بەو لێدوانانەی کە بە ئاسانی ڕاستی نالێن کە دەیگەیەنن بە کەسانی تر مامۆستا سیانغ میان وەری دەگرن دەربڕینی کونفو شیوس : کە دەڵێت (( ئەگەر خەڵك نەیویست ئەوانە ویستراوە تاکو کۆتایی)). ئەگەر وریابونەوەیەکی باشە، بەڵام مامۆستایانی سیانغ میان مەیلیان بۆ وەرنەگرتنە. [٣٣٤]

---

[٣٣٤] – خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٥١ – ١٥٢.

**(٨) مووی گوێ ( شعر داخل الأذن )** : زۆرێك لە خەڵكی مووی گوێ یان هەیەو مووەكان گەشە دەكەن و لێرەدا پێویستە ئەو مووانە بەراورد بكرێت لەگەڵ مووی بەشەكانی تری جەستەی مرۆڤ، بەرەچاوی ئەوەی هەندێك خەڵك موودارترن (توكن)ن بە سروشتی خۆیان زیاتر لە كەسانی تر. ئەگەر ئەندازەی موو لە گوێدا گەورە بێت بە بەراورد بە بەشەكانی تری جەستە، ئەمە مانای ئەوەیە كە كەسەكە مەیلی لە ژیاندا بۆ چالاكی یە بەبێ خۆراك پێدان ( بلا مغزی ) بەمەش بە هەدەردەدات هەر بەهرەیەك هەیبێ. [٣٣٥]

هەندێك خەڵكی وەسف دەكرێن بە موودارى و تۆكنی زیاتر لە كەسانی تر، ئەگەر گەشەی مووی گوێ زۆر چڕ و پڕ بوو كە گونجاو نەبوو لەگەڵ بەشەكانی تری جەستەدا، ئەمە ئاماژەیە بەو پێیەی بیردۆزی سیانغ میان دەڵێن، كە خاوەنی ئەم مووانەی گوێ بەهرەو (موهبە)ی خۆی لەدەست دەدات و ووزەكانی بەهەدەر دەدات.

پوختەی وتە مامۆستایانی سیانغ میان سەرنج و تێبینیەكانی لەسەر گوێ پەیوەستە بە چاوەكان و دڵەوە. [٣٣٦]

**(٩) زیادەی كەللەی سەر بكەوێتە بەردەم گوێ یەكانەوە ( هاوسەنگی پێشەوە )**: ئەم خاسیەتە كەسەكە ئاراستە دەكات كە پەیوەستە بەكاتەوە بە (زمن)ەوە. بە پشت بەستن بە بڕیارەكانی لەسەر بیروبۆچوونی كە هۆشیارە پێ ی بەڵام شارەزایی رابردوو، وە رۆڵ و كاریگەریەكەی لە كاتی ئێستادا، وە پیشاندانی بۆ داهاتوو، دەتوانرێت ئەم سیفەتە دیاری بكرێ لە ماوەی تێبینی كردنی دووریەكانی سەر بۆ زانینی ئەمە ئەگەر بێتو بەشی سەر زیادتر بێت لە

---

[٣٣٥] – ریتشارد وبستر ، قراءة الوجوه بسرعة و یسر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٧-٤٨.

[٣٣٦] – خلیل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٥٢.

بەردەمی گوێ یان لە پشتی گوێ دا، ئەگەر هاتوو بەشی کەللەی سەر زیاتر بێت لە بەردەم گوێ دا ئەوا ئەو کەسە بیردەکاتەوە لە کاتی ئێستاداو ئەم فکرانەی پیشان دەدات بۆ داهاتوو وە هاوسەنگی پێشەوەی کەللەسەری هەیە.

هاوسەنگی پێشەوەی کەللەی سەر ئامازەیە بۆ ئەوەی کە ئاستی پێویستی کەسەکە بۆ ناسینی کەسانی تر کە کۆششەکانی ئەم بەباشی هەڵدەسەنگێنێ. دروستە کە هەموو کەسێك پێویستی بە هەڵسەنگاندنی بەرزو ستایشە بە ئەندازەیەکی دیاری کراو، بەڵام کاتێك ئەم پێویستی یە زیاد دەکات زیاتر سور دەبێت بۆ ئەم پێویستیەی کەسەکە دەیەوێت کە زاڵ بێت بەسەریدا هەمیشە لەو روانگەیەوەو لەبەر ئەمە تێبینی ئەو کەسانە دەکرێت کە هاوسەنگی پێشەوەیان هەیە چەپڵە لێدانی هەوادارانیان خۆش گەرەکە، لە راستی دا داوا دەکەن لە ئەداکردنیان چاویان لە ئاگاهی بینەرانیانە.

سەرنج دەدرێت کە ئەو کەسانە حەز دەکەن سەرنجی کەسانی تر رابکێشن بەلای خۆیان دا تەنانەت بۆ ئەوەبێت ئەدایەکی بریقەداریان بینین یان هەڵبستن بە خستنەروو (عرض)یکی باش. یان سەرنجیان ڕابکێشن لە ڕێگای گاڵتە پێکردن بە کەسانی تر یان لە گاڵتەو گەپ لە کەسانی تردەوە، و پێدانی سەرنج و تێبینی سەلبی لەسەریان. بە شێوەیەك خەڵکی بیر لە هیچ نەکەنەوە لە ئەو نەبێت بەبێ ڕەچاوکردنی هەست و شعوری کەسانی تر. ئەگەر ئەم سیفەتە زیاتر بوو لە رادەی مەعقول ئەو کەسە بە تەنگ خەڵکیەوە نابێت.

بە زۆری تێبینی دەکرێت کە ئەم سیفەتە لای سەرۆکی دەوڵەتان و گروپەکان یان ڕێکخراوەکان هەیە بەو پێیەی ئەم سەرۆکانە بەوە ناسراون زیندوتر (حیوی)تر و چالاکن و سیاسەتگەلێك دادەنێن بە خێرایی یەکی بێ شومار و

ئاگادار، لەبەر ئەوەی بیردەکەنەوە کەچی ئەنجام بدەن لە کاتی ئێستاداو چی پیشان بدەن لە داهاتوودا، لەبەر ئەوە ئاسایی ئەو کەسانە ئەندامی بەرزو دیارو چالاکن لە حزبەکانیاندا، سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت سەرنجی ئەم سیفەتە بدرێت لە ئەکتەران و مامۆستایان و وەرزشوانە پیشەوەرەکان یان کرێکارەکان لەهەر پیشەیەکی تر لە لاوازەکان.

نمونەی ئەو کەسە ناودارانەی کە ناسراون بە هاوسەنگی پێشەوە (التوازن الأمامي) و وەك (صدام حسين) و ( بيرس بروستان) و (مادونا) و (وديم جودی دينش). [٣٣٧]

ئەگەر هاتوو ئەو کەسانەی بە هاوسەنگی پێشەوە ناسراون، سوربە لەسەر هەڵسەنگاندنی جوان بەو شتانەی کە ئەو کەسانە پێ ی هەڵدەستن و ئەنجامی دەدەن. فراوان و بەربڵاوی مەکە سەرنجی ئاگایت لەسەر حسابی ئەوان. [٣٣٨]

هاوسەنگی پێشەوە یەکێکە لە تایبەتمەندیەانی لاروو، ئەنیشتاین دەڵێت : ((هەموو شتێك رێژەیی یە)) ئەو بە گوێرەی هەموو تایبەتمەندیەکانی مرۆڤیشەوە هەر راستە. هەر هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەمان کات بە مرۆڤ ، بەڵام بە پلەی جیاجیا ، بەهێزترین نمونەش لەسەر ئەو تایبەتمەندیە ئەوەیە کە چەندە هونەری نواندن پیشان دەدەین ؟ گشتمان ئەو تایبەتمەندیەمان هەیە، بەڵام هەندێك کەس وەك وایە رێکی گەیاندنی کارەبان، هەمیشە زیندوون، لەو جۆرانەن کە هێشتا (دەڕژێنە قولایی ئاوێنە) وە هەروەها هەشە کە لە بۆنەیەکی تایبەتیدا ئەگەر دەربکەون، تاك و پڕشنگدارن.

---

[٣٣٧] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٢١.

[٣٣٨] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٧-٢١٨.

زۆربەی خەڵکی بەشێکی زۆر لە قەوارەی سەریان کەوتۆتە پێشەوەی گوێکانیان، ئەمەش لە بەراوردا لەگەڵ ئەوانەی کە لە دواوەی گوێکانیان ئەو بەشە زۆرەی قەوارەی کەللەی سەریان هەڵکەوتووە. بەڵام کەسێك کە هاوسەنگی پێشەوەی هەبێت، ئەوانە بە شێوەیەکی کت و مت دەزانن چۆن بڕوانێ حاڵەتێك ( کەلەسەر نرخاندن و بە ئاگایی جێگیر گەشە دەکەن و چەردەیەکی ئاسایی لەو توانایانەیان هەیە.

هاوسەنگی پێشەوە

ئەم جۆرە کەسانە بە تووندی کاردەکەن و گرنگی پێشان دەدەن، بەڵام بە هەموو جۆرە رەخنەیەك زیز دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا دوو دڵ و ڕاران تاکو هەست بە پەسەندی دەکەن.

ئەوانەی هاوسەنگی پێشەوەیان هەیە وا هەست دەکەن: ( چۆن لەم حاڵەتەدا وا دەرکەوتوم ؟ ) یان ( خەڵکی چۆن بیر لە من دەکەنەوە ؟ ) ئەی دوای ئەم شتانە چی دەبێت ؟

چی بکرێت، ئەگەر لە دەوری کەسێکدا بیت کە هاوسەنگی پێشەوەی هەبێت ؟ وەڵام : ستایشێکی زۆریان بکەو پشت گوێیان مەخە چونکە پاداشتی ستایش کردن وەردەگرێتەوە. هەرگیز رەخنەت نەبێت لە کارێك کە پێویستە تۆ جێ بەجێ ی بکەین، وریابە لە بەردەمی کەسانی تریشدا رەخنەت نەبێت، نەبادا جێ ی پاشەکشەت نەمێنێ. چونکە ئەو کەسانە تووندوتیژن لە سوك ڕوانینی کەسانی تر. چاوەڕێی هەڵس و کەوتی میزاجی

بکه، ئەو کەسانە لەوانەیە زوو هەڵبچن و بتەقنەوە ، بەڵام کە هێورببوونەوە زوو داوای لێبوردن دەکەن. [٣٣٩]

## (١٠) زیادەی کەللەی سەر بکەوێتە دواوەی (پشتەوە)ی گوێکانەوە (هاوسەنگی دواوە) :

ئەو کەسانەی بە هاوسەنگی دواوە ناسراون ، واتا زیادەی کەللەی سەریان لە پشت گوێکانەوەیە زۆرجار هەڵدەستن بە بەراوردی تقالید و شارەزایی رابردوویان بە جێگیری دادەنێن، ئەو کەسانە خۆیان پەیوەست دەکەن بە بیرەوەری و یادگاری رابردوو تەنانەت ئەگەر بێتو ئەو یادگاریە ئیجابی بێت یان سەلبی بێت. لە هەندێك کاتدا ئەو کەسانە وەك بۆرییەکی گەورە کراون، مەیلیان نیە لە بیرخستنەوەی لایەنە سەلبیەکانی لە ژیانیدا چەند جارێك و لەبیر ناکات و لێ ی نابورێت هەرگیز لەو هەڵانەی ئەنجام دەدرێت دەرهەقی خۆیان لە ماوەی چەندین ساڵدا، ئەگەر یەکێکیان گوێ ی لێ بگیرێت ئازار دەکێشێ و جارێکیش ماندو دەبێت، دڵنیا دەبنەوە چەندین جار لە گوێ گرتن لێیان، لەبەر ئەوەی جێ ی ناگرێتەوە لە باس کردنی ئەزمونە سلبیەکان کە لە ژیانیاندا تێپەڕیوە تاکو بوونەتە خاوەنی خەم و خەفەت و بێ ئومێدی و تێکشکان ، هەندێك جار رووبەرووی قورسی و نارەحەتی دەبنەوە لە رزگاربوونیان لە حاڵەتە سەلبیەکان کە توشیان دەبێت.

هاوسەنگی دواوە

---

[٣٣٩] – رۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ( محمد أمين حسين ) ، زمانی روخسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦-١٤٨.

ئەگەر بێتو کەسێك بە هاوسەنگی دواوە بناسرێت هەمیشە بە ئەنقەست شتێکت بیردەخاتەوە کە لە عەقڵی تۆ هەبێت. شایانی باسە لەو حاڵەتەدا کە هەر وەسیلەیەك دیاری بکەیت بۆ رزگاربوون لەو فکرانە، لەبەر ئەوە رۆژێك دابنێ لەناو عەقڵتداو هەموو فکرە سەلبیەکان بشۆرەوە، و رێگایەکی باشتر دابنێ بۆ هەر شتێك کە ئیجابی تر بێت بۆ بیر لێ کردنەوەی. هەروەك حاڵی خاوەن هاوسەنگی پێشەوەی ، خاوەن هاوسەنگی دواوەش پێویستیان هەیە بە پیاهەڵدان و ستایش کردن و بە چاك هەڵسەنگاندن، بەڵام ئەیانەوێت بگەنە ئەو مەدح و پیاهەڵدان بەم رادە زۆرە بەڵکو تەنها ستایشێك بکرێت، بە پێچەوانەی کەسانی هاوسەنگی پێشەوە، ئەو کەسانە هەست دەکەن بە حەوانەوەو ئاسودەیی زیاتر کاتێك لە پێشینەیی خۆیان دەروانن لە هەڵەکان و ناوبانگەکانیان و نازناوەکانیان، ئەوەیان دەوێت زیاتر گرنگیان پێ بدرێت وەك لەوەی ئەنجامی دەدەن و ئەو رێگایەی یارمەتیان دەدات بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانیان.

لەلایەکی ترەوە، ئەو کەسانە سوورن لەسەر موراعات کردنی کەسانی تر ، هەر شتێك ئەنجام دەدەن و زۆرترین کۆشش دەکەن بۆ یارمەتیدانت و نامۆ نیە کە بەدواداچوون بۆ خوێندنەوەو بۆ مێژوو بکەن یان هەر شتێکی تر پەیوەندیدار بێت بە گرنگی دان بە مێژوو نمونە ( شوێنەوار ، زانستی نەسەب و مرۆڤ ئەگەر ئەم سیفەتەیەکی گرت لەگەڵ سیفەتی خۆپەرستی بەرز ( نفعیە مرتفعە) ئاماژە بە گوێ ی شێوە کوپ (کوبیة)، کەسەکە هۆگرە بە کۆکردنەوەو پاراستنی پارە کۆنەکان و کۆن و نایاب یان هەر شتێکی تر کە سروشتێکی مێژوویی هەیە.

ئەو نارەزاییەی کە رووبەرووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە هاوسەنگی دواوەیان هەیە لە نەهێشتنی نارەزایی و بێزاری و زۆری سکالاّ، ئەگەر هاتوو یەکێك لەوان تۆ بگێڕێتەوە سەر فکرو تێڕامان کە نەوەستانی زۆر تێدایە هەر کات وەلی بێت و کۆتایی بێت، دەزانرێت کە پەیوەست بوون بەلایەنە سەلبیەکان زیاد ناکات بۆت تەنها کەمێك نەبێت و سودی نیە تەنها ئەو وانەیە نەبێت کە لێ ی وەری فێری بوویت. (٣٤٠)

ئەو کەسانەی کە کەمتر هاوسەنگی پێشەوەیان هەیە (کاتێك لەلاوە تێ ی بڕوانین) ئەوا دەبینین کە هاوسەنگی دواوەی سەریان هەیە ئەو کەسانە پتەو و بێدەنگ و خۆڕاگرن، پیاهەڵدان بێت یان نا ، زیاتر لە بەردی (جەبەل تاریق) دەچن، ئەوان کاری خۆیان جێ بەجێ دەکەن.

کەسی خاوەن هاوسەنگی دواوەی سەر زیاتر بیر لەسەردەمانی رابردوو دەکاتەوە ، (کێ پشتگیری بەرزبوونەوەی بووە ؟ ) کێ گوێ ی پێ نەداوەو زیانی پێ گەیاندووە؟ دەستکەوتەکان چی بووە؟ و چی نەتوانیوە بەدەستی بهێنێ ؟ بیرکردنەوەی زۆری کەسانی هاوسەنگی دواوە، یان هاورێ ی باش بۆ دروست کردووە یان دوژمنی نالەبار. ئەم جۆرە کەسانە ئارەزووی بیرکردنەوەیان هەیە، دەربارەی چی دەبوایە بکرایە، یان کاریگەری راستەقینەیی کارەکە چی یە؟ هەروەها زۆر بە سەختی سەرزەنشتی خۆیان دەکەن.

چی بکرێت لە دەوری کەسێکدا، کە هاوسەنگی پشتەوەی هەبێت ؟ وەلاّم : باس سەردەمانی کۆن و یادەوەریە خۆشەکان بکەو ئەگەر فرۆشیاری

---

٣٤٠ – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٨ – ٢٢٠ .

شـتێکیت ، زیـاتر بـاس لیـستی فرۆشـتن بکـه لـەوەی زووش هەڵدەچـن و دەتەقنەوە، وەك چۆن بە شوڵێك بدەیت لە پشتی وشترێك .[٣٤١]

**(١١) یەکێك لە دوو گوێ یەکان لە دواترە لەوی تریان (احدى الأذنين خلف الأخرى)** : دەتوانرێت تێبینی دۆشدامان و شڵەژان و سەرسام بوون کاتێك دەڕوانیت لە کەسێك لە کاتێکدا لە بەردەمتدا دەبێت راستەوخۆ رووبەروو، تێبینی بکەن ئەگەر بێتـو یـەکێك لـە دوو گوێیـەکان لەبـەر بهێـنن گوێیەکەی تربێت، ئەگەر هەبوو بە فعلی (کرداری) ، ئـەو کەسـە زۆر سەرسـام دەبێـت لـە کـاتی وەرگـرتنی بڕیـار و بڕیـاردانی، لـە کاتێکدا باوەڕ وابێت کـە سـەربەخۆ بێت لـە بریـاردانی، لـەناکاو پێت دەڵێت کە حەقیقەت پێچەوانەی ئەمەیە بە تەواوەتی و تا ئێستاش لەسـەر رارایی و سەرسامیە، لـە راستی دا هـەواڵیان پێدام لـە یـەکێك لـە کار ئاشناو نوێنـەرانم و داوای لـە (داون)کـرد کـە ڕووبـەڕووی قورسـایی و نارەحـەتی زۆر ببێتەوە کاتی هەڵسانی بە وەرگرتنی و دەرکردەی بڕیارەکان لەبەر ئەوە ئەمە پشت دەبەستێ بە راوێژی هـەموو هاوڕێکانی ، یان هـەتا هـەر کەسێك چاوی پێ بکەوێت، هەرچی بێت بۆی ئەنجام بدات، پاشان بڕیاری خۆی دەربکات بە پـشت بەسـتن بـە ئامۆژگاریـیـەکانیان، وە لێـرەدا ئەگـەر هـاتوو کەسـەکە بـەوە بناسـرێت بـە ئەندازەیـەکی گـەورە لێـك نەچـوون لـە شـێوەی رووداو ( ئـەوە ئامازەیـە بـۆ سـیفەتی زۆری هەڵگەرانـەوەو تێکـچوونی میـزاج)، ئەمـە دەبێتـە هـۆی زیـادبوونی نارەحـەتی و قورسـایی لـە پرۆسـەی دەرکـردن و وەرگـرتنی بڕیارەکـان، ئەگـەر ئـەو کەسـە کارامـەو هـێمن بـوو لـە دەسـتدا لـە ژیانیـدا یـان



---

[٣٤١] – رۆبەرت ئێڵ. وایتساید، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە ( محمد أمين حسين ) ، زمـانی روخـسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧-١٤٩.

توشی فشار و پەستانێکی زۆر بوو ناتوانرێت ئاگاداربێت بە هەڵس و کەوتەکانی، ئەگەر ئەمە حاڵی تۆیە ، سوربە لەسەر وەرگرتن و دەرکردنی بریاری گونجاو و پەیوەست بە پێوەی لەبەربوونی هۆکارێکی رووبەروو مەعقول بۆ گۆڕینی رای تۆ.

ئەگەر تۆ توانای کارەکەت نەبوو لەسەر دەرکردن و وەرگرتنی بریارەکان. دەتوانیت مومارەسەی وەرزشی رۆشتن و راهێنان لە هۆڵەکانی لیاقەی جەستەیی یان سەرکەوتن بە پەیژەکاندا ئەمە یارمەتیت دەدات لە پاککردنەوەی هزرو بیرت دەباتەوە سەر حاڵەتێکی باشتر، دەتوانیت لە وەرگرتن و دەرکردنی بڕیارەکان. لەبەر ئەمە سور بە لەسەر مومارەسەی وەرزشی و راهێنان لە جاری داهاتودا کە پەیوەندی بە سەرسوڕمانی و رارایی یەوە هەبێت. ئەمە سودبەخش و چالاکە تا رادەیەکی زۆر. [٣٤٢]

## رووناسی (گوێ و برۆ) پێکەوە : –

یەکێك لەو توێژە گرنگەکانی رووناسی، پەیوەندی نێوان گوێچکەو برۆیە کە پێ یان دەڵێت: تاك چۆن زانیاری وەردەگرێت و رێکی دەکات. بۆ رووڕکردنەوەی زیاتری بابەتەکە سەرنجی ئەم نمونانەی خوارەوە بدە. پێش خوێندنەوەی رووڕکردنەوەکان، کەڵك لە هەستی دەرووڕی خۆت وەربگرەو بۆچوونەکانی خۆت سەبارەت بە تایبەتمەندیەکانی کەسەکە بخەرە ڕوو پاشان وەرگیراوەکانی خۆت لەگەڵ رووڕ کردنەوەکانی کتێبەکەدا بەراورد بکە(سەرەوەی خوارەوەی گوێ ، لە بەراورد لەگەڵ چاو و خوارەوەی لووت دیاری دەکرێت کە لە وێنەکەدا بە هێڵی پچڕ پچڕ دیاری کراوە. [٣٤٣]

---

[٣٤٢] – ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٢٢ – ٢٢٣ .

[٣٤٣] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٨.

- گـوێ ی بـەرزو بـرۆی بـەرز : ئامـاژەیـە بـۆ مانـدووبوون لـە هێـرش هێنـانی زانیـاری و پێویـستی بـە کاتـە بـۆ لێکدانـەوەی زانیاریـەکان. بـە خێرایـی زانیاریـەکان وەردەگرێـت، بـەلام بـە هـەمان خێرایـی ناتوانێت لێکیان بداتەوە. بەر لە دەستپێکی هەموو کارێک پێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی زانیاریەکان شی بکاتەوەو لە مێـشکیدا جێیـان بکاتـەوە، هەنـدێک جـار لـە هێرشـی زانیاریەکان دەشلەژێ و ناتوانێت شەن و کەویان بکات.

- گـوێ ی بـەرزو بـرۆی نـزم : ئامـاژەیـە بـۆ وەرگـرتنی و دانـەوەی خێرایـی زانیـاری و بەشـداری چـالاک و بـەهێز ، زۆر بـە خێرایـی زانیاریـەکان وەردەگرێت و بە هەمان خێرایش لێکیان دەداتەوە، بە ئاسانی دەتوانێت ئەوەی فێری بووەو بەکاری بهێنێ. بۆیە ئەمە وای کردووە ئامادەبوونێکی چالاک و بەهێزی هەبێت، گرفتی ئەوەیە وا دەزانێ هەمووان ئەو توانایەیان هەیـەو بۆیـە چـاوەڕوانی ئـەوەیان لـێ دەکـات بـە خێرایی تـێ بگـەن، بـەلام لـە راستی دا دەبێت دان بـە خۆیـدا بگـرێ و بـۆ ئـەوەی تێبگـەن دەبێـت نمونەیان بۆ بهێنێتەوە. لەبەر ئەوەی هەندێک پەلە دەکـات لـەو کارانـەدا کـە دەبێـت بـە ئاسـپایی و هێدی هێدی ئەنجام بدرێت، زۆر سەرکەوتوو نیـەو لەوانەیە هەندێک کاتە گـوێ نەداتە وردەکاریـەکان.
(٣٤٤)

[٣٤٤] - ئومێد محمد حسێن ، نهێنی رومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٣-٩٤.

- گـوێ ی نـزم و بـرۆی بـەرز : ئاماژەیـە بـۆ خـۆراگر(دان بـەخۆدا گـر) و ورد (چاوتیژ) خاوەنی ئەم سینەو سیمایە بەرنامـە دارشـتنی مـەنتیقی و مـاوە درێـژ تاقـەتی کاری دوورودرێـژ و ماندووکـەری هەیـەو ئـەم توانایـە یارمـەتی دەدات بـۆ ئـەوەی لـەو شـوێنانەدا کـە کەسـانی ئـازاو زۆرزان هـەن ، پـێش بکەوێت چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەکەیت کە بە خێرایـی بیربکاتـەوە، بڕیـار بـدات و ئەنجامەکـەی ڕابگەیـەنێت ئـەم کـارە تـوڕەی دەکـات. لـە بەرنامـە دارستنە مـاوە درێژەکانـدا کارامەیـە، بیـسەرێکی بـە کـارە وە لـە جیـاتی مانـدووکردنی مێـشکی خـۆی بـە وەرگـرتنی زانیاری زیادە ، تەنها گوێ بۆ بابەتە پێویستەکان دەگرێت. [٣٤٥]

- گـوێ یـەکان نـزم و بـرۆکـان نـزم : ئاماژەیـە بـۆ نیگـەرانی و دڵـەراوکێ ی دەروونـی و زوو ویـستن و بـە تـەواوەتی ویـستن. بـەر لـەوەی هـەموو زانیاریـەکان وەربگرێـت، وا هەسـت دەکـات کـە دەبێـت بۆچـوونی خـۆی بخاتەروو. ئەم کارە جۆرێك لە دژیەکی و دڵەراوکێ ی دەروونی بۆ دروست دەکـات. لەلایەکـەوە هـەموو شـتێکی دروسـت و تـەواو دەوێـت و لەلایـەکی دیکـەوە خوازیـاری ئەنجامـدانی خێرایـە. ئـەم دژیەکیـە نیگەرانیـەکی زۆری لەسـەر دروسـت دەکـات، ئەگـەر خـاوەنی تایبەتمەندیـەکی لـەم چەشـنەن، باشتر وایە تۆزێك داواکاریەکانتان سوکتر بکەن بۆ ئەوەی بتوانن خۆتان لـەو دۆخە رزگار بکەن. [٣٤٦]

---

[٣٤٥] – مك فالك، وەرگێڕانی سەمیرە نەقشبەندی، رووخسارناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٠.

[٣٤٦] – ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕومەتەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٤.

## کۆتایی

بەشـێکی بـەهێزکردنی پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤـەکان لـەوەوە دێتـەدی کـە خوێندنەوەی روخسار رێگەت پێدەدا بەسەر ڕۆتینەکاندا باز بدەیت. ئاخۆ لەو کەسـە بێزاریـت کـە رۆژانـە چـاوت پـێ ی دەکـەوێت؟ بـا خوێندنـەوەی روو یارمەتیت بدات بۆ پەسەندکردنی ئەمە کەسە لە بارودۆخێکی تەواو جیاوازدا.

ئـەو بەشانەی رووخسار کـە تـۆ لێیـان دەکۆڵێتـەوە یـەکجار جیـاوازن و ئـەو نهێنیانـەش کـە ئـەم بەشانە بـۆتی دەدرکێـنن زۆر جیـاوازن لـەو نمونانـەی کـە رەنگـە پێـشبینیان بکـەیت. لـە راسـتیدا خوێندنـەوەی ڕوو گـرەنتی یـە بـۆ وردوخاش کردنی هەموو ئەو شێوازانەی ڕێگربن لەوەی کە تـۆ خـەڵک وەک تـاک ببینیـت. ئەمـە بەشـێکە لـەو شـتەی کـە هێـزی زیـاترت پـێ دەدات لـە پەیوەندیەکانت لەگەڵ کەسانی تردا.

ئەی بۆچی بۆ زاڵ بوون بەسەر ماندوێتی لە رێگەی خوێندنەوەی روخسار سود لە دەستەڵاتی خۆت وەرناگریت ؟ ئاخۆ چاوت بە خـەڵکێکی زۆر کـەوتووە کە خەریکی روخساریان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت ؟ بە دڵنیاییـەوە پشوویەك بدە. بـەڵام هـەرزانترین و باشترین پشوو، رەنگە بەسـەربردنی چـەند سـاتێك بێـت لەگـەڵ ئـەم کتێبـەدا. بـەهۆی رێگـە دیاریکراوەکـانی تێڕامـان لـە خەڵک، بۆ خۆت پشوویەکی نایاب بدە.

دیتنی باشترین ئاکار لە کەسێکدا، واتای ئەوە نیە ناونیشانێکی خێـرای پێـوە بلکێنرێت. کۆمەڵە خەڵکێك پێیان وایە خوێندنەوەی ڕوو ئەوەیـە کـە تـۆ لـە ٣٠ چرکەدا بڕیار بدەیت ئاخۆ کەسێك(باش) یان (خراپ)ە. حەی دەوازبێـنن، ئێمـە ئاڵۆزین، ئەگەر حەز دەکەیت سەبارەت بـە کێشەگەل و بابەتی نایـاب زانیاریـت

هەبێت، نیگەران مەبە ، کاتێک روخسار دەخوێنینەوە توشی ئەم شتانە دەبیت.

خوێندنەوەی روو، شتی کارەکیت پیشان دەدات وەک ئەوەی چۆن کەسێک بڕیار دەدا پارە خەرج بکات، بەکاریگەرترین شێوە کار دەکات، وردەکاریەکان جێ بەجێ دەکات، کێ خاوەن هەستێکی گاڵتەجاری منداڵانەیە ؟ کێ پێ ناکەنێت مەگەر گاڵتەکە بێ تام بێت ؟ کێ شوێن کەوتەیەکی تێرو تەسەلی بیروباوەڕەکانی خۆیەتی ؟ کێ زمانی جەستە بەکاردێنێ بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەو شتە بنوێنێ کە لە راستی دا هەستی پێ دەکات ؟

خوێندنەوەی روو یارمەتیت دەدات داهاتوویەکی پرشنگدارتر بۆ خۆت بخوڵقێنی، بەڵام لە ڕێ ی مەزەندە کردنیەوە. لەجیاتی ئەوە ، خوێندنەوەی روو دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی مەزنترین بەهرەکانی بناسیەوە و گڕوتینت پێ دەدات تاکو بەهۆی بەهرەکانتەوە پێش بکەوێت. ئەمەش ڕێگەیەکی بەهێزە بۆ هەنگاونان بەرەو چارەنتوسی خۆت.

بە کورتی و پوختی ، نهێنیەکانی ڕووخسار خوێندنەوە، زانیاریت پێ دەدات سەبارەت بە وانەکانی ژیان، هەروەها سەبارەت بە بەهرەکان و هەروا ئەو بەرپەرچدانەوانەی کە ڕەنگە هاوڕێ ی بەهرەکان بن، ئەم جۆرە تێ گەیشتنەش توانات پێ دەدات بۆ لە چوارچێوە نانەوەی کەم و کوریەکانی خۆت و خەڵکی تر. نهێنیەکانی خوێندنەوەی ڕوو سیستەمێکی ڕێک و پێکە کە پاوەندی ئەمەیە کە خوا شتی بێ واتا پێ ناکات) لە جیاتی ئەوەی هێمایەکانی ڕووی مرۆڤێک بە کۆمەڵە بۆهێڵێکی بێ واتا دابنرێت. هەر ئەندامێکی ڕوو بە شتێکی ڕۆشن کەرەوە دادەنرێت.

تەنیا بە خوێندنەوەی رووی خەڵك دەتوانین زیاترو زووتر لێیان تێ بگەیت لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی روو مشت و مڕی لەسەر دەکرێت. خوێندنەوەی روو کۆمەڵە بۆچونێکی گشت خەڵك لە بارەی واقیعەوە بەدرۆ دەخاتەوە.

ئاخۆ مرۆڤ بە چ شێوازێك تاکو ئەو رادەیە شارەزای خوێندنەوەی روو دەبێت بتوانێت وەك پیشە سودی لێ وەربگرێت؟ ئەگەر بتەوێت بە ناوی پیشە لە پسپۆری وەك بەزمگێرانی ناو ئاهەنگ، رووخوێندنەوەی بە جیا بۆ خەڵك، ڕاهێنانی خەڵك لە خوێندنەوەی روو هەروەها راوێژکاریدا بکەیت، پێویستە بزانیت هەر هەموویان پێویستیان بە ئاستێکی بەرزی کارامەیی هەیە.

ئەگەر بە تەنیا پشت بە خۆت ببەستیت، ئەوا ئەم وەسێتەت دێتەدی گرنگی رۆڵی راهێنەران لە یاد مەکە بەشداری کردن لە وانەیەکی ئاسایی دوو سەعاتیدا، رەنگە کارایییەکی ئەوتۆت پێ بدات، کە هێندەی شەش مانگ یان زیاتریش بە تەنها پشت بە خۆوە بەستن وە دەست دێ.

هەروەها وانە وەرگرتن لەسەر دەستی شارەزایی یەکی خوێندنەوەی روو رەنگە ئیلهامی زیاترت بۆ بێنێ.

بە یارمەتی خوای مەزن و دلۆڤان بەرگی یەکەمی ئەم کتێبی رووناسیەم کۆتایی هات .

لەگەڵ ڕێزدا . . . .

**ئاکۆ حمد محمود ( ئاکۆ شارۆشی )**

## سەرچاوەکان


١. رۆژ رۆزتـری، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە ( لـەیلا حمیـد محمـد )، هێـزی خوێندنەوەی روو ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ساڵی ٢٠١٠.

٢. مك فالك، وەرگێڕانی (سەمیرە نەقشبەندی) ، رووخسارناسی، چاپی یەکەم ، هەڵەبجە، ساڵی ٢٠١٤.

٣. ئومێد محمد حسێن ، نهێنی ڕوومەتەکان ، چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠١٦.

٤. رۆبـەرت ئێـلْ. وایتـساید، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزیـەوە (محمـد أمـین حسین) ، زمانی روخسار، چاپی یەکەم ،هەولێر ، ساڵی ٢٠٠٧.

٥. د.أیمن أبو الروس، وەرگێڕانی (م.هیلال کەولّوسی)، هونەری رووخوێندنەوەو دەرخستنی نهێنیەکانی دەروون،چاپی یەکەم ،سلێمانی ، ساڵی ٢٠١٣.

٦. أحمـد جمـال الـدین الکاشـف ، وەرگێڕانـی : هـەورامان علـی ، خوێندنـەوەی روخساری مرۆڤ ، چاپی چوارەم ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ .

٧. ریتشارد ویستر ، قراءة الوجوه بسرعة ویسر ، الطبعة الأولى ، المملكة العربية السعودية ، مدينة الرياض ، سنة ٢٠١٤.

٨. ناعومي آر . تيكل ، باءمكانك قراءة لغة الوجوه ،الطبعة السادسة ، المملكة العربية السعودية ، الرياض ، سنة ٢٠١١.

٩. خليل حنا تادرس : أسرار الفراسة و قراءة الوجه ، الطبعة الأولى ، مصر ، القاهرة ، سنة ٢٠٠٧ .

١٠. جورجي زيدان، علم الفراسة الحديث ، الطبعة الأولى ، جمهورية مصر العربية ، الجيزة ، سنة ٢٠٠٧ .

١١. د.أيمن أبو الروس، فن قراءة الوجوه و كشف خبايا النفوس ، مصر الجديدة ، القاهرة ، سنة ٢٠٠٢ .

١٢. منصور عبدالحكيم محمد ، الفراسة في معرفة الآخرين ، الطبعة الأولى ، سوريا – دمشق ، مصر – القاهرة ، سنة ٢٠٠٧ .

# فەهرەست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی نووسەر | ٥ |
| پوختەیەك لە مێژووی روخسارناسی | ٨ |
| ناوچاوان ( تەوێڵ ) | ١٠ |
| برۆ ( ئەبرۆ ) | ٦٤ |
| چاو | ١١٣ |
| گوێ ( گوێچکە ) | ٢١٦ |
| کۆتایی | ٢٨٤ |
| سەرچاوەکان | ٢٨٧ |
| فەهرەست | ٢٨٨ |
| ژیاننامەی نوسەر | ٢٨٩ |

# ژیاننامەی نووسەر

ئاکۆ حمد محمود حسن . . ناسراو بە ( ئاکۆ شارۆشی ) . . هاوکات لە چەندین کاری نواندن و نوسیندا لێرەو لەوێ ناوی بە ( ئاکۆ ئاکۆیی )هاتووە. ساڵی ١٩٨١ لە شارۆچکەی چوارقورنە – رانیە چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

بۆیە دواجاریش خەونەکەی دەبێتە واقع و لە دنیای ئەدەب و هونەردا دەبێتە خزمەت کارێکی ئەو بواره.

خاوەنی بڕوانامەی ( بەکالۆریۆس ) لە یاسادا لە لە کۆلێژی یاسا ،زانکۆی سلێمانی ، ساڵی ( ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ ) .

خاوەنی بڕوانامەی ( ماجستێر ) لە زانستی سەربازی لە کۆلێژی ئەرکان ، وەزارەتی پێشمەرگە ، ساڵی ٢٠١٦ – ٢٠١٧.

ساڵی ٢٠١٥ . . یەکەم کۆڕی شیعری خۆی دەگرێت لە ژێر ناونیشانی . .( با بۆ عەشق بژین ) لە ئەمنە سورەکە.

شاعیر . . . خێزاندارەو خاوەنی دوو منداڵی چاوگەشە. کە بونەتە قەڵایەك بۆ هزرو قەڵەمەکەی .

ماوەتەوە بڵێین . . . کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر :

١) هەنگاوە سەختەکان .

٢) اسری الحرب .

٣) دیلی جەنگ .

٤) منظمة الأمم المتحدة .

بەرهەمی داهاتوی شاعیر کە وەرگێڕانی کتێبێکە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی لە ژێرناوی ( الأمم المتحدة ) ( نەتەوە یەکگرتووەکان ) کە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی.

بەشێکی تر لە ژیاننامەی نوسەر کورت دەکەینەوە لە قەصیدە شیعرەکەیدا بە ناوی ( هەنگاوە سەختەکان ) :

[ هەنگاوە سەختەکان ]

لە سااڵی دوو هەزارو پێنج دا
لەگەڵ کچێکی زۆر گەنج دا
من و هێشووی فائق رسوڵ
ژیانی نوێمان وێکڕا[٣٤٧] گەرێ دا
هەر لەم ژینە کولەمەرگە
لە وەزارەتی پێشمەرگە
بەشی یاساخاوەن جێگا
دامەزرام خاوەن پەناگە
سااڵوەگەڕ کورمان بوو باڵا
خۆشەویست تاقانەی ماڵە
سااڵ سااڵی دوو هەزار و حەوت
جێگر ئەفسەر بووم نمرە حەوت

[٣٤٧] وێکڕا : بەیەکەوە .

بوومـــــــه خوێنـــــــدکار بـــــێ دوو ســـــــێ
لـــــــه کۆلێـــــــژی ســـــــه‌ربازی ســـــــێ
هـــــه‌روه‌ک کـــــوردێکی خـــــاک پـــــه‌روه‌ر
کـــــرام بـــــه ملازمـــــی مـــــاف پـــــه‌روه‌ر
فـــــه‌وجی دووی نـــــه‌وت فرقـــــه‌ی دوازده
گه‌ڕامـــــــــــه‌وه هـــــــــــه‌ڕێم وازم دا
به‌شـــــی بـــــزاوتنی هێـــــزی حـــــه‌فتا
ســـــــاڵ ســـــــاڵی دوو هـــــــه‌زارو ده
مـــــن و چـــــوارتای ســـــه‌وزی بـــــاده
له‌گـــــــه‌ڵ ســـــــه‌ری ره‌شـــــــی زه‌ردا
کـــــاری حکـــــومی هاوبه‌شـــــمان گـــــرێ دا
ســـــــــاڵی دوو هـــــــــه‌زارو دوازده
خـــــودا بـــــه یـــــسای بـــــه کـــــچ پـــــێم دا
زوو بـــــۆ ئـــــه‌رکان خـــــۆم مـــــه‌ڵزدا
ماســـــــته‌رم لـــــــه ســـــــه‌ربازی دا
وه‌رگـــــرت لـــــه دوو هـــــه‌زار و حه‌ڤـــــده

ئاکۆ حمد محمود

(ئاکۆ شاروشی)

**نەقیب رکن ماف پەروەر**

**ئاکۆ حمد محمود ( ئاکۆ شارۆشی )**